

تەها وەهاب
توندوتیژی و
لێبوردەیی
لە قورئاندا

پێشکەش
به هەموو ئەو مرۆڤانەی
که بەرانبەر به هەر شێوەیەکی توندوتیژی،
له هەر سەرچاوەیەکەوه بێت،
هەستو ناخو ویژدانیان دەهەژێو
به هەڵوێستی ناتوندوتیژ دێنه دەنگ.

# توندوتیژی و لێبوردەیی
# لە قورئاندا

**تەها وەهاب**


ناوی کتێب:

**توندوتیژی و لێبوردەیی لە قورئاندا**

نوسەر:

**تەها وەهاب**

ژمارەی سپاردن

**٢٢٥١ی ساڵی ٢٠١٣ وەزارەتی رۆشنبیریو لاوان**

بەرگ:

**ئارام عەلی**

دیزاین:

**عەتا فەیزوڵڵا**

چاپخانەی کوردستان

February 2014

# ناوەڕۆک

**پێشەکی** ........ ٦
واتای هەندێک وشە ........ ٨
دەروازە ........ ١١
پەراوێزی دەروازە ........ ٣١

**بەشی یەکەم**
کۆمەڵگای عەرەبستانو ئیسلام ........ ٣٢
کۆمەڵگای عەرەبستان لە پێش ئیسلامدا ........ ٣٣
ئایا کۆمەڵگای عەرەبستان
لە پێش ئیسلامدا جاهیلی بوو؟ ........ ٤٨
بزوتنەوەو دەسەڵاتی ئیسلام ........ ٥١
پەراوێزی بەشی یەکەم ........ ٦١

**بەشی دووەم**
توندوتیژی لە ئایەتەکانی قورئاندا ........ ٦٣
توندوتیژی لە ئایەتەکانی قۆناغی مەککەدا: ........ ٦٤
توندوتیژی لە ئایەتەکانی قۆناغی مەدینەدا: ........ ٧٠
پەراوێزی بەشی دووەم ........ ١٥٦

**بەشی سێیەم**
لێبوردەیی ........ ١٥٨
لێبوردەیی چییە؟ ........ ١٥٩
قورئانو لێبوردەیی ........ ١٦٥
چاکسازی ئاینی ........ ١٧٢
گەڕانەوەیەکی کورت بە مێژووی
ئیسلامدا لە پەیوەند بە چاکسازیدا ........ ١٨١
گرفتەکانی چاکسازی ئاینی لە ئیسلامدا ........ ١٩٠
ئاسۆی ئێستاو ئایندەی ئیسلام ........ ١٩٦
پەراوێزی بەشی سێیەم ........ ٢٠٦

**سەرچاوەکان** ........ ٢٠٨

# پێشەکی

گومان لەوەدا نیە کە توندوتیژی وەک دیاردەیەکی مێژوویی‌و جیهانی لە هەموو کۆمەڵگاکانی مرۆڤدا، تەنانەت لە کۆمەڵگا هەرە پێشکەوتووەکانی ئەم سەردەمەشدا، بوونی هەیە. ئەوەی کە جیاوازە لەم بوارەدا لە کۆمەڵگایەکەوە بۆ کۆمەڵگایەکی دیکە، ڕادەو چەندایەتی شێوەکانی توندوتیژیە بە گوێرەی گەشەو پێشکەوتنی ئاستی هوشیاری. ئەو ڕاستیەش ئاشکرایە کە دیاردەی توندوتیژی بە هەموو شێوەکانیەوە هۆو سەرچاوەی ئابوری، سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئاینی، فەرهەنگی‌و ...هتد ی هەیە.

بەڵێ ئاین (ئاینەکان بە گشتی) لە مێژوودا یەکێک بووە لە فاکتەرە کاریگەرەکانی مانەوەی دیاردەی توندوتیژی لە کۆمەڵگا جیاوازەکانی مرۆڤایەتیدا. لە هەر کۆمەڵگایەکدا ئەگەر ئاین بە کردەوە هەوڵی نوێبوونەوەو خۆگونجاندنی لەگەڵ سەردەمی نوێدا نەدابێت، بێگومان وەک سەرچاوەو هۆی بەرهەمهێنانەوەی توندوتیژی ماوەتەوە.

لە مێژووی ئاینەکاندا ئاینی مەسیحی لەو ئاینانەیە کە لە دوای مێژوویەکی دوورودرێژی دەسەڵاتدارێتی توندوتیژو زوڵم‌و زۆرو خوێنڕژتن لە سەدەکانی ناوەڕاستدا، چاکسازی لە خۆیدا ئەنجامداو لەگەڵ سەردەمانی دواتردا خۆی گونجاند. وەلێ ئاینی ئیسلام لەو ئاینانەیە کە هێشتا چاکسازی لە خۆیدا ئەنجام نەداوەو بۆ چەند سەدەیەکە بۆتە هۆکارێکی گرنگی مانەوەی توندوتیژی‌و پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ لە کۆمەڵگا موسوڵمانەکاندا.

لە کۆمەڵگای ئێمە لە کوردستان بە هۆی پابەندبوونی بێ چەندوچوون بە ئاینی ئیسلام‌و بە تایبەت بە دەقەکانی بەرنامەی ئاینی ئیسلام (قورئان)ەوە نەتوانراوە هەنگاوی شێلگیرانە لە بواری چاکسازی ئاینیدا بنرێت، ئەوەش بۆتە هۆیەکی بە داخراوی مانەوەی کۆمەڵگاکەمان.



حوکم‌و یاساکانی قورئان وەک حوکم‌و یاسای ئەزەلی‌و هەمیشەیی سەیر دەکرێن‌و کراونەتە سەرچاوەی دەستورو یاساکانی بەڕێوەبردنی کۆمەڵگا، بە جۆرێک کە ڕەخنەلێگرتنیان وەک لادان‌و گوناهو تاوان دێتە ئەژمار!.

مەبەست لە نووسینی ئەم کتێبە ئەوەیە ئەو ڕاستیە بە خوێنەر بگەیەنم کە حوکم‌و یاسا توندەکانی قورئان لە نموونەی : شەڕو ئەنفال، دەستی دز بڕین، تۆڵە سەندنەوە، بەردبارانکردن، فرەژنی، دوو ژن بە شایەتێکو نیو بەشە میرات بۆ ژن و... هتد، بڕیارگەلێکن لە مێژوودا، بە وردو درشتیانەوە پەیوەستن بە واقیع‌و مێژووی دیاریکراوی کۆمەڵگای نەریتی‌و خێڵەکی نیمچە دوورگەی عەرەبستانەوە لە سەردەمی ژیان‌و خەباتی محەمەد ی ڕابەری ئیسلامدا. ئەو حوکم‌و یاسا توندانە ئەگەرچی بۆ ئەو سەردەمە کە قورئانیان تێدا نووسراوە گونجاوو کاریگەر بوون، بەڵام لەگەڵ ژیانی مرۆڤی ئێستاو شارستانیەت‌و پێشکەوتنەکانی ئەم سەردەمە نایەنەوە، نەک هەر نایەنەوە بەڵکو دژی یاساکانی مافی مرۆڤ‌و کرانەوەو لێبوردەیی‌و پێکەوەژیانن.

ئاینی ئیسلام لە مێژە لەبەردەم ئەنجامدانی چاکسازی ئاینیدایە. ئەم پرسە ئەرکێکی گرنگ‌و مێژوویی بیرمەندان‌و بڕیاربەدەستانی ئاینی ئیسلامە لە کۆمەڵگا موسوڵمانەکاندا، بە کوردستانیشەوە، کە خوێندنەوەی نوێ بۆ دەقەکانی قورئان بکەن‌و بە جۆرێک ڕاڤەیان بکەن کە خزمەت بە ژیانی کۆمەڵگاو بەرزڕاگرتنی بەها مرۆڤایەتیەکانی ئەم سەردەمە بکات.

هیوادارم لەم کتێبەدا سەبارەت بە توندوتیژی‌و لێبوردەیی لە قورئاندا سوودێک بە خوێنەری کورد بگەیەنم.

**تەها وەهاب**

**جۆزەردانی ٢٠١٣**

## واتای هەندێک وشە

ماک: هەر ڕەگەزو بنچینەیەک کە شتی لێ پێکهاتووە.

ئەدگار: تایبەتمەندی.

نەسەب: تۆرەمە، ڕەچەڵەک.

ڕووگە: شوێنێ کە زۆر کەس ڕووی تێدەکەن، قیبلە.

نەعرەت: نارەتە، نەڕە.

هەمبەر: بەرانبەر.

کڵ: بڵێسەی ئاگر.

پەروەندە: پەرستیار، خودا.

ئاخ: خاک، خۆڵ.

تۆق: ئاڵقە، گەو، قەف.

کرێت: کاری پیسو خراپ.

دنەدان: هاندان.

دانەپە: وەدواکەوتن.

زێد: جێگەی لەدایکبوون، نیشتمان.

ئەنوا: جێی حەوانەوە، پەناو پەسیو.

نێڵ: گڕی ئاگری زۆر بە تەوژم.

شەتەک: بەستنی توند.

هندک: کەم.

چەرمگ: سپی، گەور.

بێ سۆ: بێگومان، ڕاست، دروست.

خەسڵەت: ڕەوشت، خوو، ئاکار.

پشک: بەش.

زەلاڵ، زولاڵ: پاک، بێ گرێ.

وڵسات: ئاژەڵ.



کلوور: ڕێژەی زۆر.

پێسیر: یەخە، بەرۆک.

خەمڵ: خشڵ.

ئەشقی: یاخی.

وەل: لەگەڵ، دەگەڵ.

ئۆقرە: ئارامی، هەدا، ئۆخژن.

گومڕا: ئەو کەسەی ڕێی هەڵەی گرتووە.

گازکردن: بانگکردن.

ئاتاج: پێویستی، پێداویستی.

گوشاد: فراوان، ئاواڵە.

بە لەز: بە پەلە.

تاڵوو: تاڵان.

تازیانە: قامچی، شەللاق، جەڵدە.

بوژو: تەنگ پێهەڵچنین.

ناچیز: بێ بەها، بێ بایەخ.

ناوازە: دەگمەن، دانسقە.

# تێبینی:

بۆ وەرگێڕانی دەقی ئایەتەکان بە کوردی لەم کتێبەدا، پشتم بە وەرگێڕانەکەی مامۆستا هەژار موکریانی بەستووە. وێڕای بەرزنرخاندنی ئەوهەوڵەی مامۆستا هەژار، ئەم دوو سەرنجەم لە سەری هەیە:

١ — لە وەرگێڕانەکەیدا دیالێکتی زمانی کوردی ناوچەی موکریانی بەکارهێناوە، کە لەسەر ئاستی کوردستان کەمتر پێی دەنووسرێت.

٢ — پێموایە لە وەرگێڕانی هەندێک ئایەتدا تەواو واتا عەرەبیەکەی نەپێکاوە.

بەڵام تا ئێستا وەرگێڕانێکی قورئان بە کوردی لەوەی مامۆستا هەژار باشترم نەخوێندۆتەوە، یان بەردەستی من نەکەوتووە.

بۆیە هیوادارم لە خوێندنەوەی ئەم کتێبەدا خوێنەر ئەم تێبینیە لە بەرچاو بگرێت.



# دەروازە

پێش ئەوەی بچینە ناو بابەتی سەرەکی ئەم کتێبە، کە بریتیە لە دەستنیشانکردنو کۆڵینەوەی سەرچاوەو ڕەنگدانەوەکانی توندوتیژیو لێبوردەیی لە دەقی ئایەتەکانی قورئاندا، بە پێویستی دەزانم بۆ کردنەوەی دەرگای باسەکە هەندێک ڕوونکردنەوەو زانیاری لە سەر هەردوو چەمکی توندوتیژیو ناتوندوتیژی بە بیری خوێنەر بهێنمەوە.

(لە سەردەمێکەوە مرۆڤ هەیە، توندوتیژی هەبووەو لە سەردەمێکیشەوە توندوتیژی هەبووە، ئەندێشەی ناتوندوتیژیش هەبووە)[1] ئەگەر بە شێوەیەکی گشتی ئاوڕێک لە مێژووی مرۆڤایەتی بە ئاینەکانیشەوە بدەینەوە، ئەو ڕاستیە دەخوێنینەوە کە مرۆڤ لە چارەسەری کێشەکانی ژیاندا دوو شێوەکاری لە یەکتر جیاوازی بە دوو سەرەتاو پرەنسیپی جیاوازەوە پیادەکردوون. سەرەتایەکیان لەسەر ئەو باوەڕەیە کە بۆ چارەسەر دەبێت پەنا ببرێتە بەر شێوە جۆراوجۆرەکانی توندوتیژی، هەر لە چاوسوورکردنەوەو هەڕەشەوە بگرە تا ئازارو ئەشکەنجەدان، لەوەش واوەتر تا ڕادەی سڕینەوەو لەناوبردن.

سەرەتای دووەم لەسەر ئەو باوەڕەیە کە دەکرێ مرۆڤو کۆمەڵگا دەسبەرداری توندوتیژی بێنو بە شێوەی ناتوندوتیژ، بە زمانی گفتوگۆو لە یەکتر تێگەیشتنو لێکبوردن، بە ئاشتیو هێمنی کێشەو گرفتەکان چارەسەر بکەن.. توندوتیژیو ناتوندوتیژیو لێبوردەیی، چ وەک دیاردەو چ وەک چەمک، پرسی مرۆڤو کۆمەڵگان لە مێژوودا. لە سەرچاوەیەکی دەرەوەی ژیانی مرۆڤو کۆمەڵگاوە پەیدا نەبوونو نەهاتوون، بەڵکو پەیوەندیان بەخودی ژیانو هوشیاری تاکو کۆمەڵگاوە هەیەو لە ژێر کاریگەری بارودۆخی ئاستی گەشەو پێشکەوتنی کۆمەڵگادان. هەردوو ڕێبازو بیرکردنەوەکەش ڕۆڵی گرنگیان لە نەخشاندنی مێژووی مرۆڤایەتیدا گێڕاوە.

# چەمکی توندوتیژی

توندوتیژی دیاردەیەکی مێژوویی‌و جیهانیە، بریتیە لە پەنابردنە بەر هێز بۆ ناچارکردنی تاک یان گروپ‌و کۆمەڵ، دژ بە خواستو ئارەزووی خۆیان. واتا هەوڵدان بۆ چارەسەرکردنی کێشەو گرفتەکان بە نواندنی هێزو دەسەلات لە جیاتی زمانی قسەکردن‌و دیالۆگ، ئەمەش لە ئەنجامی تێکچوونی پەیوەندی نێوان مرۆڤەکان لە ئاستەکانی ئابوری، سیاسی، کۆمەلایەتی، دەروونی، فەرهەنگی‌و ئاینی‌و ...هتد. لە یەک ڕستەدا دەتوانین بڵێین: پێشێلکردنی مافی کەسێک یان کۆمەڵێک، بە هەر شێوەیەک توندوتیژیە.

هەر لە سەرەتای پەیدابوونی مرۆڤەوە لەسەر ڕووی ئەم زەمینە، بە درێژایی مێژوو هەتا ئەمڕۆ، سەرجەم کۆمەڵگاکانی مرۆڤ کەم‌و زۆر دووچاری دیاردەی توندوتیژی هاتوون. هیچ کۆمەڵگایەکو هیچ ئاینێک لە مێژوودا بەدی ناکەین توانیبێتی خۆی لە توندوتیژی بەدوورگرتبێت!. توندوتیژی وەک دیاردەیەکی کۆمەلایەتی ڕەگوڕیشەی خۆی هەیەو کۆمەڵێک فاکتەر کاریگەریان لەسەری هەیە. بۆ ناسینی زانستیانەی ئەم دیاردەیە گەلێک لە زانستە نوێکانی ئەم سەردەمە توێژینەوەیان لەسەر کردووە، وەک زانستی بایۆلۆژی لە ڕێگای لێکۆڵینەوە لە جینەکان‌و کۆئەندامی هەستەوەری‌و زانستە بۆماوەییەکان، زانستی کۆمەڵناسی‌و دەروونناسی و...هتد. لە ڕاستیدا هەموو ئەو نەهامەتی‌و تراژیدیایانەی کە مرۆڤایەتی لە مێژووی خۆیدا بەهۆی توندوتیژیەوە تووشی هاتووە ئەوەندە زۆرن لە ژمارە نایەن، نە ئامار دەکرێن‌و نە دێنە نووسین!. ئاورێک لە مێژوو ئەوەمان پێدەڵێت کە چەند ملیارێک مرۆڤ بە دەستی مرۆڤ لەناوچوون!. (بە پێی هەندێک ئامار ئینسان لە ماوەی ٥٥٠٠ ساڵی ڕابوردوودا ١٤٥٠٠ جەنگی بەرپاکردووە. ژمارەی ئەوانەی لەم جەنگانەدا کوژراون سێ ملیارو نیو ئینسان بوون)[٢]. ئەوە تەنها لە



ماوەی مێژوویەکی دیاریکراوی جەنگەکاندا!. جگە لە قوربانیەکانی جەنگ ملیۆنان مرۆڤ لە مێژووی دێرینی کۆیلایەتیدا بە ناچاری ژیانی پڕ لە زوڵم‌و ستەمیان گوزەراندووەو هەر بە کۆیلەییش لەناوچوون. ملیۆنان مرۆڤ بوونەتە قوربانی دەسەلاتی ئاین‌و بیروباوەڕی ئاینزاکان!، ملیۆنان مرۆڤ لە مێژوودا هەموو تەمەنیان ڕەنج‌و کارکردن بووە، لەگەڵ ئەوەشدا ژیانیان تاریک‌و پڕ لە مەینەتی‌و چەوساندنەوە بووە!. ملیۆنان ژن لە سایەی دەسەلاتی پیاودا لە خێزان‌و لە کۆمەڵدا مافیان پێشێل‌و ئازادیان زەوتکراوەو دەکرێ! . ملیۆنان منداڵ لەسایەی دەسەلاتی گەورەکاندا خۆیان‌و خەونە ڕەنگاڵەکانیان دووچاری سەرکوت‌و چەپاندنی هەمەلایەن هاتوون!.

**بۆچی مرۆڤایەتی لە مێژووی دووروودرێژی خۆیدا ئاوا گرفتاری توندوتیژی هاتووە؟.**

لە وەڵامی ئەو پرسیارەی سەرەوەدا، لەناو بیرمەندان‌و زانایانی کۆمەڵناسیدا دوو تیور بە دوو دیدو ڕەهەندی جیاوازەوە هەن:

**تیوری یەکەم/** پێی وایە مرۆڤ لە سروشتی خۆیدا زیندەوەرێکی دڕندەو توندوتیژە. یانی هەر لە دایکبوونەوە لەژێر کاریگەری هەندێک پاڵنەری بۆماوەییدا ماکی دەستدرێژیکردن‌و زەبروزەنگو دڕندەیی لە ناخیدا هەیە کە بۆ ئەنجامدانی کاری توندوتیژی‌و زوڵم وزۆرو کوشتارو لەناوبردن هانیدەدات‌و دەیجوڵێنێت. بەگوێرەی ئەم تیوریە مرۆڤ لە پێکهاتی خۆیدا بۆ هەمیشە خۆی سەرچاوەی هەموو کێشە توندوتیژو بەردەوامەکانی خۆیەتی، مرۆڤ خۆی نەوە لە دوای نەوە بە شێوەی بۆماوەیی درێژە بەم ئەدگارەی خۆی دەدات‌و بەرهەمی دەهێنێتەوە. بەگوێرەی ئەم تیوریە هەتا مرۆڤ بمێنێت توندوتیژیش هەر دەمێنێت. لە بەناوبانگترین بیرمەندانێک کە لەسەر بنەمای توندوتیژی بۆماوەیی توێژینەوەو ئەنجامگیریان کردووە، زاناو پزیشکی دەروونناسی نەمسایی (سیگمۆند فرۆید ١٨٥٦ — ١٩٣٩)، لە لای فرۆید مرۆڤ لە خودی خۆیدا سروشتێکی

دوژمنکارانەی هەیە، ئەم سروشتە دوژمنکارانەیە هۆی بەرهەمهێنانی هەموو شێوەکانی توندوتیژیە لە مێژووی مرۆڤایەتیدا، پەیوەندی بە پێکهاتی ئاڵۆزی دەروونی مرۆڤ‌و شوناسە بۆماوەییەکانیەوە هەیە. واتا توندوتیژی لە مرۆڤدا تایبەتمەندیەکی سروشتیەو مرۆڤایەتی ناتوانێ بە یەکجاری خۆی لێ ڕزگار بکات. هەروەها زانای زیندەوەرناسی بریتانی (چارلز داروین ١٨٠٩ — ١٨٨٢) لە تیورە بەناوبانگەکەیدا «تیوری گەشەسەندن» کە لە کتێبێکی گرنگدا بە ناوی «ڕەچەڵەکی جۆرەکان» ساڵی ١٨٥٩ بڵاویکردەوە، پێی وایە کە ململانێ لەپێناوی مانەوەدا لەسەر بنەمای توندوتیژی وەستاوە. ئەوە یاسایەکی سروشتە کە بەهێز مافی لاواز پێشێل دەکات ودەیخوات. لەم بارەیەوە دەڵێت: (ململانێ لە پێناوی مانەوەدا بەرەنجامێکی بێ ئەملاو ئەولای سروشتی گیانەوەرانی ئۆرگانیکە، لە توانای زۆربوون‌و زاووزێدا)[٣].

**تیوری دووەم/** پێی وایە مرۆڤ لە ژینگەی کۆمەڵایەتی‌و مێژوویی خۆیدا توندوتیژی فێردەبێت. واتا بەرپەرچی ئەو تیوریە دەدەنەوە کە مرۆڤ لە سروشتی خۆیدا بوونەوەرێکی توندوتیژ بێت. لەو کاتەوە مرۆڤ لە ململانێی خۆی لەگەڵ سروشتدا توانیویەتی دەستەکانی بۆ پەیداکردنی بژیوی خۆی بەکاربهێنێت‌و وردە وردە هەستێتە سەر پێیەکانی، ئیدی لە دنیای ئاژەڵان جیابۆتەوە. ئەم بەرەوپێشەوەچوونە چۆنایەتیە لە ماوەی زیاتر لە دوو ملیۆن‌و نیو ساڵ کارکردن‌و کۆکردنەوەی شارەزایی لە ئەزموونی ژیانی ڕۆژانەوە، مرۆڤی بە جۆرێک لە دنیای ئاژەڵان جیاکردۆتەوە کە ئیدی بەشێک لە ڕەفتارو کردەوەکانی شێوەی بۆماوەییان نەبێت، بەڵکو بە شێوەی فێربوون‌و وەرگرتن لە دەوروبەرو کۆمەڵگاوە جێی خۆیان لە بیروهۆش‌و ئاکاری مرۆڤدا بکەنەوە. دیاردەی توندوتیژی لەو دیاردانەیە کە مرۆڤ لە کۆمەڵگاوە فێری دەبێت، هەروەها دەشتوانێت خۆی لێ لابدات‌و فێری نەبێت. بۆ نموونە، ڕەنگە بەشێکی زۆری مرۆڤایەتی لەم سەردەمەدا لە ئەنجامی تێهزرین‌و پێشکەوتنی هوشیاری کۆمەڵایەتیەوە،



لەگەڵ بەکارهێنانی توندوتیژیدا نین‌و دژی دەوەستنەوە. بەڵام هەندێک مرۆڤی دیکە بە خواستی خۆیان، یان بێ ئەوەی خۆیان بیانەوێت لە خێزان‌و کۆمەڵگاوە فێری دەبن‌و لە ڕەفتارو هەڵسوکەوتیاندا بۆ بەرژەوەندی خۆیان پیادەی دەکەن.

گەورە فەیلەسوفی ئاڵمان (کارل مارکس ١٨١٨- ١٨٨٣) پێی وایە مرۆڤی سەرەتا توندوتیژ نەبوون، ئەوان بە شێوەی دەستەی بچووک بچووک لە ناو سروشتدا لەسەر بەرووبوومی درەختەکان دەژیان، دواتریش لە قۆناغی ڕاوکردندا هەر دەسکەوتێکیان هەبووبێت بە یەکسانی‌و بێ توندوتیژی لە ناو خۆیاندا بە گوێرەی پێویست دابەشیان کردووە. مارکس ئەم قۆناغەی مێژووی مرۆڤی بە کۆمۆنی سەرەتا ناوبردووە. هەروەها ئەوەشی ڕوونکردۆتەوە کە دیاردەی توندوتیژی لە مێژووی کۆمەڵگاکاندا بەرئەنجامی ململانێی چینایەتیە. هەر ئەو ململانێ چینایەتیەش داینەمۆی بەرەوپێشەوەچوونی کۆمەڵگایە. وەک لە مانیفێستی کۆمۆنیستدا دەڵێت: (مێژووی گەلان هەتا ئێستا جگە لە ململانێی چینایەتی هیچی دیکە نیە)[٤].

لای مارکس چینە کۆمەڵایەتیە باڵادەستەکان بۆ هێشتنەوەی دەسەڵات‌و بەرژەوەندی چینایەتی خۆیان لە دژی چینی نەدار سوودیان لە ئامرازی توندوتیژی وەرگرتووە. لە بەرانبەردا چینە چەوساوەکانیش لە پێناوی ڕزگاری‌و نەهێشتنی ستەمی چینی دەسەڵاتداردا بە ناچاری و وەک پەرچەکردار پەنایان بۆ توندوتیژی‌و گۆڕانی شۆڕشگێڕانە بردووە. واتا توندوتیژی دیاردەیەکی هەمیشەیی نیە لەگەڵ بوونی مرۆڤدا پەیدابووبێت‌و بەردەوامی هەبێت، بەڵکو وەک ئامرازێکی پێویست لە قۆناغێکی دیاریکراوی مێژوودا کە دابەشبوونی کۆمەڵگایە بەسەر چینەکاندا، بەهۆی سەرهەڵدانی خاوەندارێتی تایبەتەوە، سەری هەڵداوە. هەر لەسەر ئەم بنەمایە دەکرێ لە قۆناغێکی دیکەی گەشەی ململانێی کۆمەڵایەتیدا مرۆڤ پێویستی بە توندوتیژی نەمێنێت‌و دەسبەرداری ببێت. ئەوەش بە

نەهێشتنی زەمینەو سەرچاوەکانی کە بریتین لە خاوەندارێتی تایبەتی هۆکانی بەرهەمهێنانو جیاوازی چینایەتی. تەنها بەو ڕێگایە هەموو شێوەکانی چەوساندنەوەی مرۆڤ لە لایەن مرۆڤەوە کۆتایی پێ دێتو کۆمەڵگا دەگاتە هەوارگەی ئارامو ژیانی یەکسان.

## شێوەکانی توندوتیژی

**توندوتیژی لە دوو شێوەی سەرەکیدا ئەنجام دەدرێت:**

### یەکەم/ توندوتیژی جەستەیی

مرۆڤ وەک زیندەوەرانی دیکەی فیزیکی خاوەنی جەستەیە. ئەندامەکانی جەستەی لە گۆشتو ئێسکو خوێن پێکهاتووە. توندوتیژی جەستەیی یانی ئازارو ئەشکەنجەدانی ئەندامەکانی لەشی مرۆڤ، وەک ئامرازێک بۆ ملکەچ پێکردنو خۆبەدەستەوەدانی کەسی بەرانبەر. ئەم جۆرە توندوتیژیە مادیو بەرجەستەیە، واتا شوێنەوارەکانی بە چاو دەبینرێن. ئەشکەنجەدانی جەستە لە سەرەتاوە بە هێزی بازوو بووە. مرۆڤە بەهێزو بازووەکان لە چارەسەرکردنی کێشەکاندا بۆ بەرژەوەندی خۆیان، هەستاون بە ئازاردانی جەستەی مرۆڤە کەم تواناو لاوازەکان. دواتریش بە پەنابردنە بەر دروستکردنی ئامراز، وەک ڕم، تیروکەوان، شمشێرو...هتد بۆ ناچارکردن یا لەناوبردنی مرۆڤو هێزی بەرانبەر. مرۆڤ لە کۆمەڵگای کۆیلایەتیدا بە زەبری قامچی کاری بێ کرێیان پێ کراوە.. بە گوێرەی پێشکەوتنی هزری مرۆڤو تەکنۆلۆژیا تا هاتووە ئامرازەکانی توندوتیژی زیاتر گەشەیان پێدراوەو کاراتر کراون، بە داهێنانی چەکی جۆراوجۆر بۆ دانانی کاریگەری توندترو زیاتر لەسەر هێزی بەرانبەر، تا وای لێهاتووە لە سەروو ئازاردانی جەستەوە، چەکو کەرەستەی بەکۆمەڵ کوشتنو وێرانکردنی ماڵو گوندو شاریان داهێناوەو بێباکانە ترۆپکی دڕندەییان جێبەجێکردووە!.



### دووەم/ توندوتیژی دەروونی

لە دێرزەمانەوە مرۆڤ بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکیو گرفتەکان جگە لە توندوتیژی جەستەییو مادی، توندوتیژی دەروونیشیان داهێناوە. توندوتیژی دەروونی شێوەیەکی فیزیکی نیە، واتا ڕاستەوخۆ ئازاردانی جەستەی مرۆڤ نیە، بەڵکو جۆرە فشارێکە کە بە چاو نابینرێت، بە شێوەی ڕاستەوخۆ یا ناڕاستەوخۆ دەخرێتە سەر دەروونی تاک یان کۆمەڵ. بۆ نموونە ئازاردانی دەروونی مرۆڤ لە زینداندا. بە درێژایی مێژوو هەتا ئێستاش لە ڕژێمە دواکەوتوو دیکتاتۆریەکاندا دەسەڵاتداران بۆ سەرکوتکردنو خۆبەدەستەوەدانی نەیارانیان بە ڕێگای زیندانیکردنو جەللادەکانیان بە چەندین شێوە ئازارو ئەشکەنجەی دەروونی مرۆڤیان داوەو داهێنانیان تێدا کردووە. وەک بەکارهێنانی تاریکی بۆ ماوەی درێژ لە ژووری تاکە کەسی یەکجار بچووکدا. هەروەها نموونەیەکی دیکە لە توندوتیژی دەروونی بە ڕێگای پەروەردەو پەروەردەی ئاینیو ئایدۆلۆژی پیادە دەکرێت، کە زۆر جاران وا لە مرۆڤ دەکات خۆی هەست بەو توندوتیژیەی کە بەرانبەری کراوە نەکات، بۆ نموونە: پەروەردەی لاوان بە بیروباوەڕی توندڕەوی ئاینیو ئامادەکردنیان لە ڕووی دەروونیەوە کە بە تەواوی ڕەزامەندیو قایلبوونی خۆیانەوە خۆیان بتەقێننەوەو ژیانی خۆیانو دەیانو سەدان مرۆڤی دیکە لە دەست بدەن!!.

نموونەیەکی دیکە، ئێستا لە ناو کۆمەڵی کوردەواری ئێمەدا بە هەزاران ژن هەن بە هۆی پەروەردەی دواکەوتووی خێزانیو کۆمەڵایەتیو ئاینیەوە لەسەر ئەو باوەڕەن کە ژن لە پیاو کەمترە!. هەزاران ژن بە هۆی پەروەردەی ئاینیەوە پێیان دروستە کە پیاوێک بۆی هەبێت لە ژنێک زیاتری هەبێت!.. یان گەلێ مرۆڤی خاوەن بیروباوەڕی ئایدۆلۆژی، بەهۆی پەروەردەیەکی ئایدۆلۆژی دیاریکراوەوە پێیان وایە هەموو ڕاستیەکان بە شێوەیەکی ڕەها لای خۆیانەو هەر بیروبۆچوونێکی دیکەی جیاواز لە دەرەوەی بیرکردنەوەی خۆیان لە سەدا سەد بە نادروستو هەڵە

دەبینن!. ئەم پەروەردەیە مرۆڤ لە ڕووی هزرو دەروونەوە وا ڕادەهێنێت هەر خۆیو بۆچوونە ئایدۆلۆژیەکەی خۆی بە ڕاست بزانێت! هێڵێکی ڕاستو چەپیش بەسەر هەموو ئەوانەدا کە وەک خۆی بیر ناکەنەوە بکێشێت. ئەم جۆرە پەروەردە دەروونیە سەرچاوەی سەرهەڵدانی هزری یەکترسڕینەوەو توندوتیژیە لە نێوان مرۆڤەکاندا چ لە خێزانو چ لە کۆمەڵگادا.

## توندوتیژیو ڕەوابوون

لەو دەمەوە توندوتیژی لە کۆمەڵگادا سەری هەڵداوە، کۆمەڵی مرۆڤ بۆ ڕێکخستنی کاروباری ژیانو خۆپاراستن لە توندوتیژیەکی بێسەروبەرو پڕ مەترسی بۆ سەر ژیانی هەمووان، پێویستی بە جۆرێک لە دابینکردنی ژیانی ئارامو دڵنیا هەبووە. بۆ ئەم مەبەستە کۆمەڵ بە گشتیو دەسەڵاتداران بە تایبەت بۆ پاراستنی ژیانو بەرژەوەندی خۆیان، لە هەوڵی سنووردانانو ڕێکخستنی ململانێو توندوتیژی کۆمەڵگادا بوون. بێگومان ئەو هەوڵانە بە زۆری بە ڕێگای ناچارکردنو ملکەچ پێکردن بوون. بەم شێوەیە دەسەڵاتیان لە کۆمەڵگادا بە زەبروزەنگ بۆ بەرژەوەندی خۆیان دامەزراندووە. دامودەزگایان بۆ ئەو مەبەستە دروستکردووەو یاسایان داڕشتووە. لێرەوە ڕادەیەک لە ڕەواییان بە دەسەڵاتەکەیانو پێویست بوونی توندوتیژیەکی یاسایی بۆ ڕێکخستنی کۆمەڵگا داوە. ئاشکرایە دەسەڵاتی سیاسیو دەوڵەتو سەرکوتەکەی بەردەوام بە دەستی چینە داراو باڵادەستەکانی کۆمەڵگاوە بووە، یاساکانیشیان بە جۆرێک ڕێکخستووەو بەکارهێناوە کە هەمیشە لە خزمەتی پاراستنی بەژەوەندیەکانی خۆیانداو لەسەر حسابی چینو توێژەکانی دیکەی کۆمەڵدا بووە. بۆیە بۆ بەدەستهێنانەوەی مافی زەوتکراوی خۆیان بە ناچاری پەنایان بردۆتە بەر ئامرازی توندوتیژیو بە ڕەوایان زانیوە. توندوتیژی چینە چەوساوەکان لە مێژوودا بە توندوتیژی شۆڕشگێڕانە ناسراوەو



لە ئاستەکانی سیاسی، ئابوری، کۆمەڵایەتی، ڕۆشنبیریو ئاینیدا ڕۆڵی دیاری لە نەخشاندنی مێژووی زۆربەی کۆمەڵگاکانی مرۆڤدا گێڕاوە.

## چارەسەری توندوتیژی بە توندوتیژی

بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی بە توندوتیژی لە دێرزەمانەوە ئامرازو ڕێگاچارەی مرۆڤ بووە بۆ بەلاداخستنی کێشەو ململانێکان لە ئاستە جۆراوجۆرەکانی ژیانی کۆمەڵگادا. لە شارستانیەتە کۆنەکاندا بەکارهێنانی توندوتیژی بەرانبەر بە توندوتیژی لە شێوەی یاسادا داڕێژراوەو بۆ ڕێکخستنی ژیانی تاکو کۆمەڵ جێبەجێ کراوە. وەک شارستانیەتی وڵاتی نێوان دوو ڕوبار

(میزۆپۆتامیا)، میسریە کۆنەکان، یۆنانیە کۆنەکانو ڕۆمانەکان و...هتد.

لە شارستانیەتی وڵاتی میزۆپۆتامیادا، بۆ نموونە لە یاساکانی ئەکەدی، سۆمەری، بابلیو ئاشوریدا، وەک یاساکانی ئۆرنمو، عەشتار، ئەشنونەو حامورابیدا چارەسەری توندوتیژی بە توندوتیژی بە یاسا داڕێژراون. لە یاساکانی حامورابیدا، کە بە گرنگترین سەرچاوەی یاسای شارستانیەتی بابلی دادەنرێت، هاتووە:

ئەگەر ژنو پیاوێک بە نایاسایی کاری سێکس بکەن، دەبێت هەردووکیان فڕێ بدرێنە ئاوەوە.

ئەگەر کوڕێک لە باوکو دایکی خۆی بدات، دەبێت دەستی ببڕدرێت.

ئەگەر کەسێک چاوی کەسێکی دیکە کوێر بکات، دەبێت چاوی کوێر بکرێتەوە.

ئەگەر کەسێک ئێسکی کەسێکی دیکە بشکێنێت، دەبێت هەمان ئێسکی بشکێندرێتەوە.

ئەگەر کەسێک دانی کەسێکی دیکە دەربهێنێت، دەبێت دانێکی دەربهێنرێتەوە.

بێگومان ئەم یاسا توندوتیژانە بۆ ئەو سەردەمانە لەو ڕوانگەیەوە

داڕێژراون بۆ ئەوەی مافی تاک لە کۆمەڵگادا پێشێل نەکرێتو یەکسانی پارێزراو بێت. یاساکانی حامورابی کاریگەرییان لەسەر ئاینەکانی دوای خۆی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا داناوە . بۆ نموونە کاریگەری لە سەر ئاینی جوولەکە هەبووەو لە تەوراتدا ئاوا ڕەنگی داوەتەوە:

– (ئەگەر پیاوێک لە گەڵ ژنێکی مێرددار‌دا کاری سێکس ئەنجام بدات، دەبێت هەردووکیان بکوژرێن)[٥].

– (هەر کەسێک لە دایکو باوکی خۆی بدات، دەبێت بکوژرێت)[٦].

– (شکاندن بە شکاندن، چاو بە چاوو دان بە دان)[٧].

هەروەها هەمان ئەم یاسایانە کاریگەریان لەسەر ئاینی ئیسلام هەبووەو لە ئایەتەکانی قورئاندا ڕەنگدانەوەیان هەیە. لە بەشی دووەمی ئەم کتێبەدا بە درێژی باسی ڕەنگدانەوەکانی توندوتیژی لە قورئاندا دەکەین.

ئەم شێوە چارەسەرەی توندوتیژی هەتا ئەم سەردەمەش لە زۆر کۆمەڵگادا چ وەک نەریتو کولتوری کۆمەڵایەتیو چ وەک یاسا لە ژێر کاریگەری ئایندا پەیرەو دەکرێت. بێگومان لە گەڵ هەموو ئەو قوربانیانەشدا کە مرۆڤایەتی لە ئەنجامی چارەسەری توندوتیژی بە توندوتیژیدا داویەتی، بە هیچ شێوەیەک نەک هەر نەیتوانیوە توندوتیژی چارەسەر بکات، بەڵکو قووڵتری کردۆتەوەو زیانی زیاتری بە مرۆڤایەتی گەیاندووە. ئەگەر مرۆڤێک بە هەر هۆیەک بکوژرێت، لە تۆڵەی ئەو مرۆڤە کوژراوەدا کەسوکارو بنەماڵەکەی بێنو بە گوێرەی نەریتو کولتور یا بە گوێرەی یاسای ئاین تاوانبارەکە یاخود کەسێکی دیکە لە بنەماڵەی تاوانبارەکە بکوژنەوە، بێگومان بەو کردارە کێشەکەیان چارەسەر نەکردووە، بەڵکو تۆوی دوژمنایەتیەکی زیاترو زیانی گەورەتر دەچێنن. یاخود بڕینی دەستی دزێک بە گوێرەی یاسای ئاین، بە هیچ شێوەیەک چارەسەری دیاردەی دزیکردنی نەکردووەو نایکات. هەروەها جەنگو توندوتیژی نێوان وڵاتانو نێوان نەتەوەکان، جەنگە ناوخۆییەکان، بە جەنگ چارەسەر ناکرێن، بەڵکو هەمیشە دوای جەنگو توندوتیژیو زیانی گەورە، ئەگەر



لایەکیان جەنگەکەی بردبێتەوە، چارەسەری کێشەکەی نەکردووە، بەڵکو لە هەلومەرجێکی دیکەدا هەمان کێشە سەریهەڵداوەتەوە. تا لە ئەنجامدا بۆ چارەسەری یەکجاری کێشەکان گەڕاونەتەوە بۆ وتووێژو زمانی گفتوگۆ. ئەوە چەند سەدەیەکە فەیلەسوفانو ڕۆشنبیرانو بیرمەندانو زانایانی کۆمەڵناسی لە تیورو بەرهەمەکانیاندا بۆ چارەسەری کێشەو ناکۆکیەکان بە ڕێگای ناتوندوتیژ، بانگەوازی مرۆڤایەتی دەکەن. ئەزموونی سەرکەوتووانەی هەندێک کۆمەڵگا پێمان دەڵێن دەکرێت بە ڕێگای ناتوندوتیژ بگەینە ژیانێکی ئارامو ڕادەیەکی باڵاتر لە یەکسانیو دادپەروەریو خۆشبەختیو ئاسودەیی.

### توندوتیژی ئاینی

توندوتیژی ئاینی بەو توندوتیژیە جۆراوجۆرانە دەوترێت کە لەسەر بنەمای ئاین بەڕێوەدەچن. هەروەها توندوتیژیگەلێک کە لەژێر پەردەی ئایندا بەڵام بە ئامانجی سیاسیو ئابوریو ... هتد بەڕێوەدەبرێن.

ئاینەکان بەگشتی وەک بەشێک لە هوشیاری کۆمەڵگاکانی خۆیان، دیاردەی کۆمەڵایەتین لە مێژوودا. واتا هەر ئاینێک ڕەنگدانەوەی واقیعی تایبەتی کۆمەڵگایەکی دیاریکراوە لە سەردەمێکی مێژوویی دیاریکراودا. دەقە ئاینیەکانیش، یانی ئەو دەقانەی کە لای پەیڕەوانیان بە دەقە پیرۆزەکان ناسراون، ئاوێنەی باڵانوێنی ئەو هەلومەرجە مێژوویی، ئابوری، سیاسی، کۆمەڵایەتیو ڕۆشنبیریانەن کە دەقەکانیان تیادا نووسراونەتەوە. بەم واتایە ئاینێک کە دەقەکانی بە ڕێژەیەکی بەرچاو توندوتیژیو زەبرخوازیان بەخۆوە گرتووە، هێما بەو ڕاستیەن کە ئەو ئاینە لە ژینگەیەکی قەیراناویو قۆناغێکی توندوتیژیدا پەیدابووە. بۆ ئەوەی جێگای خۆی لە کۆمەڵگادا بکاتەوە پەنای بردۆتە بەر ئامرازی توندوتیژی. هەروەها ئاینێک کە دەقی توندوتیژی کەمتر لە خۆگرتووە، دەقەکانی زیاتر داوای خۆشەویستیو لێبوردەیین لە مرۆڤ، بەڵگەی

ئەوەیە کە دەقەکانی ئەو ئاینە لە دۆخێکی هێورو ئارامیدا نووسراونەتەوەو لەو قۆناغەدا پێویستی بە بەکارهێنانی ئامرازی توندوتیژی نەبووە. هەر لەسەر ئەو بنەمایەیە کە دەقەکانی تەوراتو قورئان بە بەراورد لەگەڵ ئینجیلدا هەڵگری ماکی توندوتیژی زیاترن.

ئاینی ئیسلام وەک دەق یەکێکە لە ئاینە توندوتیژەکان، ئەوەش هۆی ئەوەیە لە لایەک ئیسلام لە سفرەوە دەستی پێنەکردووەو لاپەڕەیەکی سپی هەڵنەداوەتەوە، بەڵکو تا ڕادەیەکی زۆر درێژەپێدەری هەمان کولتورو نەریتە توندوتیژەکانی کۆمەڵگای نیمچەدوورگەی عەرەبستانە. لە لایەکی دیکەش ئاینی ئیسلام وەک شۆڕشێک بۆ سەلماندنو چەسپاندنی خۆی لە بەرانبەر نەیارانیدا بە توندوتیژی خۆی سەلماندو دامەزراو دەسەڵاتی پەیداکرد. ئەم واقیعە بەشێوەیەکی ڕوونو ئاشکراو هەنگاو بە هەنگاو لە دەقی ئایەتەکانی قورئاندا دەخوێنینەوە.

لە خوێندنەوەو بەراوردکردنی دەقو مێژووی ئاینە جیاوازەکاندا دەبێ ئەو ڕاستیە گرنگە لە بەرچاو بگیرێت کە لەگەڵ ئەوەشدا دەقی توندوتیژ یان ناتوندوتیژ کاریگەریان لە سەر پەروەردەو تێگەیشتنی پەیڕەوانی ئاینەکان هەیە، بەڵام دەقەکان بڕیاردەری سەرەکی نەبوون لە چۆنێتی نەخشاندنی مێژووی ئاینەکاندا، بەڵکو شێوەی ڕاڤەکردنی بیرمەندانو پیاوانی ئاینو ئەو هێزە کۆمەڵایەتیانەی کاریان بە ئاینەکان کردووە بڕیاری بەکارهێنانی توندوتیژی یا ناتوندوتیژیان داوە! کامیان لە بەرژەوەندیاندا بوویێت لە سایەی ئاینەکەدا حەڵاڵیان کردووەو فەرمانی جێبەجێکردنیان داوە!. لە ئینجیلی ئاینی مەسیحیدا هەرچەندە دەقی توندوتیژ یەکجار کەمە، کەچی لە سەردەمانێکی دوورودرێژدا لە ئەوروپا کەنیسە نموونەی دەسەڵاتی سەرکوتکەرو توندوتیژ بوو. بڕیاری زیندانیکردنو ئەشکەنجەو کوشتنو سووتاندنی ئەو خەڵکانەی دەدا کە بڕوایان بە ئاینی مەسیحی نەبوو، یان لە ئاین لایان دەدا. لەسەر دەستی کەنیسەدا چەندین زاناو ڕۆشنبیر کوژران یان سووتێنران!. بەڵام لە دوای سەندنەوەی دەسەڵاتی



سیاسی لە کەنیسەو جیاکردنەوەی ئاین لە دەوڵەت ئیدی ئاینی مەسیحی دژی توندوتیژیەو ئەوەتا دەورانێکە پارتە ئاینیە مەسیحیەکان بە فرەیی سیاسیو ئاینیو کارکردن لەگەڵ عەلمانیەتدا قایل بوونو لە گەمەی دیموکراسیدا بەشدارن. بە پێچەوانەشەوە دەکرێت هێزێکی کۆمەڵایەتی ئاینی، کە کتێبە پیرۆزەکەی لە دەقی توندوتیژ بەدەر نیە، بەهۆی ئەوەی توندوتیژی تێپەڕاندووەو بە پێویستی نازانێت، بە جۆرێک ڕاڤەی دەقەکان دەکات کە توندوتیژی لێ نەکەوێتەوە، بەڵکو دەقەکانی لێبووردەیی لە ئاینەکەیدا هەرچەند کەمیش بێت گرنگیان پێدەداتو کاریان لەسەر دەکات. یانی ئەوەی کە بڕیاری ئەوە دەدات ئاینێک توندوتیژ بێت یان ناتوندوتیژ، بە پلەی یەکەم خودی ئاینەکە نیە وەک دەق، بەڵکو ئەو هێزە کۆمەڵایەتیانەن کە کار بە ئاین دەکەنو بە گوێرەی بیرکردنەوەو بەرژەوەندی خۆیان ڕاڤەی دەکەن. دەکرێ هەمان ئاین بە هەمان دەقو کتێبەوە بە دەست هێزێکی کۆمەڵایەتی توندوتیژەوە بکرێتە ئاینێکی توندوتیژو داخراو، بەڵام بەدەست هێزێکی کۆمەڵایەتی ناتوندوتیژەوە بکرێتە ئاینێکی کراوەو لێبوردە.

لە وەرگرتنی ئایندا کێشەیەکی دیکەش هەیە، ئەویش وەرگرتنی ئاینە وەک ئایدۆلۆژیا، بە جۆرێک بیرکردنەوەو ئاوەزی مرۆڤی باوەڕدار دادەخات کە تەنها دەقەکانی ئاینەکەی خۆی بە ڕەهایی بۆ هەموو جێگاو شوێنو سەردەمە جیاوازەکان بە ڕاستو دروستو جگە لە ئاینەکەی خۆی هەموو بیروبۆچوونو ئاینێکی دیکە بە هەڵەو گومڕا بزانێت. لەم ڕووەوە مرۆڤی سەر بە ئاینێکی دیاریکراو پێی وایە بەهۆی ئەوەی ئاینەکەی لە لایەن خوداوەیە، کەوابوو لە سەدا سەد هەموو ڕاستیەکانی لەخۆگرتووە!. هەر بەو هۆیەشەوە گەورەترین پیرۆزی پێداوەو هیچ ئاینێکی دیکە بە هاوتای ئاینەکەی خۆی نازانێت!. ئەم بە ڕەهاییو بە پیرۆز ڕاگرتنە هەندێک پەیڕەوان دەخاتە سەر ئەو باوەڕە کە پیرۆزی ئاینەکەیانو سەرخستنی بیروباوەڕەکەی شایانی ئەوەیە شەڕی لە پێناودا هەڵگیرسێنن، ژیانی

خۆیانی بۆ بەخت بکەنو خوێنی بۆ بڕێژن!!. ئەم دەرگا لەسەر خۆو ئاوەز داخستنە زەمینەی قبوڵنەکردنی بیروڕای جیاوازی بەرانبەرەو سەرئەنجام بەگژداهاتنو توندوتیژی لێدەکەوێتەوە. هەروەها ئەم جۆرە پەیگیریە بە دەقە ئاینیەکانەوە وادەکات وەک چۆن لە هەلومەرجی دامەزراندنو چەسپاندنی ئاینەکەدا ڕابەرو پێشینە ئاینیەکان کاریان بە دەقە توندوتیژەکان ڕۆیشتووە، وا لەو مرۆڤە یان لەو هێزە کۆمەڵایەتیە دەکات بۆ ئەم سەردەمەش بە هەمان شێوە کار بە دەقە توندوتیژەکان بکاتو هەموو توندڕەوییەکیش بە دڵسۆزی بۆ ئاینەکەی بزانێت.

## چەمکی ناتوندوتیژی

ناتوندوتیژی شێوەیەکە لە شێوەکانی هزرو پراتیک لە ژیانی تاکو کۆمەڵدا، کە بۆ گەیشتن بە ئامانج پەنا بۆ توندوتیژی نابات، بەڵکو لە سەر بنەمای دانانان بە مافی بەرانبەردا بەرپەرچی هەر جۆرە دەستدرێژیکردنێک بۆ سەر مافی تاکو خەڵکانی دیکە دەبێتەوە. یان بە شێوەیەکی دیکە، بریتیە لە ستراتیژێکی سیاسی،فەلسەفی، ئەخلاقی، کە بۆ گەیشتن بە ئامانجی کۆمەڵایەتی، سیاسی، توندوتیژی وەلاوە دەنێتو ڕێگای ئاشتەواییو هێمنانەو لێبوردەیی بۆ لە یەکتر گەیشتن لەگەڵ ئەوانی دیکەی جیاواز دەگرێتە بەر.

هزری ناتوندوتیژی مرۆڤ بەو گیانە پەروەردە دەکات کە هیچ مرۆڤێک نیە لە ژیاندا کەمایسی نەبێت، یا بەرانبەر مرۆڤانی دیکە هەڵە نەکات. بۆیە لە پێناوی پەیوەندیەکی مرۆڤانەی تەندروستدا باشترین مامەڵە ئەوەیە لە هەڵەکردندا دان بە هەڵەی خۆماندا بنێینو ڕەخنە لە خۆمان بگرین. لە کاتێکیشدا هەڵەمان بەرانبەر دەکرێت، بەوپەڕی توانستەوە گیانی لێبوردەییمان هەبێت، ئەمەیە هزری ناتوندوتیژی. کەواتە ناتوندوتیژی ئامرازو پرەنسیپە بۆ گەیشتن بە ئامانجی مرۆڤانە.

بۆچوونێک هەیە پێی وایە ناتوندوتیژی بێ هەڵوێستیو خۆبەدەستەوەدانە



لە بەرانبەر زوڵمو ستەمدا!، بەڵام بە پێچەوانەوە ناتوندوتیژی بریتیە لە هاتنەدەنگ لە بەرانبەر هەموو شێوەکانی ستەمو چەوساندنەوەدا. بۆ نموونە لە ئاستی سیاسیدا، بۆ چارەسەری کێشەکان دەکرێت بە چەندین شێوەی خەباتی شارستانی وەک: کۆکردنەوەی واژۆ، مانگرتن، خۆپیشاندانو ڕێپێوانی هێمنانە، پێکەوەنانی کۆمەڵەو ڕێکخراوو دامودەزگا، گفتوگۆکردن، پێکەوە کارکردن وهەڵکردن، کارکردن بە سەرەتاکانی مافی مرۆڤ، ڕەواجدان بە بەها ڕەوشتیە مرۆڤایەتیەکانو چەندین شێوەی دیکە چارەسەری کێشەکان بکرێن. هزری ناتوندوتیژی بەو واتایە نیە کە ململانێ لە کۆمەڵگادا نامێنێت، بەڵکو ململانێکردن دیاردەیەکی هەمیشەییەو سەرچاوەیەکی بەرەوپێشەوەچوونی ژیانە. بەڵام ئەوەی لە هزری ناتوندوتیژیدا دەربارەی ململانێ گرنگە ئەوەیە کە مەرج نیە بە ڕێگای توندوتیژ چارەسەر بکرێت. ئەم شێوە بیرکردنەوەیە بەرهەمی هوشیاریو پێشکەوتنو ئەقڵانیەتە، کە هەمیشە پشت بە لایەنی ئەقڵ دەبەستێتو بە سەر لایەنەکانی دیکەدا زاڵی دەکات.

## ڕۆڵی ناتوندوتیژی لە مێژوودا:

کاتێک مێژووی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی دەخوێنینەوە ئەو ڕاستیەمان لا ڕوون دەبێتەوە کە لە زۆربەی قۆناغەکانی ڕابوردووی مرۆڤایەتیدا، بە شێوەیەکی گشتی ڕۆڵی ناتوندوتیژی لە چارەسەری کێشەو ململانێکاندا، بە بەراورد لەگەڵ ڕۆڵی توندوتیژی، یەکجار لاوازو کاریگەری کەمتر بووە. بێگومان ئەوەش بە هۆی ئەوەی کە گەشەو کۆمەڵایەتیبوونەوەی هزری ناتوندوتیژی پەیوەندی بە ئاستی هوشیاریو گەشەی کۆمەڵگاوە هەیە.

فەلسەفەی ناتوندوتیژی زیاتر لە (گاندی)ەوە لایەنگیریو ڕەواجی جیهانی پەیدا کرد، بەڵام لە واقیعدا پێش گاندی ئاینەکانی بوودیزمو هیندۆیزم بە چەند سەدەیەک، بانگەوازیان بۆ کردووە.

(وانەکانی بوودیزم داکۆکیەکی بەرچاو لە سەر چەمکو پرەنسیپی

«بێ ئازاری» دەکاتو لە سەر ئەم بنەمایە فەلسەفەی ناتوندوتیژی دادەمەزرێنێت)[٨].

هەروەها (چەندین سەدە پێش ئەوەی گاندی باسی چەمکی «سواراج» بە واتای سەربەخۆییو چەمکی «ساتیا گراها» بە واتای خەبات بۆ هەقیقەت بکات، جاینیزمو هیندۆئیزم لە باشوری ئاسیادا بە داکۆکیەوە لە سەر چەمکی «بێ ئازاری» جەختیان کردووە)[٩].

گەلێک لە فەیلەسوفانو بیرمەندانو ڕابەران لە مێژوودا لێکۆڵینەوەو کتێبیان لە بارەی هزری ناتوندوتیژیەوە نووسیوەو لە ژیانو خەباتی خۆیاندا پراکتیزەیان کردووە: گاندی، مارتن لۆسەر کینگ، جان ماری مۆلەر، ئەنشتاین، تۆلستۆی، نلسن ماندێلا، جەودەت سەعید و...هتد.

گاندی (١٨٦٩- ١٩٤٨) فەیلەسوفو ڕابەری مەزنی هزرو خەباتی ناتوندوتیژی، بە باوکی فەلسەفەی ناتوندوتیژیو باوکی هندستانی نوێ ناسراوە. ژیانو خەباتی خۆی بۆ گرنگیدان بە هزری ناتوندوتیژی تەرخان کردو لە ژیانیدا نزیکەی نەوەد کتێبی نووسیوە. گاندی پێی وایە توندوتیژی چارەسەر نیە، بەڵکو هەوڵدانە بۆ سڕینەوەی بەرانبەر. هەر بۆیە بە گشتی هەموو شێوەکانی توندوتیژی، بە توندوتیژی شۆڕشگێڕانەشەوە، لە ژیانی تاکو کۆمەڵدا بەرپەرچ دەداتەوە. هەروەها گاندی پێی وایە لە بەرانبەر زوڵمو زۆرو ستەمدا هێزمان پێویستە، بەڵام دەبێ جیاوازی بکەین لە نیوان هێزی توندوتیژو هێزی ناتوندوتیژدا. هێزی ناتوندوتیژ دەستبەرداربوونی هەوڵدانو خەباتکردن نیە، بەڵکو شێوەی خەباتی شارستانیانەیە. بەم بیرە مەزنەوە گاندی توانی گەورەترین ململانێ بە خەباتی ناتوندوتیژی جەماوەری لە مێژوودا، واتا خەباتی گەلی هندستان لە دژی دەسەڵاتی بریتانیای داگیرکەری ئەو وڵاتە کە ماوەی سێ سەدە حوکمی هندستانیان کرد، ڕابەرایەتی بکات. بە ڕێگای هاوکاری نەکردنو ملکەچ نەکردن، هێزی داگیرکەریان ناچار بە کشانەوە کردو گەورەترین سەرکەوتنی خەباتی ناتوندوتیژیان لە مێژوودا تۆمار کردو لە ساڵی



(١٩٤٧) دا ڕزگاری هندستانیان بە جیهان ڕاگەیاند.

جان ماری مۆلەر سەبارەت بە گاندی دەڵێت: گاندی لەم ڕستەیەدا جوانترین گوزارشی لە هزری ناتوندوتیژی کردووە: لابردنو نەهێشتنی تەواوی نیازی خراپ لە بەرانبەر هەموو زیندەوەراندا.

مارتن لۆسەر کینگ (١٩٢٩- ١٩٦٨) قەشەو چالاکوانی سیاسیو ڕابەری بزوتنەوەی ڕەشپێستان دژی ڕژێمی ڕەگەزپەرستی سپیپێستان لە ئەمریکا، خەباتی ڕەشپێستانی بە شێوەی ناتوندوتیژو شارستانیانە، بۆ گۆڕینی یاساکانی ڕەگەزپەرستیو دانانی یاساگەلێکی یەکسان لە جێگایاندا، ڕابەرایەتی کردو بە ئەنجامی سەرکەوتنیان گەیاند. ڕژێمیان ناچار بە گفتوگۆ کردو گەلێک مافی یەکسانیان لە دەستوری وڵاتدا چەسپاند. لەوانە، مافی بەشداریکردنی هەڵبژاردنو خۆ کاندیدکردن بۆ هەڵبژاردن، کە تا ئەو کاتە لە دەستوری ئەمریکادا نەسەلمابوو.

مارتن لۆسەر کینگ وەک ڕابەرێکی مرۆڤدۆستو یەکسانیخواز لەو کەسایەتیە گرنگانەیە کە بە ڕێگای ناتوندوتیژ بانگەوازی ئازادیو مافەکانی مرۆڤی کردووە. لەگەڵ ڕابەری ڕەشپێستی موسوڵمان (مالکوم ئێکس) پێکەوە خەباتیان گرێداو لە پێناوی نەهێشتنی جیاوازی ڕەگەزیو ئاینیدا بە شێوەی خۆپیشاندانو ناڕەزایی جەماوەری بزوتنەوەکەیان بە سەرکەوتن گەیاند.

مارتن لۆسەر پێی وایە ئامرازی ناتوندوتیژی نەک هەر دوورکەوتنەوەیە لە توندوتیژی مادیو جەستەیی، بەڵکو دوورکەوتنەوەیشە لە توندوتیژی ڕۆحیو دەروونی، مرۆڤێکی هەڵگری هزری ناتوندوتیژی نەک هەر فیشەک بە کەسێکی دیکەوە نانێت، بەڵکو ڕقو کینەشی بەرانبەر مرۆڤ نابێت.

مارتن لۆسەر دەڵێت (ئێمە نامانەوێت بە سەر سپیپێستەکاندا زاڵ بین، چونکە ئەم کارە تەنیا ئەو کەسانەی کە لە خوارەوەی کۆمەڵگەدان بۆ سەرەوەی کۆمەڵگە پەلکێش دەکات. بەڵام ئەگەر بتوانین هەم لە کردەوەو هەم لە ئەندێشەدا بە ژیانێکی دوور لە توندوتیژی بگەین، لە

ڕاستیدا کۆمەڵگەیەکی دڵخوازمان لە سەر بنەمای ئازادی پێکهێناوە)[١٠].

(گاندیو مارتن لۆسەر کینگ) مان وەک دوو ڕابەری دوو ئەزموونی دیارو سەرکەوتوو لە مێژووی خەباتی ناتوندوتیژیدا ئاماژە پێدا. بەڵام ئەوەی جێگای سەرنجو داخە ئەو دوو کەڵە ڕابەرو بەرگریکارە شێلگیرەی ڕێبازی ناتوندوتیژی بە دەستی تیرۆر گیانیان لەدەستداوە !.. لێرەدا شایانی باسە کە هزری ناتوندوتیژی تەنها بواری سیاسەت ناگرێتەوە، بەڵکو بە هۆی ئەوەی پەیوەندیەکانی مرۆڤ لە خێزانو کۆمەڵدا فرەڕەهەندو هەمەڕەنگو جیاوازن، بۆیە ناتوندوتیژیش لە هەموو ئاستە جیاوازەکانی سیاسی، ئابوری، کۆمەڵایەتی، ڕۆشنبیریو ئاینی دا ڕۆڵو کاریگەری هەیە.

**ناتوندوتیژی وەک ئامرازو ئامانج بۆ ژیانی باشتر:**

ئەگەر لە دنیای ئەمڕۆ ورد بینەوە دەبینین گەلانی بەشێک لە وڵاتانی جیهان بەهۆی پێشکەوتنیان لە ڕووی ئەقڵانیەتو زانستو تەکنۆلۆژیاوە، توانیویانە دیاردەی توندوتیژی تا ڕادەیەکی باش تێپەڕێننو لە سایەی دەسەڵاتی دیموکراتیدا ژیانی ئارامو دامەزراو بۆ خۆیانو نەوەکانیان دابین بکەن.. وڵاتانی ئەورووپای ڕۆژئاوا، وڵاتانی ئەسکەندەناوی، ئەمریکاو ئوستورالیا و...هتد لە ڕیزی پێشەوەی ئەو وڵاتانەن. بەشێکی زۆری دیکەی وڵاتانی جیهان، بە بەراورد بەم وڵاتانەی ناومان هێنان، ئەو پێشکەوتنەیان بە خۆوە نەبینیوە، بە ڕادەی جیاجیا یانی کەمو زۆر هێشتا هەر دووچاری دیاردەی توندوتیژین لە ئاستە جیاوازەکانی ژیاندا. بەڵام هاوکات لە هەلومەرجی ژیانی ئەم سەردەمەدا ئەوەش دەبینین کە لە زۆربەی هەرەزۆری وڵاتانی جیهاندا، هەر کۆمەڵگایەو بە گوێرەی ئاستی پێشکەوتنو هوشیاری خۆیان، بزوتنەوەی کۆمەڵایەتی خوازیاری ژیانی دوور لە توندوتیژییان تێدا هاتۆتە مەیدانو ڕوو لە کرانەوەو ئامانجی دیموکراتی هەنگاویان هەڵگرتووە.



(لە ڕاستیدا پێش گاندیو مارتن لۆتەر کینگ، هوشیاریەکی زۆر کەم لە نەریتی فەلسەفیو سیاسی خەباتی ناتوندوتیژی لە جیهاندا هەبوو. ئەمڕۆ ئەم دۆخە گۆڕاوە، ناتوندوتیژی هزرێکە کە ئێستا ئیدی جێگای خۆی لە ڕەوشتە کۆمەڵایەتیو سیاسیەکاندا سەقامگیر کردووە)[١١].

لە سەردەمی ئێستادا تاقیکردنەوەی گەلانی پێشکەوتوو بۆ ژیانی ئارام، لەگەڵ هزرو هوشیاری ناتوندوتیژی، لە بەردەستی ئێمەدان. هەموو ئەو هێزە کۆمەڵایەتیانەی قازانجیان لە نەهێشتنی توندوتیژیدایە، دەتوانن لە خۆڕێکخستنو ئاراستەکردنی بزوتنەوەی کۆمەڵایەتی هێمنانەدا کەڵک وەرگرن. ڕۆشنبیری ناتوندوتیژی لەم سەردەمەدا بۆ مرۆڤایەتی لە ڕادەبەدەر گرنگە، چونکە لە لایەک ئامرازەو لە لایەکیش ئامانج. ئامرازێکە لە ڕووی هوشیاریەوە مەودایەکی مەعریفی فراوانو ڕۆڵێکی کاریگەری لە گۆڕینی ژیانی کۆمەڵگادا هەیە، هەروەها ئامانجیشە چونکە مافو بەها مرۆڤایەتیەکان لە گرەوی بەدیهاتنی ژیانی ئارامو بێ توندوتیژیدان. واتا ناتوندوتیژی پێویستیەکی گرنگو چارەنووسسازە بەرەو گەشەی ئاشتیانەو ژیانی دیموکراتی، بەرەو کۆتایی هێنان بە دیاردەی توندوتیژی.

(ئەم جیهانە دڵنیاییو ئارامی بە خۆیەوە نابینێ تا ئەو کاتەی مرۆڤ باوەڕ بە ئاینی ناتوندوتیژی نەهێنێو دەست بەرداری باوەڕی پووچی مۆنۆپۆلکردنی هەقیقەت نەبێتو واز لە ڕۆڵی ڕزگارکەر لە تاریکیو گومڕایی نەهێنێت)[١٢]. ئێستا لە زۆربەی وڵاتانی دنیادا دەیان ڕێکخراو و دامودەزگای کۆمەڵگای مەدەنی لە دژی توندوتیژی لە مەیدانی کارو خەباتدانو ڕۆڵی خۆیان لە هوشیارکردنەوەو ئاراستەکردنی کۆمەڵگادا دەگێڕن. دەیان زانکۆو ئاکادیمیای خوێندنی ناتوندوتیژی لە وڵاتانی دنیادا بوونیان هەیەو هەزاران خوێندکاری دەرچووی ئەو زانکۆیانە کادرو ڕێبەرانی هوشیارو بیرمەندانی ناتوندوتیژین.

تاقیکردنەوەو سەرکەوتنەکانی مرۆڤایەتی لە دوو سێ دەیەی ڕابوردوودا نموونەی دەسکەوتەکانی ڕێبازی شارستانی ناتوندوتیژین کە بە هۆی

پارتو دامەزراوەو ڕێکخراوە کۆمەڵایەتیەکانەوە بەرەو دیموکراتیبوونی کۆمەڵگا هەنگاو دەنێن. وڵاتەکانی ئەفریقای باشوور، شیلی، ئۆکرانیا، جۆرجیاو سربیا لەو نموونانەن کە بە گوشارو هاتنە مەیدانی جەماوەری بە خەباتی ناتوندوتیژ سەرکەوتنی سیاسیان بە دەستهێناوەو ڕێگەیان بەرەو ژیانی دیموکراتی خۆشکردووە.



## پەراوێزی دەروازە

١– ڕامین جهانبەگلو، شەپۆلی چوارەم، ل١٤٧.

٢ – گۆڤاری ئاوێنە، ژمارە ٢٤٢، گۆشەی ئەودیوی شتەکان، جەنگو هەقیقەت/ مەریوان وریا قانع.

٣ – چارلز داروین، أصل الأنواع، ص١٣٣.

٤ – مارکس- ئەنگلس، بیان الحزب الشیوعي، ص٥

٥ – الكتاب المقدس، العهد الجديد، تثنية ٢٢: ٢٢.

٦ – هەمان سەرچاوەی پێشوو، خروج ٢١ : ١٥.

٧ – هەمان سەرچاوەی پێشوو، لاوین ٢٠ : ٤٢.

٨ – ڕامین جهانبەگلو، شەپۆلی چوارەم، ل٢٨٤.

٩ – هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٢٨٣.

١٠ – هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٣١٢.

١١ – هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٢٩٩.

١٢ – واثق غازي، الدینو احتكار الحقيقة، ص٥٤.

# بەشی یەکەم

# کۆمەڵگای عەرەبستان‌و ئیسلام *



## کۆمەڵگای عەرەبستان لە پێش ئیسلامدا

نیمچەدوورگەی عەرەبستان لە ڕووی جوگرافیەوە وڵاتێکی فراوانە، بەشی زۆری خاکەکەی بیابانە، بە گشتی کەم سەرچاوەی ئاوو کەم بارانە. ئاووهەوای بە تایبەت لە هاویندا یەکجار گەرم‌و وشکە. ئەم بارە سروشتیە کاریگەری لەسەر هەموو ئاستەکانی ژیانی ئابوری، سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئاینی‌و فەرهەنگی خەڵکەکەی هەبووە.

**لە ڕووی ئابوریەوە/** لە سەردەمانی پێش ئیسلامەوە زۆرینەی خەڵکی نیمچەدوورگە کۆچەری بوون، بە کاری ئاژەڵداریەوە خەریک بوون‌و بە شوێن لەوەڕگادا هەمیشە لە ڕەودا بوون. کۆچەریەکان بەزۆری خەڵکی هەژارو کەمدەرامەت بوون، ژیانیان سەختو دژواروماڵیان بە کۆڵی وشترەکانیانەوە بووە. بەشێکی دیکەی خەڵکەکەی لەو ناوچانەدا کە سەرچاوەی ئاویان هەبووە، لە گوندو شارەکاندا نیشتەجێ بوون‌و بە کاری کشتوکاڵ‌و هەندێک باخ‌و ئاژەڵداریەوە خەریکبوون. ئەم بەشە لە خەڵکی عەرەبستان ژیانیان باشترو دامەزراو تر بوون. بەشێکی دیکەشیان لە هەمان کاتدا نیشتەجێ‌و کۆچەریش بوون، بە کاری کشتوکاڵ کردن‌و ئاژەڵداریەوە خەریک دەبوون تا کاتی کۆکردنەوەی بەرهەمەکان، دوای ئەوە کۆچەری بوون‌و بۆ بەخێوکردنی ئاژەڵەکانیان بە شوێن لەوەڕگاوە بوون. هەندێکیش بە پیشەسازی دەستیەوە خەریکبوون، وەک: دروستکردنی قاپ‌و قاچاغ‌و کەرەسەی گڵین، ڕستن‌و چنین، پێستە خۆشکردن، خەڵوز، دەرهێنانی مەی لە خورما، دروستکردنی ئامرازەکانی جەنگ (شمشێر، قەڵغان، خەنجەرو چەقۆ)، خشڵ‌و کەرەسەی ڕازاندنەوە لە زێڕو زیو، پەیکەرتاشی و...هتد. بەشێکیش لە خەڵکی نیشتەجێ

* بۆ نووسینی ئەم باسە گەڕاومەتەوە بۆ کتێبێکی پێشترم بە ناونیشانی (ئایا قورئان ڕەنگدانەوەی سەردەمی خۆیەتی) ل٤ — ٢١ .

بە کاری بازرگانیکردنی ناوخۆ یا دەرەوە خەریکبوون. شاری مەککە ناوەندێکی گرنگی بازرگانی بوو، کاروانە بازرگانیەکانی لە زستاناندا بەرەو حەبەشەو لە هاوینانیشدا بەرەو شام دەچوون. خێڵی قورەیش لە مەککە بە هۆی جێگاوڕێگایەک کە لە کۆنەوە لە ڕێگای خزمەتکردنی کەعبەو بتەکانەوە بەدەستیانهێنابوو، بۆیان ببووە سەرچاوەی داهاتێکی مادی باش، بە تایبەت لە وەرزی حەجکردندا. لە دوو سێ دەیەی پێش ئیسلامدا کۆمەڵگای عەرەبستان گەشەیەکی ئابوری بازرگانی ناوخۆو دەرەوەی بە خۆوە بینیبوو. گەشەی بەرهەمی کاڵایی ناوخۆو دەرەوەو دەرکەوتنی دراو پێکەوە گەشەیەکی ئابوریان لە نیمچەدوورگەدا، بە تایبەت لە ناوچەی حیجازدا ڕەخساندبوو. بەشێوەیەکی گشتی زۆرینەی خەڵکی عەرەبستان لەگەڵ سروشتدا لە ململانێیەکی سەختو بێکۆتاییدابوون.

لە ڕووی سیاسیەوە/ لە پێش ئیسلامدا جگە لە یەمەن کە دەکەوێتە بەشی باشوری نیمچەدوورگەی عەرەبستان، دەوڵەتێکی دیکە نەبووە. لە لای باکوری نیمچەدوورگەوە ئیمارەتی مەنازرە لە (حیرە)ی خوارووی عیراق، کە هاوپەیمانی ئیمپراتۆریەتی فارس بوو، هەروەها ئیمارەتی غەساسنە لە شام، کە هاوپەیمانی ئیمپراتۆریەتی ڕۆمی بیزەنتی بوو، هەبوون. ئامانجیش لەو هاوپەیمانیانە لەگەڵ ئەو دوو ئیمارەتەدا ئەوە بوو کە سنوورەکانی ئیمپراتۆریەتی فارسو ڕۆم لە پەلاماردانی خێڵە عەرەبەکانی بیابانی عەرەبستان، کە لە پێناوی دەسکەوتو تاڵانیدا بوون، بپارێزن. هەردوو ئیمارەتی مەنازرەو غەساسنە ماوەی نزیکەی سەد ساڵ، واتا لە ساڵی (٥٢٨ تا ٦٢٨)ز لەو شەڕانەدا کە ئیمپراتۆریەتی فارسو ڕۆم لە دژی یەکتر بەرپایاندەکرد بەشداریاندەکرد، بە ڕادەیەک کە هەردوو ئیمارەتەکەو ئیمپراتۆریەتەکانیشیان تەواو لاواز بووبوون.

لە ناوخۆی نیمچەدوورگەی عەرەبستان سیستەمی ژیان سیستەمی خێڵەکی پەرشوبڵاوو هەر خێڵەش بەسەر خۆیدا داخراو بوو، لە سەر بنەمای نەسەبو بنەماڵەو خزمایەتی هەر خێڵێک بە شێوەی یەکەیەکی



سەربەخۆ لە پەیوەندیەکی دوولایەنەی توندوتیژیو هاوپەیمانیدا لەگەڵ خێڵەکانی دیکەدا دەژیان. پابەندبوون بە خێڵو دەمارگیری خێڵەکی ئەو پەیوەندیە سیاسیە بوو کە یەکێتی خێڵو ئاسایشی خێڵی دەپاراست. دەمارگیری خێڵەکی لەسەر پرەنسیپی (براکەت سەر بخە گەر زاڵم بێت یان زوڵملێکراو) کاری دەکرد. واتا پشتگیریکردنی کوێرانە لە خێڵ بە ڕەواو بە ناڕەوا!. دەوڵەمەندو ئەرستۆکراتەکانی خێڵ ئەرکی بەڕێوەبردنی خێڵو بڕیاردان لەسەر هاوپەیمانیو شەڕو دابەشکردنی دەسکەوتەکانیان دەکرد. لە شاری مەککە ئەرستۆکراتەکانی خێڵی قورەیش بۆ ڕێکخستنی دەسەڵاتو پارێزگاری بەرژەوەندیەکانی خۆیان دامەزراوێکی سیاسیان لە سەردەمی (قوسەی کوڕی کلاب) ی باپیرەگەورەی محەمەدی ڕابەری ئیسلامەوە دامەزراندبوو، ئەوە یەکەمین هەنگاوی دامەزراوەی سیاسی بوو لە بواری هاوپەیمانی خێڵەکاندا. هەنگاوی دووەمی ئەرستۆکراتەکانی قورەیش لە بواری لە یەک نزیکخستنەوەی خێڵە عەرەبەکاندا، بۆ زامنکردنی بەرژەوەندیە سیاسیو بازرگانیەکانی خۆیان، پێکهێنانی «ئیلاف» بوو. ئیلاف بریتی بوو لە ڕێککەوتنو پێکهاتن لەگەڵ خێڵەکانی سەر ڕێگای کاروانە بازرگانیەکانی قورەیش کە لە زستاناندا بۆ حەبەشەو لە هاویناندا بەرەو شام بەڕێدەخران. ئەو دوو هەوڵەی خێڵی قورەیش بۆ یەکێتی خێڵە عەرەبەکان لە سنوورێکی دیاریکراودا بوو. یانی دەتوانین بڵێین کە هەوڵێکی سیاسی بۆ یەکێتی خێڵە عەرەبەکان لەسەر ئاستی هەموو نیمچەدوورگە، هەتا سەرهەڵدانی ئیسلام نەدرابوو. پێش هاتنی ئیسلام ئەم زەمینەیە لە ڕووی ئابوریو کۆمەڵایەتیەوە ڕەخسابوو.

**لە ڕووی کۆمەڵایەتیەوە /** کۆمەڵگای عەرەبستان لەمێژ بوو کۆمەڵگایەکی نەریتی بوو، واتا کۆمەڵە یاساو حوکمێکی ناوەندی کە ژیانی هەموو کۆمەڵگاکە پێکەوە ڕێکبخاتو ئاراستەی بکات لە ئارادا نەبوو. تەنانەت لە شارەکانی وەک مەککە، یەسرب ( مەدینە )، تائیف کە چەند خێڵێکیان تێدا دەژیان، یاساگەلێکی ئەوتۆیان تێدا نەبوو. پەیوەندی خزمایەتیو

هاوخوێنی ئەندامانی خێڵ، گەڕانەوە بۆ بابو باپیرانو ڕەچەڵەک بنەمای پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکانی خێڵە جیا جیاکانی کۆمەڵگای عەرەبستان بوو. هەر لە ڕوانگەی ئەو پەیوەندیەوە کە بریتی بوو لە دەمارگیری خێڵەکی دەیانڕوانیە ئاسایشی خێڵو ژیانو داهاتووی خۆیان تێدا دەبینیەوە. لە کولتوری خێڵدا کۆمەڵێک نەریتی گشتی هەبوون کە هەمیشە ئەندامانی خێڵەکان شانازیان پێوە دەکردن، وەک دڵسۆزی بۆ خێڵ، بە پیرۆز ڕاگرتنی بابو باپیرانو ڕەچەڵەک، بەوەفایی بەرانبەر بە بەڵێن، ڕێزی میوان، ئازایەتیو سوارچاکی و...هتد. گەلێک لە شاعیرانی پێش ئیسلام شیعریان لە بارەی نەریتو جوامێریەکانی خێڵەکانی خۆیانەوە وتووە. یا وتاربێژان لە وتارەکانیاندا ستایشی دابونەریتەکانی خێڵی خۆیان کردووە. جگە لەو نەریتانەی سەرەوە، نەریتی تۆڵەی خوێنو ناموسپەرستی ڕەگی قووڵیان هەبوو، خێڵەکان دوژمنایەتی یەکدیان لەسەر دەکردو نەوە لەدوای نەوە درێژەیان پێدەدا. (بە گوێرەی پەیوەندی دەمارگیری خێڵەکی ئەگەر مرۆڤێکیان تووشی زیان ببوایە یان بکوژرایە، هەر هەموو ئەندامانی خێڵ بە جارێک هەڵدەستان بۆ تۆڵە کردنەوەی کوژراوەکە. وا دەبوو تۆڵەکردنەوە لە نێوان دوو خێڵدا ساڵانێکی دوورودرێژی دەخایاندو گەورەترین زیانی گیانیو مادییان بە یەکدی دەگەیاند)[١].

لە کۆمەڵگای عەرەبستاندا پێش ئیسلام هەرچەندە کۆیلایەتی وەک سیستەم نەمابوو، بەڵام کۆیلەداری وەک دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی هەر مابوو، پاشماوەی ژیانو نەریتی کۆیلەداری هێشتا هەر باوی بوو. (سەرەڕای فەوتان ولەناوچوونی دەوڵەتە کۆیلەدارەکانی زۆربەی نیمچە دوورگەی عەرەبستان، کۆیلەداری لە سەدەی شەشەمو حەوتەمی زاینیدا لە چەند شارێکی وەک مەککەو مەدینە هەر باوی بوو)[٢]، لە لایەک هەژاریو نەداری لە لایەکی دیکەش دیلەکانی شەڕی نێوان خێڵەکان کە دەکران بە کۆیلە، سەرچاوەی مانەوەی کۆیلایەتی بوون. هۆیەکی دیکەی مانەوەی کۆیلەداری بازرگانیکردن بە کۆیلەوە بوو. کڕینو فرۆشتنی



کۆیلە لە لایەن دەوڵەمەندو ئەرستۆکراتەکانی مەککەوە سەرچاوەیەکی داهات بوو. (بازرگانیکردن بە کۆیلەوە، قەرزداری، دیلەکانی شەڕی نێوان خێڵەکان، سەرچاوەو هۆی مانەوەی کۆیلایەتی بوون. بەدیلگرتنی پیاوانو ژنان ئامانجێکی بنچینەیی هێرشو پەلامارەکان بوون. هەندێ جاریش خێڵەکان دیلەکانی شەڕیان دەفرۆشتنەوە)[٣]. کۆیلەکانیان لە بوارەکانی کشتوکاڵو شوانی ئاژەڵو چاودێریکردنی کاروانە بازرگانیەکانو کاروباری ناو ماڵدا بەکاردەهێنان. لە بازاڕەکانی مەککەدا جگە لە کۆیلەی عەرەب، کۆیلەی ڕەشپێستی حەبەشیو سودانی هەبوون. هەروەها دیلی ئێرانیو ڕۆمی کە لە شەڕەکانی نێوان ئیمپراتۆریەتی ڕۆمو فارسدا بە دیل دەگیران لە بازاڕەکاندا دەفرۆشران. (ئەو ڕەشپێستانەی کە ڕەشپێستییان لە دایکە کۆیلەکانیانەوە بۆ مابۆوە، باوکە عەرەبەکانیان بە منداڵو نەوەی خۆیان دایان نەئەنان، لەو ڕوانگەیەوە کە ئەوانە خوێنیان ڕەسەن نیە)[٤]. هەژاریو نەداری جگە لەوەی سەرچاوەی مانەوەی کۆیلەداری بوو، هۆیەکی گرنگی ژیانی پڕ کێشەو نائارامیش بوو. هەندێک لەو هەژارانەی کە لەبەر بێدەرەتانی لە خێڵەکانی خۆیان دابڕابوونو هیچ کارو داهاتێکیان نەبوو، ناچار لە دەستەو گروپدا کۆدەبوونەوەو هێرشیان دەبردە سەر موڵکو ماڵی دەوڵەمەندەکانو هەرچیەکیان دەستبکەوتایە دەیانهێناو لە ناو خۆیاندا دابەشیان دەکرد. ئەم دیاردەیە بە ڕادەیەک بوو دەوڵەمەندەکانی مەککەیان نیگەران کردبوو. (دەوڵەمەندەکانی مەککەو ڕابەرانیان نیگەران کردبوون، بۆیە بیریان لەوە کردەوە کە توندترین سزا بۆ دزان بڕیار بدەن، هەر بۆیە وەلید کوڕی موغەیرە بڕیاری بڕینی دەستی دزی دەرکرد)[٥].

کۆمەڵگای عەرەبستان کۆمەڵگایەکی باوکسالاری بوو، پیاو لە خێزاندا سالارو خاوەن دەسەڵاتو بڕیار بوو، پلەی کۆمەڵایەتی ژنان لە چاو پیاواندا لە ئاستێکی نزمو نایەکساندا بوو، ژن بە شێوەیەکی گشتی خاوەنی کەسایەتی سەربەخۆی نەبووە، بەڵکو وەک هەر

کەرەسەیەکی دیکە موڵکی پیاو بووە. منداڵیش بۆ باوک گەڕاوەتەوە. ژن نەک هەر مافی هاوسەرگیری لە دەستی خۆیدا نەبووە، بەڵکو تەنانەت هیچ پیاوێک لە خێڵدا نەیتوانیوە بەبێ پرسو قایل بوونی سەرۆکی خێڵ کچی خۆی بە شوو بدات! . پیاوان بە گوێرەی نەریتی خێڵ مافیان هەبووە لە ژنێک زیاتریان هەبێت. فرەژنی سنورێکی دیاریکراوی نەبوو، بەڵکو پەیوەندی هەبوو بە ڕادەی دەوڵەمەندی پیاوانەوە. گەلێک لە دەوڵەمەندو ئەرستۆکراتەکانی قوڕەیش زیاتر لە دە ژنیان هەبوو. هەر کاتێکیش ئارەزویان کردبێت تەڵاقیان داون. ژن موڵکی خۆی نەبووە، کۆیلەی پیاو بووە لە خێزاندا، وەک کەرەسە بە پارە کڕدراوە. مارەیی ژن کە لە شووکردندا لە لایەن کەسوکاری کچەکەوە وەردەگیرا نرخی کڕینەکەی بوو.

لە ناو کۆمەڵی عەرەبستاندا چەند شێوەیەکی هاوسەرگیری باو بوو، کە لە زۆربەیاندا لە کەسایەتی ژن دراوەو کراوە بە پاشکۆی پیاو، بۆ نموونە :ژنهێنان بە میرات، واتا ئەگەر پیاوێک بمردایە، لە دوای خۆی ژنەکەی بە میرات دەدرا بە برای پیاوەکە! . ژنهێنان بۆ ماوەی کورتو دیاریکراو، هاوسەرگیری نهێنی بۆ پیاوی ژندار، ژن گۆڕینەوە، ژن بە ژن و...هتد.

مافی جیابوونەوە ( تەڵاق ) تەنها لە دەستی پیاودا بووە، ژن ئەگەر مێردیشی بە دڵ نەبووبێت بۆی نەبووە بڕیاری جیابوونەوە بدات. هەندێک پیاو ئەو بڕە مارەییەش کە کاتی خۆی داویانە بە کەسوکاری ژنەکە لێیان سەندوونەتەوە. لێدانو ئەشکەنجەی ژنان دیاردەیەکی ڕۆژانەو ئاسایی بووە، ژن بە لاوازو بێدەسەڵاتو مایەی سووکی هێنان بە شانی پیاواندا، یان وەک شەرەفی پیاوان لە خێزانو لە خێڵدا چاویان لێکراوە. بۆیە زیاتر ئاواتیان خواستووە کوڕیان ببێت نەک کچ. بێگومان ئەو هەستە لە لایەک بەهۆی ئەوەی ڕۆڵی پیاوان لە ئابوری خێزانو لە شەڕو پەلامارو بەرگریو لە ڕاوو شکارو نواندنی هێزو دەسەڵاتدا گرنگتر بوون، ڕۆڵی ژنان تەنها لە کاروباری ناوماڵو پەروەردەی منداڵدا بوو. لە لایەکی



دیکەش لەو ڕوانگەیەوە بوو کە بەدیلگرتنی ژنان لە شەڕی خێڵەکاندا بە مانای دۆڕاندنی شەرەفی پیاوان بوو. بۆیە هەندێک جار ڕووی دەدا بە ساوایی کۆرپەی کچیان زیندەبەچاڵ کردووە، یان هەندێک جار لەبەر هەژاری ئەو کارەیان ئەنجامداوە. بەڵام لە ڕاستیدا زیندەبەچاڵکردن هەرگیز دیاردەیەکی بڵاوو گشتی نەبووە. لەگەڵ ئەوەشدا کە ژنان پلەیەکی کۆمەڵایەتی نزمتر لە پیاوانیان هەبووە، ژنانێکیش هەبوون ڕۆڵی دیاریان لە بوارەکانی بازرگانی، بەشداریکردنی شەڕو بەرگری، شیعرو ئەدەبیات و...هتد دا هەبووە. شایانی باسە لە دوو سێ دەیە لە پێش ئیسلامدا گەشەی بەرچاوی ئابوری کاریگەری دیاری لەسەر پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکانی نێوان گەلێک لە خێڵە عەرەبەکان هەبوو، تا دەهات سنووری تەسکو داخراوی پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان دەپساو زیاتر تێکەڵی یەکتر دەبوون. ناکۆکیو ململانێی توندوتیژی نێوان خێڵەکان تا دەهات کاڵتر دەبووە وەو جێی خۆی دەدا بە دەرکەوتنی جیاوازیەکانی نێوان دەوڵەمەندو هەژاران. لە جیاتی داخراویو پەرشوبڵاویو هێرشو پەلامارو تاڵانکردن، نزیکبوونەوەو بەرژەوەندی هاوبەشی خێڵەکان وردە وردە دەهاتە کایەوە. لەسەر بنەمای ئەو زەمینە مادیە، بزوتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی- سیاسی بە ئامانجی پاراستنی بەرژەوەندی هاوبەشی خێڵە عەرەبەکان لە سەرهەڵداندا بوو.

**لە ڕووی ئاینیەوە** / کۆمەڵگای عەرەبستان لە پێش ئیسلامدا کۆمەڵگایەکی فرەئاینی بوو. یەکێک لە لایەنە گەشەکانی ئەو کۆمەڵگایە ئەوە بوو ئاینە جیاوازەکان پێکەوە دوور لە توندوتیژی شەڕی ئاینی ژیانیان دەگوزەراند. لە واقیعدا ئەو پێکەوەژیانە بە تێگەیشتنی ئەم سەردەمە واتای لێبوردەیی ئاینیو یەکتر قەبوڵکردن بووە. پەیڕەوانی هەر ئاینێک بە بێ هیچ ڕێگریەک ڕێوڕەسمو سروتە ئاینیەکانی خۆیان پیادە کردووە. هەندێک لەو ئاینو بیروباوەڕە ئاینیانە لە هەناوی کۆمەڵگای عەرەبستانەوە سەریان هەڵداوەو هەندێکیش لە دەرەوەی نیمچەدوورگەوە

گوازرابوونەوە بۆ ناو نیمچەدوورگە، لەو ئاینانە:

**١- بتپەرستی:** لە ڕاستیدا زاراوەی (بتپەرست) لە داهێنانی ئیسلامە لە بەرانبەر ئەو بیروباوەڕو ئاینانەدا بەکاری هێناوە کە پەیکەریان پیرۆز ڕاگرتووە، ئەوانەش چەند جۆرێک بوون. هەندێک لە خێڵە عەرەبەکان هەر لە کۆنەوە وەک نەریتێک بابو باپیرانو پیاوچاکانی دێرینی خێڵەکانی خۆیان لا پیرۆز بووە. لە دوای مردنی ئەوانە بۆ یادکردنیان پەیکەریان لە سەر شێوەی مرۆڤ لە دار، بەرد، زێڕو زیو بۆ داتاشیون. ناوەکانیشیان کردوونەتە شوناسو سیمبولی یەکێتی خێڵو پاراستنی ناوەکانیان. چوونەتە سەردانی گۆڕو پەیکەرەکانیان، ژووریان لەسەر دروستکردوون، تا وردە وردە ئەم ژوورو پەیکەرانە شێوەی پەرستگایان وەرگرتووەو ناوی کەعبەیان لێناون، لەبەرئەوەی ژوورەکانیان لە شێوەی شەشپاڵوو (مكعب) دا دروستدەکردن. زۆربەی خێڵەکان پەیکەرو کەعبەی تایبەت بە خۆیان هەبووە، سەردانیکردنی ساڵانەی ئەو کەعبانەیان بە (حەج) ناودەبرد. شاری مەککە هەر لە کۆنەوە مەڵبەندی سەرەکی ژمارەیەکی زۆر کەعبەو پەیکەری جۆراوجۆری لێ بوو، وەک کەعبەی شەدادئەلئەسەد، کەعبەی غەتفان...هتد. لە واقیعدا خێڵەکان پەیکەری پێشینەکانی خۆیان نەپەرستوون، وەک ئیسلام دەڵێت!، بەڵکو ئەوان باوەڕیان بە خودا یان خوداکانی ئاسمان هەبوو، ئەو پەیکەرانەشیان بۆیە بە پیرۆز ڕادەگرتن چونکە لە پیاوچاکانی نزیکی خوداکان بوون، وەک ئاڵقەی پەیوەندی نێوان خۆیان وخوداکان سەیریان دەکردن، لێیان دەپاڕانەوە تا لای خوداکان شەفاعەتیان بۆ بکەنو خوداش چارەسەری گیروگرفتەکانیان بۆ بکاتو لە گوناهەکانیان خۆش بێت. ئیسلام ئەم شێوە باوەڕدارانەی بە (موشریکون) واتا ئەوانەی هاوبەشیان بۆ خودا داناوە، ناوبردووەو لە قورئاندا ڕەخنەی لێگرتووە. هەرچەندە ئەم نەریتە لای موسوڵمانانیش هەر درێژەی هەبووەو هەتا ئێستاش هەر بەردەوامە، ئەوەتا ساڵانە ملیۆنەها موسوڵمان بۆ هەمان مەبەست دەچنە سەردانی



گۆڕی ئیمام حسەین!. هەندێک خێڵی دیکەی عەرەبستان جگە لە پەیکەری مرۆڤ پەیکەری ئاژەڵو باڵندەیان بە پیرۆز داناوە، بۆ نموونە: خێڵی مەراد پەیکەری شێریان هەبووە بە ناوی یەغوس. خێڵی هەمدان پەیکەری ئەسپیان هەبوو بە ناوی یەعوق. خێڵی ئال زی کەلاع پەیکەری هەڵۆ یان هەبوو بە ناوی نەسر...هتد. هەندێک خێڵی دیکەش پەیکەری داتاشراویان نەبوو، بەڵکو هەر بەردی شەشپاڵو، یا چوارگۆشەیان لە کەعبەکاندا دادەناو بە پیرۆزیان دەزانین، بۆ نموونە:

(لات) بەردێکی سپی چوارگۆشە بوو، خێڵی سەقیف بە پیرۆزیان دەزانیو دەچوونە زیارەتی، پەرستگاکەی لە تائیف بوو. (منات) بەردێک بوو لە نزیک کەناری دەریای سوور لە نێوان مەککەو مەدینەدا. (عەزا) درەختێک بوو بەردێکی لە ژێردا بوو لە نەخلە، خانوویان لە سەر دروستکردبوو، خێڵی قورەیش دەچوونە سەردانیو بە پیرۆزیان دەزانیو لێی دەپاڕانەوە.

(ئیساف) لە گردی سەفا بوو، نائیلە لە گردی مەروە بوو. بەردە ڕەشەکە یەکێک بوو لەو بەردانەی کە لە پێش ئیسلامدا لای خێڵی قورەیش پیرۆز بوو...هتد. نەریتی زۆربەی خێڵە عەرەبەکان لە زیارەتی کەعبەکانو پەیکەرو بەردەکاندا ئەوە بوو دیارییان بۆ دەبردنو قوربانییان لە بەردەمدا سەردەبڕین.

بە هاتنی ئیسلامو بوونی بە دەسەڵات، بە بێ ڕەزامەندی خێڵە عەرەبەکان بە زەبری هێرشو پەلامار هەموو کەعبەکانو پەیکەرو بەردەکانیان تێکشکاندن، بۆ نموونە، (زولخەلسە) بەردی پیرۆزی هەردوو خێڵی خەسعەمو باهلە بوو، محەمەدی ڕابەری ئیسلام جەریر کوڕی عەبدوڵڵا ی بە هێزێکەوە نارد بۆ شکاندنی بەردەکەیان، ئەو دوو خێڵە بەرگریان کرد، شەڕ لە نێوانیاندا بەرپا بوو، لە ئەنجامدا موسوڵمانەکان سەرکەوتنو بەردەکەیان شکاند. بەڵام کەعبەی گەورەو بەردەڕەشو دوو بەردەکەی سەفاو مەروەیان هێشتەوەو هەتا ئەمڕۆش ساڵانە چەند ملیۆنێک

موسوڵمان لە سەر هەمان نەریتی خێڵە عەرەبەکانی پێش ئیسلام دەچنە زیارەتیانو چەند ملیۆن سەر ئاژەڵیان لە بەردەمدا سەردەبڕن، بە هیوای ئەوەی لە گوناهەکانیان پاک ببنەوەو خودا بیانبەخشێت!.

**٢- ڕەوتی حونەفا:** ئەم ڕەوتە ئاینیە خۆیان بە درێژەی بیروباوەڕی ئیبراهیمی خەلیل دەزانی، واتا باوەڕیان بە یەک خودای ئاسمان (یەکتاپەرستی) هەبوو. ئیبراهیم لە سەدەی نۆزدەی پێش زایندا ژیاوە. کەعبەی گەورەی شاری مەککە لە سەر دەستی ئیبراهیمو ئیسماعیلی کوڕیدا دروستکراوە. لەسەر ئەو بنەمایە ڕەوتی حونەفا ڕەخنەیان لە بتپەرستی گرتووەو لە گەڵ یەکخوداناسیدا بوون. ڕەوتی حونەفا زیاتر لە شاری مەککەو تائیف خەڵکیان هەبووە. خەڵکانی سەر بەم ڕەوتە زیاتر ئەوانە بوون کە شارەزاییان لە ئاینەکاندا هەبووەو سەرقاڵی ئاڵوگۆڕی بیروڕای ئاینیو تاووتوێی ئاینەکانی ئەو سەردەمە بوون. محەمەدی پێغەمبەری ئیسلام پێش ئەوەی پێغەمبەرێتی خۆی ڕاگەیەنێت سەر بەم ڕەوتە ئاینیە بووەو لە گەڵ هەرە شارەزاکانیاندا ئاڵوگۆڕی بیروبۆچونە ئاینیەکانی کردووە. ( لە سەردانەکانیدا بۆ لای حونەفاییەکان زیاتر لە گەڵ یەکێکیاندا ناسیاویو دۆستایەتی هەبوو کە ناوی ورقە کوڕی نوفل — ئامۆزای خەدیجە — بوو. ورقە شارەزاییەکی زۆری لەمەڕ کتێبەکانی یەهودیو مەسیحیەت هەبووە، بە جۆرێک کە چەند بەشێک لە ئینجیلی وەرگێڕابووە سەر زمانی عەرەبی. محەمەد لە ڕێگای ورقە وە زانیاریەکی فراوانی لەسەر ئاینەکانی دیکە پەیداکرد )[6]. هەروەها موسەیلەمە کە لەسەردەمی محەمەد دا پێغەمبەریی خۆی ڕاگەیاند، سەر بە ڕەوتی حونەفا بوو. بیروباوەڕی ڕەوتی حونەفا لەسەر دەستی محەمەد دا بوو بە هەوێنی بانگەوازی ئاینی ئیسلام. **٣- ئاینی جوولەکە:** ئاینی جوولەکە لە سەرەتادا لە میسر سەریهەڵداو دواتر لە فەلەستین گەشەی زیاتری سەندو بڵاو بۆوە. موسا پێغەمبەریانو تەورات کتێبی پیرۆزیانە، باوەڕیان بە یەکخوداناسی هەیە. ئاینی جوولەکە لە پێش زاینەوە گەیشتۆتە



نیمچەدوورگە. خێڵی بەنوقەینوقاع سەرەتای هاتنەکەیان بووە، هەرچەندە ئەو مێژووە بە تەواوی ڕوون نەکراوەتەوە، بەڵام ئاشکرایە کە ئەم ئاینە بە چەند ڕێگایەک بۆ نیمچەدوورگە گوازراوەتەوە، کە بریتین لە: أ-هەڵاتنی کۆمەڵێک جوولەکە لە ساڵەکانی نێوان (٧٠ — ١٣٥)ز بەهۆی زوڵمو ستەمی «تیتۆس» حاکمی ئیمپراتۆری ڕۆم. هەروەها ژمارەیەکی دیکە لە سەردەمی ئیمپراتۆر «هادریان»، لەوانە خێڵەکانی بەنی نەزیرو بەنی قورەیزە، کە لە شاری یەسرب نیشتەجێ بوون. ب- بەهۆی خێڵە کۆچەریەکانی جوولەکەوە لە شامەوە بۆ نیمچەدوورگە. (گواستنەوەی بیروباوەڕی جوولەکە بۆ نیمچەدوورگە بەهۆی بەنی ئیسرائیلەوە بووە، کە چەند سەدەیەک پێش زاین بە دوای لەوەڕگادا کۆچیان کردووەو لە ناوچەی نێوان یەسرب «مەدینە»و مەککەدا گیرساونەتەوەو نیشتەجێ بوون. جوولەکەکان توانیان بیروباوەڕەکانی تەورات لەناو خێڵە عەرەبەکاندا بڵاوبکەنەوە)[7]. ج- هەروەها بەهۆی بازرگانیەوە. جوولەکەکان پێش ئیسلام لە ناوچەکانی خەیبەر، تیما، یەسرب، مەککە، فدک، یەمەن...هتد ژیاون. چەند خێڵێکی عەرەبیش چوونەتە سەر ئاینی جوولەکە، لەوانە: بەنی کەتانە، بەنی حارس، بەنی نومەیر، هەندێک لە خێڵی غەسسانو هەندێکیش لە خێڵی جەزام. **٤- ئاینی مەسیحی:** ئاینی مەسیحیش لە بنەڕەتەوە لە فەلەستیندا سەریهەڵداوە، لە سەر دەستی عیسا دا لە ڕەخنەگری لە ئاینی جوولەکەوە هاتە ئاراوە. بڕوایان بە خودا هەیەو عیسا بە کوڕی ڕۆحیی خوداو پێغەمبەری خۆیان دەزانن. ئینجیل کتێبی پیرۆزیانە. ئاینی مەسیحی لە پێش ئیسلامدا بە چەند ڕێگایەک گوازراوەتەوە بۆ نیمچەدوورگە، وەک: ا- کەسانێکی سەر بەم ئاینە لە شامەوە بە ئامانجی بڵاوکردنەوەی بیروباوەڕەکانی ئاینی مەسیح ڕوویان کردۆتە نیمچەدوورگە. (پەیدابوونی ئاینی دیان لە سەر دەستی کەسانێکدا بووە کە بە تایبەت کاریان بۆ بڵاوکردنەوەو فێرکردنی بیروباوەڕەکانی دیان کردووە لەناو خێڵە عەرەبەکاندا)[8]. ب- بە ڕێگای

بازرگانیکردن : بەهۆی هاتوچۆی کاروانەکانی بازرگانیکردنەوە لە نێوان حەبەشەی مەسیحیو نیمچەدوورگەدا لە ماوەی نزیکەی سێ سەدە لە پێش ئیسلامەوە، ببووە هۆی بڵاوبوونەوەی ئاینی مەسیحی لە ناو بەشێکی بەرچاوی خێڵە عەرەبەکاندا. شاری نەجران لە یەمەن یەکێک بووە لە مەڵبەندە گرنگەکانی ئاینی مەسیحیو گەورەترین کەنیسەی نیمچەدوورگە لەوێ بوو. پێش هاتنی ئیسلام خێڵەکانی بەکر، تغلب، بەنی وائل، ئیبن ڕەبیعە، بەنی حەنیفە، کندە لە نەجد، هەروەها هەردوو خێڵی قەزاعەو سلەیح لە وادی ئەلقورا، خێڵی تەی لە تیما، هەروەها خەڵکی تەبوکو ئەیلەو دەومەتولجەندەل...هتد مەسیحی بوون. لە شاری مەککە چەندەها خێزانی مەسیحی حەبەشیو قیبتیو نەجرانیو خەڵکی شامی لێ دەژیان. هەندێک لە مێژوونووسانو توێژەرانی ئیسلام پێیان وایە ئەگەر ئاینی ئیسلام نەهاتایەو ڕێگری نەکردایە، عەرەبستان بە ئاراستەی بوون بە مەسیحی دەڕۆیشت. **٥- ئاینی زەردەشتی:** ئەم ئاینە نزیکەی حەوتسەد ساڵ پێش زاین لە ئێرانو کوردستان سەریهەڵداوە. باوەڕیان بە خودای خێر (ئاهورامەزدا)و خودای شەڕ (ئەهریمەن) هەیە، خودای خێریان پەرستووەو زەردەشت بە پێغەمبەری خۆیان دەزانن. ئاڤێستا کە زەردەشت خۆی نووسیویەتی کتێبی پیرۆزیانە. بەهۆی بازرگانە عەرەبەکانەوە پەڕیوەتەوە بۆ ڕۆژهەڵاتی نیمچەدوورگەی عەرەبستان. **٦- ئاینی سابیئە:** ئەم ئاینە یەکێکە لە ئاینە یەکتاپەرستە کۆنەکانی پاشماوەی بابلیەکان، واتا لە وڵاتی نێوان دووڕووبارەوە سەریهەڵداوەو گوازراوەتەوە بۆناوچەکانی نیمچەدوورگە. یەحیا ناوی پێغەمبەرەکەیانەو کنزا ربا) واتا گەوهەری مەزن کتێبی پیرۆزیانە. شاری حەڕان مەڵبەندی سەرەکییان بووە. ئاینی سابیئە بەهۆی ئەوەی ئاینێکی تەبشیری نەبووە، لە سنووری دیاریکراودا ماوەتەوەو لە ژێر فشاردا بڵاوەیان پێکراوە. هەتا ئێستاش هەر ماون. **٧ - بێباوەڕانی ئاینی:** لە کۆمەڵگای عەرەبستاندا خەڵکانێک هەبوون باوەڕیان بە هیچ خودایەک بۆ گەردوون نەبووە. یانی



هیچیان نەپەرستووەو لەگەڵ هیچ ئاینێکدا نەبوون. بەڵکو باوەڕیان وا بووە کە گەردوون نە سەرەتاو نە کۆتایی هەیە. ئەوانە بە دەهریەکان ناسراون، باوەڕیان بە ژیانی دوای مردنو بە ڕۆژی زیندوبوونەوە (قیامەت) نیە.

**لە ڕووی فەرهەنگیو ڕۆشنبیریەوە:** کۆمەڵگای عەرەبستان لە پێش ئیسلامدا ئەگەرچی بە بەراورد لەگەڵ کۆمەڵگای فارسو ڕۆمی دراوسێیدا دواکەوتووتر بوون، بەڵام بە گوێرەی سروشتی ژیانی سەختو پێویستی ئەو سەردەمەی خۆیان شارەزاییان لە بوارە جیاجیاکانی ژیاندا هەبووە. بۆ نموونە، لە بواری ئەستێرەناسیدا بەهۆی هاتوچۆی بەردەوامیانەوە لە بیاباندا هەر لە کۆنەوە شارەزاییان هەبووەو سوودیان لەو شارەزاییە وەرگرتووە لە کاروانکردندا. شارەزاییان لە بواری ڕەچەڵەکو نەسەبدا هەبووەو گرنگی زۆریان پێداوە، ئەوەش ببووە هۆی شارەزاییان بە مێژووی خێڵەکانی خۆیان. خوێندنەوەو نووسین لە ڕادەیەکی کەمدا هەبوو، بە تایبەت لەو ناوچانەدا کە لەسەر ڕێگای کاروانە بازرگانیەکان بوو خوێندەوارییان پێویست بوو بۆ ڕاگرتنی ئەژماری کڕینو فرۆشتنو قەرزو مامەڵەو کەلوپەلو پەیوەندیەکانیان. بۆ نموونە شاری مەککە وەک ناوەندێکی بازرگانی چەند هاوپەیمانیەکی نووسراویان لە گەڵ خێڵەکانی سەر ڕێگای کاروانەکانیان مۆر کردبوو، لەوانە پەیمانی فزول، پەیمانی سوێندخۆران. هەروەها بەڵگەیەکی دیکەی بوونی خوێندەواری، حەوت هەڵواسراوەکە (المعلقات السبعة) بوو، کە چەند قەسیدەیەکی درێژ بوون لە سەر دیواری کەعبە نووسرابوونەوە. سەرچاوە ئیسلامیەکان وا باسدەکەن کە کاتی بانگەوازی ئیسلام حەڤدە پیاوی خوێندەوارو حەوت ژنی خوێندەوار لە ناو شاری مەککەدا هەبوون. شایانی باسە کە خوێندەواری لە ناو جوولەکەکانو مەسیحیەکاندا زیاتر بوون. لە ڕووی ئەدەبیەوە بواری شیعرو پەخشانو وتاربێژی لە ڕادەیەکی بەرزی پێشکەوتندا بوون. شیعری شاعیرانی پێش ئیسلام لە ڕووی شێوەو

ناوەرۆکەوە هەتا ئێستاش نموونەی گەشەیەکی باشی ئەدەبین. بۆ نموونە شیعرەکانی عەنتەرە، زوهەیر، لەبید، ئەمروئولقەیس...هتد. هەروەها شاعیرانی ژنی ناوداریان هەبووە، وەک، خەنساء، خیرنەق، کەبشە، بنت مورڕە، قەیسە کچی جابر و...هتد. وتاربێژیی لایەنێکی دیکەی گرنگی ئەدەبیاتی ئەو سەردەمەی عەرەبستان بوو. وتاربێژەکان پەخشانی جوانو بەهێزیان بە سەر خێڵو پاڵەوانەکانی خێڵو ئازایەتیو سەروەریەکانی خۆیاندا هۆنیوەتەوەو بە شارەزاییو لێهاتووییەوە لە کۆبوونەوەو بۆنەکاندا وتاریان داوە. وتاربێژیی چالاکیەکی گرنگی هزرو ڕۆشنبیریو ئەدەبی عەرەبی ئەو سەردەمە بووە. هەروەها گۆرانیبێژانێک هەبوون شیعری شاعیرانیان بە گۆرانی وتۆتەوە.. پیاوانو ژنان پێکەوە گۆرانییان وتووە. چەند جۆرێک گۆرانییان هەبووە، وەک گۆرانی ئاینی، گۆرانی هاوسەرگیری،گۆرانی منداڵبوون، گۆرانی خەتەنە، گۆرانی بۆ ئازایەتیو بوێری لەگەڵ تەپڵ لێدان لە کاتی شەڕدا بۆ بەرزکردنەوەی ورەی شەڕکەران. چەند جۆرێکیش ئامێری موزیکیان هەبووە، وەک شمشاڵ، تەپڵ. هەموو خێڵێک گێڕەرەوە (ڕاوی)ی خۆیان هەبووە کە مێژووی ڕووداوەکانی شەڕو ئاشتی تایبەت بە خێڵەکەی خۆیان لەبەر بووە، لە بۆنەو بازاڕە وەرزیەکاندا بۆ خێڵەکەی خۆیان خوێندۆتەوەو کێبەرکێیان کردووە. گێڕەرەوەکان زانیاریەکانیان هەر دەماودەم بووە تا ئەو کاتەی نووسینیان لە ناودا پەیدا بووە. دوای ئەوە نووسیویانەتەوەو وەک سەرچاوەی مێژووی خۆیان کەڵکیان لێوەرگرتووە.

خێڵە عەرەبەکان بە هۆی کاروانە بازرگانیەکانەوە تێکەڵییان لەگەڵ ژیارو شارستانییەتی فارسو ڕۆمو یۆنانو میسریە کۆنەکاندا پەیداکردبوو. لەم ڕێگایەوە سوودیان لە هەندێک بواری هونەری وەک پەیکەرتاشی، نەخشو هەڵکۆڵینی سەر بەردی جۆراوجۆر، پیشەسازی قاپوقاچاغی فەخفوری وەرگرتبوو، کە چەندین پارچە لەوانە تا ئێستا لە مۆزەخانەکاندا پارێزراون، لەوانە پەیکەرێک بە بەرزی (٧١ سم) بە ناوی



ئیلاهە، هەروەها پەیکەرێک بە ناوی ئەفرۆدیت لە شووشە. جگە لەوانە لە ناو عەرەبە نیشتەجێکاندا شارەزایانی دروستکردنی خانووو باڵاخانەو پەرستگا بە نەخشو نیگارەوە هەبوون، بە تایبەت لە یەمەن گەلێک خانووی جوان بۆ ئەو سەردەمە هەبوون.

# ئایا کۆمەڵگای عەرەبستان
# لە پێش ئیسلامدا جاهیلی بوون؟!

(وشەی جاهیلی نازناوێکی ئیسلامیە، بە سەردەمەکانی پێش ئیسلام وتراوە. ئیسلام سەردەمی جاهیلی کردووە بە دوو بەشەوە: سەردەمی جاهیلی یەکەم، بەو سەردەمە دەڵێن کە ئیبراهیم تیایدا لە دایک بووە. سەردەمی جاهیلی دووەم، بەو سەردەمە دەڵێن کە نزیکی ئیسلام بووە، واتا محەمەد تیایدا لە دایک بووە)[٩]. وشەی جاهیلی چوار جار لە قورئاندا، لە سورەتەکانی ئالعمران/ ١٥٤، مائیدە/٥٠، ئەحزاب/٣٣، ئەلفەتح/٢٦ دا بە مانای نەزانی هاتووە. بۆ نموونە:

- (و قرن في بيوتكنو لا تبرجن تبرج الجاهلية الاولىو أقمن الصلاةو اتين الزكاةو اطعن اللهو رسوله) الاحزاب/٣٣. واتا (لە ماڵ خۆتان دەرمەکەونو وەک دەورانی نەزانی پێشوو خەملّی خۆتان نیشان مەدەن، نوێژ بکەنو زەکات بدەن، لە فەرمانی خوداو پێغەمبەر دەرمەچن). — (افحكم الجاهلية يبغونو من احسن من الله حكما لقوم يوقنون) المائدة/٥٠. واتا (ئاخۆ ئەوان گەرەکیانە دابی زەمانی نەزانی بەر لە ئیسلام بژیەننەوە! دەیسا لە لای ئەو کەسانەی وا لە بڕوای خۆیانا هیچ شکو گومانێکیان نیە، کامە فەرمان لە فەرمانی خوا چاترە). بە گوێرەی واتای ئەو ئایەتانە، قورئان کۆمەڵگای عەرەبستانی پێش ئیسلام بە کۆمەڵگای نەزانیو سەرانسەر ڕەشو تاریک ناو دەبات!، کە هەموو دەرفەتو دەرەتانی ژیانی مرۆڤانەو ڕەوشتو بەهاکانی لە دەست داوە!. قورئان پێی وایە ئیسلام ئەو هێزە موعجیزەو فریادڕەسە خوداییە بووە کە بۆتە چرای ڕوناکیو ئەو کۆمەڵگا پەککەوتەیەی بۆ هەمیشە لە نەزانیو تاریکی ڕزگار کردووە، لە جێگایدا کۆمەڵگایەکی یەکسانو دادپەروەرانەو ئارامی دامەزراندووە!. ئەگەر قورئان لەو ڕوانگەیەوە کۆمەڵگای عەرەبستانی پێش ئیسلامی بە



جاهیلی زانیوە کە کتێبی ئاسمانییان نەبووە، لە جیاتی یەک خوداو یەک ئاین چەند ئاینێکیان لە ناودا بووەو بەشی زۆریان بتو بەردیان بە پیرۆز زانیوە، دەبینین بە هاتنی ئیسلامیش موسوڵمانان فەرزە لە سەریان لەحەجکردندا بە دەوری بەردەڕەشەکەی کەعبەداو هەروەها بە دەوری دوو بتی سەردەمی جاهیلیدا (ئیسافو نائیلە) لە سەر گردی (سەفاو مەروە) بسووڕێنەوەو بە پیرۆزی ڕادەگرن!. لە گەڵ هەبوونی کتێبیشدا کۆمەڵگای موسوڵمان بە شێوەیەکی گشتی هەتا ئەمڕۆش لە تاریکیدایەو لە ڕیزی پێشەوەی کۆمەڵگا دواکەوتووەکانی جیهانن. لە ڕاستیدا نە ئەو بۆچوونە دروستە کە کۆمەڵگای عەرەبستانی پێش ئیسلام کۆمەڵگای نەزانیو تاریکی بووە! هەروەها نە ئەو بۆچوونەش دروستە کە بە هاتنی ئیسلامو کتێب چرای ڕوناکی بۆ کۆمەڵگای مرۆڤایەتی داگیرساوە. بەڵکو لە سەر بنەمای شیکردنەوەی ئابوری، سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئاینیو فەرهەنگی کۆمەڵگای عەرەبستان، وەک باسمان کرد، ئەو ڕاستیە دەخوێنینەوە کە ئەو کۆمەڵگایە لە پێش ئیسلامدا بە گوێرەی هەلومەرجو سەردەمەکەی خۆی کۆمەڵگایەکی زیندوو ڕوو لە پێشو خوازیاری ژیانی باشتر بووەو نەوەستاوە. وەک هەر کۆمەڵگایەکی دیکەی ئەم سەرزەمینە لە هەر قۆناغێکی ژیاندا لایەنی گەشو پرشنگدارو هەروەها لایەنی لاوازو جێگای ڕەخنەو سەرنجیشی تێدا بووە. بە هۆی ململانێو گەشەی ڕوو لە پێشی خۆیەوە لە هەموو ئەو بوارانەدا زەمینەیەکی لە بار بۆ شۆڕشی ئیسلام لەو قۆناغەدا ڕەخسا. لەم بارەوە نووسەری بەناوبانگی عەرەب سەید مەحمود ئەلقمنی دەڵێت: (هەندێک لە بیرمەندانی ئاینی- خوایان لێ ڕازی بێت- بە شێوەیەکی یەکجار ناشایستە عەرەبی پێش ئیسلامیان وێناکردووە. کار بەوە گەیشتووە ژمارەیەک لە هونەرمەندانی سەردەمیش لە بواری چیرۆکو سیناریۆو کارە سینەماییەکاندا، لە سەر هەمان ڕێبازی ئەو بیرمەندانە، عەرەبی پێش ئیسلامیان لە هەموو تێگەیشتنو ڕۆشنبیریو تەنانەت بەهایەکی مرۆڤایەتی داماڵیوە. بە ڕادەیەک لە بیرو هۆشی

لاوانی ئەم سەردەمەو هەندێک لە ڕۆشنبیرانو نووسەراندا عەرەبەکان لە ئاژەڵان نزیکترن تا لە مرۆڤ!. بێگومان مەبەستی ئەوانە لە نیشاندانی بەو شێوەیە دەرخستنی نەزانیو ڕەشکردنی ژیانو بوونیانە، ئەمەش لە پێناوی زیاتر دەرخستنی ڕوناکی بانگەوازی ئیسلام. ئەوان پێیان وا بووە چەند ڕۆژگاری پێش ئیسلام بە تاریک باس بکەن، ئەوەندە ڕوخساری ئیسلام ڕوناکترو لایەنگری ڕۆشنبیریو زانستو ڕەوشتو پێشکەوتن دەردەکەوێت )[10]. لە سەر ئەم بنەمایە نازناوی جاهیلی بۆ کۆمەڵگای عەرەبستانی پێس ئیسلام لە لایەن ئیسلامەوە، لە جێی خۆیدا نیە.



## بزوتنەوەو دەسەڵاتی ئیسلام

### (گەڕانەوەیەک بۆ مێژووی خەباتی محەمەد)

لە سەر بنەمای ئەو زەمینە مادیە ئاڵوگۆڕخوازەی کۆمەڵگای نیمچەدوورگەی عەرەبستان کە باسمان کرد، لەپێش سەرهەڵدانی بزوتنەوەی ئیسلامدا بزوتنەوەیەکی ڕەخنەگرانە لە دژی هەلومەرجی پەرشوبڵاوی خێڵە عەرەبەکان، دیاردەی بتپەرستی، زوڵمو زۆری دەسەڵاتدارانو دەوڵەمەندانی خێڵی قورەیش لە مەککە، لە سەرەتای سەرهەڵداندا بوو. دەسپیکی ئەو جموجوڵە لە شیعری شاعیرانو وتاری وتاربێژانو بیروبۆچوونە ڕەخنەییەکانی ڕەوتی حونەفادا خۆی دەنواند. محەمەدیش یەکێک بوو لە ڕۆشنبیرانی ئەو سەردەمە لە ناو ڕەوتی حونەفادا. دواتریش بزوتنەوەی ئیسلام بە ڕابەری محەمەد هەر درێژەو تەواوکەرو وەڵامی کاریگەرو شێلگیرانە تری هەمان ڕەوتی ڕەخنەگرانە بوو بەو هەلومەرجە دیاریکراوە. محەمەد بزوتنەوەی ئیسلامی بە ڕاگەیاندنی پێغەمبەری لە ساڵی «٦١١ ز»دا وەک بزوتنەوەیەکی ئاینی بۆ یەکخوداناسی لە ژێر دروشمی (لا اله الا الله) دا دەستپێکرد. لە لایەک بە ئامانجی کۆکردنەوەو یەکخستنی خێڵە عەرەبەکانو ڕزگاربوون لە هەلومەرجی پەرشوبڵاویو ناکۆکی، لە لایەکی دیکەش بە ئامانجی ئەنجامدانی کۆمەڵێک چاکسازی سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئاینی، ئابوری و...هتد. (محەمەد بۆ ئەو قۆناغو هەلومەرجە ئەو ڕابەرە هوشیارو بە تواناو لێوەشاوەیە بوو کە زۆر بە چاکی لە کۆمەڵگاکەی خۆی تێگەیشتبوو. هەلومەرجەکەی دروست هەڵسەنگاندو بەرنامەی بۆ چۆنێتی کارکردنو گەیشتن بە ئامانجی بزوتنەوەکە پێبەپێی ڕەوتی بەرەوپێشەوەچوون لە دەقەکانی قورئاندا دادەڕشت)[11]. خێڵی قورەیشی دەسەڵاتدار لە مەککە هەر لە سەرەتاوە بیروباوەڕەکانی محەمەدیان بە دژی بەرژەوەندیو دەسەڵاتەکەی خۆیان زانی. (سەرانی قورەیش لە ناوەڕۆکی بانگەوازەکەی محەمەد دا تارمایی

ڕاپەڕینێکی کۆمەڵایەتی‌و فکرییان بەدی دەکرد، لایان وابوو کە ئەگەر سەربکەوێت، لە لایەک جێگاوشوینی ئاینی بتپەرستان لە کەعبەدا، کە سەرچاوەی دەسکەوتی بازرگانی ناوخۆو دەرەوەیان بوو، لە ناو دەبات. لە لایەکی دیکەشەوە ئەو فەرمانڕەواییەی قوڕەیش، کە لە ناوەرۆکدا فەرمانڕەواییەکی ئابوری- سیاسی بوو،دەستی بە سەردا دەگیرێت)[١٢]. بۆیە نەک هەر ڕێگایان بە بڵاوکردنەوەی ئاینەکەی نەدا، بەڵکو دژایەتی زۆریان کرد بۆ ئەوەی دەست لە بیروباوەڕەکەی هەڵگرێت. محەمەد کۆڵی نەداو لە ژێر فشاری قوڕەیشدا درێژەی بە خەباتی خۆی دا. بەردەوامبوو لە بڵاوکردنەوەی ئایەتەکانی قورئاندا بە شێوەی ئامۆژگاریکردن، هەندێک لە ئایەتەکانی بە نەرمی‌و بەڵێن‌و مژدەو پاداشت، هەندێکیش بە هەڕەشەو ترساندن بە ئازارو ئەشکەنجەو سزاو تۆڵەسەندنەوە لە ژیانی ئەودنیادا، لە هەوڵی قایلکردنی دەوروبەرەکەیدا بوو. بە هۆی دەسەڵاتو ستەمی قوڕەیشەکانەوە لە ماوەی سیانزە ساڵی خەبات لە مەککە بزوتنەوەی ئیسلام ئەوەندە نەچووە پێشەوە.

(خوداپەرستی‌و ئەو ڕیفۆرمانەی کە محەمەد لە ئایەتەکاندا باسی دەکردن، ڕەواجێکی ئەوتۆی کۆمەڵایەتیان پەیدا نەکردو هێزێکی کۆمەڵایەتی خاوەن توانای گۆڕانیان بۆ پێکەوە نەنرا. بە ماوەی سیانزە سال خەبات ژمارەیان تەنها نزیکەی سەد کەس بوون. بە کورتی، لاوازی موسوڵمانان لە بەرانبەر هێزو دەسەڵاتی باڵای قوڕەیشدا محەمەدی گەیاندە سەر ئەو باوەڕە کە ئاسۆی خەباتیان لە مەککەدا ڕوون نیە، دیارە لە سەر ئەو باوەڕەش بووە کە لە لایەن هێزی نادیارەوە پشتیوانی‌و هێزیان بۆ دانابەزێت تا تەرازوی هێز بەلای موسوڵماناندا بشکێنیتەوە! بۆیە بیری لەوە کردەوە کە مەککە بەجێبهێڵن. ناچار بڕیاری کۆچ بەرەو شاری «یەسرب»ی دا بۆ ئەوەی پارێزگاری لە ژیانی خۆیان بکەن‌و لەوێوە درێژە بە خەبات بدەن)[١٣].



## بڕیاری کۆچ‌و گەشەی خێرای بزوتنەوەی ئیسلام

لە ساڵی «٦٢٤ ز»دا محەمەدو هاوەڵەکانی لە شاری مەککەوە بەرەو شاری « یەسرب» کۆچیان کرد. خەباتو ڕابەرایەتی محەمەد لە یەسرب ماوەی دە ساڵی خایاند، واتا تا کۆچی دوایی محەمەد لە ساڵی «٦٣٤ ز»دا. لە یەسرب زەمینەی مانەوەو درێژەدان بە خەبات بۆ محەمەدو موسوڵمانان لەبارو گونجاو بوو، لە هەلومەرجی بە ئازادی کارکردندا بزوتنەوەکە هەنگاوی بەرەوپێشەوەچوونی گەورەو چارەنووسسازی هەڵگرت. محەمەد هەر لە سەرەتاوە بە هوشیاری‌و توانای ڕابەریکردن سەرنجی خێڵە عەرەبەکانی ئەوس‌و خەزرەج‌و خێڵە جوولەکەکانی « بەنو قەینوقاع‌و بەنو نەزیر «ی بۆ خۆی‌و بزوتنەوەکە ڕاکێشا. بۆ بەڕێوەبردن‌و بەرگریکردن لە شار پەیمانێکی لەگەڵ مۆر کردن کە بە (پەیمانی مەدینە) ناسراوە، هەر لەو پەیمانەشدا ناوی شاری «یەسرب» یان گۆڕی بە «مەدینە»و محەمەدیش کرا بە سەرۆکی شار. لە مەدینە ژمارەی موسوڵمانان بە خێرایی گەشەی کردو بوون بە هێزێکی کۆمەڵایەتی بەرچاو. بۆ یەکخستنی هێزی موسوڵمانان، محەمەد لە کۆتایی نیوەی ساڵی یەکەمی کۆچدا لەشکری موسوڵمانانی بە نزیکەی سێسەد کەس دامەزراندو لە دژی دەسەڵاتی قوڕەیش خستیە گەڕ. یانی شێوەی خەباتی بزوتنەوەکەی گۆڕی بۆ ململانێی سیاسی‌و سەربازی توندوتیژ. لە لایەک بە مەبەستی بەرگریکردن لە بزوتنەوەکە، لە لایەکی دیکەش بە مەبەستی هێرش‌و پەلامار بۆ سەر دەسەڵاتی سیاسی‌و بەرژەوەندی ئابوری‌و ئاینی قوڕەیش، تا لە ڕێگای هێزەوە لاوازیان بکاتو ناچار بە ملدان‌و هاتنە سەر ئاینی ئیسلامیان بکات.

## خستنەگەڕی سوپای موسوڵمانان

هێرش‌و پەلاماری سوپای موسوڵمانان بە نەخشەو پلانی محەمەد سەرەتا بە چەند چالاکیەکی بچووک بە هۆی دەستەی سەربازی بچووکەوە بۆ سەر

کاروانە بازرگانیەکانی قورەیشو خێڵە هاوپەیمانەکانیان دەستپێکرد، (لە کۆتایی مانگی حەوتەمینی کۆچدا دەستە چەکدارەکانی موسوڵمانان بە ئامانجی پەکخستنی کاروانە بازرگانیەکانی قورەیش کەوتنە گەڕ. بۆ یەکەمجار دەستەی هەمزەی کوڕی عەبدولموتەللیب، دوای ئەو بە مانگێک دەستەی عوبەیدە کوڕی حارس، دوای ئەویش بە چەند ڕۆژێک دەستەی سەعد کوڕی ئەبی وەقاس. هەرچەندە ئەو دەستە چەکدارە سەرەتاییانە هیچیان نەیانتوانی دەست بگرن بەسەر کاروانەکانی قورەیشدا، بەڵام مەترسیەک بوون بۆ سەر بازرگانیکردنەکەیان. دوای ئەوە پێغەمبەر خۆیو دەستەیەک بە مەبەستی هەڵوەشاندنەوەی هاوپەیمانێتیەکانی خێڵی قورەیش چوونە سەر خێڵی بەنی مەدلەجو بە شێوەی نووسراو بەڵێنی لێوەرگرتن بۆ هەڵوەشاندنەوەی هاوپەیمانێتیەکەیان. لە کۆتایی ساڵی یەکەمی کۆچدا پێغەمبەر (دخ) لەگەڵ چەند هاوەڵێکی لە کۆچبەران بەرەو خێڵی بەنی زەمرە کوڕی بەکر دەرچوون، وە پەیمانی پێ مۆر کردن کە هاوپەیمانێتیان لەگەڵ قورەیش هەڵوەشێنن. دوای ئەوانە دەستەی عەبدوڵڵا کوڕی جەحش بۆ یەکەمجار توانیان لە کاتی مانگە حەرامەکاندا دەست لە کاروانێکی قورەیش بوەشێنن، دوو کەسیان لێ کوشتنو بە هەندێک دیلو دەسکەوتەوە بەرەو مەدینە گەڕانەوە)[١٤].

دوای ئەوە شەڕی بەدری گەورە یەکەم هێرشی فراوانی لەشکری موسوڵمانان بوو بە بەشداری سێسەد چەکدار بۆ سەر کۆبوونەوەیەکی قورەیشەکان لە دەرەوەی مەککە. لەو شەڕەدا لەشکری موسوڵمانان بە ڕابەری محەمەد سەرکەوتنێکی گەورەیان بەدەستهێنا. لە قورەیشەکان حەفتا کەس کوژرانو حەفتای دیکەش بریندار بوون، ژمارەیەکیش بە دیل گیرانو کۆمەڵێک دەسکەوت کەوتە دەستی جەنگاوەرانی ئیسلام. لە موسوڵمانانیش چواردە کەس کوژران. بەم هێرشە خوێناویە محەمەد بە فەرمیو بە کردەوە شەڕی سەختو خوێناوی لە دژی دەسەڵاتی قورەیش ڕاگەیاند. سەرکەوتنی لەشکری موسوڵمانان لە شەڕی بەدردا دەسەڵاتی



محەمەدی لە مەدینە پتەوتر کردو ورەی موسوڵمانانی بۆ شەڕکردن بەرزکردەوە. لە لایەکی دیکەشەوە جێگاوشوێنو دەسەڵاتی موسوڵمانانی لە بەرانبەر جوولەکەکانی مەدینەدا بەهێزتر کرد. دوای شەڕی بەدر، محەمەد هێرشی بۆ سەر جولەکەکانی بەنو قەینوقاع کرد، وەک یەکەم خێڵی جوولەکە لە مەدینە دەریکردنو دەستگیرا بەسەر چەکو ماڵو زەویوزارەکانیاندا. شەڕی ئوحود بە دوای شەڕی بەدردا خۆئامادەکردنو هەوڵی قورەیش بوو بۆ تۆڵەکردنەوە لە محەمەدو لەشکری موسوڵمانان. ئەوە بوو لەشکری موسوڵمانانیان شکاندو بە هەمان ژمارەی کوژراوو بریندارەکانیان لە شەڕی بەدردا توانیان حەفتا چەکداریان بکوژنو حەفتا کەسیشیان لێ بریندار کردن. محەمەد خۆیشی لەم شەڕەدا بریندار کرا.

دوای شەڕی ئوحود، هێرش بۆ سەر جوولەکەکانی خێڵی بەنی نەزیر کراو بە هەمان شێوە لە مەدینە دەرکران. لە ساڵی پێنجەمی کۆچدا هێزەکانی قورەیشو خێڵە هاوپەیمانەکانیان لەشکرێکی دە هەزار کەسییان بە نیازی گرتنی مەدینە ڕێکخست. محەمەد پێشتر بەهۆی هەواڵگرەکانیەوە لە مەککە بەم پلانەی قورەیشەکان ئاگادار بوو، بۆ بەرەنگاری وەک تاکتیکێکی سەربازی چاڵێکی فراوانیان بە دەوری مەدینەدا هەڵکەند، کە پێشنیاری سەلمانی فارسی بوو. ئەوە بوو لەشکرەکەی قورەیش گەیشتن بەڵام نەیانتوانی بچنە ناو شاری مەدینەوە، دوای ماوەیەک ئابڵوقە ناچار بەرەو مەککە گەڕانەوە. ئەم هێرشە لە مێژووی ئیسلامدا بە شەڕی خەندەق ناسراوە. شەڕی خەندەق بۆ دەسەڵاتی ئیسلام سەرکەوتنێکی سیاسیو سەربازی گەورە بوو کە توانیان سەرکەوتووانە بەرگری لە شاری مەدینە بکەن.

دوای شەڕی خەندەق محەمەد هێرشی کردە سەر جوولەکەکانی بەنی قورەیزە. لە باسەکانی داهاتوودا باسی فشاری زیاتری محەمەد بۆ سەر جوولەکەکانو ئاینی جوولەکە دەکەین. لە ساڵی شەشەمی کۆچدا محەمەد هێرشی کردە سەر خێڵی بەنی موستەڵەق، گەلێک کوشتاریان

لێکردنو بە گەلێک دیل لە پیاوانو ژنانو دەسکەوتو تالآنی گەڕانەوە. شەڕو پەلامارەکانی لەشکری موسوڵمانان لە دژی نەیاران فاکتەری هەرە گرنگی پتەوکردنی دەسەڵاتی ئیسلام بوو لە مەدینە. لەگەڵ گەشەو تۆکمەکردنی دەسەڵاتی ئیسلامدا تا دەهات سنووری قەڵەمڕەوەکەشی فراوانتر دەبوو. محەمەد خۆیشی لە مەیدانەکانی شەڕو ڕابەرایەتیکردنی لەشکرەکەیدا جار لە دوای جار شارەزاییو لێزانی دەچووە سەرترو وەک سەرکردەیەکی سەربازی ڕۆڵی گرنگی لە دانانی پلانو نەخشەی سەرکەوتنەکانی ئیسلامدا دەگێڕا. تا دەهات دەسەڵاتو کەسایەتی کاریزمایی محەمەد لای موسوڵمانانو قورەیشو خێڵە عەرەبەکان، واتا لای دۆستو دوژمن بەهێزترو کاریگەرتر دەبوو. دەسەڵاتدارانی قورەیش دوای ئەوە گەیشتنە سەر ئەو باوەڕە کە بە زەبری هێز ناتوانن محەمەدو دەسەڵاتەکەی لەناوبەرن، پێشنیازی ڕاگرتنی شەڕو ڕێککەوتنیان کردو لە ساڵی شەشەمی کۆچدا پەیمانی حودەیبیەیان لەگەڵ مۆر کردن. محەمەد لەماوەی دوو ساڵی یەکەمی ئەو پەیمانەدا دەسەڵاتو لەشکری موسوڵمانانی پتەوترو فراوانتر کردەوە.

### داگیرکردنی مەککە

دوو ساڵ دوای بەستنی پەیمانی حودەیبیە واتا لە ساڵی هەشتەمی کۆچدا، محەمەد هەلومەرجەکەی دووبارە هەڵسەنگاندەوە، خۆیو دەسەڵاتەکەیو فراوانبوونەوەی لەشکری ئیسلامی لە ئاستێکی گەلێک بەهێزتر لە دەسەڵاتی قورەیش بینیەوە، بۆیە گەیشتە سەر ئەو باوەڕە کە هەلومەرجەکە بە قازانجی موسوڵمانان شکاوەتەوەو کاتی ئەوە هاتووە کە دەسەڵاتی یەکلایەنەی ئیسلام دابمەزرێت. دەبوو بە هەر ڕێگایەک بووە دەسەڵاتی قورەیش، کە لەمپەری سەرەکی سەر ڕێگای ئیسلام بوو، لە ناوا نەهێڵێت. بۆیە بڕیاری هێرشو پەلاماری بۆ سەر مەککە دا.. بە لەشکرێکی دە هەزار کەسی بە ڕابەری محەمەد خۆی



شاری مەککەیان گەمارۆ دا، دەسەڵاتدارانی قورەیش لە بەرانبەر ئەو هێرشە فراوانەدا گەیشتنە ئەو باوەڕە کە ناتوانن بەرگری بکەن، بۆیە هیچ بەرەنگاری لەشکرەکەی محەمەد نەبوونەوەو بەبێ شەڕو خوێنڕشتن ئاڵای تەسلیمبوونیان بەرزکردەوە. لەشکری موسوڵمانان مەککەیان گرت، گرتنی مەککە لە مێژووی ئیسلامدا بە «فەتحی مەککە» ناسراوە. بە چوونە ناو مەککەوە لەشکری ئیسلام بە فەرمانی محەمەد، دەسبەجێ پەیکەرو بتە پیرۆزەکانی سیمبولی بابو باپیرانی هەموو خێڵە عەرەبەکانیان تێکشکاندن! ئەوەش بە مەبەستی لەناوبردنی ئاینو بیروباوەڕی سەدان ساڵەیان، کە لە ڕوانگەی محەمەدەوە سەرچاوەی پەرشوبڵاوی خێڵە عەرەبەکان بوو، هەروەها لە پێناوی تواندنەوەیان لە ناو بۆتەی یەکێتیەکی عەرەبیدا لە سایەی دەسەڵاتی ئیسلامدا.

(پێغەمبەر «دخ» کاتێک چووە ناو کەعبەوە وێنەی پێغەمبەرانی تێدا بینی، بۆیە فەرمانیدا بە لەناوبردنیان، هەروەها سێسەدو شەست بتی تێدابوو، فەرمانیدا بە شکاندنیان)[١٥]. دوای گرتنی شاری مەککە، محەمەد لە دواین دوو ساڵی تەمەنی خۆیدا لە هەوڵی فراوانکردنەوەی زیاتری قەڵەمڕەوی دەسەڵاتەکەیدا بوو، بۆ ئەوەی هەموو ناوچەکانی نیمچەدوورگەی عەرەبستان بخاتە ژێر هەژموونی ئیسلامەوە. لەماوەی ئەو دوو ساڵەدا هێرشی لەشکری ئیسلام بۆ سەر یەکەبەیەکەی ئەو خێڵانە دەستی پێکرد کە هێشتا نەهاتبوونە ژێر سایەی ئیسلامەوە. هەندێک لەو خێڵانە بەرەنگاریان دەکردو بە ئاسانی وازیان لە ئاینو باوەڕی سەدان ساڵەو شوناسو بەرژەوەندی خێڵایەتی خۆیان بۆ محەمەدو ئاینەکەی نەدەهێنا، بۆیە ئەو خێڵانە لە ژێر فشاری هێرشو پەلامارو شەڕی خوێناویدا ناچار دەکران خۆیان بەدەستەوە بدەن. خێڵە عەرەبەکان یەک لەدوای یەک بە شەڕ یان بە ئاشتی، ناچار دەکران پشتگیری خۆیان بۆ محەمەدی ڕابەر دەربڕن. شایانی باسە پشتگیریو باوەڕهێنانی ژمارەیەک لە خێڵەکان هەر سەرزارەکیو لە ترسی کوشتن بوو!، هەر بۆیە لەدوای

کۆچی دوایی محەمەد هەندێک لەو خێڵانە لە ئیسلام پەشیمان بوونەوە. دوای ئەوەی دەسەڵاتی ئیسلام هەموو نیمچەدوورگەی گرتەوە محەمەد پلانی هێرش بۆ دەرەوەی عەرەبستانی دانا. هەر لە ساڵی هەشتەمی کۆچدا لەشکرێکی سێ هەزار جەنگاوەری بەرەو شام بەڕێ خست، هەتا «موئتە» ڕۆشتن، واتا بۆ ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی ئیمپراتۆری ڕۆم، سەرکەوتنی وەهایان بەدەست نەهێناو گەڕانەوە. بۆ جاری دووەم لە هاوینی ساڵی دەیەمی کۆچدا لەشکرێکی سی هەزار جەنگاوەری بەرەو وڵاتی شام بەڕێخست. (هەندێک لە ناڕازییانو دووڕووان لەماڵی «سوەیلەم» کۆبوونەوەیەکیان ڕێکخست بۆ ئەوەی بەشداری لە شەڕی ڕۆمدا نەکەن. بۆیە پێغەمبەر، تەڵحەی کوڕی عەبدوڵڵاو چەند هاوەڵێکی نارده سەریان، ئەوەبوو لە کاتی کۆبوونەوەکەدا ماڵەکەیان بە سەردا سووتاندن)[16]. لەشکری موسوڵمانان لەم هێرشەدا گەیشتنە شاری «تەبوک»و گەمارۆیان دا، لە ئەنجامی گفتوگۆ لەگەڵ حاکمی قەیسەر ی ڕۆم لە تەبوک لە سەر جزیە دان بە دەوڵەتی ئیسلام ڕێککەوتنو لەشکری ئیسلام بەرەو مەدینە گەڕانەوە. هەر لە ڕێگای گەڕانەوەدا خالید کوڕی وەلیدی نارد بۆ سەر «دەومە» ئەویش لەگەڵ نوێنەرانی دەومە لە سەر جزیە دان بە دەوڵەتی ئیسلام ڕێککەوتن. محەمەد خوازیاری هەرچی زیاتر فراوانکردنەوەی دەسەڵاتەکەی بوو، بەڵام تەمەن هەر ئەوەندە مەودای داو هەر لەو ساڵەدا، واتا لە ساڵی دەیەمی کۆچیدا، یانی لە ساڵی «٦٣٤ ز»دا کۆچی دوایی کرد.

### شەڕەکانی محەمەد

لە ماوەی خەباتی خۆیدا محەمەد تێکڕا ڕابەری بیستو شەش شەڕو چالاکی سەربازی کرد، کە بریتی بوون لە شەڕەکانی : وەدان، بوات، عوشەیرە، بەدری یەکەم، بەدری گەورە، بەنی سولەیم، سوەیق، غەتفان، بەحران، ئوحود، حەمرائولئەسەد، بەنی نەزیر، ڕوقاع، بەدری دواین،



دەومەتولجەندەل، خەندەق، بەنی قورەیزە، بەنی لەحیان، زی قرد، بەنی موستەڵەق، حودەیبیە، وادیلقورا، فەتحی مەککە، حونەین، تائیف، تەبوک .

(شایانی باسە کە پێغەمبەر خۆی لە نۆ شەڕدا بەشداری ڕاستەوخۆی کردووە کە ئەمانەن: بەدری گەورە، ئوحود، خەندەق، قورەیزە، موستەڵەق، خەیبەر، فەتحی مەککە، حونەین، تائیف)[17] . بەم شێوەیە لە ماوەی بیستو سێ ساڵ خەباتو ڕابەرایەتی محەمەد دا بزوتنەوەی ئیسلام گەیشت بە ئامانجی خۆی لە دامەزراندنی دەسەڵاتی یەکلایەنەی ئیسلامدا. دامەزرانی دەسەڵاتی ئیسلام بۆ ئەو سەردەمەی نیمچەدوورگەی عەرەبستان وەرچەرخانێکی مێژوویی‌و گۆڕانێکی گرنگو گەورە بوو، چونکە (ئیسلام توانی لە یەکە خێڵەکیە پەرتەوازەکانی نیمچەدوورگەی عەرەبی، نەتەوەی عەرەب پێکبهێنێتو لە سەر شێوەزارێکو ڕێنووسێکو پەرستشێکو ڕووگەیەکو ئامانجێکی هاوبەش کۆیان بکاتەوە)[18]. هەروەها لە سایەی دەسەڵاتی ئیسلامدا زەمینەیەکی نوێ هاتە کایەوە کە لە سایەیدا:

١- لە ڕووی سیاسیەوە لە سەر ئاستی نیمچەدوورگە ئیسلام بوو بە تاکە دەسەڵاتی بێ ڕەقیب، یەکێتی خێڵە عەرەبەکان تا ڕادەیەکی باش لە بەرانبەر فراوانخوازی‌و داگیرکاری هەردوو ئیمپراتۆری فارس‌و ڕۆمی بیزەنتیدا دامەزرا. (پێغەمبەر «دخ» توانی بۆ یەکەمجار لە مێژوودا هۆزە ناکۆکە عەرەبەکان یەک بخاتو بیانخاتە بۆتەی جەنگەوە لەگەڵ فارس‌و ڕۆمدا.. عەرەبە دەشتەکیەکان بەر لە هاتنی پێغەمبەر «دخ» کوشتاری یەکتریان دەکرد، وەلێ دوای هاتنی وی «دخ» هەموویان کوشتاری دوژمنێکی هاوبەشیان دەکرد)[19].

٢- لە ڕووی ئابوریەوە ئامانجی بزوتنەوەی ئیسلام لە پاراستنی مەککە وەک مەڵبەندی بازرگانی نیمچەدوورگە، هەروەها پاراستنی ڕێگاکانی هاتوچۆی بازرگانی لە سایەی دەسەڵاتێکی عەرەبیدا بە ئەنجام گەیشت.

٣- لە ڕووی کۆمەڵایەتیەوە دەسەڵاتی ئیسلام کۆمەڵێک چاکسازی ئەنجام دا، لەوانە چاکسازی لە پرسی ژناندا، لە کڕینو فرۆشتنو مامەڵەدا، لە مامەڵەی کۆیلەدا، لە یارمەتی هەژاراندا...هتد. کە بە پێوانەی ئەو سەردەمەو بە بەراورد لەگەڵ سەردەمی پێش ئیسلام، بۆ هەلومەرجی دیاریکراوی کۆمەڵگای عەرەبستان هەنگاوی ڕوو لە پێش بوون. لە باسەکانی داهاتووی ئەم کتێبەدا باسی ئەو چاکسازیە کۆمەڵایەتیانە دەکەین.

٤- لە ڕووی ئاینیەوە بزوتنەوەی ئیسلام هەلومەرجی فرەئاینیو پێکەوەژیانی ئاشتیانەی نێوان ئاینە جیاجیاکانی نیمچەدوورگەی تێکداو لە ژێر فشارو شەڕو پەلاماردا بۆ سەر ئاینەکانی دیکە دەسەڵاتی تاکە ئاین «ئاینی ئیسلام» بە زەبری هێزو بە زۆر سەپێنرا. واتا لە سایەی دەسەڵاتی ئیسلامو بەرنامەکەیدا، هەلومەرجی فرەئاینی کرا بە قوربانی ئامانجی یەکێتی خێڵە عەرەبەکان. بۆیە هەتا ئەمرۆش نەتەوەی عەرەبو ناسیونالیزمی عەرەبی خۆیان بە قەرزاری لەمێژینەی ئاینی ئیسلامو محەمەدی ڕابەری ئیسلام، وەک داڕێژەری بناغەی هزری یەکێتی نەتەوەیی عەرەبو یەکەم ڕابەری مەیدانی ئەو بوارە، دەزانن.



## پەراوێزی بەشی یەکەم

١ — برهان الدين دلو، جزيرة العرب قبل الأسلام، ص١٧١.
٢ — تەها وەهاب، ئایا قورئان ڕەنگدانەوەی سەردەمی خۆیەتی، ل٣٠.
٣ — برهان الدين دلو، جزيرة العرب قبل الأسلام، ص١٨١.
٤ — هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل١٧٦.
٥ — هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل١٧١.
٦ — عەلی میرفیتروسی، ئیسلام ناسی، ل١٨.
٧ — سليمان مظهر، قصة الديانات، ص٤٧٠.
٨ — هەمان سەرچاوەی پێشوو، هەمان لاپەڕە.
٩ — د. حسين مروة، النزعات المادية في الفلسفة العربية الاسلامية، ج ١، ص١٧١.
١٠ — سيد محمود القمني، العرب قبل الاسلام، ص٤.
١١ — تەها وەهاب، ئایا قورئان ڕەنگدانەوەی سەردەمی خۆیەتی، ل٢١.
١٢ — د. حسين مروة، النزعات المادية في الفلسفة العربية الاسلامية، ج ١، ص٣٣٣.
١٣ — تەها وەهاب، ئایا قورئان ڕەنگدانەوەی سەردەمی خۆیەتی، ل٦٦.
١٤ — سيد محمود القمني، حروب دولة الرسول، ص٣٩.
١٥ — برهان الدين دلو، جزيرة العرب قبل الأسلام، ص٤٤٧.
١٦ — سيد محمود القمني، حروب دولة الرسول، ص٣٧٤.
١٧ — د. شوقي أبو خليل، أطلس التأريخ العربي الاسلامي، ص٣٢.
١٨ — سەروەر عەبدولڕەحمان پێنجوێنی، ڕیشەو بنچینەکانی توندوتیژی ئاینی، ل٥٦.
١٩ — عەلی وەردی، واعیزەکانی سوڵتان، ل٣٤.

## بەشی دووەم

# توندوتیژی لە ئایەتەکانی قورئاندا



خەباتی شۆڕشگێڕانەو ڕۆڵی مێژوویی محەمەد لە ڕابەرایەتیکردنو سەرخستنی بزوتنەوەی ئیسلامو دامەزراندنی فەرمانڕەوایی سیاسیو ئاینیدا، تا کۆچی دوایی محەمەد ماوەی بیستو سێ ساڵی خایاند. سەرجەمی دەقی ئایەتەکانی قورئانیش هەر لەو ماوەیەدا داڕێژراونو تەواوکراون. وەک بەرنامەیەک بە گوێرەی پێویستی ڕەوتی بەرەوپێشەوەچوونی بزوتنەوەکە بۆ هوشیارکردنەوەو جۆشدانی خەباتی موسوڵمانان ڕۆڵێکی گرنگی گێڕاوە، هەروەها دەقی ئایەتەکان وەک یاساگەلێک لە فەرمانڕەواییو حوکمکردنی کۆمەڵگادا لە لایەن دەسەڵاتی ئیسلامەوە پیادە کراون. لە ئایەتەکانی قورئاندا بە ڕوونی مێژووی ئەو بیستو سێ ساڵەی هەموو ناکۆکیو ململانێکانی ناوکۆمەڵگای نیمچەدوورگەی عەرەبستان دەخوێنینەوە، کە ڕادەیەکی بەربڵاوی توندوتیژی دەروونیو جەستەیی بە خۆوە گرتووە.

*هەموو قورئان لە «١١٤» سورەت پێکهاتووەو سەرجەم «٦٢٣٦» ئایەتی لە خۆگرتووە. سورەتەکانی مەککی، کە لە ماوەی سیانزە ساڵی خەباتی قۆناغی مەککەدا داڕێژراون، بریتین لە «٨٦» سورەت، کە «٤٨٦٩» ئایەتیان لە خۆگرتووە. لەو ژمارەیە «١١٠٨» ئایەت ئاراستەی توندوتیژیان تێدایە. سورەتەکانی مەدینەیی، کە لە ماوەی دە ساڵی خەباتی قۆناغی مەدینەدا داڕێژراون، بریتین لە «٢٨» سورەت، کە «١٤٦٧» ئایەتیان لە خۆگرتووە. لەو ژمارەیە «٣٨١» ئایەت ئاراستەی توندوتیژیان تێدایە.*

(سەرجەم هەموو ئەو ئایەتانەی قورئان کە ئاراستەی توندوتیژیان تێدایە بریتین لە «١٤٨٩» ئایەت. واتا نزیکەی چواریەکی ئایەتەکانی *قورئان ئاراستەی توندوتیژیان تێدایە)*[1].

ئەم ئاراستە توندوتیژیە بەربڵاوە وەک یەکێک لە بنەماو لایەنە گرنگەکانی ئەو بەرنامەیە، لە لایەن محەمەدی ڕابەرەوە ئەژماری وردی بۆ کراوەو شێلگیرانە لە سەرخستنی بزوتنەوەکەو بەڕێوەبردنی دەسەڵاتەکەیدا

پیادەی کردووە. لە درێژەی ئەم باسەدا بابەتی توندوتیژی لە قورئاندا لە هەردوو قۆناغی مەککەو مەدینەدا دەدەینە بەر باسو لێکۆڵینەوە.

## توندوتیژی ئایەتەکانی قۆناغی مەککە

هەر لە سەرەتای بانگەوازی ئیسلامەوە محەمەد لە ژێر ئاڵای خوداپەرستیدا بە بڵاوکردنەوەی ئایەتەکانی قورئان بزوتنەوەکەی دەستپێکرد. لە ئایەتەکانی قۆناغی مەککەدا محەمەد لە هەوڵی ئەوەدا بوو بە شێوەی قایلکردن بە ناوەڕۆکی ئایەتەکانی قورئان، دوور لە زەبروزەنگو هاندان بۆ توندوتیژی جەستەییو سەپاندنی بە زۆر، لایەنگران بۆ ئاینەکەی ڕابکێشێت. لە هەمان کاتیشدا بەشێکی بەرچاوی ئایەتەکانی مەککی تەرخانە بۆ هەڕەشەو ترساندنو ئازارو ئەشکەنجەی جۆراوجۆر لە لایەن خوداوە، لەو دنیا، بەرانبەر بەو مرۆڤانەی باوەڕ بە پێغەمبەرانو لەوانەش بە محەمەدو ئاینی ئیسلام ناهێنن!. محەمەد هەر لە سەرەتای خەباتی قۆناغی مەککەوە بە بڵاوکردنەوەی ئایەتە ترسهێنەرەکان لە هەوڵی خولقاندنی کەشێکی پڕ لە ترسو تۆقاندنی خوداییدا بوو. واتا بە بەکارهێنانی توندوتیژی دەروونی، تا لەو ڕێگایەوە کاریگەری لەسەر هەستو دەروونو بیرکردنەوەی خەڵکی کۆمەڵگاکەی دابنێتو بۆ ڕزگاربوونیان لە عەزابی خودا باوەڕ بە ئاینی ئیسلام بهێنن. بەڵام بەهۆی ئەوەی ئاینی ئیسلام هێشتا خاوەنی هێزێکی کۆمەڵایەتیو دەسەڵات نەبوو بۆ زۆرلێکردنو سەپاندن، بۆیە تەنها بە ڕێگای ئامۆژگاریو قایلکردن بانگەوازی خەڵکی دەکرد. لە ئایەتە توندوتیژەکانی قۆناغی مەککەدا سێ ئاراستەی جیا دەخوێنینەوە، کە بریتین لە:

**١. داستانو ئەفسانەو بەسەرهاتی کۆن:** قورئان لە چەندین ئایەتی مەککیدا ئاماژەی بە کۆمەڵێک ئەفسانەو داستانی مێژوویی کۆنی پێش ئیسلامو چیرۆکی پێغەمبەران کردووە، کە هەر هەموویان باس لە توندوتیژی دەکەنو بە ڕێگاچارەی توندوتیژ کۆتاییان پێهاتووە. محەمەد



بە هوشیاریەوە پەنای بردۆتە بەر گێڕانەوەی داستانی توندوتیژی پێغەمبەرانو ئەفسانەی کۆن، تا لەو ڕێگایەوە ئەوە بە خەڵک بسەلمێنێت کە ترساندنیان لە لایەن پێغەمبەرانەوە پەیامێکی خوداییە. بەمەش مۆری خوداو ئاسمانی بوون لە دیاردەی ترساندنو توندوتیژی لە بەرنامەی ئاینەکەی دەدات. با سەرنج لەم نموونە ئایەتانەی خوارەوە بدەین کە چەند داستانێک باس دەکەن :

- **داستانی نوح:** (و قوم نوح لما كذبوا الرسل اغرقناهم و جعلناهم للناس آية و اعتدنا للظالمين عذابا أليما) الفرقان/ ٣٧.

واتا (هۆزی نوحیش کاتێ بە پێغەمبەران باوەڕیان نەکرد نوقمی بناومان کردنو کردمانن بە نیشانە بۆ مەردمو ئازارێکی بەژانیشمان سازداوە بۆ ناهەقەکان). لەم ئایەتەی سەرەوەدا لەبەرئەوەی خەڵک باوەڕیان بە نوح نەکردووە، لە تۆڵەی ئەوەدا خودا لافاوێکی سازداوە! جگە لە نوحو لایەنگرانی، بە جارێک هەر هەموو خەڵکی لەناوبردووە!.

- **داستانی هود:** (فانجيناه و الذين معه برحمة منا و قطعنا دابر الذين كذبوا بآياتنا و ما كانوا مؤمنين) الاعراف/ ٧٢.

واتا (ئێمە لە چاکەو بەزەیی خۆمانەوە هودو هاوڕێکانی هودمان ڕزگار کردو ئەو کەسانەش کە نیشانانی ئێمەیان بە درۆ داناو بێ بڕوا بوون، یەکجێ بنەبڕمان کردن).

- **داستانی شوعەیب:** (و لما جاء امرنا نجينا شعيبا و الذين آمنوا معه برحمة منا و اخذت الذين ظلموا الصيحة فأصبحوا في ديارهم جاثمين). هود/٩٤. واتا (کە فەرمانی ئێمە گەیشت، لە بەزەیی خۆمانەوە شوعەیبو هاوەڵەکانی باوەڕداریمان نەجات دا، ناهەقکارانیش نەعرەتێک وای ترساندن کە هەموویان دەمەوڕوو پشوویان بڕا). لەو ئایەتەی سەرەوەشدا بە هۆی ئەوەی خەڵکانێک لەگەڵ بیروباوەڕی شوعەیب دا نەبوون، خودا لێیان تووڕە دەبێتو بە بوومەلەرزەیەک جگە لە شوعەیبو هاوەڵەکانی، هەر هەموو خەڵکەکەی تاساندووەو لەناوی بردوون!.

– **داستانی عادو سەمود:** (و عاداو ثمودا و قد تبین لکم من مساکنهم و زین لهم الشیطان اعمالهم فصدهم عن السبیل و کانوا مستبصرین ) العنکبوت/ ٣٨. واتا (هۆزی عادو سەمودیشمان هەر بەقڕدان، کە لە شوێنەوارەکانیان ئەمەتان بۆ دەرکەوتووە، شەیتانیش کارەکانیانی جوان نیشان دانو ڕێی لێگرتن، دەشیانزانی هەق لە ناهەق هەڵاوێرن). لەو ئایەتەی سەرەوەدا هۆزی عادو سەمودیش بەهۆی ئەوەی باوەڕیان پێ نەهێناون خودا هەموویانی بە هەورەبروسکە لەناوبردووە!.

– **داستانی لووت:** (کذبت قوم لوط بالنذر. انا أرسلنا علیهم حاصبا الا آل لوط نجیناهم بسحر) القمر/ ٣٣، ٣٤. واتا (هۆزی لووتیش هەمبەر بە ترسێنەرەکان بێ باوەڕ بوون، گێژەڵووکەی زیخو چەومان نارده سەریان، جگە لە کەسوکاری لووت کە ڕزگارمان کردن). داستانی لووت باس لەوە دەکات کە خەڵکی هۆزەکەی هەموویان نێرباز بوون! باوەڕیان بە ئامۆژگاریەکانی لووت نەکردووە، لە تۆڵەی ئەو کارەیاندا خودا جگە لە لووت خۆیو کەسوکارەکەی هەر هەموویانی لەناوبردووە!.

– **داستانی موساو فیرعەون:** (فأخذناه و جنوده، فنبذناهم في ألیم فانظر کیف کان عاقبة الظالمین) القصص/ ٤٠. واتا (سا فیرعەونو لەشکرەکەیمان وەگیرهێناو هەڵمانداشتە دەریاوە، دەسا بڕوانە ئاکامی ناهەقیکاران چلۆن بوو . لە داستانی ئەو ئایەتەی سەرەوەدا لەشکرەکەی فیرعەون لە میسرەوە موساو هاوەڵەکانی ڕاودەنێن تا دەگەنە سەر دەریای سوور. لەو کاتەدا بە موعجیزەیەکی خودایی ئاوی دەریاکە دەبێ بە دوو بەشەوە! موساو هاوەڵەکانی بە ئاسانی بە وشکانی نێوان هەردوو بەشەکەی دەریای سووردا تێدەپەڕن!. کاتێکیش فیرعەونو لەشکرەکەی دوایان دەکەون، خودا دەریاکە دەهێنێتەوە یەکو فیرعەونو لەشکرەکەی نوقمی بن ئاوی دەریا دەبن!.

– **داستانی ئیبراهیم:** (فلما بلغ معه السعي قال یا بني اني أری في المنام انی اذبحك فأنظر ماذا تری قال یاابت افعل ما تؤمر ستجدني انشاءللّه من



الصابرین ) الصافات/ ١٠٢. واتا (کاتێ گەیشتە تەمەنێک کە وێڕای ئەو خەبات بکا، گوتی: ئەی کوڕیژگەکەی خۆم! من لە خەونمدا وام دیوە تۆ سەردەبڕم، خۆت چۆنی لێکدەدەیەوە؟ گوتی: بابۆ! هەر شتێ پێت سپێراوە بەجێی بێنە، خوا حەز بکا، بەم زووانە تێدەگەی کە منیش لە خۆڕاگرانم). لەم داستانەدا خودا دەیەوێت ئیبراهیم تاقی بکاتەوە بە سەربڕینی کوڕەکەی بەدەستی خۆی! کاتێک چەقۆکە دەخاتە سەر ملی ئیسماعیلی کوڕی بۆ ئەوەی سەریبڕێ، خودا لەو کاتەدا لە موعجیزەیەکدا مەڕێکی بۆ دەنێرێ بۆ ئەوەی لەجیاتی کوڕەکەی سەریببڕێ!. خودا کوڕەکەی لە سەربڕین ڕزگارکردووەو مەڕەکەی کردۆتە قوربانی.

وەک لەو ئایەتانەی سەرەوەدا خوێندمانەوە بۆهەڕەشەو ترساندنو تۆڵەسەندنەوە زیاتر پەنای بردۆتە بەر کارەساتی سروشتی وەک : لافاو، بوومەلەرزە، هەورەبروسکە، ڕەشەباو زریان و...هتد. ئەوەش بەهۆی ئەوەی کە لە قۆناغی خەباتی مەککەدا، محەمەدو بزوتنەوەی ئیسلام دەسەڵاتی سیاسیو لەشکریان بە دەستەوە نەبوو، بۆیە پەنای بردۆتە بەر گێڕانەوەی ئەو جۆرە داستانانەو ئەو شێوە داڕشتنە بۆ ترساندنی خەڵک. لەم سەردەمەدا هوشیاری مرۆڤ لەو ڕاستیە تێدەگەن کە ڕوودانی کارەساتەکانی سروشت هیچ پەیوەندیەکیان بە هەبوون یان نەبوونی ئاینو جۆری بیرکردنەوەی مرۆڤەوە نیە. کارەساتە سروشتیەکان سزاو تۆڵەی خودا نین لە خەڵکانێک کە بیروباوەڕی جیا لە ئیسلامیان هەیە، بەڵکو بەهۆی یاساکانی سروشت خۆیەوە ڕوو دەدەن. ئەمڕۆ زانستەکانی مرۆڤ زۆر بە ئاسانی لە هۆکارەکانو چۆنێتی ڕوودانو تا ڕادەیەکیش خۆپاراستن لێیان تێدەگەن. ئامانجی محەمەد لە باسکردنو گێڕانەوەی ئەفسانەو داستانەکانی قڕکردنو لەناوبردنی بەکۆمەڵ بە کارەساتە سروشتیەکان تەنها بۆ ترساندنی خەڵکەو بە سزاو تۆڵەی خودایی لە قەڵەمیان دەدات، لە پێناوی ناچارکردنیان بە باوەڕهێنان بە خوداو پێغەمبەری ئیسلام.

**٢. ترساندن بە ئازارو ئەشکەنجەی دۆزەخ:** لە خوێندنەوەی قورئاندا بە گشتیو ئایەتەکانی قۆناغی مەککەشدا سەدان ئایەت دەخوێنینەوە کە ترسو لەرزو تۆقاندن، بە ئازاروئەشکەنجەی جۆراوجۆر وەبەر مرۆڤ دەهێنن. محەمەد لەسەر بنەمای تێگەیشتنو بیرکردنەوەو باوەڕی خۆی بە زیندوبوونەوەی دوای مردن لە دنیایەکی دیکەدا، بۆ لێپرسینەوە لە بیروباوەڕو کردارو ژیانی ئەم سەرزەمینە، گەلێک شێوازی ترسناکی وێناکردووەو لە ئایەتەکانی قورئاندا دایڕشتووە. لەو ئایەتانەدا بە خەڵک ڕادەگەیەنێت، ئەگەر دەتانەوێت لەو هەموو ئازاروئەشکەنجە جۆراوجۆرەی دۆزەخ بەدوور بن، ئەوا ڕێگای ئیسلامو باوەڕ بە خوداو بە محەمەدی پێغەمبەری خودا بگرنەبەر. هەرکەس موسوڵمان نەبێت بە کافر دێتە ئەژمارو لە تۆڵەی ئەوەشدا فڕێدەدرێتە ناو دۆزەخو بە ئازاروئەشکەنجەی توندو هەتاهەتایی سزادەدرێت! لێرەدا با پێکەوە چەند ئایەتێکی مەککی وەک نموونە بخوێنینەوە:

- (و ان الذين لا يؤمنون بالاخرة أعتدنا لهم عذابا أليما) الاسراء/ ١٠.

واتا (ئەو کەسانەش کە باوەڕ بە دواڕۆژ ناکەن، ئازارێکی زۆر بەژانمان بۆ سازکردوون).

- (بل كذبوا بالساعة و أعتدنا لمن كذب بالساعة سعيرا) الفرقان/ ١١.

واتا (دیارە ئەوان قیامەتیان بە درۆ ژمارد، ئێمەش کڵی جەهەندەممان سازداوە بۆ هەرکەسێ کە قیامەت بە درۆ دەزانێ).

-(الله الذي له ما في السماوات و ما في الارض و ويل للكافرين من عذاب شديد ) ابراهيم/ ٢.

واتا (ئەو خودایەی هەرچی لەناو ئاسمانەکانو زەمیندان، گش هی ئەون، واوەیلا بۆ خوانەناسان لە جەزرەبەی زۆر توندوتیژ).

-(و قل الحق من ربكم فمن شاء فليؤمن و من شاء فليكفر انا أعتدنا للظالمين نارا أحاط بهم سرادقها و ان يستغيثوا يغاثوا بماء كالمهل يشوي الوجوه بئس الشراب و ساءت مرتفقا ) الكهف/ ٢٩.



واتا (بێژە ئەمەیە بەڕاستی لە پەروەرندەتان ڕایە، کێ بڕوای پێدەکا بیکاو، کێش بڕوا ناکا هەر نەیکا. ئێمە بۆ ناهەقیکاران کڵێکی وامان نێڵ داوە، کە بڵێسەی هەروەکو کۆن دەوری گرتوون، تا هاواری چارە دەکەن ئاوێکیان دەفریادەخەن وەک مسی تواوە وایە، دەمو چاویان دەبرژێنێو وەخواردنێکی کرێتەو ژێگەیێ زۆر نالەبارە).

- (و ان تعجب فعجب قولهم أأذا كنا ترابا أءنا لفي خلق جديد اولئك الذين كفروا بربهم و اولئك الاغلال في اعناقهم و اولئك اصحاب النار هم خالدين فيها ) الرعد/ ٥.

واتا (ئەگەر تۆ سەیر دەمێنی، سەیر وا لە قسەکانیاندا کە دەبێژن: ئاخۆ ئەگەر دەبینە ئاخ، سەرلەنوێ سازدەکرێینەوە؟ ئا ئەمانەن لە پەروەرندەکەی خۆیان حاشادەکەن، ئەوانە تۆقی ئاسنیان لە ملدایەو ئەوانە یاری ئاگرنو هەتا هەتایە تێیدا دەبن).

-(أم حسب الذين يعملون السيئات ان يسبقونا ساء ما يحكمون) العنكبوت/ ٤.

واتا (ئاخۆ ئەوانەی بەدکارن وادەزانن ناکەونە بەر قامچی ئێمە؟ خراپیان لێکداوەتەوە).

-(انا جعلنا في أعناقهم أغلالا فهي الى الاذقان فهم مقمحون) يس/ ٤.

واتا (ئێمە ملیان دەخەینە ناو زنجیرەوەو تا چەنە شەتەکیان دەدەین، کە ناتوانن بۆ هیچ لایەک سەر ببزێون، چاوگەلیشیان داشۆڕیاگە ).

-(فلنذيقن الذين كفروا عذابا شديدا و لنجزينهم أسوأ الذي كانوا يعملون) فصلت/ ٢٧.

واتا (سا مەرج بێ ئەو کەسانەی خوانەناس بوون، لە ئێمەوە جەزرەبەی دژوار بچێژن، لەوەی دەیانکرد خراپتر ئازاریان بدەین).

**٣. ترساندن بە عەزابی خودا لە ژیاندا:**

بەشێک لە ئایەتەکانی قورئان ئاماژە بەوە دەکەن کە خودا لە ژیانی ئەم دنیایەشدا کێشەو گرفتو ئازارو دەردوبەڵا تووشی ئەو کەسانە دەکات

که باوەڕ بە خوداو بە محەمەدی پێغەمبەری ئیسلام ناکەن. ئامانج لەم ئایەتانەش دیسان ئەوەیە کە خەڵک لە ترسی ئەوەی لە ژیاندا تووشی غەزەبو تووڕەبوونی خوداو پێغەمبەرەکەی نەبنو بۆ پاراستنی ژیانی خۆیان لە ئازارو دەردو بەڵا، ناچار موسوڵمانبوونی خۆیان ڕابگەیەنن.
با سەرنجی ئەم ئایەتانەی خوارەوە بدەین :- (و لنذيقنهم من العذاب الادنى دون العذاب الاكبر لعلهم يرجعون) السجدة/٢١. واتا (بێگومان ئێمە جگە لە ئازارە هەرە گەورەکە، ئازاری ئەم دنیایەشیان پێ دەچێژین، شایەتا بگەڕێنەوە).
— (لهم عذاب في الحياة الدنيا و لعذاب الآخرة أشق و ما لهم من الله واق) الرعد/ ٣٤. واتا (هەتا لەسەر دنیا دەژین هەر تووشی ئازارێ دەبن، دیارە جەزرەبەی دواڕۆژیش دژوارترەو کەس ناتوانێ لە خودایان بپارێزێ). -(كذب الذين من قبلهم فاتاهم العذاب من حيث لا يشعرون. فاذاقهم الله الخزي في الحياة الدنيا و لعذاب الآخرة اكبر لو كانوا يعلمون) الزمر/ ٢٥،٢٦. واتا (پێشینەکانی ئەمانیش بڕوایان بە خوا نەهێنا، لە شوێنێکەوە ئازاریان بۆ داباری کە هەر هەستیشیان پێ نەکرد. خودا دەردی سووکایەتی لەم دنیادا پێ چەشاندن، گەر بزانن، دیارە ئازاری ئەو دنیا مەزنترە).

## توندوتیژی لە ئایەتەکانی قۆناغی مەدینەدا

بزوتنەوەی ئیسلام هەر لە سەرەتاوە بزوتنەوەیەکی ئاینی ڕووت نەبوو کە بە تەنها لە هەوڵی بڵاوکردنەوەی هزری خوداپەرستیو کۆکردنەوەی موریدانی ئاینیدا بێت بۆ گرێدانی پەیوەندی نێوان مرۆڤو خودا، یا بەجێهێنانی ئەرکو فەرزەکانی نوێژو ڕۆژوو زەکاتو حەجکردن، بەڵکو ئیسلام بزوتنەوەیەک بوو کۆمەڵێک گۆڕانکاریو چاکسازی لە ئاستەکانی سیاسی، ئابوریو کۆمەڵایەتیدا، یانی سەرلەنوێ ڕێکخستنەوەی کۆمەڵگای خستبووە بەرنامەی کاری خۆیەوە. بەپشتبەستن بە خەباتێکی



لە سەرەتاوە هێمنو دواتر توندوتیژ، بە ئامانجی سەرکەوتن گەیشتو دەسەڵاتو فەرمانڕەوایی لە نیمچەدوورگەدا گرتەدەست. (ئاینی ئیسلام وەک بزوتنەوەیەکی ڕیفۆرمی کۆمەڵایەتی تەنها بۆ ئەوە نەهات بنەماکانی ئاینو شێوەی پەیوەندی ئادەمیزاد بە ئافەریدەکانەوە دەستنیشان بکات، بەڵکو ئاینی نوێ لە زەمینەی خۆیدا ئامانجی دیکەی ئابوریـ کۆمەڵایەتی هەبوو. بۆیە بە پێی پلانی تایبەتو لەبەر ڕۆشنایی هاوکێشەی هێزدا هەنگاویدەنا. لە سەرەتاوە ڕێگای هێمنیو پێسەلماندنی گرت، پاشان کە بەخۆداهاتو بووە خاوەنی هێزی کۆمەڵایەتی، ڕێگای شەڕوشۆڕو خۆسەپاندنی گرتەبەر)[٢]. بەم مانایە ئاینی ئیسلام هەر لە بنەڕەتەوە لەسەر دەستی محەمەد خۆیدا بەرنامەی بۆ خوداپەرستیو فەرمانڕەواییش لە کۆمەڵگادا هەبووە، واتا ئاینو سیاسەتی تێکەڵکردووە. محەمەد خۆی لەهەمان کاتدا ڕابەری ئاینیو سیاسیو سەربازیش بووە. قورئان لە هەمان کاتدا بەرنامەی خوداپەرستیو ڕێکخستنی پەیوەندیەکانی کۆمەڵگاشە. واتا لەلایەک پەیوەندی ڕۆحی نێوان مرۆڤو خودا ڕێکدەخات، لەلایەکی دیکەش لە یاساکانیدا پەیوەندی نێوان مرۆڤو مرۆڤو هەروەها مرۆڤو کۆمەڵگا ڕێکدەخاتو بەڕێوەی دەبات. ئیسلام تەنیا پەیوەندیەکی ڕۆحی نیە بەڵکو یاسای حوکمکردنی کۆمەڵگاشە، وەک لەم ئایەتەی خوارەوەدا دەڵێت : - (انا انزلنا اليك الكتاب بالحق لتحكم بين الناس) النساء/١٠٥. واتا (ئەم قورئانەمان بۆ لای تۆ ناردۆتە خوار، کە هەرچی تێدایە ڕاستە، سا تۆ بەهۆی ئەم قورئانە بە کاریان ڕابگە).
لێرەدا ئەوەی جێگای باسی ئێمەیە سورەتو ئایەتەکانی مەدینەیە کە جگە لە خوداپەرستی بە شێوەیەکی گشتی ڕەنگدانەوەی خەباتی پڕ لە توندوتیژی جۆراوجۆری بزوتنەوەو دەسەڵاتی ئیسلامە کە بە ڕابەری محەمەد پیادەکراوەو لە ئایەتەکانی قورئاندا داڕێژراوە. تایبەتمەندیەکی سورەتو ئایەتەکانی مەدەنی ئەوەیە کە بەهۆی سەرقاڵی زیاتری محەمەدەوە بە کاری ڕابەرایەتی بزوتنەوەو دەسەڵاتی ئیسلام لە

دانانی نەخشەو پلانی شەڕو پەلامارەکانی لەشکری ئیسلام، کاروباری فەرمانڕەواییو بەڕێوەبردنی کۆمەڵگا، کاروباری ئاینیو خوداپەرستی، ژیانی تایبەتو فرەخێزانی و...هتد، ئایەتەکانی مەدەنی لە ڕووی چەندایەتیو چۆنایەتیەوە لە ئایەتەکانی مەککی جیاوازن. بەڕادەیەک، ژمارەی سورەتو ئایەتەکانی مەدەنی لەماوەی ئەو دە ساڵەدا، بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی سورەتەکانی درێژترن، تەنها بیستو هەشت سورەتە! ئەم ژمارەیە بە بەراورد لەگەڵ هەشتاوشەش سورەتی قۆناغی مەککە یەکجار کەمترە!. هەروەها لە ڕووی چۆنایەتیەوە ئایەتەکانی مەدەنی بەشێوەیەکی ڕوونو ئاشکرا لە ژێر کاریگەری ململانێی سیاسیو شەڕو پەلامارو بەرگریو بارودۆخی توندوتیژی دەسەڵاتی ئیسلامدان لە ئاستەکانی سیاسی، سەربازی، کۆمەڵایەتی، ئاینیو ئابوری و...هتددا. لە درێژەی ئەم باسەدا بە قسەکردنی زیاتر لەسەر ئایەتە توندوتیژەکانی مەدەنی لە ئاستە جیاوازەکاندا دەدوێینو بۆ هەر یەکەیان نموونەگەلێک لە ئایەتەکانی قورئان دەهێنینەوە.

### یەکەم/ توندوتیژی لە ئاستی سیاسیو سەربازیدا

ئاین ئەگەر بریتی بێت لە پەیوەندیەکی ڕۆحی لە نێوان مرۆڤو خودای خۆیدا، بڕوادارانی هەر ئاینێکیش ئازادانە سروتو نەریتو ئەرکو فەرزە ئاینیەکانی خۆیان لە چوارچێوەی ئەو پەیوەندیە ڕۆحیەدا پیادەبکەن، ئیدی چ پێویستیەکیان بە زۆرکردن لە مرۆڤو ناچارکردنیان بە باوەڕهێنان بە ئاینێکی دیاریکراو هەیە؟ یا چ پێویستیەکیان بە هەوڵی بەدەستهێنانی دەسەڵاتی سیاسیو لەشکری چەکدارو هەڵگیرسانی شەڕو خوێنڕشتن هەیە؟. *هەر بیروباوەڕو ئاینێک ئەو کاتە دەبێتە ئامرازی سەرکوتو خۆسەپاندن کە دەخرێتە خزمەتی بەرژەوەندی تایبەتی دەستەو تاقمی دیاریکراو، یا لە لایەن هێزێکی کۆمەڵایەتیەوە دەکرێتە ئایدۆلۆژیاو ئیدی هەموو ڕاستیەکانی ژیانو گەردوون بە شێوەیەکی ڕەها*



*لە چوارچێوەی بیروباوەڕو ئاینەکەی خۆیدا دەبینێتەوە، هەر جۆرە بیرکردنەوەیەکی دیکەی جیا لە بیروباوەڕەکەی خۆی بە هەڵەو گومڕا دەزانێت. نەک هەر ئەوە بەڵکو بیروباوەڕو ئاینی جیا بە لەمپەڕ لە ڕێگای بیروباوەڕەکەی خۆیدا دەبینێتەوە. لەسەر بنەمای ئەم بیرکردنەوەیەش ئەوە بە ئەرکو مافی خۆیان دەزانن کە ڕاستیەکانی لای خۆیان زاڵ بکەنو لە هەوڵی لابردنو سڕینەوەی ئەو ئاینو باوەڕە جیاوازانەدا بن کە بە لایانەوە گومڕاو هەڵەو نادروستن.. بۆ ئەم مەبەستەش پەنا دەبەنە بەر هێزو بەدەستەوەگرتنی دەسەڵاتی سیاسیو بەکارهێنانی زەبروزەنگو توندوتیژی. بەم شێوەیە تێکەڵکردنی ئاینو سیاسەت لە شێوە ئایدۆلۆژیاییو ڕەهاییەکەیدا هەمیشە سەرچاوەی بەریەککەوتنی توندوتیژو شەڕی نێوان هێزە کۆمەڵایەتیە جیاوازەکان بووە.* ڕێگایەکیش بووە بۆ زاڵکردنو پاراستنی بەرژەوەندی چینی دەسەڵاتدارو جێبەجێکردنی زوڵمو ستەم لە بەرانبەر ئاینو بەرژەوەندی جیاوازدا. لەم بارەوە نووسەری بەناوبانگی عەرەب «عەلی وەردی» دەڵێت:

(ئاین نەهاتووە هەوڵی سەرکەوتنو زاڵبوون بدات تەنها لەپێناوی بیروباوەڕێکی دادگەرانە کە خۆی بڕوای پێیەتی.. هەر کە ئاین هەوڵی سەرکەوتنی بەسەر دوژمندا دا، ئیدی بێ ئەوەی گرنگی بدات بەو بیروباوەڕەی کە خۆی هێناویەتی، ئەوا دەبێتە دەوڵەتو سیفەتی ئاینی لێ دادەڕنرێت، ئەودەم دەبێتە یاریەک بەدەستی سیاسیەکانەوەو ڕووپۆشی هەموو کردارەکانی خۆیانی پێدەکەن لەپێناوی فەتحو ژێربارخستندا)[٣]. لە خوێندنەوەی ئایەتەکانی مەدەنیدا ئەو ڕاستیەمان بۆ ڕووندەبێتەوە کە ئاینی ئیسلام هەر لە سەرەتاوە لەسەر دەستو ڕابەرایەتی محەمەد خۆیدا تێکەڵکردنێکی تەواوی ئاینو سیاسەت بووە بۆ بەدەستەوەگرتنی دەسەڵات. کاتێکیش ئیسلام بە زەبری هێزو بە ڕێگای شەڕو توندوتیژی بوو بە دەسەڵات، ئیدی ئایەتەکانی قورئان لە لایەن دەسەڵاتی ئیسلامەوە دەکرانە یاسای کۆمەڵو لە ژیانی ڕۆژانەدا جێبەجێ دەکران.

بە گوێرەی پێناسەی ئەم سەردەمە، شەڕ درێژەکێشانی سیاسەتە بە شێوەی توندوتیژ. واتا لە کاتێکدا زمانی گفتوگۆو لەیەکتر تێگەیشتن چارەسەری کێشەیەک لە نێوان هێزو لایەنە ناکۆکو بەرژەوەندیە جیاوازەکاندا ناکات، ئیدی شەڕو خوێنڕشتن بۆ بەلاداخستنی ناکۆکیەکان بەرپا دەبێتو لایەک لە هەوڵی سڕینەوەو نەهێشتنی هێزە نەیارەکانیدا دەبێت. هەر بەو مەبەستە وتاری ئایەتەکانی قورئان لە مەدینە لە شێوەی ئامۆژگاریەوە گۆڕا بە توندوتیژیو لە مەیدانیشدا بەرنامەی هاندان بۆ شەڕو کوشتارو هێرشو پەلامار پیادەکراو بە چەند شێوەیەک لە ئایەتەکانی مەدەنیدا ڕەنگدانەوەی دەخوێنینەوە، لەوانە: *١- ئایەتەکانی هاندان بۆ شەڕوکوشتار* بەدوای دامەزراندنی لەشکری موسوڵماناندا، لە یەکەم ئایەتی توندوتیژی مەدەنیدا مۆڵەتی شەڕکردن بە موسوڵمانان درا: – (أذن للذين يقاتلون بانهم ظلموا و ان الله على نصرهم لقدير ) الحج/ ٣٩.

واتا (ئەو کەسانەی شەڕیان بەسەردا سەپاندوون، چونکە ناهەقیان لێکراوە، دەتوانن تۆڵەی خۆوەکەن، خوداش دەتوانێ سەریان خا ). بەدوای بڵاوکردنەوەی ئەو ئایەتەدا، یەکەم دەستەی لەشکری موسوڵمانان هێرشیانکردە سەر کاروانێکی بازرگانی قورەیش. دوای ئەوەش بڕیاری جیهاد لەم دوو ئایەتەی خوارەوەدا ڕاگەیەندرا:

– (فلا تطع الكافرين و جاهدهم به جهادا كبيرا) الفرقان/٥٢. واتا (سا تۆ هەرگیز بە قسەی خوانەناسان مەکەو بە هەموو هێزو تواناوە هەر بە گژیاندا وەرە).

— (تؤمنون بالله و رسوله و تجاهدون في سبيل الله بأموالكم و أنفسكم ذلكم خير لكم ان كنتم تعلمون) الصف/ ١١.

واتا ( بڕواو بە خواو بە پێغەمبەری ئەو بێننو بە داراییو گیانی خۆتان لە ڕای خودا تێبکۆشن، ئەمە بۆ ئێوە باشترە گەر بیزانن). بەگوێرەی واتای ئەو دوو ئایەتەی سەرەوە خودا فەرمانی جیهادی بە پێغەمبەری



خۆی ڕاگەیاندووە. لێرەدا باش وایە وشەی جیهاد لە ڕوانگەی ئیسلامەوە ڕوون بکەینەوە:

جیهاد وشەیەکی عەرەبیە، چاوگە، بەواتای هەوڵدان، تێکۆشان، ڕەنجدان، خەباتکردن. لە واتای ئەو دوو ئایەتەی سەرەوەدا ئەم وشەیە مانای هەوڵدانو خەباتکردن بە ماڵو بە گیان لەپێناوی سەرخستنی ڕێبازی ئیسلامدا دەگرێتەوە. *بیرمەندانی مەزهەبو ڕێبازە جیاوازەکانی ئیسلام، بەگوێرەی هەلومەرجی جیاواز، لەسەر ئەو لێکدانەوەیە کۆکن کە جیهادکردن بە ماڵو بە گیان ڕێگای زەبروزەنگو توندوتیژیش دەگرێتەوە، واتا کوشتارو خوێنڕشتن بەشێکە لە جیهاد یان شێوەیەکە لە شێوەکانی جیهاد. لە هەلومەرجێکدا موسوڵمانان هێزو دەسەڵاتی سیاسیان بە دەستەوە نەبێت، لەو کاتەدا جیهاد بریتیە لە بڵاوکردنەوەی بانگەوازی ئیسلامو هەوڵی زاڵکردنی لە کۆمەڵگادا بە ڕێگای ئێمنانە. کاتێکیش کە هێزوتوانا پەیدا دەکەن، یا لە کۆمەڵگادا باڵادەست دەبن، جیهاد بریتیە لە بەکارهێنانی زەبروزەنگ بۆ ناچارکردنی خەڵک بۆ ئەوەی ببن بە موسوڵمان. تەواو وەک ئەوەی محەمەد لە هەردوو قۆناغی مەککەو مەدینەدا پیادەی کردووەو لە ئایەتەکانی مەککیو مەدەنیدا دەیانخوێنینەوە.* لە دوای ڕاگەیاندنی بڕیاری جیهاد ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لەشکری موسوڵمانان تەیار ترو ئامادەی شەڕو پەلامارەکان دەکران. ئایەتەکانی قورئانیش بەگوێرەی چوونەپێشەوەی شەڕو چالاکیو ڕەوتی ڕووداوەکان لە بارودۆخە جیاوازەکاندا، لە هەوڵی بەرزکردنەوەی ورەو گیانی خۆبەختکردندا خەباتیانی گەرموگوڕ ترو حەماسی شەڕو کوشتاری باڵاتر دەکردن. یەک بەدوای یەکدا ئایەتەکان گەرمتر هانی موسوڵمانانی دەدا بە بیروباوەڕو هەرچی لە توانایاندایە بەشداری لە جیهاددا بکەنو بچنە غەزای کوشتنی کافرانو بێبڕوایانو خەڵکانی ناموسوڵمان. با وەک نموونە ئەم ئایەتانەی خوارەوە بخوێنینەوە:

– (و أعدوا لهم ماآستطعتم من قوة و من رباط الخيل ترهبون به عدو الله و

عدوکم) الانفال/٦٠. واتا (تا بۆو دەکرێ چەکو جبەخانەی شەڕو ئەسپی سواری پەیدابکەن، دوژمنی پێ بترسێنن، کە دوژمنانی خوداشن). لە کتێبی تەفسیری گوڵشەندا لێکدانەوەی ئەو ئایەتەی سەرەوە بەم جۆرە کراوە : (شەڕکردن حاڵەتێکی کۆمەڵایەتیە، لە بەرئەوە بە درێژایی مێژوو تا ئەمڕۆ چەندەها شەڕی گەورەو بچووک لە نێوان دوو وڵات، یان دوو هۆز، یان دوو نەتەوەدا هەڵگیرساوە و، ئەم سەر زەویە بێ شەڕو شۆڕ نەبووە، ئەگەر لە لایەک شەڕ کوژابێتەوە، لە لایەکی ترەوە هەڵگیرساوەتەوە.. لە بەر ئەوە لێرەدا خودا فەرمان دەدات بە سەر موسوڵمانەکاندا،کە دەبێت بە پێی توانا هەموو جۆرە هۆکارێکی هێزو تفاقی شەڕکردن ئامادە بکەنو هەیانبێتو ئەسپی شەڕ لەسەر سنوورەکانی وڵاتیان ڕابگرن، بۆ ئەوەی بتوانن بەچاکی بەرانبەر دوژمنانیان بوەستنو لە گەڵیاندا ڕووبەڕوو ببنەوە. ئیمامی موسلیم دەیگێڕێتەوە، کە پێغەمبەری خودا- دخ- لە سەر مینبەر ئەم ئایەتە پیرۆزەی خوێندەوە، سێ جار فەرمووی- الا ان القوة الرمي- واتە : ئاگادار بن هێزو توانا بریتیە لە هاویشتنو تێگرتن، جا ئەگەر ئەو تێگرتنە لەو سەردەمانەدا تیروکەوانو مەنجەنیق بووبێت، لەمڕۆدا تۆپو بۆمباو موشەک دەگرێتەوە، جا چ بە فڕۆکەی جەنگیی بهاوێژرێت یان بە پاپۆری جەنگیی لە دەریاوە بهاوێژرێت، یاخود هەر لە سەر زەویەوە بتەقێنرێت. خودا بە پێغەمبەرو موسوڵمانان لە هەموو کاتو سەردەمو شوێنێکدا دەفەرموێت : هەموو جۆرە چەکو هێزێک ئامادە بکەن، بۆ ئەوەی دوژمنانی خوداو دوژمنانی خۆتانی پێ بترسێنن)[4]. -(و قاتلوا في سبيل الله و آعلموا ان الله سميع عليم) البقرة/ ٢٤٤. واتا (لە ڕای خودا بچنە خەزاو بزانن کە خوا بیسەرو ئاگادارە).

-(فقاتل في سبيل الله لا تكلف الا نفسك و حرض المؤمنين) النساء/٨٤. واتا (تۆ لەسەرتە لە ڕای خودا بچیە خەزاو تۆ هەر ئەرکی خۆت لەسەرە، دنەو هانەی باوەڕدارانیش بدە).

-(يا ايها الذين آمنوا خذوا حذركم فانفروا ثبات او أنفروا جميعا) النساء/



٧١. واتا (ئەی گەلی خاوە باوەڕان، هەمیشە هۆشی خۆو هەبێو ئامادە بن. دەستە دەستە، یان پێکەوە بە تێکڕایی بچنە خەزا).

-(يا ايها النبي حرض المؤمنين على القتال ان يكن منكم عشرون صابرون يغلبون مائتين و ان يكن منكم مائة يغلبوا الفا من الذين كفروا بانهم قوم لا يفقهون) الانفال/٦٥.

واتا (ئەی پێغەمبەر هانەی باوەڕداران بدە بچنە خەزا، ئەگەر ئێوە بیست کەس بنو خۆڕاگر بن، هێزتان بە دووسەد کەس دەشکێ، گەر سەد کەستان خۆڕاگر بن، بە ئیزنی خوا، دووهەزار کەس لە خوانەناسان ڕادەنێن، چونکە ئەوان کەسانێکی بێ ئاوەزن).

- (فليقاتل في سبيل الله الذين يشرون الحياة الدنيا بالآخرة و من يقاتل في سبيل الله فيقتل او يغلب فسوف نؤتيه أجرا عظيما ) النساء/ ٧٤.

واتا (با ئەوانەی بۆ قیامەتێ دەس لە دنیایە هەڵدەگرن، بچنە خەزا لە ڕای خوادا. ئەوەش کە دەچێتە خەزا لە ڕێی خودا، چ بکوژرێو چ سەرکەوێ لەو دنیا پاداشێکی گەورەی دەدەینێ).

-(و لا تهنوا في ابتغاء القوم ان تكونوا تألمون فانهم يألمون كما تألمون و ترجون من الله ما لا يرجون و كان الله عليما حكيما) النساء/ ١٠٤.

واتا (لە دانەپەی دوژمنا هیچ سستی مەکەن، ئەگەر ئێوە لەوان تووشی ئازار دەبن، ئەوانیش هەر وەکو ئێوە لە ئێوە ئازار دەبینن، ئێوە هومێدتان خوایە،ئەوان ئەمەشیان لا نیە، خودا زانای لە کارزانە).

لەو ئایەتانەی سەرەوەدا ئەو ئاراستەیە دەخوێنینەوە کە لە هەوڵی ئەوەدایە لەشکری موسوڵمانان لە ڕووی دەروونیەوە بە بیروباوەڕ تەیارو ئامادە بکات بۆ شەڕو پەلامارەکانو پیادەکردنی توندوتیژی.

لە قۆناغێکی باڵاتری توندبوونەوەی ململانێکاندا لەشکری ئیسلام دەستدەکات بە هێرشو پەلامارو ئاگری شەڕەکان هەڵدەگیرسێن. ئیدی وتاری ئایەتەکانی قورئانیش توندتر دەبنەوەو لەشکری موسوڵمانان هاندەدات لە کوشتاری هێزەکانی قوڕەیش سڵ نەکەنەوەو دەستیان لێ

نەپارێزن، وەک لەم ئایەتانەی خوارەوەدا دیارە:

- (فاذا لقيتم الذين كفروا فضرب الرقاب حتى اذا اثخنتموهم فشدوا الوثاق فأما منا بعدو اما فداء) محمد/٤.

واتا (ئیتر هەرگا تووشی ئەو بێ دینانە بوون، لە ملیان دەن، پاش ونجڕونجڕکردنیان شەتەکیان دەن. ئەوسا یان هەر بە چاکە ئازادیان بکەن، یا بەرخوێنیان لێ بستێنن). تەفسیری گوڵشەن سەبارەت بەم ئایەتە نووسیویەتی: (ئەی موسوڵمانینە! ئەگەر لە شەڕدا لە گەڵ کافرانی دوژمنانی بێباوەڕاندا بە یەک گەیشتنو بەرەنگاری یەکتر بوونەوە، ئەوە شاڵاویان بۆ ببەنو بە کوشتن بیاندرووننەوەو گەردنیان بپەڕێنن، تا بە تەواوی شپرزەو شرپیان دەکەنو توانای شەڕکردنیان نامێنێت، ئینجا ئەوانەیان کە بە دیلی دەیانگرن بیانبەستنەوە تا ڕانەکەن، پاشان یان هەروا بەریان بدەنو ئازادیان بکەن یاخود بەرانبەر ئەو برە ماڵو سامانەی کە خۆیانی پێ دەکڕنەوە، یان بەرانبەر ئەنجامدانی ئەو کارەی کە پێیان دەسپێرن، دەستیان لێ بەر بدەنو ئازادیان بکەن. ئەمە هەر وا دەبێت، تا بە تەواوی شەڕ تەواو دەبێتو بنەو بارگەی قورسی چەکی دادەنێت. ئەگەر خودا بیەوێت، ئەوە بە بێ شەڕکردنی ئێوە، هەر خۆی پەلوپۆی دوژمنانتان دەکات، بەڵام حیکمەتی خودا وایە کە بکەونە ژێر تاقیکردنەوەوەو بە گژ یەکتریدا بچنەوە، تا بە چاکی ئیمانداران دەربکەونو بناسرێن.. ئنجا ئەوانەی کە لە ڕێگای خوادا دەکوژرێن، خودا کردەوەکانیان بزر ناکاتو هەروا بە فیرۆ ناڕوات)•.

— (اذ يوحي ربك الى الملائكة اني معكم فثبتوا الذين آمنوا سألقي في قلوب الذين كفروا الرعب فاضربوا فوق الاعناق و اضربوا منهم كل بنان) الانفال/ ١٢.

واتا (خودا فریشتەی تێگەیاند کە: خۆشم دەگەڵ ئێوەدام، غیرەت وەبەر خاوەن باوەڕەکان بێنن، منیش ترس وەبەر خوانەناسەکان دەنێم. سا ئێوە لە ملیان دەنو هەموو ئەنگوستەکانیشیان بپەڕێنن).



-(فلا تهنوا و تدعوا الى السلم و انتم الأعلون و الله معكم و لن يتركم اعمالكم) محمد/ ٣٥.

واتا (سس مەبنەوەو داوای شەڕوێستانێ مەکەن، هەر ئێوە بەسەر ئەواندان، ئێوە خوداتان لەگەڵەو هەرگیز پاداشی خەباتەکەتان لێ کەم ناکاتەوە).

-(و لا تحسبن الذين قتلوا في سبيل الله أمواتا بل أحياء عند ربهم يرزقون) آلعمران/ ١٦٩.

واتا (ئەو کەسانەی لە ڕێی خودادا کوژراون، هەرگیز نابێ بە مردوویان حیساب بکەن، هەر زیندوونو خودا بژێویان دەداتێ).

## ٢. ئایەتەکانی بەزۆر خەڵک بۆ شەڕ ناردن

لە ماوەی دە ساڵی ڕابەرایەتی محەمەددا لە مەدینە، پشتبەستن بە هێزی چەکداری لەشکری ئیسلامو شەڕو پەلامارو ناچارکردنی خەڵک بۆ هاتنە ژێر ئاڵای ئیسلام، لە فاکتەرە هەرەگرنگەکانی سەرکەوتنو دامەزراندنی دەسەڵاتی ناوەندی ئیسلام بوو. لە قۆناغێکدا کە هێشتا دەسەڵاتو فەرمانڕەوایی ئیسلام سنووری شاری مەدینەو هەندێک لە خێڵە کۆچەریەکانی دەوروبەری تێنەدەپەڕاند، محەمەد بۆ بەرگری لە شارو دەسەڵاتەکەی لە کاتی هێرشو پەلاماری هێزەکانی قورەیشدا، جگە لە لەشکری موسوڵمانان خەڵکی دیکەی دانیشتوانی مەدینەو خێڵەکۆچەرەکانی دەوروبەری شاری بەزۆر ڕاپێچی شەڕە یەک لە دوای یەکەکان دەکردن. خەڵکانێک کە لە ترسی دەسەڵاتی ئیسلام، سەرزارەکی، موسوڵمانبوونی خۆیان ڕاگەیاندبوو، لە دڵەوە ئامادەیی بەشداریکردنی شەڕەکانیان نەبوو. بۆیە لە کاتی کۆکردنەوەی هێزدا بۆ شەڕ، بیانووی جۆراوجۆریان بۆ محەمەد دەهێنایەوە بۆئەوەی بەشداری نەکەن. بۆ نموونە لەکاتی شەڕی «خەندەق»دا لە ساڵی پێنجەمی کۆچدا کە هێزەکانی قورەیش بە لەشکرێکی دە هەزار کەسی ماوەی

مانگێک گەمارۆی لایەکی شاری مەدینەیاندا، ئەو خەڵکانە بۆئەوەی هەروا لە شەڕێکدا نەکوژرێن کە لە دڵەوە باوەڕیان پێی نەبوو، بە بیانووی جیا جیا داوای مۆڵەتیان لە محەمەد دەکرد، بۆ نموونە:

- (و اذا قالت طائفة منهم يا أهل يثرب لا مقام لكم فارجعوا و يستاذن فريق منهم النبي يقولون ان بيوتنا عورة و ما هي بعورة ان يريدون الا فرارا) الاحزاب/ **١٣.**

واتا (هێندێک لەوان گازی دەکرد: ئەی دانیشتوانی مەدینە! ئێرە جێگای ئێوە نیە، دەی وەگەڕێن. هێندێکیشیان دەهاتن ئیزنیان لە پێغەمبەر دەخواست : کەسمان لەسەر ماڵەکانمان دانەناوە ئاگای لێ بێ. ماڵیان بێ پارێزگار نەبوو، هەر نیازی ڕاکردنیان بوو).

- (و لو دخلت عليهم من أقطارها ثم سئلوا الفتنة لآتوها و ما تلبثوا بها الا يسيرا ) الاحزاب/**١٤.**

واتا (ئەگەر دەوری ماڵەکانیان لێ گیراباو بیانگوتایە : لە دین پەژیوان ببنەوە، هێندە زۆری نەدەخایاند، لە دین پاشگەز دەبوونەوە).

هەروەها لە قۆناغێکی دیکەدا بۆ هێرشو پەلامار بۆ سەر خێڵە عەرەبەکانی ناوچە جیاجیاکانی نیمچەدوورگەو ملکەچ پێکردنیان بۆ ئاینو دەسەڵاتی ئیسلام، محەمەد دیسان فشار دەخاتە سەر خێڵەکانی دەوروبەری مەدینە بۆ بەشداریکردنیان شانبەشانی لەشکری موسوڵمانان، بۆ نموونە، ناچاریان دەکات لە هێرشو پەلامار بۆ سەر خێڵی «هەوازین» بەشداری بکەن، وەک لەم دوو ئایەتەی خوارەوەدا:

- (قل للمخلفين من الأعراب ستدعون الى قوم أولي باس شديد تقاتلونهم أو يسلمون فان تطيعوا يؤتكم الله أجرا حسنا و ان تتولوا كما توليتم من قبل يعذبكم عذابا أليما) الفتح/ **١٦.**

واتا (بەو عەرەبە کۆچەرانەی- کە پێشوو خۆیان دەدزیەوە- بێژە: هەر لەم بەینانەدا بانگتان دەکەن، بچنە سەر گەلێکی گەڕناس، یان هەر شەڕتان دەگەڵ دەکەن، یان خۆبەدەستەوە دەدەن. جا ئەگەر ئێوە



بەرفەرمان بن، لە خوداوە پاداشێکی باش وەردەگرن، ئەگەر خۆشتان بدزنەوە دەتانخاتە بەر جەزرەبەیەکی بەژان).

- (ليس على الأعمى حرج و لا على الأعرج حرج و لا على المريض حرج و من يطع الله و رسوله يدخله جنات تجري من تحتها الانهار و من يتول يعذبه عذابا اليما ) الفتح/ **١٧.**

واتا (گازندە لە کوێر ناکرێ، گلەییش لەسەر شەل نیە، لەش بەباریش قەیدێ ناکا. هەر کەسێکیش بە فەرمانی خواو پێغەمبەری ئەو بکا، دەینێرێتە ناو باغاتێک جۆباریان بە بەردا دەڕوا. هەر کەسێکیش خۆ ببوێرێ جەزرەبەی بەژانی دەدا).

لە قۆناغێکی باڵاتری دەسەڵاتدا کە ئیسلام تاکە دەسەڵاتی نیمچەدوورگە بوو، محەمەد پلانی فراوانترکردنەوەی دەسەڵاتەکەی بۆ دەرەوەی نیمچەدوورگە دانا. بۆ ئەو مەبەستە لە ساڵی نۆیەمی کۆچدا لەشکرێکی سی هەزار کەسی بە خۆشی یان بە ناخۆشی بۆسەر شامو ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی ئیمپراتۆری ڕۆم سازو ئامادەکرد. لەو کاتەدا زۆرێک لە خەڵکو خێڵە عەرەبەکان سستییان نواندووەو بە هەر بیانویەک هەوڵیان داوە بەشداری لەو هێرشە درێژماوەو خەتەرناکەدا نەکەن. بەڵام لێیان قبوڵ نەدەکرا، وەک لەم ئایەتانەی خوارەوەدا، دەربارەی غەزای تەبوک، دەیخوێنینەوە: - (يا ايها الذين آمنوا ما لكم اذا قيل لكم أنفروا في سبيل الله اثاقلتم الى الارض أرضيتم بالحياة الدنيا من الآخرة فما متاع الحياة الدنيا في الآخرة الا قليل) التوبة/**٣٨.**

واتا (ئەی گەلی خاوەن باوەڕان! چیتانە کە پێتان ئێژن: وەدەرکەون بۆ خەزا لە ڕای خوادا، تەمەڵنو لە جێی خۆ نابزوون؟ ئاخۆ ژیانی دنیاتان لە قیامەتێ پێ خۆشترە؟).

-(الا تنفروا يعذبكم الله عذابا أليما و يستبدل قوما غيركم و لا تضروه شيئا و الله على كل شيء قدير ) التوبة/**٣٩.**

واتا (ئەگەر نەڕۆنە خەزایە، لە خواوە تووشی جەزرەبەی بەژان دێنو

دەستەیەکی تازەبابەت دەخاتە شوینەکەی ئێوەو لەم بارەوە هیچ زیانێکی پێ ناگەیەنن. خوا بۆ هەموو شت توانایە).

- (و منهم من يقول أئذن لي و لا تفتني الا في الفتنة سقطوا) التوبة/ ٤٩.

واتا (هەر لەوانەدا ئی وا هەن، دێن پێت ئێژن: ئیزنمان بدە با نەیەین، نەوەک تووشی گوناه بین. با بزانن کە هەر ئێستا کەوتوونەتە ناو گوناهەوە).

-(قل أنفقوا طوعا أو كرها لن يتقبل منكم انكم كنتم قوما فاسقين) التوبة/ ٥٣.

واتا (بێژە: بە خۆشی خۆتان بێ یان بە زۆری، ماڵ بەخت کەن، خودا لێتان قبووڵ ناکا، چونکە ئێوە کۆمەڵێ لە ڕێ لادەر بوون). لە کتێبی «ئەسباب ئەلنزول»دا هۆی دابەزینی ئەم ئایەتەی سەرەوەی ئاوا باسکردووە:

(ئیبن عەباس دەگێڕێتەوە: ئیبن قەیس وتوویەتی: من ئەگەر ژنان ببینم خۆم پێ ڕاناگیرێ! جا بۆ ئەوەی تووشی گوناه نەبم نایەم، بەڵکو بە سامانەکەم یارمەتیت دەدەم. لەبەرئەوە ئەم ئایەتە دابەزی: قل انفقوا طوعا ...هتد)[٦].

-(و جاء المعذرون من الأعراب ليؤذن لهم و قعد الذين كذبوا الله و رسوله سيصيب الذين كفروا منهم عذاب اليم) التوبة/ ٩٠.

واتا (ارەبی دەشتەکی هاتوون بروبەهانە دەتاشن ئیزنیان بدەی نەچنە خەزا. ئەو کەسانەش کە حاشایان لە خوداو پێغەمبەری هەیە، لە ماڵە خۆیان ڕۆنیشتوون، ئەوانە بوونە خوانەناس– بەم زووانە– تووشی ئازارێ تووش دەبن).

**٣. ئایەتەکانی پلانو تاکتیکی سەربازیی**

لە پێناسەکردنی شەڕدا وتمان شەڕ درێژەکێشانی سیاسەتە بە شێوەی توندوتیژ.. هەروەک چۆن سیاسەت لە داهێنانی مرۆڤە بۆ بەڕێوەبردنی کۆمەڵ، شەڕیش هەر لە داهێنانی مرۆڤە بۆ یەکلایی کردنەوەی ناکۆکیە



سیاسیو بەرژەوەندیە ئابوریە جیاوازەکان. *شەڕ لە لایەن خوداوە بۆ مرۆڤ نەهاتووە، بەڵکو هەموو شەڕەکانی مێژووی مرۆڤایەتی هەر شێوەیەکیان بەخۆوە گرتبێتو لەژێر هەر ناوێکدا بەرپاکرابن لە ناوەرۆکدا هەر شەڕی پاراستنی بەرژەوەندیە جیاوازەکانو دەسەڵات بوون.* بۆ نموونە: شەڕی خێڵەکان، شەڕی نێوان ئاینو ئاینزا جیاوازەکان، کە بەزۆری لەژێر ناوی شەڕی نێوان هەقو باتڵ دا بەرپاکراون، شەڕی نێوان نەتەوە جیاوازەکان، شەڕی ناوخۆی وڵاتانو نێوان چینە جیاوازەکانی کۆمەڵ، شەڕی نێوان وڵاتانو شەڕە جیهانیەکان و...هتد. لە واقیعدا هیچ شەڕێک لە ئاسمانو غەیبەوە بڕیاری بۆ نەدراوە، لەشکری سەربازی غەیبیش بۆ یارمەتی هیچ لایەنێک لە ئاسمانەوە دانەبەزیوە. بەڵکو هەموو شەڕەکان لەسەر ڕووی ئەم زەمینە هۆو زەمینەی بابەتیو خۆییان هەبووەو لە هەلومەرجی دیاریکراودا بە پلانو نەخشەی ڕابەرانی سیاسیو سەرکردەکان بەرپاکراون. فەرماندە سەربازیەکانیش لەشکرەکانیان تەیارو ئامادەکردووەو پلانو نەخشەیان بۆ بردنەوەی شەڕەکانو تێکشکاندنی هێزی دوژمن داڕشتووەو لە مەیدانی شەڕەکاندا جێبەجێیان کردووە. مرۆڤ چۆن بۆ یەکلایی کردنەوەی ناکۆکیەکان شەڕی داهێناوە، بۆ یەکلاکردنەوەی شەڕەکانیش ئامرازو ئامێری شەڕکردنیان داهێناوە. ئەو ئامرازانەش بە گوێرەی سەردەمە جیاوازەکانو پێشکەوتنی ئاستی تەکنۆلۆژی کۆمەڵگاکان گۆڕانیان بەسەردا هاتووە. تیروکەوان، ڕم، قەڵغان، شمشێر، بە پیادەو سوارە، ئەسپو فیلو وشتریان بەکارهێناوە. تا دەگات بە چەکی گولەی ئاگرین، میتاڵ، تۆپ، دەبابە، کەشتی جەنگی، تەیارە، موشەکی دوورهاوێژ، چەکی بەکۆمەڵ کوشتنی جۆراوجۆرو...هتد. ئامرازی شەڕکردن، نەخشەو پلانو تاکتیکی شەڕ، ورەی جەنگاوەران، ڕۆڵی گرنگیان لە بەدەستهێنانی سەرکەوتنی شەڕەکاندا هەبووە.

شەڕەکانی بزوتنەوەو دەسەڵاتی ئیسلامیش بە ڕابەری محەمەد هەر لەسەر ئەو بنەمایانە بەرپاکراونو بەڕێوەچوون. جگە لە مەبەستی

ئاینی، بەرژەوەندی سیاسیو ئابوریان لە پشتەوە بووە. لەو شەڕانەدا کە محەمەدو فەرماندە سەربازیەکانی پلانو تاکتیکی دروستیان هەبووە، سەرکەوتنیان بەدەستهێناوە، نەک بەهۆی یارمەتی فریشتەی شەڕکەرەوە!. وەک سەرکەوتنەکانیان لە شەڕی بەدرو خەندەقدا. لە هەر شەڕێکیشدا پلانو نەخشەو ورەی شەڕکردنیان بەگوێرەی پێویستو لە ئاستی هێزی بەرانبەردا نەبووبێت، ئەوا نوشوستیان بەدەستهێناوە، وەک لە شەڕی ئوحودو حونەیندا. لە ئایەتەکانی مەدەنیدا هەندێک ئاماژە بەو پلانو تاکتیکانە دەخوێنینەوە، بۆ نموونە:

-(فاذا انسلخ الاشهر الحرام فاقتلوا المشركين حيث وجدتموهم و خذوهم واحصروهم و اقعدوا لهم كل مرصد)التوبة/٥. واتا (هەر کە مانگە حەرامەکان بڕانەوە، ئەو بتپەرستانەو لە کوێ وەدەس کەوێ، لە گرتنو بەندکردنو کوشتنیان دەس مەپارێزنو بۆسەیان بۆ بنێنەوە).

لە کۆنەوە خێڵە عەرەبەکانی نیمچەدوورگە لەسەر ئەوە رێککەوتبوون کە لە مانگەکانی (زولقەعیدە، زولحیجە، موحەڕەمو ڕەجەب)دا بەهۆی حەجکردنو زیارەتی بتەکانی کەعبەوە شەڕی یەکتر نەکەن. ئەو ئایەتەی سەرەوە لەسەر بنەمای رێزگرتن لەو نەریتە باوەی خێڵەکان، بە لەشکری موسوڵمانان ڕادەگەیەنێت کە لەو چوار مانگەدا شەڕی نەیاران نەکەن. بەڵام ئاگاداریشیان دەکاتەوە دوای تێپەڕینی ئەو چوار مانگە بە هیچ شێوەیەک دەستیان لێ نەپارێزن، لە هەرکوێ تووشیان بوون بیانکوژن.. داوای بۆسەنانەوەیان لێدەکات، وەک تاکتیکێکی شەڕی سەربازی بۆ لێدانی لەناکاوو چاوەڕواننەکراو بەهۆی دەستەی سەربازی بچووک بچووکەوە. بەو شێوەیە دەکرێت هێزی دوژمن خافڵگیر بکرێتو دەستی قورسو کوشندە بوەشێنرێت.

-(فاذا لقيتم الذين كفروا فضرب الرقاب حتى اذا اثخنتموهم فشدوا الوثاق فأما منا بعد و اما فداء حتى تضع الحرب أوزارها) محمد/ ٤.

واتا (ئیتر هەرگا تووشی ئەو بێ دینانە بوون، لە ملیاندەن، پاش



ونجڕونجڕکردنیان شەتەکیان دەن. ئەوسا یان هەر بە چاکە ئازادیان بکەن، یا بەرخوێنیان لێ بستێنن، هەتا شەڕ کۆتایی پێ دێ).

تۆقاندنو ئیرهاب بە دەست نەپاراستن لە کوشتاری دڵڕەقانەی وەک شمشێر لە ملدان! یەکێک لەو تاکتیکە جەنگیانە بووە کە لە سورەتی محەمەددا فەرمان بە لەشکری موسوڵمانان دەدات بەرانبەر ئەو هێزانەی کە بە بێ دین ناویان دەبات جێبەجێ بکەن، بۆ ئەوەی ورەو توانای شەڕکردنیان نەمێنێو شپرزە بکرێن. ئەوسا بە دیل بیانگرنو بیانبەستنەوە تا ڕانەکەن. دواتر دیلەکان هەروا یان لە بەرانبەر پارەو ساماندا ئازاد بکەن.. بەو شێوەیە دەتوانن هێزی دوژمن تێکبشکێننو سەرکەوتن لە شەڕدا بەدەستبهێنن.

-(فلا تهنوا و تدعوا الى السلم و انتم الأعلون و الله معكم و لن يتركم اعمالكم) محمد/٣٥.

واتا (سس مەبنەوەو داوای شەڕوێستانێ مەکەن، هەر ئێوە بەسەر ئەواندان، ئێوە خوداتان لەگەڵەو هەرگیز پاداشی خەباتەکەتان لێ کەم ناکاتەوە).

لەو ئایەتەی سەرەوەدا ئەو ڕێگایە پیشانی موسوڵمانان دەدات کە لە کاتێکدا هێزی ئێوە لە هێزی دوژمن باڵاترەو ئەوانتان سەغڵەت کردووە، شەڕ ڕامەگرن، بەڵکو بەردەوام بن تا بە یەکجاری تێکیان دەشکێنن، چونکە ئەگەر شەڕ ڕاگرن دوژمن بەخۆیدا دێتەوەو سەرلەنوێ هێزەکانی ڕێکدەخاتەوە، ڕەنگە ئەوسا ئێوە بشکێن.

-(و ما اصابكم يوم التقى الجمعان فبأذن الله و لم يعلم المؤمنين ) آلعمران/١٦٦.

واتا (وە ئەو زیانانەی وا لە «ئوحود» ڕۆژی ڕووبەڕووبوون، بە ئێوە گەیی بە فەرمانی خوا بوو، لەبەرئەوە بوو تا بڕواداران بناسرێن).

لە شەڕی ئوحوددا بەهۆی پلانی نادروستو جێبەجێ نەکردنی تاکتیکی گونجاو، لەو شەڕەدا لەشکری موسوڵمانان شکستیان هێنا. (یەکێک لە

هۆکارە سەرەکییەکانی شکانی موسوڵمانان لە شەڕی ئوحوددا- ساڵی چواری کۆچی- ئەوەبوو کە ئێشکگرو بۆسەچییەکانی سەر بەرزاییەکان بە تەماحی کۆکردنەوەو دەسکەوتنی غەنیمەتو دەسکەوتەوە سەنگەرەکانیان بەجێ هێشتبوو)[7]. محەمەد خۆی بریندارکراو کۆمەڵێک لە جەنگاوەرانی ئیسلام لەو شەڕەدا هەڵاتن. بەڵام بە گوێرەی واتای ئەو ئایەتەی سەرەوە هۆی شکاندنەکەیان دەگێڕێتەوە بۆ فەرمانی خودا.

-(لقد نصركم الله في مواطن كثيرة و يوم حنين اذ اعجبتكم كثرتكم فلم تغن عنكم شيئا و ضاقت عليكم الارض بما رحبت ثم و ليتم مدبرين) التوبة/ ٢٥.

واتا (خودا لە گەلێک شوێناندا بە هاناو هات، ڕۆژی حونەینیش هەروەها، کە هەرچەندە بە زۆری خۆتان دەنازین، کەچی هیچ بەهرەی بۆ نەدان، ئەم زەمینە گوشادەتان لێ تەنگ هەڵات. لە دواییدا هەموو پاشەکشەتان کردو بەرەودوا گەڕانەوە).

-(و اذا كنت فيهم فأقمت لهم الصلاة فلتقم طائفة منهم معك و ليأخذوا اسلحتهم فأذا سجدوا فليكونوا من ورائكم و لتأت طائفة اخرى لم يصلوا فليصلوا معك و لياخذوا حذرهم و اسلحتهم) النساء/ ١٠٢.

واتا (ئەگەر تۆش دەگەڵیان- دەسەفەردا بووی- بۆ خۆت نوێژت بۆ دابەستن، با هێندێکیان بە چەکەوە نوێژ لە دوای تۆوە دابەستن، ئەگەر لە سوژدە بوونەوە بچنە دواوەو لە پشتەوە بووپارێزن. ئەمجار ئەوانەی لە نوێژدا بەشدار نەبوون، بێنە پێشو نوێژ دەگەڵ تۆ دابەستنو لەسەر هۆش بن لە چەکەکانو لە خۆیان).

## دووەم / توندوتیژی ئاینی

پێشتر وتمان بزوتنەوەی ئیسلام لە شێوەدا بزوتنەوەیەکی ئاینیو لە ناوەرۆکیشدا بزوتنەوەیەکی سیاسی بوو، بە ئامانجی یەکێتی خێڵە عەرەبەکان خەباتی بەرپاکرد. بێگومان نە دەسەڵاتی قورەیش لە مەککەو



نە خێڵە پەرشوبڵاوەکانو نە ئاینە جیاوازەکانی دیکەی عەرەبستان هەروا بە ئاسانیو بە ئامۆژگاری ئاینی ملیان بە دەسەڵاتی ئیسلامو ڕابەرایەتی محەمەدو ئاینە نوێکەی نەدەدا.. *لەو سۆنگەیەوە دەسەڵاتی ئیسلام ڕێگای ناچارکردن بە هێزو توندوتیژی بەرانبەر بە ئاینزو بیروباوەڕە نەیارەکانو ئەو خێڵانەی کە ملیان بە ئیسلام نەدەدا گرتەبەر. ئاینی ئیسلام بە کردەوە لەژێر زەبری هەڕەشەو پەلامارو دەربەدەرکردنو کوشتارو خوێنڕشتنو هەوڵی سڕینەوەی هەر بیروباوەڕو ئاینێکی جیاوازدا دەسەڵاتی یەکلایەنەی خۆی سەپاند. ئایەتەکانی مەدەنی ڕەنگدانەوەی ئەو هەلومەرجە توندوتیژی ئامێزەن*، کە دەتوانین لە چەند بەشێکدا بیانخوێنینەوە:

### ١. ئایەتەکانی دژی ئاینی جوولەکەو مەسیحی

لە قورئاندا چەند جارێک باسی ئەم دوو ئاینە پێکەوە هاتووەو بە خاوەن کتێب (اهل الكتاب) ناویان دەبات. لە دوای شەڕی بەدرو تا ڕادەیەک باڵادەستبوونی دەسەڵاتی ئیسلام، لە چەند ئایەتێکدا ناڕاستەوخۆ یان بە ڕاستەوخۆ لە نیازی هێرشی ئیسلام بۆ سەریان ئەگەر تەسلیم بە ئیسلام نەبن ئاگاداریان دەکاتەوە، بۆ نموونە :

-(ان الدين عند الله الأسلام و ما اختلف الذين أوتوا الكتاب الا من بعد ما جاءهم العلم بغيا بينهم و من يكفر بآيات الله فان الله سريع الحساب) آلعمران/ ١٩.

واتا (لە لای خودا دین ئیسلامەو ئەوانەی ئەهلی کتێبن لەو ڕاستەقینە دەزانن، بەڵام هەر لەبەر ئێرەیی- کە لە ناو خۆیاندا هەیە- پێک نەهاتوون. هەر کەسێکیش لە نیشانەکانی خودا حاشا بکا، با تێ بگەن کە خوا لە لێپرسینەوە زۆر بە لەزەو پێ ڕادەگا).

- (يا أيها الذين أوتوا الكتاب امنوا بما انزلنا مصدقا لما معكم من قبل ان نطمس وجوها فنردها على أدبارها او نلعنهم كما لعنا اصحاب السبت و كان امر الله مفعولا ) النساء/ ٤٧.

واتا (ئەی ئەوانەی لە پێشوودا کتێبی خوداو بۆ هاتبوو! بڕوا بێنن بەمەی ئێمە ناردوومانەتە خوارەوە، کە بڕوای بەوانەش هەیە وان لە کتێبەکەی ئێوەدا. بەر لەوەی دەموچاوگەلێ ساف بکەینو وەکی پشتی سەریان لێ کەین، ئێوەش هەر وەک ئەوانەی شەمۆیان شکاند، بەر نەحلەتی ئێمە کەونو خوا بە هەرچی فەرمان بدا هەر وەدی دێ). تەفسیری گوڵشەن سەبارەت بەم ئایەتە دەڵێت: (ئەی ئەوانەی خاوەن کتێبن!- مەبەست جوولەکەو دیانەکانن- باوەڕ بێنن بە قورئان کە ئێمە بۆ هیدایەتی هەموو جیهان ناردوومانەتە خوارەوە، ئەو قورئانەی کە باوەڕی بە تەوراتو ئینجیلیش هەیە، باوەڕی پێ بهێنن پێش ئەوەی مردن یەخەتان بگرێتو ڕووتان ڕەش ببێتو شێوەو ڕوخسارتان بگۆڕینو دوورتان بخەینەوە لە ڕەحمەتمانو بەر نەفرەت بکەون، وەکو پێشینانی ئێوەمان بەر نەفرەت خست، مەبەست لە- هاوەڵانی شەممە- ئەو جوولەکانەیە کە ڕۆژانی شەممە دەستیان کرد بە ڕاوەماسی، لە حاڵێکدا کە ماسی گرتنیان لەو ڕۆژەدا لێ حەرام کرابوو.. جا چاک بزانن کە بڕیاری خودا بە کتوپڕو بێ دواکەوتن دێتە دی)[٨].

لەو دوو ئایەتەی سەرەوەدا بە جوولەکەو مەسیحیەکان ڕادەگەیەنێت کە پێویستە لەسەریان ئایینی ئیسلام هەڵبژێرن! ئەگەر نا ئەوا چارەنووسیان باش نابێتو تووشی کێشەو گرفتو ئازاری سەخت دەبن.

بەدوای ئایەتەکانی هەڕەشەدا یەکەم هێرش بۆ سەر جوولەکەکانی بەنوقەینوقاع دەستپێکرد. (جوولەکەکانی لە بازاڕی قەینوقاع کۆکردەوەو پێی ڕاگەیاندن: تەسلیم بە ئیسلام بن پێش ئەوەی وەکو قوڕەیشتان بەسەر بێت)[٩].

جوولەکەکان داواکەی محەمەدیان بۆ جێبەجێ نەکرا، واتا نەیاندەویست واز لە ئایینی خۆیان بهێننو بچنە سەر ئایینی ئیسلام. لەبەرئەوە محەمەد بە لەشکری چەکدار هێرشی بردە سەریان، ماوەی پانزە ڕۆژ لە ماڵەکانی خۆیاندا گەمارۆی دان بە نیازی شەڕو کوشتار. «عەبدوڵڵا کوڕی ئەبی»



سەرۆکی خێڵی خەزرەج، داوای لە محەمەد کرد کە ئەو کارەیان بەرانبەر نەکات، ئەوەبوو محەمەد کوشتاری نەکردن، بەو مەرجەی لە ماوەی سێ ڕۆژدا مەدینە بەجێ بهێڵن. بڕیارەکەی بەسەردا جێبەجێ کردنو دەستی گرت بەسەر هەموو سامانو موڵکو زەویو زارەکانیاندا.

لە سەر هەڵوێستی عەبدوڵڵای کوڕی ئەبی، کە داوای لە محەمەد کرد کوشتاری جوولەکەکان نەکات، ئەم ئایەتەی خوارەوە دابەزی کەئاگادارکردنەوەو هەڕەشە بوو بۆ عەبدوڵڵا:

- ( یا ایها الذین آمنوا لا تتخذوا الیهود و النصارا أولیاء بعضهم أولیاء بعض و من یتولهم منکم فأنه منهم ) المائدة/ ٥١.

واتا (ئەی کەسانێ کە بڕواتان هێناوە، جوولەکەو مەسیحیان مەگرن بە دۆستو پشتیوان، چونکە ئەوان یارو پشتیوانی یەکترن، وە هەرکەس دۆستی لەگەڵ ئەوان بکا، بەڕاستی لەوان دێتە ژمار).

لە دوای شەڕی ئوحود محەمەد نامەیەکی بۆ جوولەکەکانی بەنی نەزیر نارد، کە تیایدا نووسیبووی:

(دەرچن لە وڵاتەکەم، نامەوێ لەگەڵ ئێوەدا بژیم، ماوەی دە ڕۆژتان هەیە، دوای ئەوە هەر کەسێکتان ببینم لە ملی ئەدەم)[١٠].

جوولەکەکان بەگوێرەی نامەکەی محەمەدیان نەکردو ماڵەکانیان چۆڵ نەکرد.. بۆیە ئەویش بە سوپای موسوڵمانان هێرشی کردە سەریانو لە ماڵەکانی خۆیاندا گەمارۆی دان. [پێغەمبەر هێرشی بردە سەر بەنو نەزیر، ئەوان لە ماڵەکانی خۆیاندا دامەزران، فەرمانی دا دارخورماکانیان ببڕنو بسوتێنن، دوژمنانی خودا هاواریان کرد: ئەی محەمەد تۆ چاکسازیت دەوێت! ئایا بڕینی داری بەردارو دارخورما چاکسازیە؟! ئایا هیچ خراپەیەکت بەوجۆرە لەسەر زەویدا بینیوە؟. ئەم قسەیە پێغەمبەری تووڕەکرد.. هەندێک لە موسوڵمانەکانیش بەڕاستی ئەو کارەیان بە خراپەکاری داناو بە هاوەڵەکانی خۆیان وت مەیبڕنەوە، ئەوە نیعمەتی خودایە، وە هەندێکی دیکەیان وتیان بیبڕنەوە. بۆیە خودا ئەم ئایەتەی

خوارەوەی دابەزاند، تا نیشانی بدات کە بە ئەمری خودا بووە :- (ما قطعتم من لينة أو تركتموها قائمة على أصولها فبأذن الله و ليخزه الفاسقين) الحشر/ ٥][11] .

واتا (هەر دارخورمایەکتان دەبڕی یا دەتانهێشتەوە بە فەرمانی خودا بوو تا فاسقان پەست بکا).

بەم شێوەیە محەمەد ماوەی پانزە ڕۆژ گەمارۆی دان، لە ئەنجامدا جوولەکەکان بۆ ئەوەی خوێن نەڕژێت، وتووێژیان لەگەڵ محەمەددا کردو ناچار قایل بوون بەوەی بە دەستی بەتاڵ مەدینە بەجێبهێڵن. بە کۆمەڵ ڕەویان کرد، هەندێکیان بەرەو لای جوولەکەکانی خەیبەرو هەندێکیشیان بەرەو فەلەستین ڕۆیشتن.. محەمەد دەستی بەسەر هەموو زەویو زارو سەروەتو سامانیاندا گرتو کردنی بە موڵکی تایبەتی خۆی، تەنانەت هیچ بەشی جەنگاوەرانی لەشکری موسوڵمانانی نەدا کە لە گەمارۆکەدا بەشدار بوون!، بۆیە جەنگاوەران ڕەخنەیان لێ گرتبوو. ئەویش بە دابەزاندنی ئەم ئایەتەی خوارەوە وەڵامی ڕەخنەکەی دابوونەوە:

- (و ما أفاء الله على رسوله منهم فما أوجفتم عليه من خيل و لا ركاب) الحشر/ ٦.

واتا (هەر تالآنێک لە دانیشتووی ئەو گوندانە کە خودا دای بە پێغەمبەری، ئەوانە نین کە ئێوە بە سواری ئەسپ یان بە وشترەوە بۆی چوون).

- (هو الذي اخرج الذين كفروا من اهل الكتاب من ديارهم لاول الحشرِ ما ظننتم ان يخرجوا و ظنوا انهم مانعتهم حصونهم من الله فأتاهم الله من حيث لم يحتسبوا و قذف في قلوبهم الرعب يخربون بيوتهم بأيديهم و أيدي المؤمنين فاعتبروا يا أولي الأبصار ) الحشر/ ٢.

واتا (کە هەر ئەوە کۆمەڵی پێ نەزانانی، لەوانەی ئەهلی کتێب بوونـ لە وەدەرنانی هەوەڵدا لە زێدی خۆ تەرە کردن. ئێوە پێتان وا نەبوو کە دەردەکەون، خۆشیان وایان خەیاڵ دەکرد قەڵاکانیان لە خودایان دەپارێزێ. خودا لە شوێنێکی واوە پارێزی بردە سەر ئەوان، کە لە



خەیاڵیشیان نەبوو. وای ترس هاویشتە دڵیان، ماڵی خۆیان بە دەستی خۆو بە دەستی خاوەن باوەڕان، کاول دەکرد. سا ئێوە دەرس وەرگرن، ئەی گرۆی خاوەن ئاوەزان!).

دوای شەڕی خەندەق دەسبەجێ محەمەد هێرشی بردە سەر جوولەکاکانی خێڵی بەنی قورەیزەو گەمارۆی دان. پێی وتن کە چەند کەسێکیان لە شەڕی خەندەقدا یارمەتی قورەیشەکانیان داوە. خێڵی بەنی قورەیزە کە خۆیان بە هاوپەیمانی محەمەد دەزانی، وتیان شەڕ ناکەینو تەسلیم دەبین.. لەشکری موسوڵمانان، لە ماڵەکانیان هێنایاننە دەرەوە، بە گوریس بە چەند ڕیز پێکیانەوە بەستنو هەموویان بردن لە ماڵێکدا زیندانیان کردن، نزیکەی حەوتسەد کەس دەبوون!.

تەبەری دەڵێت: (پێغەمبەری خودا-دخ- لە ماڵی بەنی نەجاردا زیندانی کردن، ئنجا خۆی چوو بۆ بازاڕی مەدینە فەرمانی دا چاڵیان هەڵکەند)[12].

محەمەد بە «سەعد کوڕی مەعاز»ی وت: تۆ حوکمیان بدە.. سەعدیش وتی: من حوکمیان ئەدەم بەوەی، پیاوەکان بکوژرێن، موڵکو سامانیان دابەش بکرێنو ژنو منداڵیان بکرێنە کەنیزەو کۆیلە.

محەمەد بە «سەعد»ی وت: حوکمەکەت حوکمی خودایە. پێغەمبەری موسوڵمانان خۆی بە دیار چاڵەکانەوە دانیشتو فەرمانی دا بە «عەلیو زوبێر» کە ملیان بپەڕێنن!.

تەبەری دەڵێت: (پێغەمبەری خودا- دخ- فەرمانی دا بە کوشتنی هەر کەسێکیان کە تووکەبەری ڕووابێ)[13].

واتا نەک هەر گەورەساڵان، بەڵکو ملی مێردمنداڵەکانیشیان بە شمشێر پەڕاند!!!. ئنجا دەستیانگرت بەسەر چەکو ماڵو زەویو زارەکانیاندا. لە بارەی هێرش بۆ سەر خێڵی بەنی قورەیزە لە قورئاندا ئاوا هاتووە:

- (و أنزل الذين ظهروهم من أهل الكتاب من صياصيهم و قذف في قلوبهم الرعب فريقا تقتلون و تأسرون فريقا ) الاحزاب/ ٢٦.

واتا ( ئەهلی کتێبیش، ئەوانەی پشتیوانی دوژمنان بوون، لە قەڵای

هێنانە خوارێو ترسی خستە دڵیانەوەو هێندێ لەوان بەدەستی ئێوە کوژرانو هێندێکیشتان بە دیل گرتن ).

— (و أورثكم أرضهم و ديارهم و أموالهم و أرضا لم تطئوها و كان الله على كل شيء قديرا ) الاحزاب/٢٧.

واتا (زەویەکانو خانووەکانو سامانیانو ئەو زەمینەش کە پاتان پێدا نەنابوو، خودا گشتی دا بە ئێوە، خودا توانای بەسەر هەموو شتدا هەیە).

لە مانای ئەو دوو ئایەتەی سەرەوەدا ئەوە ڕووندەبێتەوە کە، لە سۆنگەی ئەوەی چەند کەسێک لە جوولەکەکانی خێڵی بەنی قورەیزە لە شەڕی خەندەقدا هاوکاری قورەیشەکانیان کردبوو، محەمەد هەموو جوولەکەکانی بە گەورەو بچووکیانەوە تووشی ئەو چارەنووسە ڕەشە کردووە!!. ئەگەرچی نزیکەی چواردە سەدە بە سەر ئەو کوشتارە بە کۆمەڵەدا تێپەڕیوە، بەڵام مرۆڤ ئێستا کە دیمەنی ئەو ملپەڕاندنانە بە شمشێر دەهێنێتە پێش چاو، ویژدان دەتەزێنێت!.

**٢. ئایەتەکانی دژی بتپەرستانو بێ بڕوایان**

بزوتنەوەی ئیسلام وەک هێزێکی باوەڕ بە زەبروزەنگی شۆڕشگێڕانە لە سەردەمی خۆیدا، بە تایبەت لەدوای کۆچ بۆ مەدینە، خەباتی خۆی لە سەرەتادا دژ بە دەسەڵاتی قورەیشو ئاینی بتپەرستی ڕاگەیاند. خێڵی قورەیش لە مەککە دەسەڵاتی سیاسیو ئاینی بە دەستەوە بوو. وەک پێشتریش ئاماژەمان پێکردووە، دامەزراندنی دەسەڵاتی یەکلایەنەی ئیسلام ئامانجی سەرەکی محەمەد بوو. هەر بۆیە لە مەدینەوە خەباتی خۆی بە دژایەتی دەسەڵاتی قورەیشو ئاینی بتپەرستی دەستپێکردو دەسەڵاتی ئاینی ئیسلامی وەک ئەڵتەرناتیف ڕاگەیاند. دوای هەشت ساڵ لە ململانێی توندوتیژو شەڕوکوشتارو خوێنڕشتن لە نێوان لەشکری ئیسلامو دەسەڵاتی قورەیشدا، سەرەنجام لەشکری ئیسلام توانیان لە ساڵی هەشتەمی کۆچدا بە زەبری هێز شاری مەککە بگرنو بە سەرکەوتوویی بچنە ناویەوە. لەشکری موسوڵمانان چوونە ناو کەعبەوە،



محەمەد یەکەم فەرمانی خۆی بە شکاندنی هەموو پەیکەرەکانی ئاینی بتپەرستی ڕاگەیاند، کە ژمارەیان سێسەدوشەست پەیکەر بوو. بە شکاندنی پەیکەرەکانیان بێگومان خەڵکانی سەر بە ئاینی بتپەرستی لە دڵەوە ئەو ڕووداوەیان بە سووکایەتی بە ئاینو باوەڕی سەدان ساڵەو بڕیاری نەهێشتنو قەدەغەی ئاینەکەیان زانی، بەڵام لە بەرانبەر هێزو لەشکری ئیسلامدا، بۆ پاراستنی گیانی خۆیان، جگە لە ملدان بە دەسەڵاتو ئاینی ئیسلام چارەیەکی دیکەیان لە بەردەمدا نەبوو.

لە ئایەتەکانی مەدەنیدا چۆنێتی ئاراستەکردنو پیادەکردنی توندوتیژی لە شەڕو ڕوداوەکاندا بەرانبەر ئاینی بتپەرستیو بێبڕوایان دەخوێنینەوە، بۆ نموونە:

- (و أذان من الله و رسوله الى الناس يوم الحج الأكبر ان الله بريء من المشركين و رسوله فان تبتم فهو خير لكم و ان توليتم فاعلموا انكم غير معجزي الله) التوبة/ ٣.

واتا (خوداو پێغەمبەری خودا لە ڕۆژی حەجی مەزندا، بە مەردم ڕادەگەیەنن کە لە بتپەرستان بێزارن. ئەگەر پەشیمان ببنەوە قازانجتانە، ئەگەریش قبوڵی نەکەن، لێتان ڕوون بێ کە لە دەس خودا دەرناچن ).

- (يا أيها الذين آمنوا قاتلوا الذين يلونكم من الكفار و ليجدوا فيكم غلظة و اعلموا ان الله مع المتقين) التوبة/ ١٢٣.

واتا (ئەی گەلی خاوەن باوەڕان، دەگەڵ ئەو خوانەناسانەی هاوساتانن بەشەڕ وەرن، با زەبروزەنگو ببینن، بیشزانن خوا لەگەڵ خۆپارێزانە).

- (قاتلوهم يعذبهم الله بأيديكم و يخزهم و ينصركم عليهم و يشف صدور قوم مؤمنين) التوبة/ ١٤.

واتا (ئێوە دەگژیان ڕاپچن، خودا هەر بەدەستی ئێوە ئەوان تووشی ئازار دەکاو ژێریان دەخاو سەروودەخا بە سەریانداو کارێک دەکا کوڵی دڵی باوەڕداران دابمرکێ).

- (و قاتلوهم حتى لا تكون فتنة و يكون الدين لله فان انتهوا فلا عدوان

الا على الظالمين) البقرة/ **١٩٣.**

واتا (لە کوشتنیان وچان مەدەن تا ئاژاوە لە دنیا بنەبڕ دەبێو دین هەر دینی خودا دەبێ، ئەگەر ئەوان دەسبەردار بوون، دەسدرێژی هەر لە دژی ناهەقان دەبێ).

- (يا أيها النبي جاهد الكفار و المنافقين و أغلظ عليهم و مأواهم جهنم و بئس المصير) التحريم/**٩.**

واتا (ئەی پێغەمبەر وەل ئەو خوانەناسانەو ئەو دووڕازانە جەنگ بکە، زەبروزەنگیشیان نیشاندە، ئەنوای ئەوانە ئاگرەو چارەنووسیان زۆر خراپە).

جگە لە شەڕوکوشتارو فشارو ناچارکردنی ئەوانەی باوەڕیان بە محەمەدو ئاینەکەی نەکردووە، هەڕەشەی ئازارو ئەشکەنجەو توندوتیژی جۆراوجۆری دوای مردنیشیان لە دنیایەکی دیکەدا لێدەکات! بۆ نموونە:

- (و من لم يؤمن بالله و رسوله فانا اعتدنا للكافرين سعيرا) الفتح/ **١٣.**

واتا (هەر کەسێکیش بڕوای نەبێ بە خوداو پێغەمبەری خودا، ئێمە بۆ ئەو بێدینانە کڵی ئاگرمان نێڵ داوە).

- (و الذين كفروا و كذبوا بآياتنا أولئك أصحاب النار خالدين فيها و بئس المصير) التغابن/ **١٠.**

واتا (ئەو کەسانەش کە خودایان نەناسیوەو نیشانەکانی ئێمەیان باوەڕ نەکرد، ئەوان یارانی ئاگرنو هەتاسەر هەر تیا دەبنو چارەنووسیان زۆر خراپە).

-(ان الذين كفروا بآياتنا سوف نصليهم نارا كلما نضجت جلودهم بدلناهم جلودا غيرها ليذوقوا العذاب ان الله كان عزيزا حكيما) النساء/ **٥٦.**

واتا (ئەو کەسانەی لە نیشانەکانی ئێمە حاشادەکەن، لە دوارۆژدا بە ئاگر دەیانسووتێنین، هەتا پێستیان داپڵۆخێ پێستی تریان بۆ دەگۆڕین، تا ئازار پتر بچێژن، خوا خاوەن دەسەڵاتی لە کار زانە).

- (انا جعلنا في أعناقهم أغلالا فهي الى الأذقان فهم مقمحون) يس/ **٨.**



واتا (ئێمە ملیان دەخەینە ناو زنجیرەوەو تا چەنە شەتەکیان دەدەین، کە ناتوانن بۆ هیچ لایەک سەر ببزێون، چاوگەلیشیان داشۆڕیاگە).

- (فويل للذين كفروا من يومهم الذي يوعدون) الذاريات/ **٦٠.**

واتا (واوەیلا بۆ خوانەناسان، لەو ڕۆژەدا کە بەڵێنیان پێدراوە).

### ٣. ئایەتەکانی دژی دووڕازانو لادەران

وشەی دووڕازان «المنافقون» لە قورئاندا بۆ ئەو خێڵە عەرەبانە بەکار هاتووە کە بەسەرزارەکی موسوڵمانبوونی خۆیان بۆ محەمەد ڕاگەیاندووە، بەڵام لە دڵدا هەر بڕوایان بە ئاینو بیروباوەڕەکەی خۆیان هەبووە.

لە واقیعدا دووڕازان ئەو خەڵکو خێڵە عەرەبانە بوون کە بەهۆی ترسیان لە هێرشو پەلاماری لەشکری موسوڵمانان لە کوشتارو تاڵانکردنیان، واتا لە پێناوی پاراستنی سەروماڵی خۆیاندا لە بەرانبەر هێزە شەڕکەرەکانی ئیسلامدا، موسوڵمانبوونی خۆیان ڕاگەیاندبوو، هەرچەندە بە بیروباوەڕو لە ناخەوە موسوڵمان نەبوون.

لادەرانیش «المرتدون» یان هەڵگەڕاوەکان، لە ڕوانگەی ئیسلامەوە بەو کەسانە دەوترا کە، جارێک بە ناچاری یان لەسەر خواستی خۆیان باوەڕیان بە ئاینی ئیسلام هێنابوو، بەڵام دواتر بە هەر هۆیەک لە موسوڵمانبوونی خۆیان پەشیمان ببوونەوەو بە ئاشکرا چووبوونەوە سەر بیروباوەڕی پێشووتری خۆیان.

هەڵوێستی ئیسلام لە ئایەتەکانی قورئاندا سەبارەت بە دووڕازانو لادەران توندوتیژە. بە شێوەی توندوتیژ لە ژیاندا مامەڵەیان لەگەڵدا دەکاتو بە هەڕەشەی ئازارو ئەشکەنجەو ئاگری دۆزەخیش لەو دنیا دەیانترسێنێت!

بۆ نموونە:

- (و من أظلم ممن ذكر بآيات ربه ثم أعرض عنها انا من المجرمين منتقمون) السجدة/ **٢٢.**

واتا (کێ لەو کەسە ناهەقترە، کەنیشانەکانی پەروەرندەی وەبیر

بهێننەوە، پاشان وازی لێ بهێنن؟ تۆڵە لەو تاوانبارانە دەکەینەوە).

- (و ممن حولکم من الأعراب منافقون و من أهل المدینة مردوا علی النفاق لا تعلمهم نحن نعلمهم سنعذبهم مرتین ثم یردون الی عذاب عظیم ) التوبة/ ١٠١.

واتا (لەو عەرەبە دەشتەکیانەی کە لە دەوروبەری ئێوەن، هێندێکیانو هێندێکیش لە خەڵکی مەدینە دووڕوونو هەر بۆ دووڕوویی ڕاهاتوون، ئەتۆ ئەوانە ناناسی، ئێمە زۆر باشیان دەناسین. دوو جار ئازاریان دەدەینو لە دواییدا دەیانخەینە بەر جەزرەبەی هەرە دژوار).

- (لئن لم ینته المنافقون و الذین في قلوبهم مرض و المرجفون في المدینة لنغرینك بهم ثم لا یجاورونك فیها الا قلیلا) الاحزاب/ ٦٠.

واتا (خۆ ئەگەر دووڕازەکانو ئەو کەسانەش غەرەزێکیان لە دڵدایەو ئەو کەسانەش لە ناو شاری مەدینەدا — لە دژی دینـ دەنگۆ بڵاودەکەنەوە، دەس هەڵنەگرن، دەیانخەینە بەردەستی تۆو لە ئاکامدا+ بێجگە ماوەیەکی هندکـ لەو شارەدا ناتوانن بین بە هاوسات).

- (بشر المنافقین بأن لهم عذابا ألیما) النساء/ ١٣٨.

واتا (مزگێنی بدە بە دووڕازان کە ئازارێکی زۆر بە ژان وا لە ڕێیان).

- (..و من یرتدد منکم عن دینه فیمت و هو کافر فاولئك حبطت أعمالهم في الدنیا و الآخرة و أولئك اصحاب النار هم خالدین فیها) البقرة/ ٢١٧.

واتا (.. هەرکەسیش لە دین وەرگەڕێو بە خودانەناسی بمرێ، ڕەنج خەساری دنیاشو قیامەتیش دەبنو دەکەونە ناو دۆزەخەوەو تا هەتا هەر تیا دەبن).

- (وعد الله المنافقین و المنافقات و الکفار نار جهنم خالدین فیها هي حسبهم و لعنهم الله و لهم عذاب الیم) التوبة/ ٦٨.

واتا (بڕیاری خودا هەروەک بۆ خودانەناسەکان هەیە، دووڕووانی ژنو پیاویش دەگرێتەوە، بە تێکڕایی دەیانخاتە جەهەندەمو تا هەتا هەر تیا دەبن، کە ئەمە بۆ ئەوان بەسە، بەر نەفرینی خواش کەوتوونو



ئازاردانیان بنەی نایە).

- (ان الذین آمنوا ثم کفروا ثم آمنوا ثم کفروا ثم أزدادوا کفرا لم یکن الله لیغفر لهم و لا لیهدیهم سبیلا) النساء/ ١٣٧.

واتا (ئەو کەسانەی هەوەڵجار بڕوایان هێناو پاشان پەشیمان بوونەوە، دووبارە بڕوایان هێناو بە شوێنیا حاشایان لێکرد، ئەوسا خودانەناسیان پتەوتر بوو، هەرگیز خودا نایانبەخشێو ڕێگایەکیان نیشان نادا).

- (یوم تبیض وجوه و تسود وجوه فأما الذین أسودت وجوههم أکفرتم بعد ایمانکم فذوقوا العذاب بما کنتم تکفرون) آلعمران/ ١٠٦.

واتا (لەو ڕۆژەدا کە هێندێک ڕوویان چەرمگەو هێندێکی تر ڕەش دەگەڕاون،ئەو کەسانەی ڕووڕەشی ڕۆژی قیامەتن، پێیان ئێژن : ئێوە دوای باوەڕهێنان چۆن بیوونەوە خوانەناس؟ سا لەو حاشاکردنەتان جەزرەبە گۆڕی گیانو بێ).

بەگوێرەی واتای ئەو ئایەتانەی سەرەوە کەسی موسوڵمان مافـو ئازادی ئەوەی نیە کە لە ئاینی ئیسلام پەشیمان بێتەوە، یاخود باوەڕی خۆی بگۆڕێتو ئاینێکی دیکە بۆ خۆی هەڵبژێرێت، یا هەر هیچ ئاینێک هەڵنەبژێرێت. لە ڕوانگەی ئەو ئایەتانەی سەرەوە هەر کەسێک واز لە ئاینی ئیسلام بهێنێت بە کافرو تاوانبار دێتە ئەژمارو پێویستە سزای تاوانەکەی بە گوێرەی ئەوەی حوکمو یاسای ئیسلام بۆی بڕیار دەدات وەربگرێت. کە ڕەنگە هەندێک جار بە سزای کوشتن حوکم بدرێت!.

(هەروەها چەند سزایەکی دیکەش بۆ ئەو کەسەی لە ئاینی ئیسلام لادەدات هەیە، وەک: حوکمی کۆتایی هێنان بە پەیوەندی هاوسەری، ئەگەر هاوسەری موسوڵمانی هەبێت. یاخود ئەگەر هاوسەری نەبێت، لێی حەرام دەکرێت هاوسەرگیری لەگەڵ موسوڵماندا بکات. هەروەها پەیوەندی بە باوکو دایکیەوە کۆتایی پێدەهێنرێتو هیچ بەشە میراتی بەر ناکەوێت...هتد)[١٤].

دەسەڵاتی ئاینی ئیسلام لە مامەڵەکردنی ئاینەکانی نیمچەدوورگەدا بە

گشتی، توندی نواندووەو بە پێکەوەژیان لەگەڵیاندا قایل نیە، وەک لەم دوو ئایەتەی خوارەوەدا ئەو ڕاستیە دەخوێنینەوە:

-(و من يبتغ غير الأسلام دينا فلن يقبل منه و هو في الآخرة من الخاسرين) آلعمران/ ٨٥.

واتا (هەر کەسێ بەدەر لە ئیسلام، هەر دینێکی کەی هەبێ، قبوڵ نیەو لە دوارۆژا لە ڕێزەی زیانبارانە).

-(ان الدين عند الله الأسلام و ما اختلف الذين اوتوا الكتاب الا من بعد ما جاءهم العلم بغيا بينهم و من يكفر بآيات الله فان الله سريع الحساب) آلعمران/ ١٩.

واتا (لە لای خوا دین ئیسلامەو ئەوانەی ئەهلی کتێبن ئەو ڕاستیە دەزانن، بەڵام هەر لەبەر ئێرەیی- کە لەناو خۆیاندا هەیە- پێک نەهاتوون، هەر کەسێکیش لە نیشانەکانی خودا حاشا بکا، با تێبگەن کە خوا لە لێپرسینەوە زۆر بە لەزەو پێ ڕادەگا).

تەفسیری گوڵشەن ئەم ئایەتەی بەم شێوەیەی خوارەوە لێکداوەتەوە:

(ئاینی تەواوو پەسەند لای خودا هەر ئاینی ئیسلامە، کە بریتیە لە ڕووکردنە خوداو یەکتاپەرستیو باوەڕهێنانو ئەنجامدانی گشت فەرمایشتەکانی خودا، ئەم ئاینە ئاینی هەموو پێغەمبەران بووە، لە یەکەمیانەوە تا دواترینیان، کە پێغەمبەری خۆشەویستمانە-دخ- ئەوەیش شتێکی ئاشکراو ڕوون بوو لای خاوەن کتێبەکان، وەکو جوولەکەو دیانەکان، بەڵام سەرانیان لە بەر حەسودیو تەماعی دنیا لەم ڕێگا ڕاستە لایانداو بوونە چەند بەشێکی بیروباوەڕ جیاوازو ، باوەڕیان بە محەمەد پێغەمبەر نەهێنا- دخ-، جا ئەوەی باوەڕی بە ڕێگای ڕاستی ئاینی پیرۆزی ئیسلام نەبێت، ئەوە لە ڕۆژی دواییدا بە سزای خۆی دەگات، بێگومان لێپرسینەوەی خودا زۆر زوو دێتە دی)[١٥].

بۆ بەدیهێنانی ئامانجی دەسەڵاتی تاکە ئاین لە نیمچەدوورگەدا، هەنگاو بە هەنگاو بە گوێرەی گەشەی دەسەڵاتی ئیسلامو تەرازووی هێزو ململانێی



نێوان ئیسلامو ئاینەکانی دیکە، یەک لەدوای یەک هەموو ئاینەکانی دیکە پەرشو بڵاوەیان پێ کرا.. هەندێکیان لە نیمچەدوورگە بەدەر نران، هەندێکیش لە پەیڕەوانیان ناچار موسوڵمان بوون.

هەر لە درێژەی پیادەکردنی هەمان هەڵوێستو مامەڵەدایە کە هەتا ئەمڕۆش لە عەرەبستانی سعودی هیچ ئاینێکی دیکە مافی بوونی نیە!. جگە لە مزگەوتی موسوڵمانان هەموو پەرستگایەکی سەر بە هەر ئاینێکی دیکە قەدەغەیە!.

## ٤. ئایەتەکانی بەجیهانیکردنی ئاینی ئیسلام

پرسی بەجیهانیکردنی ئاین، هەر ئاینێک، لەسەر بنەمای ئەو باوەڕەیە کە خوداکەی ئەوان خودای هەموو مرۆڤە!، جگە لە خوداکەی ئەوانیش خودایەکی دیکە بوونی نیە، بۆیە بە ئەرکی ئاینی خۆیانی دەزانن باوەڕەکەیان بە هەموو مرۆڤایەتی بگەیەنن، بۆ نموونە، هەروەک لە ئاینی ئیسلامو مەسیحیدا هەیە. بە جیهانیکردنی ئاین لە پراتیکدا واتا دانانی بەرنامەو پلانو بە کردەوە هەوڵدان بۆ بە گشتیکردنەوەی ئاینێکی دیاریکراو لەسەر ئاستی هەموو جیهان، بەو مەبەستەی هەموو مرۆڤایەتی باوەڕ بەو ئاینە دیاریکراوە بهێنن. واتا سڕینەوەی جیاوازیو تایبەتمەندی ئاینی نەتەوەو گەلانی دیکەو بە زۆر یەکخستنیان لە سایەی ئاینێکی باڵادەستدا.

(کاتێک ئایینداری یەکتاپەرست هەست دەکات خوداوەندێکی جیهانی ئاوای دۆزیوەتەوە، هەست بە ڕەهاییو جیهانیبوونی پەیامو هزروبیرەکەی دەکاتو سوور دەبێت لەسەر ئەوەی بیری خواوەندی هەموو مرۆڤەکان بگەیەنێت بە هەموو مرۆڤەکان. ئەمەش لە واقیعدا واتا دەیەوێت کولتورەکانی تر بسڕێتەوەو کولتورەکەی خۆی لە جێیان دابنێت، ئەمە یەکەم هەنگاوی توندوتیژی ئاینیە، بۆیە دەتوانین بڵێین توندوتیژی ئاینیو جەنگی ئاینیو پیرۆز لەگەڵ یەکتاپەرستیدا دەستپێدەکەن. لە کۆمەڵگا دێرینەکانی پێش ئاینە یەکتاپەرستیەکاندا لێکبوردنی ئاینی

هەبووە)[١٦].

لە واقیعدا ئەم بیروبۆچوونە ئایدۆلۆژیە بنەمای هزری فراوانخوازیو داگیرکاریەو بە بێ ئەنجامدانی توندوتیژیش کارێکی ئەستەمو مەحاڵە. لە مێژوودا ئەو ئاینانەی کە بەرنامەی بەجیهانیبوونیان هەبووە، یا هەوڵی بەجیهانیبوونیان داوە، پەنایان بردۆتە بەر هێزو لەشکری چەکدارو شەڕو کوشتارو داگیرکاری. مرۆڤی سەر بە ئاینەکانی دیکەیان کوشتووە بۆ ئەوەی ئاینەکەی خۆیان زاڵ بکەن. هیچ ئاینێک لەو ئاینانەی کە بە جیهانی ناسراون، بە تەنیا بە وتاری واعیزانو هەوڵی موریدانو پیاوانی ئاینپەروەر گەشەیان نەکردووە، بەڵکو لانی کەم لە قۆناغێکی مێژووی خۆیاندا بە زەبری هێرشو پەلامارو لەشکری سەربازی خەڵکیان ناچار بە ملکەچکردن کردووە. بە زەبری دەسەڵات فراوان بوونەتەوەو لە درێژماوەدا بە ڕێگای سەرکوتکردن ئاینەکەیان بەسەر خەڵکدا سەپاندووە. لە پرۆسەی فراوانبوونەوەشدا بە هەزاران مرۆڤیان کردۆتە قوربانی بەرژەوەندیو ئامانجی داگیرکارانە. لەم بوارەشدا هەردوو ئاینی مەسیحیو ئیسلام نموونەی بەرچاون لە مێژوودا.

(ئاینی یەکتاپەرستی کە لە خۆیدا ڕەتکردنەوەی پەرستشی خواوەندی جیاوازە، دەبێتە ڕەتکردنەوەی دەسەڵاتی جیاواز، لە بەرئەوە ئاینی یەکتاپەرستی بەبێ دەسەڵاتو هێزی سیاسیو ئاراستەکردنی تایبەتی هەموو بوارەکانی ژیان پێناسەی خۆی وەرناگرێتو بەبێ پاڵپشتی هێزی سیاسیش ناتوانێت بڵاوببێتەوەو پەرە بگرێتو ببێتە ئاینێکی گشتگیرو جیهانی.. ئەمەش وادەکات ئاینی یەکتاپەرستی هێزی سەپاندنو توندوتیژیو فراوانخوازی هەبێتو لە سروشتی بانگەوازو قوتابخانەیەکی پەروەردەییو ڕۆحیو ڕێنیشاندەرو هیوابەخش دەربچێت)[١٧].

ئاینی ئیسلام یەکێکە لە ئاینە جیهانیخوازەکان، بە گوێرەی بەرنامەکەی لە ئایەتەکانی قورئاندا هەمیشە لە هەوڵی ئەوەدا بووە هەموو مرۆڤایەتی بخاتە سەر ڕێبازی ئاینی ئیسلام. قورئان لە دروشمی سەرەتایی (لا



اله الا الله)دا باوەڕی بە خودایەکی تاکو تەنها بۆ هەموو گەردوونو مرۆڤایەتی هەیە، وەک لەم ئایەتەدا:

-(فاعلم انه لا اله الا الله) محمد/١٩.

واتا (سا بزانە غەیرەز خودا هیچ شت بۆ پەرستن نابێت ). با پێکەوە سەرنجی ئەم ئایەتانەی خواریشەوە بدەین:

-(ان الذين اشتروا الكفر بالأيمان لن يضروا الله شيئا و لهم عذاب أليم) آلعمران/ ١٧٧.

واتا (ئەو کەسانەی لەباتی باوەڕ بە خودا، بێ بڕوایی هەڵدەبژێرن، هیچ زیان لە خودا نادەنو جەزرەبەی بە ژانیان دەبێ).

-(الله الذي له ما في السماوات و ما في الارض و ويل للكافرين من عذاب شديد) ابراهيم/ ٢.

واتا (ئەو خودایەی هەرچی لە ناو ئاسمانەکانو زەمیندان، گش هی ئەون. واوەیلا بۆ خوانەناسان لە جەزرەبەی زۆر توندوتیژ).

- (سنجزي الذين يصدفون عن آياتنا سوء العذاب بما كانوا يصدفون) الانعام/ ١٥٧.

واتا (ئەو کەسانەی لەم کتێبە خۆدەبوێرنو بە نیشانەکانی ئێمە باوەڕ ناکەن، زۆری پێ ناچێ بە توندی سزایان دەدەین).

- (و من يبتغ غير الأسلام دينا فلن يقبل منه و هو في الآخرة من الخاسرين) آلعمران/ ٨٥.

واتا (هەرکەسێ بەدەر لە ئیسلام، هەر دینێکی دیکەی هەبێ، قبووڵ نیەو لە دواڕۆژا لە ڕێزەی زیانبارانە).

تەفسیری گوڵشەن ئەم ئایەتە ئاوا لێکدەداتەوە:

(هەر کەسێک جگە لە ئاینی ئیسلام کە ئاینی سەرجەم پێغەمبەرانە، شوێن هەر ئاینێکی تر بکەوێتو هەڵیبژێرێت، ئەوە لێی وەرناگیرێت و، لە ڕۆژی دواییدا لە ڕیزی زەرەرمەنداندایەو بەرەو دۆزەخ ڕاپێچ دەکرێت )[١٨].

بە گوێرەی واتای ئەو ئایەتانەی سەرەوە، ئاینی ئیسلام ئاینێکە بۆ

هەموو مرۆڤایەتی هاتووە، هەر کەسێک سەر بە هەر ئاینو نەتەوەو گەلێکی دیکەش بێت پێویستە لەسەری بە ئاینی ئیسلامو بەرنامەکەی قایل بێتو ملکەچی فەرمانو یاساکانی بێت!، هیچ مرۆڤێک لەسەر ڕووی ئەم زەمینە بۆی نیە جگە لەو خودایەی کە ئاینی ئیسلام باوەڕی پێی هەیەو بە ئەفرێنەری هەموو مرۆڤو گەردوونی دەزانێت، هیچ پەرستشێکی دیکەی هەبێت!. هەر مرۆڤێک لە هەر سووچێکی دنیا، جگە لە خودا پەرستشێکی دیکەی هەبێو جگە لە قورئان بەرنامەیەکی دیکە پیادە بکات، تووشی ئەشکەنجەی توندوتیژ دەبێتەوە!.

(لە هەمان کاتدا کێشەی ئەم دینانە لەوەدایە کە ڕێک لەو کاتەدا ڕوویان لە هەموو دنیایەو باس لە بوونی یەک خودا دەکەن، لە هەمان کاتدا ئینسانەکان لەسەر بنەمای بوون یان نەبوونی دین، ئینتیما بۆ ئەم یان ئەو دین، لە یەکدی جیا دەکەنەوە. بە جۆرێک لە دوا لێکدانەوەدا بیرۆکەی مرۆڤایەتی لە دینەکاندا کورتدەبێتەوە بۆ ئەوانەی باوەڕیان بە یەکێک لەو دینانە هەیە. ئەوانەی دەرەوەی ئەو دینانە ناکەونە چوارچێوەی ئەو مرۆڤایەتیەوە کە باسیدەکەن)[١٩].

هەروەها جگە لە باوەڕی یەکتاپەرستی، ئاینی ئیسلام لە قورئاندا محەمەدی وەک پێغەمبەری هەموو مرۆڤایەتی ناساندووە:

- (و ما أرسلناك الا كافة للناس بشيرا و نذيرا) سبا/ ٢٨.

واتا (ئێمە تۆمان بۆیە نارد کە بۆ گش خەڵکی سەرزەمین مژدەدەرو ترسێنەر بی).

لە کتێبی تەفسیری گوڵشەندا لێکدانەوەی ئەم ئایەتە ئاوا کراوە:

(ئەی پێغەمبەر! ئێمە تۆمان ناردووە بۆ پێغەمبەرایەتی هەموو عالەم، نەک هەر بۆ عەرەبەکان، تا فەرمانی خودا بە هەمووان ڕابگەیەنیتو ڕێگای ڕاستی ئاینی خودایان بۆ ڕوون بکەیتەوە و، موژدەی خۆشیەکانی ڕۆژی دوایی بدەیت بە ئیماندارانی چاکەکارو هەڕەشەیش لە بێباوەڕانو بتپەرستان بکەیتو بیانترسێنیت لەوەی کە لە ڕۆژی دواییدا دۆزەخ دەبێتە



جێگایان. بەڵام زۆربەی خەڵک بەمە نازانن و لە ئاستی شوێنکەوتنی ڕێگای ڕاستی خودا وێڵن)[٢٠].

-(هو الذي أرسل رسوله بالهدى و دين الحق ليظهره على الدين كله و لو كره المشركون ) التوبة/ ٣٣.

واتا (خودا بۆ ڕێنیشاندانو ڕاگەیاندنی دینی ڕاست، پێغەمبەری خۆی ناردووە، تا گش دینەکانی دیکە بەرخۆی بدا، هەرچەندە ئەوانەش حەز نەکەن کە شەریک بۆ خودا دادەنێن).

-(و ما أرسلنا من رسول الا ليطاع) النساء/ ٦٤.

واتا (وە هیچ پێغەمبەرێکمان نەناردووە مەگەر لە بەرئەوە نەبێت کە پەیڕەوی لێ بکرێ).

- (من يطع الرسول فقد أطاع الله) النساء/ ٨٠.

واتا (هەرکەسێ بە قسەی پێغەمبەر بکا، بە ڕاستی بە قسەی خوای کردووە).

بە گوێرەی ئەو ئایەتانەی سەرەوە محەمەد پێغەمبەری هەموو مرۆڤایەتیە، بە هەموو جیاوازیە ئاینیو کلتوریەکانیانەوە. ئەرکی ئەو گەیاندنی ئاینی ئیسلامە بە هەموو گەلانی جیهان. ئەو ئاگاداریان دەکاتەوە بۆ ئەوەی واز لە ئاینەکانی خۆیان بهێننو پەیوەست بن بە ئاینی ئیسلامەوە. بێگومان ئەو بانگەوازە یان بە خۆشیو ئارەزومەندانە، یان بە زەبری لەشکرو داگیرکردن. پێویستە لەسەر خەڵکی هەموو دنیا کە پەیڕەوی لە فەرمانەکانی محەمەد بکەن، هەرکەسیش پەیڕەوی نەکا واتا پەیڕەوی خودای نەکردووە، ئەوەش سزاو تۆڵەو ئازارو ئەشکەنجەی هەردوو دنیای لە دواوەیە!.

هەر لە درێژەی پەیڕەوی ئەو بەرنامەیەدا، واتا بەرنامەی بردنە دەرەوەی ئاینی ئیسلام لە سنووری نیمچەدوورگەو فراوانکردنەوەی دەسەڵاتو قەڵەمڕەوەکەی، محەمەد گەلێک نامەی هەڕەشەئامێزی بۆ ئەمیرو پادشایان وئیمپراتۆرەکانی سەردەمی خۆی نووسیو داوای لێکردوون کە

بچنە ژێر سایەی دەسەڵاتی ئیسلامەوە، لەوانە نامەی ناردووە بۆ :
[١- نەجاشی حەبەشە پاشای حەبەشە. ٢- مونزیر کوڕی ساوا ئەمیری بەحرەین. ٣- کیسرای فارس پاشای تەیسەفون (مەدائن). ٤- هەرقل قەیسەری ڕۆم لە قودس. ٥- مقەوقەس گەورەی میسر لە ئەسکەندەریە. ٦- جەیفەرو عەبد، کوڕانی ئەلجولەندی پاشای عومان. ٧- هوزە کوڕی عەلی پاشای یەمامە. ٨- حارس کوڕی ئەبی شەمر، غوتەی دیمەشق][٣١].

بۆ نموونە ئەمەی خوارەوە دەقی یەکێک لەو نامانەی محەمەدە کە بۆ نەجاشی حەبەشەی نووسیوە:

[(بە ناوی خودای گەورەو میهرەبان

لە محەمەدی پێغەمبەری خوداوە بۆ نەجاشی پایەداری پادشای حەبەشە سڵاوتان لێ بێت، سڵاوی خودای گەورەو سەروەرت پێشکەش دەکەم. شایەدی ئەدەم کە عیسا کوڕی مەریەم، ڕۆحو وشەی خودایە، هەر ئەو ڕۆحەی خستە مەریەمی پاکیزەو بێگەردەوە. عیسای لە ڕۆحی خۆی ئافەریدە کرد، هەر وەک چۆن ئادەمی لە خۆڵ دروستکردو ژیانی پێدا.

من بانگهێشتت دەکەم بۆ ئەو خودایەی کە تاکو تەنهایەو هاوبەشی نیە. داوات لێ دەکەم بڕوای پێ بهێنیتو بڕوا بەوە بهێنیت کە من پێغەمبەری خودام، وە بە فەرمانی ئەو هاتووم. جەعفەری کوڕی مامم لەگەڵ چەند کەسێکی دیکەی موسوڵماندا ناردووە بۆ لاتان، ئەگەر گەیشتە لاتان، ڕێزیان بگرنو دەست لە لووتبەرزی هەڵگرن. خۆتو سەربازەکانت بانگهێشتی لای خودا دەکەم، من نامەی خۆم گەیاند، ئامۆژگاریەکەم وەرگرن.

سڵاو لەو کەسەی ڕێگای ڕاستی دەگرێ).

بەڵام پادشاو میرەکان وەڵامی بانگهێشتی محەمەدیان نەدایەوە، بۆیە دەبوو دوای ئەوە بە سوپای موسوڵمانان بچێتە سەریان، بۆ ئەوەی بانگەوازی ئیسلام بە گەلان بگەیەنێت][٣٢].

بۆ بڵاوکردنەوەی ئایینی ئیسلام لە سنوورەکانی دەرەوەی نیمچەدوورگەی



عەرەبستان، هەر وەک پێشتر ئاماژەمان پێداوە، محەمەد دوو هێرشی فراوانی بەرەو وڵاتی شام لە ڕێگای «موئتە»و «تەبوک»ەوە بەڕێخست، بەڵام تەمەن مەودای هێرشو پەلاماری دیکەی بۆ دەرەوەی نیمچەدوورگە نەداو لە ساڵی (٦٣٤ ز)دا کۆچی دوایی کرد. لە دوای کۆچی دوایی محەمەد بەرنامەی بڵاوکردنەوەی ئایینی ئیسلام لە سەردەمی خەلیفەکانی دوای خۆیشیدا هەر درێژەی پێدراو قەڵەمڕەوی دەسەڵاتی ئیسلام تا دەهات فراوانتر دەبووەوە. لە چەند قۆناغێکدا گەلێک ناوچەی کیشوەری ئاسیاو ئەفریقاو ئەوروپاشی گرتەوە.

### ٥. ئایەتەکانی دەمارگیری ئایینیو جیاوازیخوازی

دەمارگیری بریتیە لە هەستێک لەناخی مرۆڤدا یان شێوەیەک لە بیرکردنەوە کە، مرۆڤێک یا گروپێک، لەسەر بنەمای شوناسێکی دیاریکراو دەخاتە سەر ئەو باوەڕە کە لە مرۆڤەکانی دیکە جیاوازو باڵاترە. بەم هۆیە ئەوانی دیکە لە پلەی نزمو ناچیزو کەمتر لە خۆیدا دەبینێت.

ئاشکرایە بەهۆی کاریگەری سروشت، بۆماوەیی، کۆمەڵایەتی، کولتوریو فەرهەنگی، گەلێک شوناسی جیاواز لەناو کۆمەڵگای مرۆڤایەتیدا بوونیان هەیە. وەک جیاوازی ڕەنگی پێست، ڕەگەزی نێرو مێ، بنەچە، شێوەی دەمو چاوو لووتو ڕەنگی قژ، زمانی جیاجیا، ئاینو بیروباوەڕی جیاواز و...هتد. ئەم شوناسو جیاوازیانە لە لایەن مرۆڤو گروپو هێزو دەسەڵاتی دەمارگیرو جیاوازیخوازەوە بە درێژایی مێژوو کراونەتە سەرچاوەی ناکۆکیو پێشێلکردنی مافو توندوتیژی جۆراوجۆرو شەڕو کوشتاری خوێناوی. بۆ نموونە، جیاوازی ڕەنگی پێست کە بەرئەنجامی کاریگەری تیشکی خۆرە لەسەر پێستی مرۆڤ، لە مێژووی کۆنو نوێی مرۆڤایەتیدا کراوەتە هەوێنی دەمارگیریو جیاوازیخوازیو بەکەم تەماشاکردنی ڕەشپێستان لە لایەن دەمارگیرانی سپیپێستەوە. جیاوازی ڕەگەزی لە نێوان نێرو مێدا بە درێژایی مێژوو کراوەتە سەرچاوەی بێ مافی ئەو بەشەی مرۆڤایەتی کە ژنانن. هەروەها دەمارگیری نەتەوەییو ڕەچەڵەک، دەمارگیری ئاینیو

مەزهەبی، دەمارگیری خێڵەکی، دەمارگیری نێوان وڵاتان، شاران، شارودێ، گەڕەکو گەڕەک و...هتد، هەموو ئەو شوناسە جیاوازانە لە لایەن هزرو هێزی دەمارگیرو جیاوازیخوازەوە کراونەتە زەمینەی چاندنی تۆوی ڕکو کینەو توندوتیژی لە نێوان مرۆڤەکاندا. بەم هۆیەوە مرۆڤایەتی زیانو قوربانی زۆری داوە.

بە پێوانەی هوشیاری ئەم سەردەمەو مافەکانی مرۆڤ هەروەها لە ڕوانگەی زانستی نوێوە، بە تایبەت زانستەکانی زیندەوەرناسی، کۆمەڵناسیو مرۆڤناسی، جیاوازی شوناسەکان بە جیاوازی ئاینیشەوە هۆگەلێک نین بۆ ناکۆکی خستنەوەو جیاوازی جێگاو شوێنو بەهای مرۆڤایەتیو کۆمەڵایەتی مرۆڤەکان.

دەمارگیری ئاینی شێوەیەکە لە شێوەکانی دەمارگیری، کە پەیڕەوانی ئاینێکی دیاریکراو ئەو مافە بە خۆیان دەدەن ئاینی خۆیان لە ئاینەکانی دیکە باڵاترو ئەوانی دیکە بە گومڕاو هەڵەو بێ بەها بزانن!. ئەم شێوە بیرکردنەوەو مامەڵەیە لای هەر کەسو گروپو هێزێکی کۆمەڵایەتی بوونی هەبێت، زەمینەیەکی لەباری بەریەککەوتنو توندوتیژیو هەوڵدان بۆ سڕینەوەی کەسو هێزی بەرانبەر دەڕەخسێنێت. هزری دەمارگیری ئاینی جگە لە ناکۆکی نێوان ئاینەکان، سەرچاوەی جیاوازیو ناکۆکی نێوان ئاینزاکانیشە. بۆ نموونە دەمارگیریو شەڕو کوشتاری لەمێژینەی نێوان ئاینزاکانی شیعەو سوننە لە ئاینی ئیسلامداو شەڕو کوشتاری نێوان ئاینزاکانی کاتۆلیکو پرۆتستانت لە ئاینی مەسیحیدا. کە خوێنی هەزاران مرۆڤیان لەو پێناوەدا ڕشتووە!.

لە بارەی هەبوونی دیاردەی دەمارگیری لە قورئاندا، با سەرنجی چەند ئایەتێک بدەین:

- (هو الذي أرسل رسوله بالهدى و دين الحق ليظهره على الدين كله و لو كره المشركون) الصف/ ٩.

واتا (ئەو خودایە پێغەمبەری خۆی بەڕێ کرد بۆ ڕێبەریو ڕاگەیاندنی



دینی ڕاست، تا سەری خا بەسەر هەموو دینەکاندا، جا با بتپەرستەکانیش خۆشیان نەیە).

- (ان هذا القرآن يهدي للتي هي أقوم و بشر المؤمنين الذين يعملون الصالحات ان لهم أجرا كبيرا) الاسراء/٩.

واتا (بێگومان ئەم قورئانە ڕێگایەکی پیشان دەدا لە گش ڕێیان ڕاستترە، بەو بڕوادارانەش کەوا ئاکار چاکن موژدە دەدا پاداشێکی گەورەیان هەس).

-(كنتم خير أمة أخرجت للناس تأمرون بالمعروف و تنهون عن المنكر) آلعمران/١١٠.

واتا (ئێوە چاکترین کۆمەڵن لەناو مەردمی دنیادا سەروهەڵدا، فەرمان بە چاکە دەدەنو ڕێ لە ناڕەوا دەبەستن).

بە گوێرەی واتای ئەو سێ ئایەتەی سەرەوە، خودا پێغەمبەری خۆی ناردووە بۆ ڕابەریکردنی ڕاستترین ئاین. بەرنامەکەیشی (قورئان) تاکە بەرنامەی ڕاستو دروستە بۆ هەموو مرۆڤایەتی، موسوڵمانانیش چاکترین مرۆڤی سەر ڕووی ئەم زەمینەن! لە بەرئەوە ئیسلام دەبێ سەرکەوێ بەسەر هەموو ئاینەکانی دیکەدا!. یانی هەموو ڕاستیەکان تەنها لای خۆی دەبینێتەوەو ئەوانی دیکەی جیاواز لە خۆی بە هەڵەو گومڕا دەزانێت. بێگومان ئەم جۆرە بیرکردنەوەیە لای ئاینو شوناسە جیاوازەکانی بەرانبەر قبووڵ ناکرێن، بۆیە ئەم دەمارگیریە ئاینیە دەبێتە سەرچاوەو هۆی بەریەککەوتنو توندوتیژی لە کۆمەڵگادا، هەروەکو لە سەردەمی ڕابەرایەتی محەمەد خۆیدا پیادەی کردو شەڕکردنی ئەوانی دیکەی جیاواز لە ئیسلامی لێ کەوتەوە، وەک لەم ئایەتەی خوارەوەدا:

- (و قاتلوهم حتى لا تكون فتنة و يكون الدين لله فان انتهوا فلا عدوان على الظالمين ) البقرة/١٩٣.

واتا (لە کوشتنیان وچان مەدەن تا ئاژاوە لە دنیا بنەبڕ دەبێو دین هەر دینی خودا دەبێ، ئەگەر ئەوان دەسبەردار بوون، دەستدرێژی هەر

لە دژی ناهەقانە).

وەک پێشتر وتمان بە سەرکەوتنی ئاینی ئیسلام ئیدی نیمچەدوورگە قۆناغی پەرشوبڵاویو سنووری داخراوی خێڵەکانی تێپەڕاند. لە جێی ئەوەدا پەیوەندیو یەکێتی باوەڕدارانی لە نێوان خێڵەکاندا داهێنا. نەریتی دەمارگیری خێڵو دروشمی ( براکەت سەر بخە زاڵم بێت یان زوڵملێکراو ) ی هەڵوەشاند، بەڵام لە جێێ ئەو نەریتەدا جۆرێکی دیکە لە دەمارگیری هێنایە کۆمەڵگاوە کە بریتی بوو لە دەمارگیری ئاینی. بەرنامەی ئیسلام ئەوەی دارشت کە، باوەڕداران سەر بە هەر خێڵێک بن دەبێ براو پشتیوانی یەکتر بن لە دژی نەیارانی ئیسلام، وەک لەم ئایەتەی خوارەوەدا:

– (انما المؤمنون اخوة) الحجرات/١٠.

واتا (بڕواداران برای یەکترن).

بە گوێرەی ئەو ئایەتە هاوباوەڕبوون مەرجی برایەتیە! کەواتە ئەگەر دوو مرۆڤ باوەڕیان جیاواز بێت برایەتیان لە نێواندا نابێت!. (باوەڕداران بڕوایان وایە باوەڕداری سەرچاوەی برایەتیە، یان بە دەربڕینێکی دیکە، ئەگەر تۆ لەگەڵ باوەڕی مندا بیت ئەوا برای منیت، بەڵام ئەگەر لە باوەڕدا لە من جیاواز بیت ئەوا تۆ دوژمنی منیت)[٢٣].

بە کورتی لە ئاینی نوێدا پەیوەندیەکانی بنەماڵەو خزمایەتیو تەنانەت خێزانی، بەو شێوەیەی کە لە سیستەمی خێڵدا هەبوون، کاڵتر کردەوەو لەسەر بنەمای باوەڕداریو پەیوەستبوون بە ئاینی ئیسلام داڕشتەوە، وەک لەم ئایەتانەی خوارەوەدا ئەو بۆچوونانەی قورئان دەخوێنینەوە:

- (لا تجد قوما يؤمنون بالله و اليوم الآخر يوادون من حاد الله و رسوله و لو كانوا آبائهم أو أبنائهم أو أخوانهم أو عشيرتهم) الحشر/٢٢.

واتا (تۆ نابینی ئەوانەی باوەڕیان هەیە بە خوداو بە ڕۆژی سەڵا، نابێ هەرگیز ببنە دۆستی ئەو کەسانەی پێچەوانەی خوداو پێغەمبەری خودان، تەنانەت ئەگەر باوکیشیان یان فرزەندیان، یان برایان، یان لە هۆزەکەی



خۆیان بن).

- (يا أيها الذين آمنوا لا تتخذوا آبائكم و اخوتكم أولياء ان استحبوا الكفر على الأيمان و من يتولهم منكم فأولئك هم الظالمون) التوبة/٢٣.

واتا ( ئەی گرۆی خاوە باوەڕان! ئەگەر بابو برای ئێوە لایان وابوو ناباوەڕی لە باوەڕهێنان باشترە، ئێوە تخونیان مەکەونو خۆشتان نەوێن، هەرکەس لەنگۆ خۆشی بوێن، دیارە ناهەقیکارە).

-(لا يتخذ المؤمنون الكافرين أولياء من دون المؤمنين و من يفعل ذلك فليس من الله في شيء) آلعمران/٢٨.

واتا (باوەڕداران! با جگە لە باوەڕداران نەگرن بە دۆست. هەرکەس لەم فەرمانە دەرچێ، هیچ بەشی بە خواوە نیە).

لە ڕاستیدا واتای ئەو سێ ئایەتەی سەرەوە یەکجار ناوازەو دەگمەنە! مرۆڤی موسوڵمان تەنها دەبێ دۆستایەتی مرۆڤی موسوڵمان بکات!، مرۆڤێکی ناموسوڵمان با کەسی باشیش بێت نابێ بە دۆست بگیرێ! بەڵام کەسێکی موسوڵمان ئەگەر کەسێکی باشیش نەبێت ئاساییە بە دۆست بگرن!. مرۆڤی موسوڵمان نابێ هیچ کەسێکی ناموسوڵمانی خۆش بوێت، تەنانەت ئەگەر باوک یا کوڕ یا براو کەسی خێزانەکەی خۆیشی بێت!.

هەروەها لە بەرانبەر دۆستایەتیکردنی جوولەکەو مەسیحیاندا، بەم شێوەیەی خوارەوە ئامۆژگاری موسوڵمانان دەکات:

- (يا أيها الذين آمنوا لا تتخذوا اليهود و النصارا أولياء بعضهم أولياء بعض و من يتولهم منكم فانه منهم ان الله لا يهدي القوم الظالمين) المائدة/٥١.

واتا (ئەی گەلی خاوەن باوەڕان! مەبنە دۆستی ئەم موساییو مەسیحیانە، با ئەوان دۆستی یەکتر بن. هەر کەسێکیش لە ئێوە ببێتە دۆستیان، ئەویش لەوان دەژمێردرێ. ئەوانەی لەسەر ناهەقین، خودا ڕێیان نیشان نادا).

- (يا أيها الذين آمنوا لا تتخذوا عدوي و عدوكم أولياء تلقون اليهم بالمودة

و قد كفروا بما جائكم من الحق) الممتحنة/**١.**

واتا (ئەی گەلی خاوەن باوەڕان! مەبنە دۆستی دوژمنانی منو خۆتان. ئێوە دۆستایەتیو بەوان ڕادەگەیەنن، کەچی ئەوان بەو دینە ڕاستەقینەیە کە بۆ ئێوە هاتووە، بڕوایان نیە).

## سێیەم/ توندوتیژی لە ئاستی کۆمەڵایەتیدا

لە هەلومەرجی نوێدا دەسەڵاتی ئیسلام کۆمەڵێک گۆڕانکاریو چاکسازی لە هەموو ئاستەکانی ژیانی کۆمەڵگای عەرەبستاندا ئەنجامدا، کە بەگشتی هەنگاوی بەرەوپێشەوەچوون بوونو لە خزمەتی ئەو کۆمەڵگایەدا بوون بۆ ئەو سەردەمە. پێویستە ئاماژە بەوەش بدەین کە ئەو گۆڕانکاریانە ڕیشەیی نەبوونو نەبوونە هۆی دامەزراندنی کۆمەڵگایەکی ئارامو ژیانێکی دادپەروەرانە، بەڵکو دەسەڵاتی ئیسلام لە زۆربەی ئاستەکاندا درێژەی هەمان سیستەمی نایەکسانی کۆمەڵایەتیو پارێزەری گەلێک لە نەریتە توندوتیژە خێڵەکیەکانی پێش خۆی بوو. لە ئایەتەکانی مەدەنیدا زۆر بە ڕوونی هەموو ئەو دیاردەو نەریتە توندوتیژانە دەخوێنینەوە کە دەسەڵاتی ئیسلام نەک نەیتوانی بە یەکجاری لەناویان ببات، بەڵکو لە ڕادەیەکی جیاوازدا وەک یاسای هەمیشەیی ناسێندرانو شەرعیەتیان پێدرا!. بۆ نموونە، نەریتی تۆڵەسەندن، شەڕو تاڵانکردن، توندوتیژیو ستەمی جۆراوجۆر لە ژنان، سزای زیناکار، بڕینی دەستی دز و...هتد. لە درێژەی ئەم باسەدا هەوڵدەدەین لە پارێزگاریکردنی ئیسلام لەو دیاردەو نەریتانە بکۆڵینەوەو نموونەگەلێکیش لە ئایەتەکانی قورئان وەک بەڵگە بهێنینەوە.

### ١. تۆڵەسەندن:

تۆڵە بریتیە لە خاڵیکردنەوەی دەروون لە ڕقو کینەیەک کە بە هەر هۆیەک لە ناخی مرۆڤدا پەنگی خواردۆتەوە. دەشێ ئەو ڕقە بەهۆی ئازارێکی جەستەیی یا دەروونی لەسەر دەستی مرۆڤو هێزی بەرانبەردا



دروستبووبێت. تۆڵەسەندن بریتیە لە دەربڕینی توندوتیژی، جا ئەو کەسە خاوەن ماف بێت یان ستەمکار. تۆڵەکردنەوە لە مرۆڤدا دیاردەیەکی بۆماوەیی یا سروشتی نیە، بەڵکو مرۆڤ لە کۆمەڵگاوە فێری دەبێت. ئەم نەریتە زیاتر لەو کۆمەڵگایانەدا باوە کە یاسایان تێدا نیە، یاخود یاسایان تێدا جێبەجێ ناکرێت. لە کۆمەڵگای خێڵەکیدا کە زیاتر کۆمەڵگای نەریتیە، کولتوری تۆڵەسەندن زاڵو باوە. لە کۆمەڵگای نیمچەدوورگەی عەرەبستاندا پێش هاتنی ئاینی ئیسلام، وەک پێشتریش باسمانکردووە، نەریتی تۆڵەسەندن لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا باوبوو. بە هاتنی ئاینی ئیسلام دیاردەی تۆڵەسەندن لەناو نەچوو، بە تایبەت کە ئیسلام بوو بە دەسەڵات لە چەند ئایەتێکدا شەرعیەتی یاسایی پێداو لە ژیانی ڕۆژانەدا پیادەی دەکردن.

ئاینی ئیسلام هەر لە سەرەتاوە بۆ ناچارکردنی خەڵک بۆ بوونیان بە موسوڵمان، پەنای بردە بەر ترساندن بە تۆڵەسەندنەوە لەو کەسانەی کە باوەڕ ناهێنن. لە ئایەتەکانی قورئاندا هەڕەشەی تۆڵەسەندن بە ئازارو ئەشکەنجەی جۆراوجۆری دۆزەخ لەو کەسانە دەکات کە باوەڕ بە خوداو پێغەمبەری خودا ناکەن، بۆ نموونە:

- (و اتقوا الله و أعلموا ان الله شديد العقاب) البقرة/**١٩٦.**

واتا (ئەبێ لە خودا بترسن، خودا لە تۆڵەسەندنا توندوتیژە).

- (و من أظلم ممن ذكر بآيات ربه ثم أعرض عنها انا من المجرمين منتقمون) السجدة/**٢٢.**

واتا (کێ لەو کەسە ناهەقترە، کە نیشانەکانی پەروەرندەی وەبیر بهێننەوە، پاشان وازی لێ بهێنێ؟ تۆڵە لەو تاوانبارانە دەکەینەوە).

- (فلا تحسبن الله مخلف وعده رسله ان الله عزيز ذو انتقام) ابراهيم/**٤٧.**

واتا (پێت وانەبێ خوا لەو بەڵێنانەی کە بە پێغەمبەرانی خۆی داوە، هیچگا پاشگەز دەبێتەوە، خودا خاوەن دەسەڵاتی تۆڵەسێنە).

لە ئایەتێکی دیکەدا لە بارەی تۆڵەسەندنەوە لە فیرعەونو لەشکرەکەی

دەڵێت:

- (فلما اسفونا انتقمنا منهم فأغرقناهم أجمعين) الزخرف/ **٥٥.**

واتا (هەر کە ئێمەیان ڕک هەستاند، تۆڵەی خۆمان لێ کردنەوەو سەرلەبەرمان بە خنکان دان).

لە بواری کۆمەڵایەتیو ژیانی ڕۆژانەشدا، ئایەتەکانی قورئان تۆڵەسەندن وەک یاساو ڕێگاچارەی کێشەکان چاولێدەکات. لە هەندێک ئایەتدا شێوەی تۆڵەسەندنەوەکەی لە یاسادا دیاریکردووەو فەرمان بە جێبەجێکردنیان دەدات، بۆ نموونە:

- (يا أيها الذين آمنوا كتب عليكم القصاص في القتلى الحر بالحر و العبد بالعبد و الأنثى بالأنثى فمن عفي له من أخيه شيء فأتباع بالمعروف و أداء اليه باحسان) البقرة/ **١٧٨.**

واتا (ئەی گەلی خاوەن باوەڕان! لەمەڕ ئەوانەی وا کوژراون تۆڵەمان بۆ بڕیار داون، ڕزگار لە تۆڵەی ڕزگارو کۆیلە لە تۆڵەی کۆیلەداو مێوینە لە بری مێوینە، هەر کێش لە برای هاودینی خۆی دەس لە خوێنگری هەڵگرێ، ئەبێ بە پێی دابی ڕۆژ بجووڵێتەوەو بە خۆشی مەسڵەت بکا).

- (و ان عاقبتم فعاقبوا بمثل ما عوقبتم بەو لئن صبرتم لهو خير للصابرين) النحل/ **١٢٦.**

واتا (ئەگەر تۆڵە دەستێننەوە، دار بە دارو پتر نەبێ، خۆ ئەگەر خۆڕاگریش بن، دیارە بۆ خۆڕاگرەکان زۆر باشترە).

- (و لا تقتلوا النفس التي حرم الله الا بالحق و من قتل مظلوما فقد جعلنا لوليه سلطانا فلا يسرف في القتل انه كان منصورا) الاسراء/ **٣٣.**

واتا (بنیادەمێ کە کوشتنی بە ناڕەوا زانراوە مەکوژن، مەگین لەسەر هەق. هەر کەسێکی بە ناهەقی بێتە کوشتن، دەسەڵاتمان داوەتە دەس خوێنگرەکەی، ناشێ لە تۆڵەسەندنا هەڵەڕۆ بێو لەو بارەوە هاریکاری بۆ کراوە).

تەفسیری گوڵشەن سەبارەت بەم ئایەتە دەڵێت:



(هەروەها بە ناحەق کەس مەکوژن، چونکە خودا کوشتنی بە ناهەقی حەرامکردووەو بە گوناهێکی زۆر گەورەی داناوە.. هەر کەسێکیش ستەمی لێبکرێتو بکوژرێت، ئەوە نزیکترین خزمی کوژراوەکە مافی تۆڵەسەندنەوەی هەیە، جا بە کوشتنی بکوژەکە بێت، یاخود بە وەرگرتنی خوێن بێت.. لەم حاڵەتەدا ئەو خزمەی نابێت زیادەڕەوی بکات لە تۆڵەسەندنەوەکەیدا و، لە بکوژەکە زیاتر کەسی تر بکوژێت، بێگومان ئەمە تەنها مافی کوشتنی ئەو بکوژەی هەیە و، بە ڕاستی خودا یارمەتی ئەو کەسە تۆڵەوەرگرە دەدات.. بەڵام ئەگەر لە تۆڵەو خوێن وەرگرتن خۆش ببێت، ئەوە باشترە)[٢٤].

- (و جزاء سيئة سيئة مثلها فمن عفا و أصلح فأجره على الله انه لا يحب الظالمين) الشورى/ **٤٠.**

واتا (سزا بۆ هەر خراپەیەک، خراپەیەکی وەک ئەوە. کێش لە تۆڵە چاو بپۆشێو کۆشش بۆ ئاشتی بکا، پاداشی لەسەر خودایە، بێ سۆ خودا ناهەقیکارانی خۆش ناوێن).

- (ذلك و من عاقب بمثل ما عوقب ثم بغي عليه لينصرنه الله ان الله لعفو غفور) الحج/ **٦٠.**

واتا (ئەگەر ناهەقی لێکراوێک بۆ تۆڵەی خۆی دەس ببزێوێو دیسان ناهەقی لێ بکرێ، بێگومان خودا کۆمەکی پێ دەکا. خودا لێبوردەو گونابەخشە).

لەو ئایەتانەی سەرەوەدا لە لایەک بە ڕوونیو بە پلەی یەک، پشتگیری لە تۆڵەسەندنەوە دەکات، کە ڕاستەوخۆ پشتگیریکردنو ڕەواییدان بە توندوتیژیە! ، لە لایەکیش وەک ڕەوشتێکی ئاینی پشتگیری چاوپۆشی لە تۆڵەسەندن دەکات. بێگومان لە هەردوو بارەکەدا ئایەتەکان ڕەنگدانەوەی نەریتی توندوتیژیو هەندێک جاریش لێبووردەیی ژیانی خێڵەکین.

**٢. شەڕو ئەنفال:**

لە باسی کۆمەڵگای عەرەبستانی پێش ئیسلامدا وتمان کە، شەڕو

پەلاماری نێوان خێڵە عەرەبەکان یەکێک بوو لە نەریتە باوەکانی ئەو کۆمەڵگایە. لە دوای شەڕو کوشتاریش لایەنی سەرکەوتوو هەرچییان بەردەست کەوتایە لە دیلو کەلوپەلو سەروەتو سامان، تاڵانیان دەکردو لەگەڵ خۆیان دەیانهێنان.. بێگومان تاڵانکردن زیاتر هۆکاری ئابوری هەبوو. هەژاریو نەبوونیو قاتوقڕی زۆر جاران دەبوونە هۆی پەلاماردانی خێڵەکان لە ناو خۆیاندا، لە پێناوی دەسکەوتدا.

ئەنفال وشەیەکی عەرەبیە، کۆی (نفل)ە، بە واتای دەسکەوتی شەڕ، هەروەها بە واتای دەسکەوتی زیادەش دێت.

(نفله) واتا ئەنفالی کرد، واتا لایەنی سەرکەوتوو لە شەڕدا هەرچی کەلوپەلو سەروەتو سامانی لایەنی تێشکاو هەیە دەستی بە سەردا دەگرێتو بە تاڵان دەیبات، دواتر بەسەر جەنگاوەرەکانیدا دابەشی دەکات.

ئاینی ئیسلام بە ڕوونی گرنگی بە دیاردەی شەڕو تاڵانکردنو ئەنفال داوەو پشتگیری کردووە، هەر بۆیە یەکێک لە سورەتە مەدەنیەکانی قورئان، کە لە حەفتاو پێنج ئایەت پێکهاتووە، بە ناوی «ئەنفال» ناوناوە. بەشی زۆری ئایەتەکانی سورەتەکە باس لە ڕووداوەکانی شەڕی بەدرو سەرکەوتنی لەشکری موسوڵمانان بەسەر هێزەکانی قوڕەیشدا دەکات، کە حەفتا کەسیان لە هێزەکانی قوڕەیش کوشتو حەفتای دیکەیان بە دیل گرتو گەلێک کەلوپەلیشیان وەک دەسکەوتی شەڕ بەدەستهێنا . ئایەتەکانی سورەتی ئەنفال بەشێکن لە بەرنامەی ئیسلام لە بواری شەڕو پەلامارو خوێنڕشتنو بە حەڵاڵ ناسینی تاڵانکردن لە شەڕدا. هەروەها چۆنێتی مامەڵەکردنی دیلەکانی شەڕ و...هتد. هەر بەهۆی گرنگی ئەو بابەتانەشەوە بووە لەسەر چارەنووسی دەسەڵاتی ئیسلام کە یەکێک لە سورەتەکانی قورئان بە ناوی (ئەنفال) دیاریکراوە.

-(يسألونك عن الأنفال قل الأنفال لله و رسوله فأتقوا الله و اصلحوا ذات بينكم و أطيعوا الله و رسوله ان كنتم مؤمنين) الانفال/ ١.

واتا ( لەمەڕ دەسکەوتی جەنگەوە لێت دەپرسن، بێژە : تاڵانی دوژمنان



بۆ خوداو بۆ پێغەمبەرە. ئەگەر بڕواتان هێناوە، ئێوە ترسو لە خودا بێو لەناو خۆتاندا پێک وەرنو بەرفەرمانی خوداو پێغەمبەرەکەی بن ).

لە کتێبی « تەفسیری گوڵشەن»دا ئەو ئایەتەی سەرەوە بەم شێوەیە لێکدراوەتەوە:

[مەبەست لە «ئەنفال» ئەو دەسکەوتانەیە کە لە کاتی شەڕی موسوڵمانان لەگەڵ بێ باوەڕاندا دەستیان دەکەوێت.

(ئەنفال) کۆی (نفل)ە، کە لە بنەڕەتدا بە مانای زیادەیە. ئەم ئایەتە پیرۆزە لە غەزای بەدردا هاتووەتە خوارەوە، تا شێوازی دابەشکردنی دەسکەوتەکان ڕوون بکاتەوە. دەفەرموێت: ئەی پێغەمبەر! موسوڵمانەکان کە لە جەنگی بەدردا بەشدار بوون، پرسیارت لێ دەکەن دەربارەی ئەوەی دەسکەوتەکانی شەڕ بۆ کێ دەبێت؟! وە چۆن چۆنی دابەشدەکرێ؟ تۆ پێیان بڵێ :دەسکەوتەکان بۆ خوداو پێغەمبەرن، خودا بڕیاری چۆنیەتی دابەشکردنەکەی دەداتو ئینجا پێغەمبەریش- دخ- بەو شێوەیە دابەشی دەکات.. جا لە خودا بترسنو بە چاکی بیپەرستنو دوور بکەونەوە لە مشتومڕو ناکۆکی لە سەر چۆنیەتی دابەشکردنی دەسکەوتەکانو ڕازی بن بەوەی کە پێغەمبەر دیاری دەکات][٢٥].

لە ئایەتی (٤١)ی سورەتی ئەنفالدا هەر سەبارەت بە چۆنیتی دابەشکردنی دەسکەوتەکانی شەڕ بەسەر موسوڵماناندا دەڵێت:

- (و اعلموا انما غنمتم من شيء فأن لله خمسه و للرسول و لذي القربى و اليتامى و المساكين و ابن السبيل) الانفال/ ٤١.

واتا (دەبێ ئەوەندەش تێ بگەن هەر تاڵانێکو دەس کەوت، پێنج یەکێکی بەشی خوداو پێغەمبەرەو بۆ خزمانو هەتیوانو هەژارانو ڕێبوارانە).

تەفسیری گوڵشەن ئەم ئایەتەی بەم شێوەیە لێکداوەتەوە: (ئەی موسوڵمانینە! ئەو دەسکەوتانەی کە لە کاتی جەنگ کردن لەگەڵ کافرەکاندا دەستتان دەکەوێت! دەبێت بکرێنە پێنج بەش، چوار بەشی بۆ ئێوەیەو دابەش دەکرێت بە سەرتاندا، بەشێکی تریشی بۆ خوداو

پێغەمبەرە، کە ئەویش تەرخان کراوە بۆ پێغەمبەرو کەسوکاریو هەتیوانو هەژارانو ئەوانەی کە لە سەفەردا خەرجییان لێ دەبڕێتو ناتوانن بە ئاسانی بگەڕێنەوە بۆ شوێنی خۆیان. ئەی موسوڵمانینە! دەبێت دەسکەوتەکانی شەڕ بەو شێوەیە دابەش بکرێت، نەک هەر بدرێت بەوانەی کە لە غەزاکەدا بەشدار دەبن)[٣٦].

لە دوای شەڕی بەدرەوە ئیدی ئەو ئایەتەی سەرەوە بوو بە یاساو بنەمای ئەنفالکردنو چۆنێتی دابەشکردنی تاڵانیو دەسکەوتەکانی شەڕو پەلامارەکانی لەشکری موسوڵمانان.

لە شەڕو پەلامارەکانی لەشکری موسوڵماناندا بۆ سەر هەر لایەنێک، لە دوای کوشتارو هەوڵی بردنەوەی شەڕ، جەنگاوەرانی ئیسلام جگە لە کۆکردنەوەی دەسکەوتە مادیەکان، لە هەوڵی بە دیلگرتنی هەرچی زیاتری شەڕکەرانو بەرگریکارانی هێزی بەرانبەردا دەبوون. لەو دیلانە هەندێکیان لێ دەکوشتنو هەندێکی دیکەشیان لە بەرانبەر پارەدا ئازاد دەکردنو هەندێکیش کە پارەیان نەبوایە دەکران بە کۆیلە.

(سروشتی جەنگ زۆر جاران ئاتاجی دەبێت بە خەسڵەتی دوور لە ڕۆحی پارێزگارییو دینداری، جەنگ پێویستی بە توندوتیژیو دڵڕەقیو ئیرهاب هەیە، ئەم خەسڵەتانەش دەبنە هۆی تاڵانو بڕۆو کوشتو کوشتارو کۆیلەکردنی خەڵک)[٣٧].

لە ئایەتێکدا سەبارەت بە دیلی شەڕ دەڵێت:

- (ما كان لنبي ان يكون له أسرى حتى يثخن في الأرض تريدون عرض الدنيا و الله يريد الآخرة و الله عزيز حكيم ) الانفال/ ٦٧.

واتا (بۆ هیچ پێغەمبەرێک نەبووە دیلی هەبن، مەگەر وەختێ لە سەرزەمین بە تەواوی بووبێتە خاوەن دەسەڵات. دەتانەوێ ماڵی دنیاتان دەس کەوێ، خوداش پاشەڕۆژی دەوێ. خودا خاوەن دەسەڵاتو لە کارزانە).

سەبارەت بە لێکدانەوەی ئەم ئایەتەی سەرەوە، لە تەفسیری گوڵشەندا



ئاوا هاتووە:

(لە شەڕی بەدردا هەندێک لە موسوڵمانەکان هەوڵیان دەدا بێباوەڕان بە دیل بگرن، بۆ ئەوەی دوایی کەسوکاریان بە پارە بیانکڕنەوە، جا بەهۆی ئەوەوە بە جدی هەوڵی کوشتنی بێباوەرانیان نەدەداو زیاتر هەوڵیان بۆ ئەوە دەخستە کار بە دیل بیانگرن. خودایش لەم بارەوە دەفەرموێت: هیچ پێغەمبەرێک بۆی نەبووە دوژمن بە دیل بگرێت)[٢٨].

لە دیلەکانی شەڕی بەدر چواریان لێ کوشتن!. (لە ڕێگا بە فەرمانی محەمەد لە دیلەکان: ئەلنەزەر کوڕی حارس، عەقەبە کوڕی ئەبی، ئەبو حەکەم- ئەبو جەهل- ، نوفل کوڕی خوەیلد کە ژنبرای محەمەد خۆی بوو، کوژران)[٢٩].

لایەنێکی دیکەی شەڕو تاڵانکردن ئەوەبوو ژنانیش ئەنفال دەکرانو وەک دەسکەوتی شەڕ مامەڵەیان لەگەڵ دەکرا. بە سەر جەنگاوەرانی لەشکری موسوڵماناندا دابەش دەکرانو دەکرانە کۆیلەو کەنیزەکی ناو ماڵەکانیان.

شایانی باسە کە محەمەد سێ لە ژنەکانی خۆی دەسکەوتی شەڕەکان بوون، بە ناوەکانی: ١- جوریە کچی حارس ی سەرۆکی تیرەی بەنی موستەڵەق، ژنی مسافع کوڕی سەفوانی موستەڵەق بوو. لە هێرشی لەشکری موسوڵمانان بۆ سەر تیرەی بەنی موستەڵەق، لە دوای کوشتار، بە دیل گیراو محەمەد بۆ خۆی مارەی کرد. ٢- سەفیە کچی حەی کوڕی ئەختوبی جوولەکە، ژنی کەنانەی کوڕی ڕەبیع، سەرۆکی یەکێ لە تیرەکانی خەیبەر بوو. لە شەڕی ئەو تیرەیەدا کەنانەی مێردی بە دیل گیراو کوژرا، سەفیەش بە دیل گیراو محەمەد بۆ خۆی مارەی کرد. ٣- ڕەیحانە کچی عەمرو، لە شەڕی خێڵی بەنی قورەیزەی جوولەکەدا بە دیل گیراو محەمەد بۆ خۆی مارەی کرد. بە گوێرەی ئەم ئایەتەی خوارەوە، مارەکردنی ئەو ژنە بە دیل گیراوانەی بۆ خۆی حەڵاڵ کردووە:

- (يا أيها النبي انا أحللنا لك أزواجك اللاتي أتيت أجورهن و ما ملكت يمينك مما أفاء الله عليك)الاحزاب/ ٥٠.

واتا (ئەی پێغەمبەر! ئێمە ئەو ژنانەتمان بۆ ڕەوا دیوی، کە مارەییت پێگەیاندوون، ئەوانەش کە لە تالآنێ دەس کەوتوونو خوا کردوونیە پشکی تۆ).

لە ئایەتی (٦٩)ی سورەتی ئەنفالدا بە فەرمی دەسکەوتو تالآنی شەڕەکان بۆ جەنگاوەرانی ئیسلام حەلآڵ دەکاتو وەک یەکێک لە خاڵە گرنگەکانی بەرنامەی ئاینی ئیسلام بۆ هەمیشە بڕیاری لەسەر دەدات، کە ئاوا دەڵێت:

- (فکلوا مما غنمتم حلالا طیبا و اتقوا الله ان الله غفور رحیم) الانفال/ ٦٩.

واتا ( ئەو تالآنەی گرتووتانە، حەلآڵو زەلآڵە بیخۆن، ترسیشتان لە خودا هەبێ. خودا لە گوناە دەبووریێو دلۆڤانە ). بۆیە ئیدی لە دوای شەڕی بەدرو بە یاساکردنی ئایەتەکانی سورەتی ئەنفالەوە، لە چەند سورەتێکی دیکەشدا بە هەمان شێوە جەخت لە سەر بەتالآنبردنی سەروماڵی نەیارانی ئیسلام دەکاتو هانی جەنگاوەرانی لەشکری موسوڵمانان دەدات لە پێناوی دەسکەوتی باشتردا. وەک لەم نموونە ئایەتانەی خوارەوەدا دەخوێنینەوە:

- (و مغانم کثیرة یأخذونها و کان الله عزیزا حکیما. وعدکم الله مغانم کثیرة تأخذونها )الفتح/١٩، ٢٠.

واتا (ماڵی تالآنی زۆریشیان دەس دەکەوێ، خودا خاوەن دەسەلآتی لە کارزانە. خوا بەڵێنی گەلێ تالۆوی پێتان داوە کە دەیگرن).

لێکدانەوەی ئەم ئایەتە لە تەفسیری گوڵشەندا ئاوا کراوە:

(ئەی موسوڵمانینە! خودا بەڵێنتان پێدەدات بە دەسکەوتنی غەنیمەتێکی زۆر لەو غەزایەدا کە دەچن بۆی، وە زۆر زوویش ئەم غەنیمەتەی خەیبەری بۆ پێشخستن و، دەستی پیلانو کافرانی جوولەکەکانی خەیبەرو ئەو هۆزە عەرەبانەی کە پەیمانیان لە گەڵیاندا هەبوو، دوور خستەوە لێتانو تێکی شکاندن، وای لێکردن کە ئیتر نەتوانن دەسدرێژیتان بکەنە سەر،



تا ئەمە ببێتە بەڵگەو نیشانەیەک بۆ ئیماندارەکان لە سەر ئەوەی کە ئەو بەڵێنەی کە خودا پێی داون، دێتە دی، هەروەها تا خودای گەورە بەرانبەر ئیمانداریو گوێڕایەڵیتان، بەرەو ڕێگای ڕاستو چاکەکاری هیدایەتتان بکات. ئەمە لە لایەن خوداوە بەڵێنێک بوو کە هێزو خێرو بەرەکەت بە سەر موسوڵمانەکاندا دەڕژێتو دەروویەکی فراوانیان لێ دەکرێتەوە)[٣٠].

- (و أخری لم تقدروا علیها قد أحاط الله بها و کان الله علی کل شيء قدیرا ) الفتح/٢١

(تالآنێکی تریش هەیە کە هێشتا دەستان پێ نەگەیوەو خودا باشی ئاگا لێیە، خوا هەموو کاری پێ دەکرێن).

- (و أورثکم أرضهم و دیارهم و أموالهم و أرضا لم تطؤها و کان الله علی کل شيء قدیرا) الاحزاب/٢٧.

واتا (زەویەکانو خانووەکانو سامانیانو ئەو زەمینەش کە پاتان پێدا نەنابوو، خودا گشتی دا بە ئێوە، خودا توانای بە سەر هەموو شتدا هەیە).

- (و ما أفاء الله علی رسوله منهم فما أوجفتم علیه من خیل و لا رکاب و لکن الله یسلط رسله علی من یشاء و الله علی کل شيء قدیر) الحشر/٦.

واتا (هەر تالآنێک لە دانیشتووی ئەو گوندانە کە خودا دای بە پێغەمبەری، ئەوانە نین کە ئێوە بە سواری ئەسپ یان بە وشترەوە بۆی چوون. بەڵام خوا پێغەمبەرانی لەسەر هەر کەسێ زاڵ دەکا، خوا بۆ هەموو شت توانایە).

- (و ما أفاء الله علی رسوله من أهل القری فلله و للرسول و لذي القربی و الیتامی و المساکین و ابن السبیل کي لا یکون دولة بین الأغنیاء منکم و ما أتاکم الرسول فخذوه و ما نهاکم عنه فانتهوا و اتقوا الله ان الله شدید العقاب)الحشر/٧.

واتا (هەر تالآنێ لە دانیشتووی ئەو شارانە خوا بۆ پێغەمبەری ناردووە، بۆ

خوداو بۆ پێغەمبەریەو بۆ خزمە نزیکەکانو هەتیوانو هەژارانو ڕێبوارانە، نەک ببێتە سەرمایەی ئاڵوگۆڕکردن لە ناو دەوڵەمەندەکان، هەرچی پێغەمبەر دەوداتێ لێی وەرگرن، لە هەرچیشتان بێبەش کا،دەستی بۆ مەبەن، دەبێ لە خودا بترسن، کە تۆڵەی خودا زۆر دژوارە).

- (للفقراء المهاجرين الذين أخرجوا من ديارهم و أموالهم يبتغون فضلا من الله و رضوانا و ينصرون الله و رسوله اولئك هم الصادقون) **الحشر/٨.**

واتا (ئەو تالانە بۆ ئەو هەژارە دوورەوڵاتانەیە کە لە ماڵو زێدی خۆیان دەرکراون، چاوەنۆڕی بەهرەو ڕەزامەندی خودانو یاریدەی خوداو پێغەمبەرەکەی دەکەن، کە ئەمانە ڕاستەکانن).

شەڕو کوشتار لە پێناوی تالانیدا یەکێک بوو لەو فاکتەرانەی کە بەشێکی جەنگاوەرانی ئیسلامی زیاتر هاندەدا بۆ بەشداریکردن لە شەڕەکاندا. نەبوونیو بێدەرەتانی خەڵکانێکی ناچار دەکرد لە پێناوی دەسکەوتی مادیدا بەشداری لە شەڕەکانی لەشکری ئیسلامدا بکەن.

**٣. ستەم لە ژنان:**

پرسی ژنان لە قورئاندا، چ وەک گرنگی لایەنی مرۆڤایەتی بابەتەکەو چ وەک جێگاوشوێنی ژن لە داڕشتنو ژمارەی ئایەتەکاندا، بەو هۆیەوە کە پیاوانی بە لێپرسراوی ژنان ناسیوە، جێگایەکی ئەوەندە دیاری نیە!.

[لە سەرانسەری قورئاندا تەنها (٧٩) ئایەت لە کۆی (٦٣٣٦) ئایەت سەبارەت بە ژنان قسەی کردووە، کە دەکاتە (١) بەش لە (٨٢) بەش. لە کۆی ئەو (٧٩) ئایەتەش (٥٧) ئایەت ئەگەرچی باسی ژنانی کردووە، بەڵام ڕاستەوخۆ وتارەکەی ئاراستەی پیاوان کردووە][٣١].

لە واقیعدا ئەم پرسە هەر لە سەردەمی محەمەد خۆیەوەو بە درێژایی مێژووی ئیسلام هەتا ئەمڕۆش، لە کۆمەڵگا موسوڵمانەکاندا بە گشتی لە ژێر کاریگەری بڕیارو حوکمەکانی قورئاندا بووەو بەو هۆیەوە ژیانو چارەنووسی ژنانی یەکجار ئاڵۆزو هەستیار کردووە. بە ڕادەیەک ڕۆڵی گەورەی هەبووە لە هێشتنەوەی جیاوازیەکانی نێوان ژنانو پیاوانو



ستەمی جۆراوجۆر لە سەر ژنان. تەنانەت لە داڕشتنی دەستوری ئەم سەردەمەی گەلێک وڵاتانی موسوڵماندا، بۆ مافەکانی ژنان، پشتیان بە حوکمو یاساکانی قورئان بەستووە!.

لێرەدا باشتر وایە پێش ئەوەی بچینە ناو باسی شێوەکانی ستەمو توندوتیژی دژی ژنان لە ئایەتەکانی قورئاندا، بۆ بەرچاوڕوونیو هەبوونی پێوانەیەکی سەردەمیانە بۆ ناسینی چەمکی توندوتیژی دژی ژنانو دەستنیشانکردنی شێوەکانی، پێناسەیەکی چەمکەکە بکەین.

لە ڕاگەیەندراوی (بنەبڕکردنی توندوتیژی دژی ژنان )دا، کە ساڵی ١٩٩٣ لە لایەن کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە دەرچووە، ئاوا پێناسەی دەکات:

(توندوتیژی دژی ژنان بریتیە لە هەر کردەیەکی ئازاروئەشکەنجە ئامێز بەرانبەر بە ژنان لەسەر بنەمای دەمارگیری ڕەگەزی، کە ببێتە هۆی زیانو کێشەو گیروگرفت لە ڕووی جەستەیی یا سێکسی یا دەروونی بۆ ژنان، لە شێوەی هەڕەشەو ناچارکردنو بە زۆر بێبەشکردن لە ئازادی لە ژیانی گشتیو تایبەتیدا)[٣٢].

هەروەها لە دەقی ڕاگەیەندراوەکەدا هاتووە کە ئەو پێناسەیە هەموو ڕەوشەکانی توندوتیژی لەسەر ژنانو کچانو منداڵ دەگرێتەوە لەم لایەنانەی خوارەوەدا:

(ا. توندوتیژی جەستەییو سێکسیو دەروونی لە چوارچێوەی خێزاندا، لەوانە: لێدان، دەستدرێژی سێکسی بۆ سەر کچانی منداڵ لە خێزاندا، توندوتیژی پەیوەست بە مارەیی، دەستدرێژیو پەلاماردانی ژن، خەتەنەکردنی مێینە، هەموو ئەو نەریتە کۆنانەی دەبنە هۆی ئازاردانی ژن، هەروەها توندوتیژی دەرەوەی هاوسەریو توندوتیژی پەیوەست بە ستەمی جۆراوجۆری دیکە لە خێزاندا.

ب. توندوتیژی جەستەییو سێکسیو دەروونی لە کۆمەڵدا بە شێوەی گشتی، لەوانە : دەستدرێژیو پەلاماری سێکسی، تەنگ پێهەڵچنینو

ترساندن لە جێگای کارو دامەزراوە پەروەردەییەکاندا، یا لە هەر جێگایەکی دیکە، بازرگانیکردن بە ژنانو زۆرلێکردنیان بۆ لەشفرۆشی.

ج. توندوتیژی جەستەییو سێکسیو دەروونی لە لایەن دەوڵەتەوە، یان چاوپۆشی لێکردنی لە هەر جێگایەک کە ڕوو بدات)[٣٣].

بە گوێرەی ئەو پێناسەو ڕوونکردنەوەیەی سەرەوە، ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کە دیاردەی توندوتیژی دژی ژنان لە لایەن خێزانو کۆمەڵگاو دەوڵەتەوە بەڕێوە دەچێتو شێوەی جەستەییو سێکسیو دەروونی بەخۆوە دەگرێت.

توندوتیژی خێزانی بەرانبەر بە ژنان، ئەو توندوتیژییەیە کە لە ناو خێزاندا لە لایەن ئەندامێک یان زیاتری خێزانەوە، وەک باوک ، برا، مێرد یا خزمو کەسوکاری بنەماڵەوە بەرانبەر ژنو کچو کچی منداڵ بەڕێوەدەچێت. تایبەتمەندیەکی توندوتیژی خێزانی بەرانبەر ژنان ئەوەیە لە شێوەی نهێنیدا بەڕێوەدەبرێت، بە هۆی دابونەریتو ئاینو کولتورەوە بە زۆری بە نهێنی دەمێنێتەوەو خودی قوربانیەکە خۆی کێشەکە ناباتە بەردەم دادگا.

توندوتیژی کۆمەڵگا ئەو توندوتیژیانەیە کە ڕۆژانە لە هەر جێگایەک بەرانبەر ژنان دەکرێن بەو هۆیەوە کە مێینەن.

توندوتیژی دەوڵەتی بەرانبەر ژنان ئەوەیە بە هۆی دامودەزگاکانی دەوڵەتەوە لە شوێنی کاردا، یان لە لایەن لێپرسراوانو فەرمانبەرانی دەوڵەتەوە بە هۆی پلەوپایەکانیانەوە ڕووبەڕووی ژنان دەبنەوە.

گرنگی ئەو پێناسەیە لەوەدایە کەبە شێوەیەکی گشتی گوزارش لە ژیانو کێشەی توندوتیژی دژ بە ژنان دەکات، لە هەر جێگایەکی دنیا بنو سەر بە هەر نەتەوەو بنەچەو ئاینو ئاینزایەک بن.. هەروەها ئەو ڕاگەیاندنە نێودەوڵەتیە لە مادەو بڕگەکانیدا، کە باسکردنیان لەم بابەتەی ئێمەدا جێگای نابێتەوە، ڕاشکاوانە بەرگری لە ژیانو مافەکانی ژنان دەکات لە بەرانبەر هەر زوڵموزۆرو توندوتیژیەک لە لایەن پیاوان یان بەشێک لە



ژنان خۆیانەوە کە بەرانبەریان دەکرێت.

لە واقیعدا ئەو پێناسەو ڕوونکردنەوەیەی ڕاگەیەندراوەکە بنەمایەکە بۆ ناسینی توندوتیژی بەرانبەر بە ژنان.. داننانە بە یەکسانی ژنو پیاو لە خێزانو لە کۆمەڵگادا. هەروەها بانگەوازی ژنانو پیاوانە بە گشتی بۆ هوشیاربوونەوەو ناسینی مافەکانی ژنانو هاتنە مەیدانیان لە پێناوی یەکسانی کۆمەڵایەتیو ئازادیو بەرابەریدا.

## دەربارەی ڕیفۆرم لە ژیانی ژناندا

پێشتر لە باسی «بزوتنەوەو دەسەڵاتی ئیسلام بە ڕابەری محەمەد» دا تیشکێکمان خستە سەر باسی ڕیفۆرمو وتمان ئاینی ئیسلام هەر لە سەرەتاوە وەک بزوتنەوەیەکی ئاینی ڕیفۆرمخواز خوازیاری کۆمەڵێک چاکسازیو گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی بوو، لەوانەش چاکسازی لە ژیانی ژناندا. ( کاتێک کە ئاینی ئیسلام بوو بە دەسەڵات لە نیمچەدوورگەدا، بە کردەوە هەندێک چاکسازی لە ژیانی ژنانی ئەو کۆمەڵگایەدا ئەنجامدا. ئەو ڕیفۆرمانە لە چەند ئایەتێکی قورئاندا چ وەک ئامۆژگاری یان وەک حوکمو یاسا باسکراونو لە ژیانی ڕۆژانەشدا پیادەکراون. ئەگەر بە پێوانەی ئەم سەردەمەو بە بەراورد لەگەڵ سەردەمی پێش ئیسلام هەڵیانبسەنگێنین، بەڵگەی ئەوە بە دەستەوە دەدەن کە بۆ ئەو هەلومەرجەی کۆمەڵگای عەرەبستان هەنگاوی بەرەوپێشەوەچوون بوونو بە قازانجی ژنانی ئەو کۆمەڵگایە بوون )[٣٤].

بەڵام ئەوەی جێگای سەرنجە ئەوەیە کە قورئان ئەو ڕیفۆرمانە لە حوکمو یاساکانی خۆیدا بۆ هەمیشەو هەتاهەتایی، واتا لە سەروو کاتو شوێنەوە چاولێدەکات!. ڕاستیەکەی ئەوەیە، بەڵێ ئەو ڕیفۆرمو بڕیارو حوکمانەی قورئان بۆ سەردەمی محەمەد گۆڕانی بەرەوپێش بوونو جێگای شانازی ئیسلام بوون، بەڵام بە حوکمی مێژووی ڕوو لە پێشی کۆمەڵ بۆ سەردەمانی دواتری کۆمەڵگای عەرەبستانو کۆمەڵگا موسوڵمانەکانی

دیکە بوونەتە ڕێگر لە پێشکەوتنی بەردەوامو بەدەستهێنانی مافی زیاترو ژیانی باشتر، نەک هەر ئەوە بەڵکو بوونەتە هۆیەک لە هۆیەکانی مانەوەی توندوتیژی لەسەر ژنانو پارێزەری نابەرابەریو نایەکسانی کۆمەڵایەتی.

ئەگەر بە پێوانەی ئەم سەردەمە ڕیفۆرمو بڕیارو حوکمەکانی قورئان هەڵسەنگێنین: (قورئان ڕەخنەی ڕیشەیی لە سیستەمی پیاوسالاری نەگرتووەو خوازیاری دامەزراندنی کۆمەڵگایەکی یەکسان نەبووەو نیە، نەخێر بەڵکو درێژەدەری هەمان سیستەمی پیاوسالاریو زۆربەی نەریتە باوەکانی ئەو سەردەمە بووە. جێگاوشوێنی نزمو پلە دووی بۆ ژنان لەچاو پیاواندا بۆ هەمیشە بە ڕەسمی ناسیوەو پیرۆز ڕاگرتووە)[٣٥].

ئێستا دەچینە سەر باسی جێگاوشوێنێک کە قورئان بە ژنانی بەخشیوە، هەروەها لە درێژەی باسەکەدا لە ڕەهەندە جیاوازەکانی توندوتیژی بۆ سەر ژنانو ئەو ڕیفۆرمانەش کە دەسەڵاتی ئیسلام لە سەردەمی محەمەد دا جێبەجێی کردوون دەکۆڵینەوەو نموونە لە ئایەتەکانی قورئان دەهێنینەوە.

## جێگاوشوێنی ژن لە قورئاندا

بە گوێرەی ئایەتەکانی قورئان، خودا هەر لە ئافراندنی مرۆڤەوە جێگای جیاوازی بۆ ژنو پیاو دیاریکردووە. پلەی بەرزی بۆ پیاوانو پلەی نزمی بە ژنان بەخشیوە، پیاوان باڵادەستو بەڕێوەبەرو فەرماندەی ژنان، ژنانیش ئامراز بۆ خزمەتو خۆشی پیاوانو دەبێ هەمیشە گوێڕایەڵی پیاوان بن، وەک لەم دوو ئایەتەدا هاتووە:

- ( الرجال قوامون على النساء بما فضل الله بعضهم على بعض و بما أنفقوا من أموالهم ) النساء/٣٤.

واتا (پیاوان بەسەر ژناندا دەسەڵاتیان هەس، کە خودا هێندێکی لە هێندێ هێژاتر بەدیهێناوە. دیارە پیاوان ئەرکی بەڕێچوونی ماڵیان لەسەرشانە).



-(و لهن مثل الذي عليهن بالمعروفو للرجال عليهن درجةو الله عزيز حكيم ) البقرة/ ٢٢٨.

واتا (ژنانیش مافی ڕەوای خۆیان هەیە، پیاوان لە ژنان پلەیەک بەرەوژوورترن، خوداش خاوەن دەسەڵاتی لە کاروزانە).

لە واتای ئەو دوو ئایەتەی سەرەوەدا بە ڕوونی پلەی نزمو لێدان لە کەسایەتی ژن دەخوێنینەوە، کە بۆ هەمیشە پیاوی بەسەر ژندا باڵادەستو زاڵ کردووە. ناوەرۆکی ئەو دوو ئایەتەی سەرەوە سەرچاوەو پشتو پەنای مانەوەی جیاوازیو زوڵمو ستەم لەسەر ژنان دەکات. لە ڕوانگەی ئەو دوو ئایەتەوە ژنو پیاو لە خێزانو لە کۆمەڵدا، لە هیچ جێگایەکو لە هیچ سەردەمێکدا یەکسانو بەرابەر نابن!. قورئان پێی وایە جیاوازیەکانی نێوان ژنانو پیاوان خواکردەو نەهێشتنیان لەتونای ئەقڵو وزەی مرۆڤدا نیە!. دیارە ئەو بڕیارو بۆچوونە لەسەر بنەمای هەلومەرجی کۆمەڵگای عەرەبستانی ئەو سەردەمەو لوتکەی سیستەمی پیاوسالاریدایە کە ژن وەک کەرەسەیەک لە کەرەسەکانی ماڵو بەردەست بۆ خۆشی پیاوان دەبینێ، وەک لەم ئایەتەدا :

- (زين للناس حب الشهوات من النساء و البنين و القناطير المقنطرة من الذهب و الفضة و الخيل المسومة و الأنعام و الحرث ذلك متاع الحياة الدنيا و الله عنده حسن المئاب) آلعمران/ ١٤.

واتا (ئارەزووی ژنان کردنو کوڕی زۆر پەیداکردنو دەسکەوتنی کۆمای زلی زیوو زێڕانو ڕەوە ئەسپی بە دروشمو وڵساتو زەوی کێڵانێ، بۆ مەردم ڕازاوەتەوەو لە دنیادا مایەی خۆشین، بەڵام وەختێ دێنەوە بەردەستی خودا، پێدەزانن کە زۆر لەوە باشتر هەیە).

لەو ئایەتەی سەرەوەدا مەبەست لە وشەی «الناس» خەڵک، تەنها پیاوانە! گوتاری ئایەتەکە ڕوو لە پیاوانە، دەڵێت : پیاوان ئارەزووی ژنانو کوڕی زۆر و...هتد دەکەنو بۆیان ڕازاوەتەوە! واتا ژنیش یەکێکە لەو کەرەسانەی کە لە ئایەتەکەدا ناویان هاتووەو بۆ خۆشیو

چێژوەرگرتنی پیاوان لە بەردەستدان! ژن ئامرازێکە بۆ خۆشیو چێژی سێکسیو بەرهەمهێنانی منداڵو ڕاپەڕاندنی خزمەتەکانی پیاو! بێگومان بۆ پیاویش ئەرکی پەیداکردنی بژێوی ژیانی بۆ ژنو منداڵەکانی، لە دەرەوەی ماڵ دیاریکردووە!!.

ئاینی ئیسلام لە هەندێک ڕووەوە ڕەخنەی لە جێگاوشوێنو هەلومەرجی ژیانی ژنانی کۆمەڵگای عەرەبستانی پێش خۆیو شێوەی پێکهێنانو بەڕێچوونی خێزان گرتووە. لەسەر بنەمای ناوەڕۆکو بیروبۆچوونی ئەو ئایەتانەی سەرەوەدا جارێکی دیکە هەوڵی ڕێکخستنی خێزانو پرسی هاوسەرگیریو پرسی سێکسی لە کۆمەڵگادا دا. بۆ نموونە:

**مارەکردنو مارەیی**

دەسەڵاتی ئیسلام لە ڕێکخستنەوەی هاوسەرگیریو پێکەوەنانی خێزاندا زۆربەی شێوە هاوسەگیریە باوەکانی پێش خۆی بەرپەرچ دایەوە، بەڵام نەریتی مارەکردنو مارەیی هێشتەوەو بە هەندێک گۆڕانکاری بچووکەوە لە قورئاندا وەک یاسا بە فەرمی کردن. هەتا ئەمڕۆش لە کۆمەڵگا موسوڵمانەکاندا ئەم نەریتەی پێش ئیسلام هەر ڕەواجی هەیە.

مارەکردن لە ئیسلامدا بریتیە لە گرێدانی پەیماننامەیەک لە نێوان کوڕو کچێکی پێگەیشتوو، یان پیاوو ژنێکدا، بە ڕەزامەندی هەردووکیانو بەرپرسی خێزانیان (ولي الامر)و بە ئامادەبوونی دوو شایەت، بۆ پێکەوەنانی ژیانی هاوسەری.

- (فانكحوهن باذن اهلهن) النساء/٢٥.

واتا (بە دەستووری خاوەنیان مارەیان بکەن).

مارەیی بریتیە لە بەهایەکی مادی(پارە یان زێڕ) کە بە گوێرەی ڕێککەوتنی هەردوو لایەن لە کاتی مارەکردندا تۆمار دەکرێتو بڕیار ئەوەیە لە لایەن پیاوەکەوە بدرێت بە ژنەکە. مارەیی لە داهێنانی ئیسلام نیە، بەڵکو نەریتێکی کۆنینەی کۆمەڵگای نیمچەدوورگەی عەربستان بوو،



لە بەرانبەر ئەو خۆشیو خزمەتانەدا کە پیاو لە ژنی وەردەگرت. دەبوو پێش گواستنەوە بیدات بە بەرپرسی خێزانی کچەکە. لە واقیعدا بریتی بوو لە نرخی کڕینی ژن.

کەسوکاری کچ، بە تایبەتی دەوڵەمەندان، شانازیان بە بەهای هەرچی زۆرتری مارەیی کچیانەوە دەکرد. کچیان بێ بەرانبەر(بە خۆڕایی) بە شوو نەدەدا، پێیان وابوو دەبێ نرخێک لە بەرانبەر بەخێوکردنیدا وەرگرن.

لەو گۆڕانکاریانەی کە ئیسلام لە نەریتی مارەکردنو مارەییدا ئەنجامیدان:

١- لە بەشوودانی کچدا، یاخود لە مارەکردندا، دەبێ پرس بە کچەکەش بکرێت.

٢- دەبێ بەهای مارەییەکە بدرێت بە کچەکە، یاخود ژنەکە خۆی. لە ئیسلامدا دەکرێت مارەیی لە پێش گواستنەوەدا یان بە دوو جار لە شێوەی پێشەکیو پاشەکیدا بدرێت:

- (واتوا النساء صدقاتهن نحلة) النساء/٤.

واتا (وەک پێشکەشێک مارەیی ژنەکان بدەن).

بە گوێرەی ئەو ئایەتەی سەرەوە مارەیی مەرجێکی هاوسەرگیریە لە ئیسلامداو دەبێ بدرێت. واتا ئیسلام درێژەی دا بە هەمان نەریتی کۆنی کڕینی ژن لە بەرانبەر پارەو زێڕدا.

٣- لە کاتی جیابوونەوە (تەڵاق) دا نابێ مارەیی لە ژن بسەندرێتەوە:

- (و ان أردتم استبدال زوج و أتيتم احداهن قنطارا فلا تأخذوا منه شيئا) النساء/٢٠.

واتا (ئەگەر ویستو ژنی خۆتان بە ژنێکی دیکە وەگۆڕن، ئەگەر بە ژنەکەی پێشووتان کلوورێک دراوتان دابێ، نابێ لێیان بستێننەوە).

ناوەڕۆکی ئەو ئایەتەی سەرەوە ڕیفۆرمێکی بچووکە لە پرسی مارەییدا. لە پێش ئیسلامدا هەندێک پیاو لە کاتی جیابوونەوەدا لە ژنەکانیان، ئەو بڕە پارەیەی بە ناوی مارەیی بە کەسوکاری ژنەکەیان دەدا لێیان دەسەندنەوە. لەم بارەیەوە ئیسلام ئەو یاسایەی لەو ئایەتەی سەرەوەدا

دەرکرد، کە نابێ مارەیی لە ژنی تەڵاقدراو بسەندرێتەوە.

لە ئایەتێکی دیکەدا هەر دەربارەی مارەیی دەڵێت :

- (و من لم يستطع منكم طولا ان ينكح المحصنات المؤمنات فمن ما ملكت أيمانكم من فتياتكم المؤمنات و الله أعلم بايمانكم بعضكم من بعض فانكحوهن باذن أهلهن و أتوهن أجورهن بالمعروف ) النساء/**٢٥**.

واتا (کێش دەستەنگەو ئەو ماڵەی بۆ هەڵناسوڕێ کە ژنی خاوەن باوەڕی ئازاد بێنێ، با لەو کیژە باوەڕدارانە وا بوونەتە هی خۆتان، مارە بکا. خوداش لە هەرکەس زیاتر لە باوەڕتان ئاگادارە. هەمووتان تیرەی یەکترن، بە دەستووری خاوەنیان مارەیان بکەن. چۆن باوە لە ناو خۆتاندا مارەییان بۆ ببڕنەوە).

لەو ئایەتەی سەرەوەدا ئەوە ڕوونە کە هاوسەرگیری بە گوێرەی ئیسلام پەیوەستە بە پارەو توانای مادی پیاوەوە. ئەو کەسەی پارەی هەیە با ژنی ئازاد بهێنێت کە مارەییان گرانترە!، ئەو کەسەش کە هەژارەو پارەی مارەیی پێ هەڵناسوڕێ، با لەو ژنە کۆیلە (کەنیزەک)انە بهێنێت کە لە شەڕدا بە دیل گرتووتانن، ئەوانە هەرزانن‌و پێویستیان بە مارەییدانی زۆر نیە!.

لە کتێبی تەفسیری گوڵشەندا ئاوا باسی ژنانی کەنیزەک دەکات: (مەبەست لە ئافرەتانی کەنیزەکو کۆیلە، ئافرەتانی غەیرەدینن کە لە شەڕدا بە دیل دەگیرێن، ئیتر کۆیلایەتیان بە سەردا دەبڕێت، هەر یەکە لەو جۆرە ئافرەتانە بە عەرەبی پێیان دەوترێت «ملك اليمين» هەروەها «جارية»یشی پێدەوترێت. بە دیل گرتنی پیاو یا ژن لە شەڕداو کردنیان بە کۆیلە پێش ئیسلامو دوای هاتنیشی لە ناو گەلاندا هەر باو بووە. کاتێک لەشکری موسوڵمانانیش لە گەڵ بێباوەڕاندا دەکەوتنە شەڕ، وا ڕێکدەکەوت دیلیان لێ دەگرتن. هەروەکو ئەوانیش دیلیان لە موسولمانەکان دەگرت. جا ئەگەر دەرفەتی گۆڕینەوەیان هەبوایە، هەر لایەکیان دیلەکانی خۆی دەگۆڕییەوە بە دیلەکانی لاکەی تر. جاری



وایش دەبوو ژمارەیەک ئافرەتی دوژمن بە دیل دەگیران، بێ ئەوەی دەرفەتی گۆڕینەوەیان هەبێت، ئینجا بە کۆیلەیەتی دەکەوتنە ژێر دەستی موسوڵمانەکان، ئەو موسوڵمانەی کۆیلەیەک یان زیاتری بکەوتایەتە ژێر دەست، دەیتوانی بچێتە لایان، جا چ مارەی بکات یان نەیکات، بەڵام بەو مەرجەی دووچاری ئازارو عەزیەتدانی نەکاتو بە خۆشی لە گەڵیاندا بجوڵێتەوەو بە پێی تواناو دەسەڵاتی خۆی خواردنیان بداتێو بیانژێنێتو جلوبەرگیان بۆ بکات، ئیتر دروست نەبوو جگە لەو کەسە کەسێکی تر بچێتە لایان )[٣٦].

لە ئایەتێکی دیکەدا هەر سەبارەت بە مارەیی ئاوا هاتووە:

- (و المحصنات من النساء الا ما ملكت أيمانكم كتاب الله عليكم و أحل لكم ما وراء ذلكم ان تبتغوا بأموالكم محصنين غير مسافحين فما استمتعتم به منهن فأتوهن أجورهن فريضة و لا جناح عليكم فيما تراضيتم به من بعد الفريضة ان الله كان عليما حكيما ) النساء/**٢٤**.

واتا (ژنی بەشووتان پێ ناشێ، مەگین ئەوانەی بوونەتە ماڵی خۆتان، لە خوداوە ئەم بڕیارەو بۆ نووسراوە، جیا لەمە ڕێو دراوە بە دراوی خۆتان ژن بێنن، بەڵام بە پاکی نەک بە داوێن پیسی. لە بەرانبەر ئەو لەزەتەی لە ژنەکانی دەبینن ئەو ماڵەی خودا بۆیانی بڕیار داوە کرێی خۆیانە لە سەرتان کە ئێوە بیدەن، ئەگەر لە پاش دیاریکردنی مارەیی لە نێو خۆتاندا پێکهاتن، هیچ گوناهێکو ناگاتێ‌و خودا زانای لە کاررزانە).

سەرەتای ئایەتەکە ڕیفۆرمە، ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە ئەگەر ژنێک شووی کردبێ‌و مێردی هەبێت، پیاوان بۆیان نیە مارەیان بکەن، بۆ ئەوەی لە گەڵ مێردەکەیدا تووشی گرفت نەبن. لە بەشێکی دیکەی ئایەتەکەدا جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە مارەیی لە بەرانبەر ئەو چێژەدایە کە پیاو لە ژن وەریدەگرێت، دیارە مەبەست چێژی سێکسە. هەروەها بە پلەی یەکەم گرنگی بە چێژی سێکس بۆ پیاوان داوە، بەڵکو لەو پرۆسەیەدا هیچ گرنگی‌و ئاماژەیەکی بە غەریزەی سێکس لای

ژن نەداوە. واتا لە پرۆسەی هاوسەرگیریدا تەنها ئەو برە پارەو زێڕەی مارەیی بە مافی ژن ناسیوە، نەک مافی بە ئازادی هەڵبژاردنی هاوسەرو خۆشەویستیو ڕێزو هەستو سۆزو چێژی سێکسی بەرابەری نێوان ژنو پیاو.

سەبارەت بە هۆی دابەزینی ئەم ئایەتە، لە کتێبی «ئەسباب ئەلنزول»دا دەڵێت:

[تەبەرانی لە ئیبن عەباس دەگێڕێتەوە، وتوویەتی: ڕۆژی سەرکەوتنی شەڕی حونەین موسوڵمانەکان هەندێک لە ژنانی ئەهلی کتێبیان بەردەست کەوت، کە ئەوانە ژنانی مێرددار بوون. پرسیارمان لە پێغەمبەر دخ کرد، ئەوەبوو ئەم ئایەتە دابەزی: (و المحصنات من النساء الا ماملكت أيمانكم...)، دەڵێت ئەوەی خودا خستیە بەر دەستتان بۆ ئێوەمان حەڵاڵ کردن ][٣٧].

## جیاوازیخوازی لە هاوسەرگیریدا

ئاینی ئیسلام لە پرۆسەی هاوسەرگیریدا چەند حوکمو یاسایەکی لەسەر موسوڵمانان فەرز کردووە کە لە واقیعدا دەبنە هۆی خستنەوەی جیاوازیو بە پلەی نزمتر چاولێکردنی مرۆڤی سەر بەئاینو بیروباوەڕە جیاوازەکانی دیکە. لە لایەکی دیکەش ڕێگریکردنو قەدەغەی نزیکبوونەوەو هاوسەرگیری لە گەڵ مرۆڤی ناموسوڵمان. بۆ نموونە لەم ئایەتەی خوارەوەدا ڕێگری لە مرۆڤی موسوڵمان دەکات کە هاوسەرگیری لە گەڵ بتپەرستاندا بکەن:

- (و لا تنكحوا المشركات حتى يؤمن و لأمة مؤمنة خير من مشركة و لو أعجبتكم و لا تنكحوا المشركين حتى يؤمنواو لعبد مؤمن خير من مشرك و لو أعجبكم) البقرة/٢٢١.

واتا (خواستنو شووپێکردنی بتپەرستان بۆ مێرو ژنی باوەڕدار ڕەوا نیە، با زۆریشیان حەز لێ بکەن، هەتا نەبنە خاوەن باوەڕ ناشێ بیانکەنە هاوسەرتان. کەنیزو بەندەی باوەڕدار بۆ هاوجووتی، لە مێرو ژنی ئازادی



خوانەناس هێژاترن).

وەک لە واتای ئەو ئایەتەدا ڕوونە، مرۆڤی نێرو مێی موسوڵمان بە هۆی موسوڵمانبوونیانەوە لە مرۆڤی دیکە جیاوازنو پلەیان جیایە، بۆیە پیاوو ژنی موسوڵمان نابێ نە ژنی ناموسوڵمان بهێننو نەشوو بە پیاوی ناموسوڵمان بکەن!، بەڵکو مەرجی ئایەتەکە ئەوەیە کە سەرەتا دەبێ موسوڵمان بن، ئنجا لە یەکتر مارە دەکرێن.. ئیدی لە یەکتر تێگەیشتنو پێکەوەگونجانو باشیو خراپی پیاوو ژنەکە جێگای باس نیە!. دەقی ئایەتەکە ڕێگە بە هاوسەرگیریەکە دەدات لە کاتێکدا ئەگەر مرۆڤی ناموسوڵمان بۆ هاوسەرگیری ببێتە موسوڵمان، بەڵام هەرگیز ڕێگە نادات مرۆڤی موسوڵمان بۆ هاوسەرگیری ئاینی خۆی بگۆڕێت!، چونکە ئەوە بە هەڵگەڕانەوە لە ئاین دەژمێردرێو سزای توندی تا ڕادەی کوشتنی بە دواوەیە!. هەروەها ڕێگەش بەو هاوسەرگیریە نادات کە هەر یەکەیان لەسەر ئاینی خۆیان بمێننەوە!.

لە ئاینی ئیسلامدا هەر وەک پێشتریش باسمان کردو نموونەی ئایەتمان هێنایەوە، پیاوان پلەی بەرزترو ژنان پلەی نزمتریان هەیە.. ژنان نیوەی مافیان هەیە، ژنانی کەنیزەک ئەگەر موسوڵمانیش بن نیوەی ژنانی ئازاد ی موسوڵمان پلەو مافیان هەیە. بەڵام بۆ هاوسەرگیری، ئایەتەکەی سەرەوە دەڵێت کە کەنیزەکو بەندەی باوەڕدار لە مێردو ژنی ئازادی ناموسوڵمان هێژاترن!. واتا ژنانو پیاوانی کۆیلەی موسوڵمان ئەگەرچی لە ژنانو پیاوانی ئازاد پلەی کەمتریان هەیە، بەڵام بەو هۆیەوە کە موسوڵمانن، لە پیاوانو ژنانی ئازادی ناموسوڵمان پلەیان بەرزترە!.

لە ڕاستیدا ئەم جیاوازیکردنە لە نێوان بەهاو پلەی کۆمەڵایەتی مرۆڤەکاندا بە هۆی ئاینو بیروباوەڕو ڕەگەزیانەوە جگە لە دەمارگیری ئاینی کە دەبێتە هۆی ناکۆکی خستنەوەو بەرهەمهێنانی تووندوتیژی هیچی دیکە نیە.

**مارەکردنی کاتی**

مارەکردنی کاتی جۆرێکە لە مارەکردن لە ئاینزای شیعەدا پەیڕەو دەکرێت لە ژێر ناوی سیغە (زواج المتعة)دا، واتا هاوسەرگیری چێژوەرگرتن، لە سەر بنەمای ئەم ئایەتەی خوارەوە:

- (فما استمتعتم به منهن فأتوهن أجورهن فريضة و لا جناح عليكم فيما تراضيتم به من بعد الفريضة ان الله كان عليما حكيما ) النساء/ ٢٤.

واتا (لە بەرانبەر ئەو لەزەتەی لە ژنەکانی دەبینن، ئەو ماڵەی خودا بۆیانی بڕیار داوەو کرای خۆیانە لە سەرتان، ئێوە بیدەن. ئەگەر لە پاش دیاریکردنی مارەیی، لە نێو خۆتاندا پێکهاتن، هیچ گوناهێکو ناگاتیو خودا زانای لە کارزانە).

ئەم جۆرە لە مارەکردن بۆ ماوەیەکی دیاریکراو، لە کاتژمێرێکەوە بۆ ڕۆژو چەند ڕۆژ یا هەفتەو مانگو ساڵی دیاریکراو، بە گوێرەی شەرعو بە فەرمی لە یەکتر مارە دەکرێن. هەردوو لا لە سەر مارەیی ( پارە ) کەو کاتەکە ڕێکدەکەون. پێویست بە ڕەزامەندیو ئامادەبوونی بەرپرسی خێزان (وەلی ئەمر )و شایەت ناکات.

لە واقیعدا مارەکردنی کاتی دوو لایەنی باشو خراپی هەیە. لە لایەک جۆرێکە لە کرانەوە لە ئاینزای شیعەدا لە بەرانبەر پرسی سێکسدا، ڕێگایەکە بۆ یەکتر ناسینو تێگەیشتن لە یەکتر، هەروەها جۆرێکە لە چارەسەری کێشەی سەرکوتو چەپاندنی ئارەزووی سێکس. دەشێت ئەگەر یەکتریان بە دڵ بوو ئەو کاتە جارێکی دیکە دەچنەوە مارەیی هەمیشەیی دەبەستن. لە لایەکی دیکەش بەهۆی ئەوەی لە بەرانبەر پارەدایە، جۆرێکە لە لەشفرۆشی بە شێوەی ئاینیو فەرمی. ڕەنگە ژنانێک لە بەر هەژاری پەنا دەبەنە بەر ئەو جۆرە مارەکردنەو بۆ دەسکەوتی مادی دەبنە قوربانی حەزو ئارەزووی سێکسی پیاوان. لە لایەکی دیکەشەوە ئەو مندالانەی لەم شێوە هاوسەرگیریەدا لە دایک دەبوون، دەبوونە قوربانیو لە کۆمەڵدا لە پەروەردەو نازی باوکو دایک بێبەری دەبوون. بە تایبەت



لە سەدەکانی ڕابوردوودا کە هوشیاری چۆنێتی منداڵنەبوون نەبوو.

**پرسی سێکس لە قورئاندا**

سێکس لە قورئانو شەریعەتی ئیسلامدا بە گشتی، یەکێکە لە هەرە پرسە داخراوو هەستیارو ئاڵۆزو سامناکو سنووردارەکان، بە ڕادەیەک، لەسەر بنەمای شەریعەت چەپاندنی ئەم غەریزەیەی مرۆڤ بۆتە بەشێک لە کولتوری کۆمەڵگا موسوڵمانەکان. کوڕو کچ هەتا بە گوێرەی ئاین مارە نەکرێن بۆیان نیە دەستیان بەر دەستی یەکتر بکەوێت. وەک پێشتر وتمان لە کۆمەڵگای عەرەبستان لە پێش ئیسلامدا، بە گوێرەی نەریتی کۆمەڵگاکە چەندین شێوە هاوسەرگیری جۆراوجۆر هەبوون، بەڵام بە بێ ئەوەی بە یاسا ڕێکبخرێن. سێکس لە کۆمەڵگای عەربستاندا ئەوەندە داخراو نەبوو. ئاینی ئیسلام لە بەرنامەو پراتیکی خۆیدا سنوورێکی بۆ ئەو ئاوەڵاییە داناو سەرلەنوێ ئەم پرسەی لە کۆمەڵگادا لە ڕوانگەی خۆیەوە بە یاسا لە ئایەتەکانی قورئاندا ڕێکخستەوە. ڕیفۆرم لە مارەکردنو مارەییدا یەکێک بوو لەو یاسایانە. هەروەها گەلێک لە شێوە هاوسەرگیریە باوەکانی نەهێشت، لەوانە فرەپیاوی قەدەغە کرد. بە یاسا ئەو سنوورەی بۆ فرەژنی دانا کە پیاوێک بۆی نەبێت لە چوار ژن زیاتری هەبێت، واتا تەنها لەگەڵ چوار ژندا سێکس بکات!، جگە لەوەش بۆی هەیە سێکس لەگەڵ کەنیزەکانی موڵکی خۆیدا بکات! ، لە پێش ئیسلامدا فرەژنی سنووری بۆ نەبوو، پیاو هەبووە خاوەنی دە ژن بووە. لە دوای ئەم سنوور دانانە بۆ پیاو ئیدی لەم ئایەتەی خوارەوەدا فەرمانیان پێدەکات کە شەرمی خۆیان بپارێزن:

- (قل للمؤمنين يغضوا من ابصارهم و يحفظوا فروجهم ذلك أزكى لهم) النور/٣٠.

واتا (تۆ بە بڕواداران بێژە چاو داخەنو شوورەیی خۆیان بپارێزن، ئەمە بۆ ئەوان باشترە).

لە بەرانبەر بڕیاری چوار ژنو کەنیزەک بۆ پیاوان، ئاینی ئیسلام بۆ ژنان سنورێکی جیاوازی دانا، ئەویش ئەوەیە کە هیچ ژنێک بۆی نیە، جگە لە پیاوەکەی خاوەنی، سێکس لەگەڵ هیچ پیاوێکی دیکەدا بکات. فەرمان بە ژنان دەدات کە شەرمی خۆیان بپارێزن:

- (و قل للمؤمنات يغضضن من أبصارهن و يحفظن فروجهن و لا يبدين زينتهن) النور/**٣١**.

واتا (بە ژنانی باوەڕداریش بێژە با چاویان داخەنو شەرمی خۆیان بپارێزنو خشڵی خۆیان دەرنەخەن).

- (فالصالحات قانتات حافظات للغيب بما حفظ الله) النساء/**٣٤**.

واتا (جا ژنانی باش ئەوانەن کە گوێبیستنو وەک خودا فەرمانی داوە دوور لە شوویان شەرمی خۆیان دەپارێزنو ئاگایان لە ماڵێ دەبێ).

بە گوێرەی مانای ئەو سێ ئایەتەی سەرەوە، شەرمی خۆتان بپارێزن بە واتا سێکس بەدەر لەو شێوەیەی ئیسلام دایناوە شەرمەو قەدەغەیە. هەر بۆیە شەرمی خۆپاراستنو ئاگالێبوونی ماڵو کاروبارەکانی ناو ماڵی بە ئەرکی ژن داناوە. هەر لەم ڕوانگەیەوەیە کە بە درێژایی مێژووی کۆمەڵگا موسوڵمانەکان ڕێگری لەژنان کراوە بێنە مەیدانەکانی ژیانەوەو ئەو جیاوازیە فراوانەی لە نێوان پیاوانو ژناندا دروستکردووە ! کە هەتا ئەمڕۆش لە وڵاتێکی وەک عەرەبستانی سعودیەدا ژنان بە یاسا بۆیان نیە ئۆتۆمۆبیل لێبخوڕن!.

سێکس کردن لە دەرەوەی مارەکردنو شەرعی ئیسلامدا، لە قورئاندا بە «زینا» ناسراوەو کەسی زیناکەر وەک تاوانبار سزای توندی لەسەر دانراوە، وەک لەم ئایەتەدا:

- (و اللاتي يأتين الفاحشة من نسائكم فاستشهدوا عليهن أربعة منكم فان شهدوا فأمسكوهن في البيوت حتى يتوفاهن الموت أو يجعل الله لهن سبيلا ) النساء/ **١٥**.

واتا (هەر ژنێکتان کە هەستو کرد نامۆیان بە خۆیان فێردەکەن، چوار کەسی خاوەن باوەڕیان بەرنە سەرێ لەو عانەدا کە لێک جووت بوونێ وەختێ ئەوان هاتن شایەتیان لەسەر دان، هەر لە ماڵدا قەتیسیان کەن تا بە مردن لەناو دەچن، یان تا خودا دەرەتانیان نیشان دەدات).



لەو ئایەتەی سەرەوەدا دەبینین سزای بەندکردنی تا مردن بەسەر ژنەکەدا دەسەپێنێ، بەڵام بە هیچ جۆرێک باسی سزادانی پیاوەکەی نەکردووە. یانی ژنەکە دەبێتە قوربانی ئەو یاسا نابەرابەرە . سەبارەت بەو ئایەتەی سەرەوە لە تەفسیری تەبەریدا ئاوا هاتووە:

(ئەم ئایەتە کارپێکردنی لابراوە «نەسخ کراوە» بە ئایەتی حدود)[٣٨]. ئایەتی حدود ئەمەی خوارەوەیە :

- ( الزانية و الزاني فاجلدوا كل واحد منهما مائة جلدة و لا تأخذكم بهما رأفة في دين الله ان كنتم تؤمنون بالله و اليوم الآخر و ليشهد عذابهما طائفة من المؤمنين ) النور/ **٢**.

واتا (ئەگەر ئێوە باوەڕیتان بە خواو ڕۆژی سەڵا هەیە، داوێن پیسانی مێرو ژن هەر یەکەیان بە لێدانی سەد تازیانە تەمێ بکەن. لە ئاینی سەر بە خوادا بەزەیی هاتن بێ جێ یە. با چەند کەسیش لەوانەی خاوەن باوەڕن، لەو لێدانە ئاگادار بن).

لەم ئایەتەدا سزای لێدانی سەد جەڵدە لە جەستەی کەسی زیناکەر وەک یاسایەک دانراوە. دەبێ لێدانەکەش بە ئاشکراو بە بەر چاوی خەڵکەوە بەڕێوە بچێت! بۆ ئەوەی ئەو کەسە جگە لە ئەشکەنجەی جەستەیی، لە ڕووی دەروونیشەوە لە ناو خەڵکدا تێک بشکێو هەست بە سووکایەتی خۆی بکاتو خەڵکانی دیکەشی پێ بترسێنرێت، تا تاوانی لەو جۆرە ئەنجام نەدەن!. هەتا ئەم سەردەمەش لە هەندێ لە کۆمەڵگا موسوڵمانەکاندا، لێرەو لەوێ دەبینینو دەبیستین ئەم سزایە جێبەجێ دەکرێ!. ئەمە لەم سەردەمی زانستەدا کە سێکسس وەک غەریزەیەکی سروشتی لە مرۆڤدا، وەک غەریزەکانی خواردنو خواردنەوە پێناسە دەکرێت. لە ڕاستیدا ئەندامی سێکس چ لە نێرینەو چ لە مێینەدا هیچ

جێگای شەرم نیە، بەڵکو وەکو هەموو ئەندامەکانی دیکە بەشێکن لە جەستەی مرۆڤ. پێویستە مرۆڤی ئەم سەردەمە هەموو ئەندامەکانی جەستەی خۆیو ڕەگەزی بەرانبەریش بناسێو بە شێوەی تەندروستو هوشیارانە گرنگیان پێ بدات. نەناسینو مامەڵەنەکردنی دروست دەبێتە هۆی سەرکوتو چەپاندنی ئەو غەریزە گرنگو سروشتیە، بێگومان ئەوەش کاریگەری خراپی لەسەر هەستو دەروونو جەستەو ڕەفتاری مرۆڤ دەبێت.

لە کۆمەڵگا پێشکەوتووو کراوەکاندا ئەم غەریزەیە لە زانستی مرۆڤناسیدا لە قوتابخانەکان لە تەمەنێکی دیاریکراوی قوتابیاندا بە ڕێگای زانستی دەخوێندرێتو قوتابیانی کوڕو کچی لێ هوشیار دەکرێتەوە، بۆ ناسینی جەستەی خۆیانو ڕەگەزی بەرانبەر، بە بێ ئەوەی مایەی شەرمو شوورەییو بەدڕەوشتی بێت.. بەڵام لە کۆمەڵگا موسوڵمانەکاندا بە هۆی ئەو حوکمو یاساو سزا ئاینیانەوە کە لە درێژماوەدا بوونەتە بەشێک لە کولتوورێکی چەپێنراو، داخراوییەکی یەکجار فراوانی لە خێزانو کۆمەڵدا زاڵکردووە. بەو هۆیەوە دیوارێکی ئەستووری کۆنینەو دواکەوتوویی کۆمەڵایەتی سەدان ساڵە لە نێوان ڕەگەزی نێرو مێدا دروست بووەو تەواو بە یەکتر نامۆو جیاوازن. ئەم دیوارە هەموو کایەکانی ژیانی ڕەگەزی نێرو مێی گرتۆتەوەو لە ناخی هەر تاکێکی کۆمەڵگا موسوڵمانەکاندا ڕەنگدانەوەی قووڵو کاریگەری هەیە.

لە سەر بنەمای ئەو حوکمە ئاینیانە هەتا ئێستاش لە گەلێک لە کۆمەڵگا موسوڵمانەکاندا، هەر لە قوتابخانەی سەرەتاییەوە ڕێگری لە تێکەڵاوبوونی قوتابیانی کوڕو کچ دەکرێت!. هەر هەنگاوێکی بچووکیش لە دەرەوەی سنووری کولتووری دیوارە ئەستوورەکە، بە تایبەت بۆ مێینە، بە لادانو مایەی سووکایەتیو دۆڕاندنی ڕەوشت بۆ خۆیو خێزانو بنەماڵە هاتۆتە ئەژمار!. لە هەر یەکێک لە کۆمەڵگا موسوڵمانەکاندا بە سەدان کچو کوڕی گەنج (کچان زیاتر) لە سەر پەیوەندی دڵداریو



خۆشەویستی لە ناوبراون!. بە سەدان باوکو برا لە ڕوانگەی لادان لە ئاینو کولتوری ئاینی کۆمەڵ، دەستیان چۆتە خوێنی کچو خوشکی خۆیانو بە شانازیەوە کوشتنیان بە کرینەوەی شەرەفی خۆیان زانیوە!!.

ئەم ڕوانگە ئاینیە لە دەستوورو یاسای گەلێک لە وڵاتە موسوڵمانەکاندا ڕەنگدانەوەیان هەیەو پیادە دەکرێن، بۆ نموونە، لە یاسای ژمارە (١١١) لە یاساکانی عیراقیدا، کە ساڵی ١٩٩٠ دەرچووە، دەڵێت:

[ یەکەم/ لە ڕووی سزاییەوە لەو کەسە ناپرسرێتەوە کە بە دەستی ئەنقەست یان بە بڕیاری پێشتر، بۆ کرینەوەی ناموس هەستاوە بە کوشتنی : دایکی خۆی یان خوشکی یان پووری یان کچی برای یان کچی مامی ][٣٩].

### ئایەتەکانی حیجاب کردن:

پێش ئەوەی بچینە سەر خوێندنەوەی ئایەتەکانی قورئان سەبارەت بە حیجاب کردنو ئەو توندوتیژیەی بە هۆی حیجابەوە بەرانبەر ژنان دەکرێت، باش وایە هەردوو زاراوەی (حیجابو جلباب) کە لە قورئاندا بەکار هاتوون، بکەینە کوردی. لە قاموسی «المنجد في اللغة»دا ئاوا هاتووە:

حیجاب: واتا پۆشاک، هەر پۆشاکێک بۆ داپۆشینی شتێک بەکار بێت.

جلباب: واتا کراسی ئاودامان.

لەو ڕوانگە ئاینیەوە کە ژن کەرەسەی خۆشیو چێژی سێکسی پیاوە، هەروەها جەستەی ژنیش مایەی شەرمو هۆی بزواندنی هەستی سێکسی پیاوەو سەرچاوەی لادانو بەدڕەوشتیە، بۆیە ئاینی ئیسلام بۆ دانانی سنوورێک بۆ ئەم گرفتەو پارێزگاری لە نەریتو ڕەوشتی ئاینی لە کۆمەڵگادا، لە چەند ئایەتێکی قورئاندا باسی داپۆشینی جەستەی ژنانی کردووەو لە سەریان فەرزی کردووە. بۆ نموونە:

- (یا أیها النبي قل لأزواجك و بناتك و نساء المؤمنین یدنین علیهن

من جلابيبهن ذلك أدنى أن يعرفن فلا يؤذين و كان الله غفورا رحيما) الاحزاب/٥٩.

واتا (ئەی پێغەمبەر! ژنەکانتو کچەکانتو خێزانی خاوەن باوەڕان حاڵی بکە، با خۆیان بە چارشێوەکانیان داپۆشن، ئەم کارە باشتر دەبێتە هۆی ئەوە کە بناسرێنو ئازار نەدرێن. خودا لە خەتا دەبووریو دلۆڤانە).

لە کتێبی « ئەسباب ئەلنزول»دا هۆی دابەزینی ئەم ئایەتەی سەرەوەی ئاوا باسکردووە:

[ ئیبن سەعد لە «طبقات»دا لە ئیبن مالیک دەگێڕێتەوە، وتوویەتی: ژنەکانی پێغەمبەر- دخ- شەوان بۆ دەست بە ئاو گەیاندن دەچوونە دەرەوە، کەسانێک لە دووڕووان توانجیان لێدەدان، ئەوان بەمە ئازار دەدران، بۆیە شکاتیان لێکردن. ئەمە لەگەڵ ئەو دووڕووانەدا باسکرا، وتیان ئێمە ئەوەمان لەگەڵ کەنیزەکان کردووە. لەبەرئەوە ئەم ئایەتە دابەزی : ( يا ايها النبي قل لأزواجكو بناتک...)][٤٠].

- (و قل للمؤمنات يغضضن من أبصارهن و يحفظن فروجهن و لا يبدين زينتهن الا ما ظهر منها و ليضربن بخمرهن على جيوبهن و لا يبدين زينتهن) النور/٣١.

واتا (بە ژنانی باوەڕداریش بێژە؛ با چاویان داخەنو شەرمی خۆیان بپارێزنو خشڵی خۆیان دەرنەخەن، مەگین ئەوانەی لە دەرێن، با سەرپۆشیان تا سەر پێسیر دابپۆشیو خەمڵی خۆیان نیشان نەدەن).

لەو دوو ئایەتەی سەرەوەدا ڕوونە کە داپۆشینی جەستەی ژنانی فەرزکردووە. دەربارەی چۆنێتی داپۆشینەکەو شێوەی تێگەیشتن لەو دوو ئایەتە، دوو بۆچوونی جیاواز لە ناو بیرمەندانو پیاوانی ئاینی ئیسلامدا هەیە. هەندێکیان دەڵێن : ژن دەبێ قژو هەموو لەشی داپۆشراو بێت، چونکە ئەوە عەورەتی ژنەو هەستی پیاو دەبزوێنێت، جگە لە دەموچاوو دەستەکانو پێیەکان کە پێویست بە داپۆشینیان ناکات.. هەندێکی دیکەیان دەڵێن : ئەگەر قژی ژن عەورەت بێو هەستی پیاو



ببزوێنێت، خۆ سەیرکردنی دەستو چاوانو دەمی ژن زیاتر لە قژ هەستی پیاو دەبزوێنن، کەوابوو هەموو ئەندامانی جەستەی ژن عەورەتە، بۆیە دەبێ ژن سەرتاپای داپۆشراو بێت! واتا دەموچاوو دەستو پێیەکانیش!.

محەمەد لە وتەیەکد دەڵێت: (المراة عورة). واتا (ژن مایەی شەرمە).

دەربارەی وشەی «العورة» لە قاموسی «المنجد في اللغة»دا دەڵێت: عەورەت: هەر شتێک پێویست بە شاردنەوە بکات، هەر شتێک شەرمهێنەر بێت، ئەو ئەندامانەی لەشی مرۆڤ کە لەبەر حەیا دەیشارنەوە.

لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا لە هەردوو جۆرە خۆداپۆشینەکە، لە کۆمەڵگا موسوڵمانەکاندا دەبینرێن. لە هەندێک وڵاتدا شێوە پۆشاکی ئیسلامی بە زۆر بە سەر ژنانو تەنانەت کچانی منداڵی قوتابخانە سەرەتاییەکانیشدا سەپێنراوە!. یاخود لە خێزاندا زۆریان لێ دەکرێت کە پۆشاکی ئیسلامی بۆ دەرەوە بپۆشن!. ئەوە جۆرێکە لە توندوتیژی جەستەییو دەروونی لە سەر ژنان لە خێزانو کۆمەڵدا. دەربارەی قوماشی پۆشاکەکەش، پیاوان بۆیان بڕیار داون کە دەبێ لە قوماشی ئەستوور بێت، واتا تەنکو ڕوون ( شەفاف) نەبێت، هەروەها نابێت تەسک بێتو شێوەی لەشی تیا دەرکەوێت، شێوەی جلی پیاوانە نەبێت، هیچ نەخش وکەرەسەیەکی ڕازاندنەوەی لەسەر نەبێت و!...هتد.

بە گوێرەی ئایەتەکان کچانو ژنان دەبێ، واتا فەرزی کردووە لە سەریان کە، حیجاب بپۆشن. تەنها لە دوو حاڵەتدا لەم دوو ئایەتەی خوارەوەدا ڕێگای بە ژنان داوە حیجاب نەکەن:

- (لا جناح عليهن في آبائهن و لا أبنائهن و لا أخوانهن و لا أبناء أخوانهن و لا أبناء أخواتهن و لا نسائهن و لا ما ملكت أيمانهن) الاحزاب/٥٥.

واتا (ئەگەر ژنان لە ڕووی باوکو کوڕانیانو براو برازایەکانو خوشکەزاکانی خۆیانو لە دیتنی ئەو ژنانەی کە لەسەر دینی خۆیاننو هەروەها کەنیزەکانیان ڕوو نەپۆشن قەیدی نیە).

واتا ژنانی موسوڵمان بۆیان نیە لە ڕووی ژنانی ناموسوڵماندا حیجابی

خۆیان داگرن!.

- (و القواعد من النساء اللاتي لا يرجون نكاحا فليس عليهن جناح أن يضعن ثيابهن غير متبرجات بزينة) النور/٦٠.

واتا (ئەو ژنانەی وەختی شوویان بەسەر چووە، هیچ تاوانیان لەسەر نیە کە سەرپۆش لە سەر فرێدەن، بەلام نابێ خشڵی خۆیان نیشان بدەن).

لە سەردەمی ئەمڕۆدا بەشێک لە ئازادی بێ ئەملاو ئەولای مرۆڤ ئەوەیە کە جلوبەرگو شێوەی پۆشاکی خۆی بە ئازادانە هەڵبژێرێو لەبەری بکات.. لە بەرانبەر ئەم مافە سەرەتاییەی مرۆڤی ئەم سەردەمەدا، دەبینین لە کۆمەڵگا موسوڵمانەکاندا ئەو حوکمە ئاینیانە سەبارەت بە پۆشاک بە زۆر بە سەر کچانو ژناندا دەسەپێنرێت!. بە هەزاران کچو ژن بە هۆی سەرپۆش نەکردنەوە بە دەستی باوکو برای خۆیان لێدانیان خواردووەو بوژو کراونو سووکایەتیان پێ کراوە. بە هەزاران ژن بە هۆی لەچک کردن یا نەکردنەوە لەگەڵ هاوسەرەکانیان تووشی کێشەی خێزانی بوونو توندوتیژی جەستەییو دەروونیان بەرانبەر کراوە.

لە وڵاتی ئێران لەبەرکردنی پۆشاکی ئیسلامی بڕیارو یاسای دەوڵەتەو بە زۆر جێبەجێ دەکرێت! هیچ ژنێک بۆی نیە بەبێ پۆشاکی ئیسلامی لە ماڵ بچێتە دەرەوە!، لە ساڵانی رابوردوودا هەزاران ژن بەهۆی ئەوەی بەشێک لە قژیان دەردەخست، لە لایەن دەسەڵاتی دەوڵەتی ئاینەوە سووکایەتیان پێ کراوەو سزا دراون.

لە وڵاتی فەرنسا دەبینین لە ئێستادا بەهۆی ڕوپۆشی ئیسلامیەوە قوتابیانی کچی موسوڵمان لە زانکۆکان دەرکراونەتە دەرەوە، یاخود ژنانی لەچک بەسەر لە فەرمانگەو لە بازاڕەکاندا لە لایەن پۆلیسەوە سزای مادی دەدرێن!.

واتا لە هەردوو نموونەکەدا حیجابی ئیسلامی کە حوکمێکی ئاینیە سەرچاوەی ئەو توندوتیژیانەیە کە بەرانبەر بە بەشێک لە ژنان کراوەو دەکرێت. ڕاستی ئەوەیە ژنان قوربانی ئەو نەریتە ئاینیەن.



**فرەژنی:**

فرەژنی وەک دیاردەیەک لە کۆمەڵگای نیمچەدوورگەی عەرەبستانی پێش ئیسلامدا، بە تایبەت لە ناو دەوڵەمەندو ئەرستۆکراتەکاندا نەریتێکی باو بوو. وەک پێشتر وتمان پیاوی وا هەبووە لە یەک کاتدا لە دە ژن زیاتری هەبووە. دەسەڵاتی ئیسلام لە سەردەمی محەمەد دا ئەم دیاردەیەی بنەبڕ نەکرد، بەڵکو چاکسازیەکی تێدا کردو وەک یاسا لە قورئاندا حەڵاڵی کرد. ئەو چاکسازیە ئەوە بوو لەم ئایەتەی خوارەوەدا سنورێکی بۆ دیاریکرد :

- (فانكحوا ما طاب لكم من النساء مثنى و ثلاث و رباع فان خفتم ألا تعدلوا فواحدة أو ما ملكت أيمانكم ذلك أدنى ألا تعولوا) النساء/٣.

واتا (ژنانی تر چەندی خۆتان پێتان باشەو پێتان دەشێن مارە بکەن، دووان بن یان سیان پێکەوە یا چواریش بن هەر ڕەوایە. ئەگەر ترسان کە نەتوانن ژنەکانتان وەکو یەک تەماشا بکەن، با یەکێک بێ، یان وەل ئەوانە ڕابوێرن کە بوونەتە موڵکی خۆتان، بۆ خۆ لە غەدر پاراستن، ئەمە کارێ پەسەندە).

لەو ئایەتەی سەرەوەدا مافی چوار ژن بۆ یەک پیاو، لە یەک کاتدا، بە ڕەسمی ناسراوە. هەروەها لە ئایەتەکەدا هاتووە جگە لەو چوار ژنە کە مارەییتان داوەو حەڵاڵی خۆتانن، بۆتان حەڵاڵە لە گەڵ ئەو کەنیزانەش کە موڵکی خۆتانن، چ دیلی شەڕ بن یان بە پارە بۆ خزمەتی ناو ماڵی خۆتان کڕیوتانن، دەتوان لە گەڵیان ڕابوێرنو سێکسیان لە گەڵدا بکەن!.

لە ڕاستیدا ئەو بڕیارە بە گوێرەی ئەو سەردەمەش دەستدرێژی بووە بۆ سەر ئەو ژنانەی کە لە شەڕەکاندا لە لایەن لەشکری موسوڵمانانەوە بە دیل دەگیران، چونکە بە زۆر بە کۆیلە دەکرانو سێکسیان لە گەڵدا دەکردن، ئەمە لە کاتێکدا ئەو ژنانە زۆریان خاوەن ژیانو ماڵو مێردی خۆیان بوون!. بە گوێرەی قورئان ئەو ژنانەی کە لە شەڕدا بە دیل دەگیرێن، ئیدی مارەیی پێشوویان لە مێردی خۆیان هەڵدەوەشێتەوەو

پیاوانی موسوڵمان بۆیان حەڵاڵە بۆ خۆیان مارەیان بکەنەوە، وەک لەم ئایەتەی خوارەوەدا:

- (والمحصنات من النساء الا ما ملكت أيمانكم كتب الله عليكم و أحل لكم ما وراء ذلكم ان تبتغوا بأموالكم محصنين غير مسافحين) النساء/٢٤.

واتا (ژنی بەشووتان پێ ناشێ، مەگین ئەوانەی بوونەتە ماڵی خۆتان، لە خوداوە ئەم بڕیارەو بۆ نووسراوە. جیا لەمە ڕێو دراوە بە دراوی خۆتان ژن بێنن، بەڵام بە پاکی نە بە داوێن پیسی).

بە گوێرەی ئەم ئایەتە، ئەم سێکس کردنە بە زۆرە بە زینا نایەتە ئەژمار!، بەڵام ئەگەر کوڕو کچێک یەکتریان خۆش بوێتو دڵداری یەکتر بن، دەستیان بەر دەستی یەکتر بکەوێتو مارەبڕی نەبێت، ئەوە بە کاری خراپە «فاحیشە» دێتە ژمارو سزای لە سەر وەردەگرن!.

بۆیە دەبینین بە پشتبەستن بە یاساو دەستوورێک کە لە ئایەتی (چوار ژن) دا هەیە، هەتا ئەمڕۆش لە کۆمەڵگا موسوڵمانەکاندا پیاوانێکی دەوڵەمەند بە زەبری پارەو یاسای ئاینی لە ژنێک زیاتر دەهێنن!.

فرەژنی بریتیە لە توندوتیژی جەستەیی‌و دەروونی لە لایەن پیاوانێکی موسوڵمانەوە بەرانبەر بە ژنان، بە پشتبەستن بە یاسای فرەژنی لە قورئاندا.. فرەژنی جۆرێکە لە خێزان کە لە سەر بنەمای ستەمو نایەکسانی‌و نادادپەروەری دادەمەزرێتو دژ بە کەسایەتی‌و بوونی ژنە وەک مرۆڤو دژ بە ئازادی ژنانە لە هەڵبژاردنی ئارەزوومەندانەی هاوسەریدا. بۆ تێرکردنی ئارەزووی سێکسی پیاوانێکە کە بە هیچ شێوەیەک دەربەستی کەسایەتی‌و مافو خواستی ژن نین وەک مرۆڤ، بەڵکو سامانو پارەیان هەیەو بە گوێرەی یاساکانی شەرع ژندەهێنن!!.

**ئایەتەکانی نیوە ماف بۆ ژنان:**

لەم بوارەدا ڕوانگەی قورئان لە دوو پرسی کۆمەڵایەتیدا باسدەکەینو



نموونە لە ئایەتەکان وەردەگرین:

**١- بەشە میرات**

لە پێش ئیسلامدا ژنان لە کۆمەڵگای عەرەبستاندا لە وەرگرتنی بەشەمیرتدا بە تەواوی بێ ماف بوونو هیچ بەشێکیان پێ نەدەبڕا. بێگومان ئەو نەریتە لە سەر ئەو بنەمایە بوو کە پیاو لێپرسراوی دارایی‌و بەخێوکردنی ژنو منداڵە، ژنیش جگە لە کاروباری ناوماڵ هیچ لێپرسراوێتیەکی لە سەرشان نەبووە. کاتێکیش کە کچ بە شوو دەدرێت ئیدی ئەرکی پیاوەکەیەتی بەخێوی بکات، بۆیە وەرگرتنی بەشەمیرات تەنها بۆ نێرینەکان بوو. دەسەڵاتی ئیسلام لەم بوارەدا گۆڕانکاریەکی کرد، کە بە یەکێک لە شانازیەکانی ئیسلام بۆ ئەو سەردەمە دەژمێردرێت، لەم ئایەتەی خوارەوەدا ئەو بڕیارەی دەرکرد کە مێینەش دەبێ لە وەرگرتنی بەشەمیراتدا نیوەی نێرینە مافیان هەبێت :

- (يوصيكم الله في أولادكم للذكر مثل حظ الأنثيين) النساء/١١.

واتا (خودا پێو ڕادەگەیەنێ کەلەپوورتان با بۆ نێرینە دوو بەشو بۆ مێوینە نیوەی بەشی نێرینە بێ).

ئەم یاسایە لە سایەی دەسەڵاتی محەمەد خۆیدا جێبەجێ دەکراو لە ڕاستیدا چاکسازیەک بوو بە قازانجی ژنان لەو سەردەمەدا ئەنجامدرا.

**٢- شایەتیدان:**

شایەتیدان یەکێکە لەو پرسانەی هەر لە کۆنەوە لە دادوەریدا، بۆ ون نەبوونی ماف پیادەکراوەو سوودی لێوەرگیراوە. لە سەردەمی پێش ئیسلامدا دادگا وەک دەزگایەک نەبوو، ئیسلام ئەم پرسەی گرنگی پێداو لە پەیوەند بە هاوکاریکردنی دادوەریکردندا ژنانیشی خوێندەوە، ئەو بڕیارەی لەم ئایەتەی خوارەوەدا دەرکرد کە ئەگەر دووپیاو پەیدا نەبوون، با دوو ژن لە بەرانبەر یەک پیاودا شایەتیان لێ وەبگیرێت:

- (و استشهدوا شهيدين من رجالكم فان لم يكونا رجلين فرجل و امرئتان ممن ترضون من الشهداء ان تضل احداهما فتذكر احداهما الاخرى)

البقرة/٢٨٢.

واتا (دوو پیاو لە خۆتان با شایەت بن، ئەگەر دوو پیاو پەیدا نەبوون با پیاوێکو دوو ژنی وا کە ئێوەش لێیان ڕازی بن، لە کار ئاگادار بکرێن، تا ئەگەر یەکێ لەم دووانە لە بیری چوو، ئەوی تریان بیری بخاتەوە).

وەک لە ناوەرۆکی ئایەتەکەدا ڕوونە، دەنگو قسەی هەر پیاوێک یەکسانە بە دەنگو قسەی دوو ژن. ئایەتەکە وا دەگەیەنێت، ئەو جیاوازیکردنە لە نێوان ژنو پیاودا بە هۆی ئەوەیە کە هزرو بیرکردنەوەی ژنان وەک پیاوان نین، ژنان توانای بیرکردنەوەیان کەمەو شتیان لە بیر دەچێتەوە!.

لە ڕاستیدا ئەم بۆچوونەی قورئان بنەمایەکی زانستی نیە. هزرو توانای بیرکردنەوەو ئەقڵداری پەیوەندی بە ڕەگەزی نێرو مێ وە نیە. لە بیرچوونەوەش وەک سیفەتیکی مێشکی مرۆڤ لە نێرو مێدا وەک یەکن .

ئەگەر بە گوێرەی ئەو سەردەمەی بارودۆخی کۆمەڵگای عەرەبستان ئەو دوو بڕیارەی ئیسلام لە بەشەمیراتو شایەتیدا هەڵسەنگێنین، لە واقیعدا بەرەوپێشەوە چوونو ڕیفۆرمێک بووە لە ڕەوشی جێگاوشوێنی ژنانو مافیان لەو سەردەمەدا. بەڵام لە گەڵ سەردەمەکانی دواتری پێشکەوتنی کۆمەڵگاو بەدەستهێنانی مافی زیاتر نایەنەوە. بە پێوانەی ژیانی ئەم سەردەمە کۆمەڵگا موسوڵمانەکانیش ئەوەیان تێپەڕاندووە کە نیوەی بەشەمیرات بۆ مێینە ئەژمار دەکات. زۆرێک خەڵکی موسوڵمان بە هۆی هوشیاری زیاترەوە، ئەگەرچی دەستووری وڵاتەکانیشیان لە سەر بنەمای ئەو ئایەتە مامەڵەی پرسی بەشە میرات دەکات، بەشی یەکسانو بەرابەر بە هەمان شێوەی نێرینەکان بە مێینەکانیش دەدەن. واتا بەشێک لە موسوڵمانیشن لە هوشیاریەوە ئەو شەرعەی خودا جێبەجێ ناکەن..

واتا جێبەجێکردنی ئەو دوو بڕیارە بۆ ئەم سەردەمە پێشێلکردنی نیوەی مافی ژنانە لەو دوو بوارەدا. شێوەیەکە لە پیادەکردنی توندوتیژی بەرانبەر بە ژنان لە خێزانو لە کۆمەڵدا.

لە بەسەرکردنەوەی هەندێک لەو ڕیفۆرمانەی کە لە قورئاندا باسیان



هاتووە، زیاتر مەبەستمان لەو ڕیفۆرمانە بوو کە بۆ سەردەمەکانی دوای محەمەد بوونەتە بنەماو هەندێک جار هەوێنی بەرهەمهێنانەوەی توندوتیژی لە خێزانو کۆمەڵگا موسوڵمانەکاندا. ئەگینا ڕیفۆرمەکانی ئیسلام بۆ سەردەمی خۆی لەوانە زیاترن کە باسمانکردوون، وەک : بڕیاری نەهیشتنی زیندەبەچاڵکردنی کچانی تازەلەدایکبوو، قەدەغەکردنی ناردنی کەنیزان بە زۆر بۆ لەشفرۆشی، قەدەغەکردنی بردنی ژنان بە میرات لە دوای مردنی مێردیان لە لایەن کەسوکاری مێردەکەی و...هتد.

**لێدانی ژنان:**

- (و اللاتي تخافون نشوزهن فعضوهن و اهجروهن في المضاجع و اضربوهن فأن أطعنكم فلا تبغوا عليهن سبيلا ان الله كان عليا كبيرا) النساء/٣٤.

واتا ( ئەو ژنانەش لە ئەشقی بوونیان دەترسن، نسحەت کەنو جێگەیان لێ جیا کەنەوە، ئەگەر لێشیان بدەن، دەبێ. ئەگەر دێنەوە بەر فەرمان، ئێوە بیانوی ئازاردانیان مەدۆزنەوە، خودا جێ بەرزو زانایە).

لەو ئایەتەی سەرەوەدا قورئان لێدانی ژنان لە لایەن پیاوانەوە بە ڕەوا دەبینێت!. ناوەرۆکی ئەم ئایەتە لەسەر هەمان بیرکردنەوەی ئەو ئایەتانەی پێشتر باسمانکرد کە پیاوان ئامۆژگارو ڕێنماییکەری ژنانن بەو هۆیەوە کە ژنان ناتوانن وەک پیاوان بیر بکەنەوەو بڕیار بدەن، بۆیە هەمیشە دەبێ گوێڕایەڵی پیاوان بنو لە فەرمانیان دەرنەچن!. ئەگەر ژنێک گوێڕایەڵی فەرمانی پیاوەکەی نەبێت، واتا پیاوەکەی هەرچی وت ژنەکە جێبەجێی نەکردو بیروبۆچوونێکی جیا لە پیاوەکەی هەبێت، واتای وایە ئەو ژنە سەرکێشی دەکاو لە پیاوەکەی یاخیە!. لەم حاڵەتەدا بە گوێرەی ئایەتەکە، ئەرکی پیاوەکە لەسەرەتاوە ئەوەیە ئامۆژگاری ژنەکەی بکات بۆ ئەوەی بێتەوە ژێر فەرمان، ئەگەر ژنەکە بە ئامۆژگاری پیاوەکەی نەکردو لەسەر قسەی خۆی پێداگری کرد، ئەوا پیاوەکە دەبێ سزای دەروونی ژنەکەی بەوە بدات کە لە گەڵیدا نەنوێت، واتا سزای سێکسیو دەروونی بدات!، ئەگەر ژنەکە بەوەش نەهاتەوە ژێر فەرمان،

ئەوا پیاوەکە بۆی هەیە لە ژنەکەی بدات! واتا سزای جەستەیی بدات!.

بە کورتی ناوەرۆکی ئایەتەکە ئەوەمان پێ دەڵێت کە ژنان دەبێ ملکەچی پیاوان بن، ئەگەر نا ئەوا سزادانو لێدانیان کارێکی شەرعیە!.

ئەم ئایەتەی قورئان ئەو مۆڵەتە شەرعیەیە کە پیاوان لە ئاینی ئیسلامەوە وەریان گرتووەو سەرپشک کراون لە لێدانی ژنانو کچانی خۆیان. ئەم بڕیارو بیروبۆچوونەی قورئان لەسەر چۆنێتی مامەڵەکردنی ژنان هەوێنی پاراستنو بەرهەمهێنانەوەی توندوتیژی خێزانیە لە کۆمەڵگا موسوڵمانەکاندا. پیادەکردنی ئەم شێوە مامەڵەکردنەی ژنان لە درێژماوەدا بۆتە بەشێک لە کولتوری ئەم کۆمەڵگایانەو لە ژیانی ڕۆژانەدا ئاساییە.

**بڕیاری جیابوونەوە (تەڵاق):**

هەموو ئەو ئایەتانەی قورئان کە تایبەتن بە پرسی جیابوونەوەو وەک حوکمو یاسا فەرمانی جێبەجێکردنیان دراوە، مافیان تەنها بە پیاوان داوە کە ژنان تەڵاق بدەن!. پیاوان ئازاد کراون هەرکات بیانەوێتو ئارەزوو بکەن بە گوێرەی یاسای قورئان ژنی خۆیان تەڵاق بدەنو لە جیاتیان ژنانی دیکە مارە بکەنەوە!. لە بەرانبەریشدا ژنان هیچ بڕیارێکیان لە دەستدا نیە، بەڵکو تەنها مافێک کە پێیان ڕەوا بینراوە بریتیە لە وەرگرتنی ئەو بڕە پارەیەی کە لەسەری مارە کراون!. با چەند نموونەیەک لەو ئایەتانە بخوێنینەوە :

- (الطلاق مرتان فامساك بمعروف أو تسريح باحسان و لا يحل لكم أن تأخذوا مما أتيتموهن شيئا) البقرة/**٢٢٩.**

واتا (تەڵاقی ژن دوو کەڕەتە، ئەوسا یان ڕاگرتنی باشو خوداپەسەند، یان بە خۆشیو بێ هەرا دەس لێک بەردانە. لەو ماڵەی کە پێتان داون ڕەوا نیە هیچیان لێ وەربگرنەوە).

- (فان طلقها فلا تحل له من بعد حتى تنكح زوجا غيره فان طلقها فلا جناح عليهما أن يتراجعا) البقرة/**٢٣٠.**

واتا (ئەگەر لە پاش ئەم دوو جارەش تەڵاقی دا، ژنەکەی بۆ حەڵاڵ



نیە تا ژنەکە دەچێ مێردێکی تر دەکا، ئەگەر لەو مێردەی کردووشیە تەڵاق درا، ئەوسا هیچ گوناهێکیان لەسەر نیە دووبارە بگەڕێنەوە بۆ لای یەکتر).

- (لا جناح عليكم ان طلقتم النساء ما لم تمسوهن أو تفرضوا لهن و متعوهن على الموسع قدره و على المقتر قدره متاعا بالمعروف حقا على المحسنين) البقرة/**٢٣٦.**

واتا (ئەگەر ژنو تەڵاق دەدەن، بەر لەوە دەگەڵیان بنوونو مارەییتان هێشتا بۆ دیاری نەکردوون، چیان ناکەوێو ئێوە گوناهتان ناگاتێ. بەڵام وا چاکە شتێکیان لە ماڵی خۆتان بدەنێ، دارا لە ئەندازەی خۆیو هەژاریش بە ئەندازەی خۆی، وا چاکە بۆ چاکەکاران).

- (و ان طلقتموهن من قبل أن تمسوهن و قد فرضتم لهن فريضة فنصف ما فرضتم) البقرة/**٢٣٧.**

واتا (خۆ ئەگەر مارەییەکەتان بڕیبۆوەو هێشتا دەگەڵیان نەخەوتوون، تەڵاقتان دان، نیوەی مارەییەکەیان دەکەوێ).

- (و ان أردتم استبدال زوج مكان زوج و أتيتم احداهن قنطارا فلا تأخذوا منه شيئا) النساء/**٢٠.**

واتا (ئەگەر ویستوو ژنی خۆتان بە ژنێکی دیکە وەگۆڕن، ئەگەر بە ژنەکەی پێشووتان کلوورێک دراوتان دابێ، نابێ لێیان بستێننەوە).

وەک لە مانای ئایەتەکاندا ڕوونە، قورئان بڕیاری جیابوونەوەی بە شێوەیەکی ڕەها لە دەستی پیاودا داناوە. ئاشکرایە ئەو بڕیارە لە نەریتە باوەکانی کۆمەڵگای پیاوسالاری ئەو سەردەمەی عەرەبستانەوە سەرچاوەی گرتووە، کە پیاو خاوەنی ژنو دەسەڵاتو پارەیەو هەموو بڕیاردانێک لە خێزاندا بۆ ئەوە. لە بەرانبەریشدا ژن گوێڕایەڵو خزمەتکارو جێبەجێکاری فەرمانی پیاوە. لەسەر ئەم بنەمایە قورئان مافی بە پیاو داوە هەرکات ژنەکەی یان ژنەکانی گوێڕایەڵو جێبەجێکاری فەرمانەکانی نەبوون، بۆیان هەیە تەڵاقیان بدەن. لێرەدا ئاینی ئیسلام ئەو ڕیفۆرمەی

کردووە کە لە تەڵاقدانی ژندا، پیاوان نابێ مافی مارەیی ژن بخۆن‌و دەبێ بیاندەنێ.

لە ڕاستیدا ناوەرۆکی ئەو بڕیارە بە پێوانەی ئەم سەردەمە، پێشێلکردنێکی ئاشکرای مافی ژنە وەک مرۆڤ، چونکە ئازادی بڕیاری تەڵاقدانی تەنها بە پیاو داوە ، کە لە کاتێکدا ژنەکەی بە دڵ نەبێت تەڵاقی بدات، بەڵام مافو ئازادی ژنی پێشێل کردووە کە ئەگەر پیاوەکەی بە دڵ نەبێت بڕیاری جیابوونەوە بدات!. بە گوێرەی حوکم‌و یاسای ئەو ئایەتانەی سەرەوە پیاو دەتوانێ تا دوو جار ژنی خۆی تەڵاق بدات‌و دواتر بیگەڕێنێتەوە بۆ لای خۆی.. بەڵام لە جاری سێیەمدا ئیدی بۆی حەڵاڵ نیە ئەو ژنە بگەڕێنێتەوە، بەڵکو ئەگەر ویستی دوای سێ جار تەڵاق «تەڵاقی سێ بە سێ» بیگەڕێنێتەوە لای خۆی، قورئان ڕێگەی داوە بە مەرجێ دوای سێ تەڵاقەکە، ئەگەر بۆ ماوەی یەک شەویش بێت!! پیاوێکی دیکە مارەی بکات‌و لە گەڵیدا بنوێت! ئنجا ئەو پیاوە تەڵاقی بداتەوەو دوای ئەوە پیاوی یەکەم بۆی هەیە مارەی بکاتەوەو بیگەڕێنێتەوە لای خۆی!. ئەم چارەسەرە لە کوردەواریدا بە « مارە بە جاش « ناسراوەو لە هەموو کۆمەڵگا موسوڵمانەکاندا جێبەجێ کراوە!. لەم لێدانە ئاشکرایەدا لە کەسایەتی‌و بوونی ژن، ئەوەی وەک ماف بۆی ناسراوە تەنها بڕێ پارەی مارەییە، کە هەندێ جار دەیکەوێ‌و هەندێ جاریش نایکەوێ!.

بە پێوانەی ئەم سەردەمە ئەو بڕیارو یاسایە دەمێکە بەسەرچووە، تەنانەت لە کۆمەڵگا موسوڵمانەکانیشدا زۆرن ئەوانەی کە پەیڕەوی لەو یاسایانە ناکەن. لەم سەردەمەدا پیاوو ژن بە گوێرەی مافەکانی مرۆڤ ئازادن لە هەڵبژاردنی هاوسەرو بڕیاردانی چارەنووسی خۆیان، بە هەمان شێوەش لە کاتی پێکەوە نەگونجاندا هەردووکیان ئازادن لە بڕیاری جیابوونەوەدا. جیا لەمە هەر حوکم‌و یاساو بڕیارێک کە تەنها یەکلایەنە پیادە بکرێت، تەندوتیژیە بەرانبەر بە لایەنەکەی دیکە.

**٤- بڕینی دەستی دز:**



بڕینی دەستی دز یەکێکی دیکەیە لەو یاسا توندوتیژە ئیسلامیانەی کە لە ئایەتەکانی ئەحکامدا سەبارەت بە سزادان‌و تۆڵەسەندن لەو کەسانەی کە دزیکردنیان بە سەردا دەسەلمێت، داڕێژراوەو لە سەردەمی محەمەد خۆیدا پیادە کراوە، وەک لەم ئایەتەی خوارەوەدا دەیخوێنینەوە:

- (و السارق و السارقة فاقطعوا أيديهما جزاء بما كسبا نكالا من الله و الله عزيز حكيم) المائدة/**٣٨.**

واتا (هەر کەسێک دزی بکا- نێر بێ یا مێ فەرقی نیە- لە سزای دزی کردنێ دەبێ هەردوو دەستیان ببڕن، کە ئەمە تەنبێ کردنە لە خواوە، خودا خاوەن دەسەڵاتی لە کارزانە).

ئەم ئایەتە ئەگەرچی وەک یاسایەک بۆ ڕێکخستنی ژیانی کۆمەڵ‌و نەهێشتنی دیاردەی خراپی دزیکردن داڕێژراوە، بەڵام لە ڕووی مرۆڤایەتیەوە یاسایەکی ناتەندروست‌و توندوتیژەو لە لایەکی دیکەش نابێتە هۆی لە ناوبردنی دیاردەی دزیکردن. لە کتێبی تەفسیری گوڵشەندا سەبارەت بەم ئایەتە، لە بڕگەیەکدا دەڵێت: (دز- چ پیاو بێت یاخود ئافرەت- لەپی دەستیان لە جومگەوە ببڕنەوە، ئەوە تۆڵەی کردەوەی خراپیانە لە لایەن خوداوە تا ببنە پەندو عیبرەت بۆ خەڵکی تر، خودا خاوەن تواناو دەسەڵاتێکی بێ ئەندازەیەو کەس ناتوانێت بەر بە بڕیارو فەرمانەکانی بگرێت)[٤١].

هەروەها لە کتێبی «ئەسباب ئەلنزول» دا سەبارەت بەم ئایەتە دەڵێت: [لە عەبدوڵڵای کوڕی عەمرو دەگێڕنەوە کە ژنێک لە سەردەمی پێغەمبەری خودادا «د.خ» دزی کردووە، لە بەرئەوە دەستی ڕاستیان بڕیەوە، ئنجا وتی ئەی پێغەمبەری خودا ئەتوانم تۆبە بکەم؟ ئەوەبوو خودای گەورە ئەم ئایەتەی دیکەی دابەزاند:

- (فمن تاب بعد ظلمه و أصلح فان الله يتوب عليه ان الله غفور رحيم) المائدة/٣٩][٤٢]**.**

لە واقیعدا دزیکردن لە هەموو کۆمەڵگاکانی جیهان‌و لە هەموو سەردەمە

جیاوازەکاندا وەک دیاردە یان وەک حاڵەت کەم تا زۆر بوونی هەبووەو هەیە. دزیکردن دیاردەیەکی بۆماوەیی یا سروشتی نیە لە مرۆڤدا، بەڵکو مرۆڤ لە کۆمەڵگاوە فێری دەبێت، ڕەگوڕیشەی کۆمەڵایەتی یا دەروونی هەیە، کە پاڵ بە مرۆڤێکەوە دەنێت پەنا بۆ دزیکردن ببات. لەوانە، بێکاری، هەژاریو نەبوونی، جیاوازی چینایەتیو نەبوونی یەکسانیو دادپەروەری کۆمەڵایەتی، گرانیو برسێتیو شەڕو کوشتارو قاتوقڕی، کێشەی تایبەتیو دەروونی و...هتد. چارەسەری ئەم کێشەیە بە شێوەی دروست، بە چارەسەری ئەو هۆکارە ئابوریو کۆمەڵایەتیو تایبەتیانە دەکرێن کە پاڵ بە مرۆڤێکەوە دەنێن تا دزی بکات، نەک بە بڕینەوەی دەستو ئازارو ئەشکەنجەی جەستەیی! لە هەر کۆمەڵگایەکدا زەمینەی دزیکردن ڕەخسابێت، نە هەڕەشەو ترساندنەکانی ئاینو یاساو نە ویژدان، مرۆڤ لە دزیکردن ناگێڕنەوە. لەم بارەیەوە عەلی وەردی دەڵێت:

(ئاینو ویژدان ناتوانن ببنە بەربەست لە بەردەم کەسێکا لە کردنی کارێک کە خۆی ئارەزووی لێبێت. زۆربەی کات مرۆڤ مەحکومە بەو بارودۆخەی تیایدا دەژی.. بەو پێیە ڕاستکردنەوەی ئاکارو ڕەوشتی مرۆڤ تەنها بەوە نابێت کە بە سزای خوداو جەهەندەم بترسێنرێت. بارودۆخی خەڵکی بگۆڕە، ڕەوشتو ئاکاریان دەگۆڕێت)[٤٣].

**چوارەم / فشارو توندوتیژی لە ئاستی ئابوریدا**

دوای دامەزراندنی سوپای موسوڵمانانو دەرکردنی بڕیاری جیهاد لە کۆتایی ساڵی یەکەمی کۆچیدا، بۆ دابینکردنی خەرجی پێداویستیەکانی بەڕێوەبردنی سوپاو بەردەوامبوونی هێرشو پەلامارەکان، بە گوێرەی ڕەوتی گەشەی دەسەڵات لە پەیوەند بە باری ئابوریەوە، چەند بڕیارێک لە چەند ئایەتێکی قورئاندا ڕاگەیەندرانو خرانە بواری جێبەجێکردنەوە، لەوانە:

**١- بڕیاری دەسکەوتەکانی شەڕ**



ئەم بڕیارە وەک پێشتر لە باسی «شەڕو ئەنفال»دا وتمان، لە ئایەتی (٤١) ی سورەتی ئەنفالدا ڕاگەیەندرا. کە هاندەرێک بوو بۆ هەرچی دەسکەوتی زیاتر لە شەڕو پەلامارەکاندا. بە تایبەت کە بە گوێرەی ئایەتەکە دەسکەوتی شەڕەکان لە مەڕوماڵاتو هەر سەروەتو سامانێکی دیکە دەبوو بکرێن بە پێنج بەشەوە، چوار بەشی بۆ جەنگاوەرانو بەشی پێنجەمی بۆ پێغەمبەرو خودا!. بێگومان تالانکردنی سەروەتو سامانی خەڵک لە سەر دەستی سوپای موسوڵماناندا، زەرەرو زیانێکی ئابوریو فشارێکی گەورە بوو بەرانبەر بەو خێزانو خەڵکانە دەکران کە ئامادە نەبوون بچنە سەر ئاینی ئیسلام، بۆیە جگە لە کوشتار تالانکردنی سەروەتو سامانیشیان حەڵاڵ کرا!. هەروەها جگە لەدەسکەوتەکان، هەندێک لە دیلەکانی شەڕیش لە بەرانبەر پارەدا ئازاد دەکران. ئەوەش فشارێکی ئابوری بوو بۆ سەر کەسوکاری دیلەکان کە بە ناچاری دەبوو بیدەن. گەلێک لە خێڵە عەرەبەکان لە ترسی فشاری ئابوریو تالانکردن بە ناچاری موسوڵمانبوونی خۆیان ڕادەگەیاند.

**٢- بڕیاری جزیە سەندن**

جزیە وشەیەکی عەرەبیە لە «جزاء» ەوە وەرگیراوە، بە واتای بەخشینی شتێک لە بەرانبەر وەرگرتنی شتێکدا. جزیە لە ئاینی ئیسلامدا بە واتای ئەو بڕە پارەیە دێت کە لە لایەن دەسەڵاتی ئیسلامەوە لە خەڵکانی سەر بە ئاینەکانی دیکە دەسەندرا لە بەرانبەر پاراستنی ئاسایشی سەرو ماڵی ئەواندا. ئەوەی لێرەدا گرنگە بوترێت ئەوەیە کە دەسەڵاتی ئیسلام ناچاری دەکردن جزیە بدەن، واتا بە زۆر لێیان دەسەندرا. جزیە بڕەکەی دیاریکراو نەبوو، بەڵکو بە گوێرەی توانای دارایی خێزانەکانو ژمارەی ئەندامانی خێزان (جگە لە منداڵ) بە شێوەی سەرانە دەسەندرا. دەسەڵاتی ئیسلام بە هۆی ئەوەی لە بەرانبەر سەندنی جزیەدا خۆی بە پارێزەری ئاسایشی سەرو ماڵی خەڵکانی ناموسوڵمان ناو دەبرد، بۆیە ئەوانی بە (اهل الذمة)ناو دەبرد، واتا لە ئەستۆی دەسەڵاتی ئیسلامدا

بوون کە بیانپارێزێ!. بەڵام لە واقیعدا جزیە سەندن سەرچاوەیەکی دارایی بوو بۆ دەسەڵاتی ئیسلام. یان دەبوو جزیە بدەن یان موسوڵمان بن، ئەگەر نا شەڕو کوشتاریان دەکردن. وەک لەم ئایەتەی خوارەوەدا ئاماژەی پێ کراوە:

- (قاتلوا الذين لا يؤمنون بالل ه و لا باليوم الآخر و لا يحرمون ما حرم الله و رسوله و لا يدينون دين الحق من الذين أوتوا الكتاب حتى يعطوا الجزية عن يد و هم صاغرون ) التوبة/**٢٩**.

واتا (وەل ئەوانەدا بجەنگن کە بە خوداو ڕۆژی سەڵا بێ باوەڕنو هەرچی خواو پێغەمبەری خوا بە ناڕەوایان زانیوە، ئەمان بە ڕەوای دەزانن‌و نایەنە سەر دینی ڕاستیش، تا ئەو کاتەی بە زەلیلی‌و بە دەستی خۆ، سەرانەی خۆ بە ئەنگۆ دەدەن).

لە کتێبی تەفسیری گوڵشەندا ئەم ئایەتە بەم شێوەیەی خوارەوە لێکدراوەتەوە:

(ئەم ئایەتە پیرۆزە فەرمان بە جەنگ لە گەڵ خاوەن کتێبەکاندا دەدات، واتە: جولەکەکان‌و دیانەکان. وە ڕێگاخۆشکردنە بۆ غەزای تەبووک لەگەڵ ڕۆمەکان‌و عەرەبەکانی غەساسینە لە وڵاتی شام، کە ئەمانیش دیان بوون وە لەگەڵ ڕۆمەکاندا یەکیان گرتبوو. فەرمایشتەکە ئاراستەی موسوڵمانەکان کراوە دەفەرموێت: ڕووی شەڕو کوشتار بکەنە ئەوانەی کە خاوەن کتێبن، چونکە ئەوان بە ڕاستی ئیمانیان بە خوداو بە ڕۆژی دوایی نیە، وە ئەوەی خوداو پێغەمبەری خودا حەرامیان کردووە، ئەوان حەرامی ناکەن، وە نەکەوتوونەتە شوێن ئاینی ئیسلام‌و ملکەچی نابن، جا بجەنگن لە گەڵیاندا تا بە ژیانی ژێر سایەی دەوڵەتی ئیسلام ڕازی دەبن‌و لە کاتی تواناو هەبوونیاندا ملکەچ دەکەن‌و جزیە دەدەن)[٤٤].

بەم شێوەیە جزیە دان مەرجێک بوو لە سەر خەڵکی سەر بە ئاینەکانی دیکە بە ناچاری دەبوو بیدەن بۆ ئەوەی شاڵاوی جیهاد نەیانگرێتەوەو ئەنفال نەکرێن.. هەرچەندە لە قۆناغێکی دواترو بەهێزتر بوونی دەسەڵاتی



ئیسلامدا، ئیدی بە سەندنی جزیەش لێیان قایل نەدەبوون، بەڵکو هیچ ڕێگایەکی لە بەردەمدا نەهێشتن جگە لە موسوڵمانبوون، وەک لەم ئایەتەی خوارەوەدا دەخوێنینەوە :

- (فاليوم لا يؤخذ منكم فدية و لا من الذين كفروا مأواكم النار هي مولاكم و بئس المصير) الحديد/**١٥**.

واتا (ئیتر ئەمڕۆ نە لە ئێوەو نە لەوانەی خوانەناس بوون، سەرانەو لێ وەرناگیرێ. جێو ئاگرەو هەر ئەویشتان پێ ڕەوایەو چارەنووستان زۆر خراپە).

مەعروف ڕەسافی شاعیرو ڕوناکبیری عەرەب لە کتێبی «الشخصية المحمدية»دا لەم بارەیەوە دەڵێت :

(ئەو ئامانجەی محەمەد لە بانگەوازی خوداناسی‌و پێغەمبەریدا خەباتی بۆ کرد، تەنها ئامانجێکی ئاینی نەبوو، بە بەڵگەی ئەوەی بە وەرگرتنی جزیە قایل بوو لە خەڵکی ناعەرەبی ئەهلی کتێب‌و مەجوس، ئەمە لە کاتێکدا کە وەرگرتنی جزیەو وازهێنان لێیان بە مانەوەیان لە کوفرو تاریکیدا پێچەوانەی ئەوەیە کە ئەو بۆ بانگەوازی خەڵک بۆ یەکتاپەرستی نێردراوە)[٤٥]. هەروەها لە برگەیەکی دیکەدا ڕەسافی دەڵێت:

(قایل بوون بە جزیە وەرگرتن لەوان، نەک لە عەرەبە بتپەرستەکان، نیشانەیەکی ڕوون‌و ئاشکرایە کە ئامانجەکە تەنها ئاین نیە، بەڵکو ئامانجی محەمەد بریتی بوو لە هێنانەدی ڕابوونێکی عەرەبی ئاینی کۆمەڵایەتی سیاسی. بێگومان ڕابوونێکی لەم جۆرە لە ڕەوتو گەشەی خۆیدا پێویستی بە دارایی دەبێت، هەر بۆیە بە سەندنی جزیە لە ناعەرەبەکان ئەو سەرچاوە داراییەی بۆ کردنەوە)[٤٦].

### ٣- بڕیاری زەکات

زەکات یەکێکە لە پێنج فەرزە گرنگەکانی ئاینی ئیسلام، بریتیە لە بڕێکی دیاریکراو لەو سەروەتو سامانەی کە موسوڵمانان هەیانە، لە سەریان فەرز کرا کە بیدەن بە دەسەڵاتی ئیسلام:

- (خذ من أموالهم صدقة تطهرهم و تزكيهم بها و صل عليهم ان صلواتك سكن لهم و الله سميع عليم) التوبة/١٠٣.

واتا (لە داراییەکی هەیانە سەدەقەیان لێ وەرگرە، تا بەوە پاکو خاوێنیان بکەیتەوە. نزای باشیان دەرهەق بکە، نزای تۆ ئۆقرەیە بۆئەوان، خودا بیسەرو زانایە).

زەکات دان لەسەر کەسێکی موسوڵمان کە پارەو ماڵی هەبێت ئەرکێکی گرنگی ئاینی ئیسلامەو هیچ کەس ناتوانێ خۆی لەو فەرزە ببوێرێ. بڕی زەکات لە قورئاندا دیاری نەکراوە، بەڵام لە سەردەمی محەمەد خۆیدا لە سەر هەموو داهاتەکانی مەڕوماڵاتو ئاژەڵو دانەوێڵەو بەروبوومی جووتیاریو پارەی بازرگانیکردنو زێڕو زیوو میتاڵو هەر جۆرە داراییو ماڵیاتێکی دیکە دەسەندرا. زەکات وەک جۆرێک لە باج، بە لای دەسەڵاتی ئیسلامەوە سەرچاوەیەکی مادی گرنگ بوو، هەر بۆیە یەکێک بوو لە پاڵنەرەکانی بە زۆر خەڵک بە ئیسلام کردن. لە ئایەتێکدا قورئان ئەو کەسە بە برای ئاینی دەزانێ کە واز لە ئاینی خۆی بهێنێو نوێژ بکاتو زەکات بدات:

- (فان تابوا و أقاموا الصلاة و آتوا الزكاة فأخوانكم في الدين و نفصل الآيات لقوم يعلمون) التوبة/١١.

واتا (سا ئەگەر لە بتپەرستی وازیان هێناو نوێژیان کردو زەکاتیان دا، ئیتر برای دینی ئێوەن. ئێمە ئەم نیشانانەمان بۆ خەڵکێ ڕوون دەکەینەوە کە زانا بن).

لە واقیعدا دەسەڵاتی ئیسلام بۆ دابینکردنی پێداویستیەکانی بەڕێچوونی دەسەڵاتو خەرجی لەشکری موسوڵمانان، پێویستی بە سەرچاوەی مادی هەبوو، بڕیاری سەندنی زەکات ڕێگایەکی دیکەی مسۆگەرکردنی ئەو سەرچاوەیە بوو. ئاشکرایە کۆکردنەوەی زەکات بۆ هەژاران بە هیچ شێوەیەک چارەسەری کێشەی هەژاری نەکردووەو نایکات. بەڵکو پیادەکردنی ئەو سیستەمە هۆیەکی هێشتنەوەی نایەکسانیو نابەرابەریە.



ئیبن عومەر دەگێڕێتەوە، پێغەمبەری خودا فەرمووی:

[(أمرت أن أقاتل الناس حتى يشهدوا أن لا اله الا الله و أن محمد رسول اللهو يقيموا الصلاةو يؤتوا الزكاة).

واتا (فەرمانم پێ دراوە لەگەڵ خەڵکدا بجەنگم تا ئەو کاتەی شایەتی دەدەن کە جگە لە خودا هیچ خودایەکی دیکە نیەو محەمەدیش نێردراوی خودایە، وە تا نوێژ دەکەنو زەکات دەدەن)][47].

بەم شێوەیە دەسکەوتەکانی شەڕو باجو خەراجەکانی جزیەو زەکاتو هەر داهاتێکی دارایی، بە هۆی کارگێڕو فەرمانبەرەکانی دەسەڵاتی ئیسلامەوە لە خەڵک کۆدەکرانەوەو دەنێردرا بۆ «بیت المال»ی موسوڵمانان، لەوێشەوە دابەش دەکرانەوە بەسەر کارگێڕەکانی ئەو دەزگایەو جەنگاوەرانی ئیسلامو خزمانی پێغەمبەرو خەرجی دەسەڵاتو هەژاران و...هتد. لە سەر بنەمای ئەو ڕوونکردنەوانە، هەر جۆرێک لە داهاتە داراییو ئابوریەکانی ئاینو دەسەڵاتی ئیسلام، جگە لەوەی خەڵکێک ئارەزومەندانە پێشکەشی کردوون، جۆرێک بوون لە فشارو زۆرکردن لە خەڵک.

(ئیسلام بوو بە دەوڵەتێک، باجگرو کارمەندو والیو ئومەرا و...هتدی تێدابوو. باجگرو والیو ئەوانی تریش بە سروشت توندوتیژن لەگەڵ خوارەوەی خۆیاندا. لە هەموو چاخە دێرینەکاندا دەوڵەت بەو شێوەیە بووە. مادام باج لەسەر خەڵکی دابنرێت، خەڵکی بە بەردەوامی خۆیانی لێ دەدزنەوە بە هەر جۆرێک بۆیان بلوێت. والیش ناچارە خەڵکی سزا بداتو لەگەڵیاندا توندوتیژ بێت.. ناچارە شەللاق بەکاربهێنێتو شمشێر بوەشێنێت بۆ ئەوەی کارەکەی ڕاپەڕێنێت)[48].

# پەراوێزی بەشی دووەم

١ — تەها وەهاب، ئایا قورئان ڕەنگدانەوەی سەردەمی خۆیەتی، ل١٠١.
٢ — عەباس عەبدولکەریم، کۆمەڵگا لە سایەی دەوڵەتی خەلافەتدا، ل١١٠
٣ — عەلی وەردی، واعیزەکانی سوڵتان، ل١٨٧.
٤ — نظام الدین عبدالحمید، تەفسیری گوڵشەن، بەرگی یەکەم، ل٢٤.
٥ — هەمان سەرچاوەی پێشوو، هەمان بەرگ، ل٢٥.
٦ — ابو الحسن النیسابوري، اسباب النزول، ص٢٧.
٧ — عەلی میرفیتروسی، ئیسلام ناسی، ل٤٢.
٨ — نظام الدین عبدالحمید، تەفسیری گوڵشەن، ب١، ل٢١٧.
٩ — سید محمود القمني، حروب دولة الرسول، ص١٢٩.
١٠ — هەمان سەرچاوە، ل٢٣١.
١١ — ابو الحسن النیسابوري، اسباب النزول، ص٢٣٧.
١٢ — طبري، تاریخ الرسلو الملوک، ج٢، ص٥٨٤.
١٣ — هەمان سەرچاوەی پێشوو، هەمان بەرگ، ل٥٩١.
١٤ — سالم القمودي، من اجل نظریة اسلامیة معاصرة، ص١٤٥.
١٥ — نظام الدین عبدالحمید، تەفسیری گوڵشەن، ب١، ل٣٣.
١٦ — سەروەر عەبدولڕەحمان پێنجوێنی، ڕیشەو بنچینەکانی توندوتیژی ئاینی، ل٥٢.
١٧ — هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٥٥.
١٨ — نظام الدین عبدالحمید، تەفسیری گوڵشەن، ب١، ل٣٤.
١٩ — مەریوان وریا قانع، گۆڤاری ئاوێنە، ژ ٢٢٦، گۆشەی ئەودیوی شتەکان، چۆن مرۆڤایەتی دروست بوو.
٢٠ — نظام الدین عبدالحمید، تەفسیری گوڵشەن، ب٢، ل١١٢٠.
٢١ — د. شوقي ابوخلیل، أطلس التاریخ العربي، ص٣٣.
٢٢ — سلیمان مظهر، قصة الدیانات، ص٥١١.



٢٣ — واثق غازي، الدینو احتکار الحقیقة، ص١٠٢.
٢٤ — نظام الدین عبدالحمید، تەفسیری گوڵشەن، ب١، ل٣٩.
٢٥ — هەمان سەرچاوەی پێشوو، ب١، ل٤٣١.
٢٦ — هەمان سەرچاوەی پێشوو، ب١، ل٤٤٥.
٢٧ — عەلی وەردی، واعیزەکانی سوڵتان، ل٤٨.
٢٨ — نظام الدین عبدالحمید، تەفسیری گوڵشەن، ب١، ل٤٥٤.
٢٩ — سید محمود القمني، حروب دولة الرسول، ص٩٣.
٣٠ — نظام الدین عبدالحمید، تەفسیری گوڵشەن، ب١، ل٤١.
٣١ — تەها وەهاب، ئایا قورئان ڕەنگدانەوەی سەردەمی خۆیەتی، ل١٣٦.
٣٢ — د. شهبال درەیی، العنف ضد المراة، دراسة قانونیة، ص٤٩.
٣٣ — هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٥٠.
٣٤ — تەها وەهاب، ئایا قورئان ڕەنگدانەوەی سەردەمی خۆیەتی، ل١٢٤.
٣٥ — هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل١٣٠.
٣٦ — نظام الدین عبدالحمید، تەفسیری گوڵشەن، ب١، ل١٩١.
٣٧ — ابو الحسن النیسابوری، اسباب النزول، ص٤٥.
٣٨ — محمد ابن صمادح التجیبي، مختصر تفسیر الطبري، ص٨٠.
٣٩ — د شهبال درەیی، العنف ضد المراة، دراسة قانونیة، ص١٤٩.
٤٠ — ابو الحسن النیسابوري، اسباب النزول، ص٤٨.
٤١ — نظام الدین عبدالحمید، تەفسیری گوڵشەن، ب١، ل٢٨٧.
٤٢ — جلال الدین السیوطي، اسباب النزول، ١٠٢.
٤٣ — عەلی وەردی، واعیزەکانی سوڵتان، ل١١٧.
٤٤ — نظام الدین عبدلحمید، تەفسیری گوڵشەن، ب١، ل٥٤.
٤٥ — معروف الرصافي، الشخصیة المحمدیة، ص٢٠.
٤٦ — هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٢١.
٤٧ — وتەیەکی پێغەمبەری ئیسلام.
٤٨ — عەلی وەردی، واعیزەکانی سوڵتان، ل١٠٨.

# بەشی سێیەم

# لێبوردەیی



## لێبوردەیی چیە؟

ڕاگەیەندراوی کۆنگرەی گشتی یۆنسکۆ، سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان لە ساڵی ١٩٩٥ لە پاریس، لە مادەکانی سەبارەت بە لێبوردەییدا، لە بڕگەی یەکەمی خاڵی یەکەمدا بەم شێوەیەی خوارەوە لێبوردەیی ڕاڤە کردووە:

(لێبوردەیی واتا ڕێزدانانو قبوڵکردنی شوناسی جیاوازو ڕۆشنبیریو دەربڕینە جیاوازەکانی مرۆڤایەتی لە سەر ئاستی جیهان. لێبوردەیی بە مەعریفەو کرانەوەو ئازادی هزرو ویژدانو بیروباوەڕ پتەوو پاراوە. ئەرکێکی ڕەوشتیو سیاسیو یاساییە، هەروەها بنەماو زەمینەی دامەزراندنی ئاشتیەو یارمەتی ئەوە دەدات کە ڕۆشنبیری ئاشتیخوازانە جێگای ڕۆشنبیری شەڕخوازانە بگرێتەوە. لێبوردەیی بریتیە لە داننان بە مافی ئەوانی دیکەدا لە پیادەکردنی مافەکانی مرۆڤو ئازادیە سەرەتاییە جیهانیەکان، پێویستە تاکو کۆمەڵو وڵاتان تێکڕا جێبەجێی بکەن، ئەو لێپرسراوێتیەیە کە کۆڵەکەی مافەکانی مرۆڤو فرەییو دیموکراسیو حوکمی یاسا پێکدەهێنێ)[1].

مێژووی چەمکی لێبوردەیی دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی حەڤدە، لەو سەردەمەدا کەنیسەی کاتۆلیکی لە ئەوروپا دەسەڵاتێکی ئاینیو سیاسی سەرکوتکەرو هەڕەشەیەکی گەورە بوو بۆ سەر ئازادی فکرو بیروباوەڕی جیاواز. سەردەمی ململانێو شەڕە ناوخۆییەکانی ئەوروپا دژ بە ڕەوتی چاکسازی ئاینی پرۆتستانتەکانو هەر بیروباوەڕو دەنگێکی جیاواز لە دەسەڵاتی کەنیسەی کاتۆلیکی، کە دەیانویست سنوورێک بۆ هەژموونو دەسەڵاتی سیاسی توندڕەویە ئاینیەکانی کەنیسە دابنێن. بزوتنەوەی ڕیفۆرمی ئاینی پرۆتستانتەکان بە ڕێبەرایەتی مارتن لۆسەر (١٤٨٣-١٥٤٦) ز گەورەترین بیرمەندی چاکسازی ئاینیو دامەزرێنەری ئاینزای پرۆتستانت لە سەدەی شانزەهەمدا.

(سەدەی حەڤدە سەدەی پێش ڕۆشنگەری، سەدەی تیۆلۆژیای پڕ مەترسی بوو، ئەو سەدەیە ڕەوتی دژ بە چاکسازی ئاینی تێیدا زاڵ بوو، ئەو سەدەیە دادگایی گالیلۆی کرد، دیکارتی ناچار کرد لە فەرەنسا ڕابکات، سپینۆزای تۆقاند، ئەو سەدەیە سەدەی جەنگە مەزهەبیو ناوخۆییەکان بوو کە سەرتاپای ئەوروپای گرتبوو)[2]. لەو سەردەمەدا لە سایەی دەسەڵاتی ڕەهای کەنیسەدا هیچ تروسکاییەکی لێبوردەیی نەبوو، بەڵکو لە جیاتی لێبوردەیی، کەنیسە چەمکی بەخشین ( غفران) ی داهێنابوو، بەو مانایەی خوداو کەنیسە لە بەندە گوناهبارەکان خۆش دەبن ئەگەر تۆبە بکەنو بگەڕێنەوە سەر ڕێگای ڕاستی ئاین!. لەسەر ئەو بنەمایەو بۆ کۆکردنەوەی پارە، کەنیسە چەکی لێبوردن ( ×کوک الغفران ) ی دەفرۆشت !. دەسەڵاتی کەنیسە فشاری زۆری دەخستە سەر فەیلەسوفانو بیرمەندانو ڕۆشنبیرانی ئەو سەردەمە تا دەست لە فکرو بیرورا ڕەخنەییەکانیان هەڵگرنو تۆبە بکەن.

لەو هەلومەرجو ڕۆژگارە ڕەشەی کۆمەڵگای ئەوروپادا، لە سەر دەستی فەیلەسوفو ڕۆشنگەرانی ئەو سەردەمەدا وەکو پێویستیەکی گرنگ بۆ گۆڕانکاریو چاکسازی، چەمکی لێبوردەییان بۆ گوزارشت لە دەربڕینی جیاوازیەکانو دانان بە مافی بیروباوەڕی جیاوازدا بەکارهێنا . فەیلەسوفی مەزنی فەرەنسایی ڤۆڵتێر(١٦٩٤-١٧٧٨)ز ناسراو بە باوکی ڕۆحیی فەلسەفەی لێبوردەیی، لە هزرو فەلسەفەو ژیانی خۆیدا تێکۆشانی زۆری بۆ کردووەو هزری ئەو کاریگەری گەورەی لە سەر ڕۆشنبیرانی ڕۆشنگەری لە ئەوروپادا داناوە . ڤۆڵتێر لە ناساندنی چەمکی لێبوردەییدا دەڵێت:

(لێکبوردن چیە ؟ لێکبوردن دەرەنجامێکی لکاوە بە بوونی مرۆڤایەتیمانەوە، ئێمە هەموومان بەرهەمی لاوازین، هەموومان لەرزیووینو هەڵە دەکەین، لەبەرئەوە لێگەڕێن لە یەکدی ببورین. ئەمەیە بنەمای یەکەمی یاسای سروشتو بنەمای یەکەمی سەرجەم مافەکانی مرۆڤ )[3].

ئەو پێناسە ڕوونو بە گەوهەرەی ڤۆڵتێر چەند خاڵێکی یەکجار گرنگی



لەخۆ گرتووە، لەوانە:

١- پەیامی یەکتر قبوڵکردنو ڕێزگرتن لە مرۆڤو لە ڕای جیاوازی بەرانبەر.

٢- دانبەخۆداگرتنو نەرمی نواندن لە بەرانبەر هەڵە یا ڕەفتارێکی نەخوازراو کە بەرانبەرمان دەکرێت.

٣- هەڵەکردن سروشتێکی مرۆییەو هیچ مرۆڤێک لە هەڵەکردن پارێزراو نیە.

٤- لێبوردەیی سەرەتایەکە لە سەرەتاکانی مافی مرۆڤ کە ئازادیو یەکسانی لە سایەی خۆیدا ڕادەگرێت.

٥- لە سەر ئەو بنەمایەی کە لێبوردەیی داننانە بە بیروڕاو ڕۆشنبیری جیاوازی بەرانبەردا، ڕێگا خۆشدەکات بۆ لەیەکترگەیشتنی نێوان تاکەکانو توێژەکانی کۆمەڵگاو گەلانی جیاواز.

٦- لێبوردەیی دەبێت لە هزرو پراتیکدا دوولایەن ( متبادل) بێت. ئەگەر مرۆڤێک یان هێزێکی کۆمەڵایەتی سوور بێت لە سەر بەکارهێنانی توندوتیژیو بە هیچ شێوەیەک باوەڕی بە لێبوردەییو گفتوگۆ لەگەڵ بەرانبەرەکەیدا نەبێت، بێگومان لەگەڵ مرۆڤو هێزێکی ئاوادا لێبوردەیی سنوری دیاریکراوی دەبێت.

هەر لە بارەی ئەو کەسو هێزە کۆمەڵایەتیانەی کە لە پراتیکدا دەسبەرداری توندوتیژی نابن، فەیلەسوفی نەمسایی کارل پۆپەر(١٩٠٢-١٩٩٤)ز لە وتاری «لێکبوردنو بەرپرسیارێتی فکری»دا دەڵێت:

(دەبێت سەرنجی ئەو ڕاستیە بدەین کە لێکبوردن لە کەمایەتیەک لە کەمایەتیەکان دەبێت لەو خاڵەدا ڕاوەستێت کە ئەو کەمایەتیە دەست بە کاری توندوتیژی دەکات)[4].

هەروەها لە برگەیەکی دیکەی هەمان وتاردا دەڵێت: (زۆر شتێکی جوانە مرۆڤ بڵێت «ڕەنگە من هەڵە بمو ڕەنگە تۆ ڕاست بکەی»، ئەگەر دوو لایەنیش پێکەوە ئەمەیان گوت ئەوا ڕەنگە ئەمە بەس بێت بۆ گەیشتن بە لێکبوردنێکی دوولایەنەو بۆ گەیشتن بە کۆمەڵگایەکی تەندروست )٥.

لە گفتوگۆو وتووێژی ئەقڵانیدا بە گیانی لێبوردەیی، دوو لایەن دەتوانن هەڵەکانی یەکتر دەستنیشان بکەنو ڕێگای گونجاو بۆ چارەسەری کێشەو ململانێکان بدۆزنەوە. لێرەدا ئەوەش جێگای سەرنجە کە لێبوردن لە بەرانبەر هەڵەدا کارێکی مرۆڤانەیە، بەڵام لێبوردن لە بەرانبەر تاواندا کارێکی نادروستو نامرۆڤانەیە. ڕاستە هەموو تاوانێک هەڵەیە، بەڵام هەموو هەڵەیەک تاوان نیە.

فەیلەسوفو ڕۆشنبیری دیاری بریتانی جۆن لۆک (١٦٣٢-١٧٠٤) ز کە یەکێک بوولە ڕۆشنگەرانی هزری لێبوردەیی، لە پەیامێکدا بە ناونیشانی «پەیامێک سەبارەت بە لێبوردەیی» کە ساڵی (١٦٨٩) بڵاوی کردۆتەوە، جەختی لەسەر جیاکردنەوەی ئاین لە دەوڵەت کردووەو پێی وا بووە کە تەنها لە جیاکردنەوەی ئاین لە دەوڵەتدا گیانی لێبوردەیی بوونی دەبێو توندوتیژی لەناو دەچێت. ئەو بۆچوونەی جۆن لۆک دواتر بوو بە یەکێک لە بنەماکانی دەوڵەتی دیموکراسی.

بەم شێوەیە لە دەرەنجامی جەنگی نێوان هێزی سەرکوتکەری کەنیسە لە لایەکو بزوتنەوەی چاکسازیخوازانو هزری ڕەخنەگرانەی فەیلەسوفانو ڕۆشنگەرانی ئەوروپی، ڕۆشنگەری لێکەوتەوە، لێکدانەوەی نوێ بۆ ئاین هاتە ئاراوە، کە

ڕەخنەی شێلگیرانەی لەو بۆچوونە ئاینیە باڵادەستە چەقبەستووە گرت کە بە ڕەهایی تەنها لێکدانەوەکانی خۆیان بە ڕاست دەزانی. لێکدانەوەی نوێ ڕێزی بۆ ئاینو کۆمەڵگاو بیروڕای جیاواز داناو لە جیاتی سەرکوت ئازادی ڕەخنەو لێبوردەیی داهێناو کردیە کولتور لە کۆمەڵگادا.

(مانای ئەوەیە گەر ئازادی ڕەخنەگرتن نەبوایە، ئەوا نە خۆرئاواو نە مۆدێرنەو نە شارستانیەت نەدەبوون، ئەم ئازادیەش وەک دامەزرێنەری ڕۆشنگەری لە خۆرئاوا ئیمانۆیل کانت دەڵێ، هیچ سنوورێکی بۆ نیە. کانت دەڵێ : سەدەکەمان واتە سەدەی هەژدە، سەدەی ڕۆشنگەری، سەدەی ڕەخنەیە، دەبێ هەموو شتێ ملکەچی ڕەخنە بێت، لەوانە بیروباوەڕی



ئاینی مەسیحیش کە بە لای گەلانی ئەوروپیەوە زۆر پیرۆزە )[6].

هزرو خەباتی ئەو فەیلەسوفو ڕۆشنبیرە مەزنانە کاریگەری گەورەی لە سەر هوشیاریو بزوتنەوەی خەڵک بۆ گۆڕانکاریو چارەسەری کێشە پڕ لە توندوتیژیەکان دانا. دواتریش برەودان بە گیانی لێبوردەیی لە چوارچێوە ئاینیەکەی تێپەڕیو لەگەڵ گۆڕانکاریەکانی کۆمەڵگادا لە ژیانی سیاسیو ڕۆشنبیریو کۆمەڵایەتیدا ڕەنگی دایەوەو لە ئێستادا لە ئەوروپاو کۆمەڵگا پێشکەوتووەکاندا بۆتە بەشێک لە هوشیاریو کولتور لە هەموو بوارەکانی ژیانی ڕۆژانەی کۆمەڵگاو تاکەکانیدا. لە باسکردنی ڕۆژئاوادا، کارل کۆپەر دەڵێت:

(من واقیعێک لە پێش چاومایە، ئەویش ئەوەیە کۆمەڵگا ڕۆژئاواییە دیموکراسیەکانمان، ئەو کۆمەڵگایانەن کە زیاتر لە هەر کۆمەڵگایەکی دی ئازادیو لێکبوردنو دادپەروەریان تێدایەو کەمتر توندوتیژی لە سەرجەم ئەو کۆمەڵگایانە تیایە کە دەیانناسین)[7].

**ئاستەکانی لێبوردەیی:**

ئەگەر سەیری کۆمەڵگاکانی خۆرئاوا بکەین دەبینین لێبوردەیی لە ئاستی سیاسیدا واتای داننانە بە ئازادی هەڵسوڕانی تاکو کۆمەڵ بە گوێرەی بیروباوەڕی سیاسی هەڵبژاردەی خۆیان، هەروەها فرەییو پێکەوەهەڵکردنی ئاشتیانەو کارکردن بە گیانی دیموکراسی. ئازادی ڕەخنەگرتن بۆ هەموو کەسو لایەنێک دوور لە بەکارهێنانی توندوتیژی، چارەسەرکردنی کێشەو ململانێکان بە شێوازی گفتوگۆ.

لە بواری ڕۆشنبیریو کولتوریدا، لێبوردەیی واتای دانانی ڕێز بۆ هەموو شوناسو ڕۆشنبیریو کولتورە جیاوازەکان، کارکردن بە گیانی مرۆڤدۆستانەو دوور لە دەمارگیری جۆراوجۆرو ڕکو کینە، گەشەدان بە گیانی ڕەخنەو ڕەخنەلەخۆگرتن، لەو ڕوانگەیەوە کە هیچ بیروبۆچوونێک، بە ئاینەکانیشەوە، بێ کەموکوڕیو لە سەرووی ڕەخنەوە نیە. بەڵکو

هەر بیروبۆچوونێک ڕێژەیەک لە ڕاستیەکانی لە لایەو هەموو ڕۆشنبیریەو بیروبۆچوونە جیاوازەکان پێکەوە زیاتر لە ڕاستیەکان نزیک دەبنەوە، هەموو کولتورێک لایەنی باشو لایەنی لاوازی تێدایە. لە هەلومەرجێکی ئاوادا هێزو توانای مرۆڤ بۆ کارکردنو داهێنان بە باشترین شێوە لەکاردا دەبن.

لە ئاستی ئاینیدا لێبوردەیی واتا هەڵکردنو پێکەوە ژیانی ئاشتیانەی ئاینە جیاوازەکان بە ئازادی تەواو لە جێبەجێکردنی سروتو بۆنەو ڕێوڕەسمە تایبەتیەکانی هەر ئاینێک، دوور لە ڕکو کینەو دەمارگیریەو توندوتیژی بەرانبەر بە ئاینو بیروباوەڕەکانی دیکە. هەروەها لێبوردەیی ئاینی بە واتای هەر مرۆڤێک ئازادی تەواوی هەبێت هەر کاتێک ویستی واز لە ئاینەکەی خۆی بهێنێتو بچێتە سەر ئاینێکی دیکە، یاخود بە بێ ئاین بمێنێتەوە. لە هەلومەرجی پراکتیزەکردنی لێبوردەیی ئاینیدا زەمینەی پەیوەندی مرۆڤانەو دۆستانە لە نێوان تاکەکانی کۆمەڵدا دادەمەزرێتو پێکەوەژیانی ئاشتیەو ئارامی فەراهەم دەبێت. لە ژیانی ئاشتیەو ئارامیدا کۆمەڵگا گەشەی ئاسایی بەرەو ژیانی دیموکراسی دەکاتو گرنگی بە بەها مرۆڤایەتیەکان دەدرێت.

هەروەها لە ئاستی کۆمەڵایەتیدا جێبەجێکردنی گیانی لێبوردەیی زامنی پێکەوەژیانی ئاشتیانەی هەموو شوناسە جیاوازەکانی ناو کۆمەڵگایە. لە ناو خێزانو لە ژیانی هاوسەریدا، لەگەڵ خزمو کەسوکارو هاوڕێو ناسیاواندا، لە دراوسێیەتیدا، لە قوتابخانەو لە سەر کار، لە نێو کۆمەڵەو پارتو ڕێکخراوەکاندا، لە نێوان ئاینەکانو ئاینزاکاندا، بە گشتی لە پەیوەندیەکانی ژیانی ڕۆژانەدا. لە ئەوروپا لە دوای سەرکەوتنی ڕیفۆرم، گیانی لێبوردەیی بوو بە بناغەی داڕشتنو زامنکردنی ئازادیو مافەکانی مرۆڤ، ئەوەش بە گرنگترین دەسکەوتەکانی ئەقڵانیەت لە مێژووی مرۆڤایەتیو شارستانیەتدا دادەنرێت.



## قورئانو لێبوردەیی

لە باسی لێبوردەییدا وتمان کە ئەم چەمکە مێژوویەکی ئەوەندە دێرینی نیە، بەڵکو بەرهەمی ڕۆشنگەریو ئەقڵانیەتو هزری فەیلەسوفو ڕۆشنبیرانی سەدەی حەڤدەو هەژدەی کۆمەڵگاکانی ئەوروپایە. بە بەراورد بە مێژوی ئاینی ئیسلامو قورئان، چەمکێکی نوێیە. هەر بۆیە لێبوردەیی چ وەک چەمکو چ بە واتا مۆدێرنەکەی (قبوڵکردنی بەرانبەرو دانانی ڕێز بۆ شوناسە جیاوازەکان لە سەر ئاستی تاکو کۆمەڵ، لە پێناوی پێکەوەژیانی ئاشتیانەو دیموکراسیو بەرجەستەکردنی مافەکانی مرۆڤ) لە قورئاندا بەکار نەهاتووەو ئاماژەیەکی لەو بارەیەوە تێدا نیە. بەڵکو بە واتایەکی ئاینیو لە چەمکی بەخشین (الغفران) دا باسی لێبوردەیی خودا هاتووە. واتا بەخشندەییو لێبوردەیی خودا لە بەرانبەر هەڵەو تاوانی باوەڕدارانو بەندەکانی خۆیدا، لە کاتێکدا کە لە گوناهەکانیان پەشیمان دەبنەوەو لە خودا دەپاڕێنەوە تا بیانبەخشێت! بەم مانایە لێبوردەیی خودا ( غفران) بریتیە لە پەیوەندی نێوان خوداو بەندەکانی خۆی، وەک لەم چەند ئایەتەی خوارەوەدا ڕوون دەبێتەوە:

- (فمن تاب من بعد ظلمه و أصلح فان الله يتوب عليه ان الله غفور رحيم) المائدة/٣٩.

واتا (هەرکەس دوای ناهەقیکردن پەژیوان ببێتەوەو ڕێگای چاکە بگرێتە بەر، خودا تۆبەی قبوڵ دەکا، خودا لێبوردەو دلۆڤانە).

- (ان ربك لسريع الحساب و انه لغفور رحيم)الاعراف/١٦٧.

واتا (پەروەرندەت بە پەلە تۆڵە دەستێنێو هەر بۆ خۆشی لە گوناهکاران دەبووریێو دلۆڤانە).

- (درجات منه و مغفرة و رحمة و كان الله غفورا رحيما) النساء/٩٦.

واتا (پلەو پایەگەلێکی زۆر لە لای خواوە، هاوڕێ لە گەڵ لێخۆشبوونو میهرەوانی، خوا بەخشندەو دلۆڤانە).

- (وعد الله الذين آمنواو عملوا الصالحات لهم مغفرةو أجر عظيم) المائدة/٩.

واتا (ئەو کەسانەی باوەڕدارو ئاکار چاکن، خودا بەڵێنی پێداون کە لە گوناهیان دەبوورێو پاداشێکی زۆر گرنگیان پێ دەبەخشێ).

- (ان الذين تولوا منكم يوم التقى الجمعان انما استزلهم الشيطان ببعض ما كسبوا و لقد عفا الله عنهم ان الله غفور رحيم) آلعمران/١٥٥.

واتا (ئەوانەتان وا ڕایانکرد لەو ڕۆژەدا کە دوو کۆمەڵ گەیشتنە یەک، شەیتان هەڵی خلیسکاندن، لە بەر کارێ کە کردوویانە، خوایش بەخشینی. هەر خودایە لە گوناهان دەبوورێو لەسەرخۆیە).

لەو چەند ئایەتەی سەرەوەدا لێبوردەیی بە واتای (بەخشین)و وەک سیفەتێکی خودایی باس دەکات، هەر لەسەر بنەمای ئەم بیروبۆچوونەش لە قورئاندا باسی لێبوردەیی وەک سیفەتی مرۆڤ نەهاتووە، بەڵکو خودا هەر خۆی غەفورە (لێبوردەیە)و مرۆڤیش (عبدالغفور)ە واتا بەندەی خودای لێبوردەیە!.

بەڵام مەبەست لە چەمکی لێبوردەیی بە واتا مۆدێرنەکەی بریتیە لە داڕشتنی پەیوەندیەکی تەندروست لە نێوان مرۆڤەکان خۆیاندا لە ژیانی دنیاییدا، لەسەر بنەمای دانانی ڕێزو قبوڵکردنی جیاوازیەکانی یەکترو پاراستنی مافەکانی مرۆڤ. لێبوردەیی بەم واتایە لەم سەردەمەدا یەکێکە لە پرسە هەرە گرنگەکانی ژیانی ئەمڕۆی کۆمەڵگای مرۆڤایەتیو بە تایبەت لە کۆمەڵگا پێشکەوتووەکاندا یەکێکە لە دەسکەوتە پڕ بەهاو بایەخەکانو یەکێکە لە کۆڵەکەکانی ژیانی دیموکراسیو پێکەوەژیانی ئاشتیانە.

هەرچەندە لێبوردەیی وەک چەمک لە قورئاندا باسی نیە، بەڵام لە چەند ئایەتێکدا هەندێک بەهاو ڕەوشتو ئاکاری مرۆڤانە دەخوێنینەوە کە بۆ سوودی تاکو کۆمەڵ دەکرێ ڕادەیەک لە گیانی لێبوردەییان لێ هەڵهێنجرێو بکرێنە بنەمای ڕاڤەکردنێک کە لە گەڵ مافەکانی مرۆڤو دیموکراسیو پێکەوەژیانی ئاشتیدا بێنەوە.



ژمارەی ئەو ئایەتانە بە بەراورد لە گەڵ ژمارەی ئایەتەکانی توندوتیژی یەکجار کەمن! بە ڕادەیەک کە لە هەموو قورئاندا لە بیستو پێنج ئایەت تێناپەڕێت! ئەمە لە بەرانبەر (١٤٨٩) ئایەتدا کە ئاراستەی توندوتیژیان تێدایە. واتا هەر ئایەتێکی نەرمو نیان لە بەرانبەر شەست ئایەتی توندوتیژدایە!. بێگومان ئەوەش بە هۆی واقیعی کۆمەڵگای خێڵەکی نیمچەدوورگەی عەرەبستانو نەریتی دواکەوتووانە لەو سەردەمەدا لە لایەک، لە لایەکی دیکەش ئەو هەلومەرجە سیاسیو ئابوریو کۆمەڵایەتیو فەرهەنگیە قەیراناویو پڕ شەڕوشۆڕو توندوتیژیەی کە بزوتنەوەو دەسەڵاتی ئاینی ئیسلام ڕووبەڕووی بووبوو بۆ دامەزراندنو پارێزگاریکردن لە خۆیو دەسەڵاتە نوێکەی لە بەرانبەر نەیارەکانیدا.

(قورئانی پیرۆز وەک هەموو دەقە ئاینیە گەورەو دامەزرێنەرەکانی دیکە، هەڵوێستێکی دوولایەنەی لە کێشەی توندوتیژی هەیە. واتە قورئان ئایەتی تێدایە ڕێگە بە توندوتیژی دەدات، ئایەتیشی تێدایە باس لە ئاشتیو دوورکەوتنەوە لە توندوتیژی دەکات، هۆکەشی ئەوەیە قورئان پەیوەستە بەو بارودۆخە مێژووییەوە کە پێغەمبەرو موسوڵمانەکانی سەرەتا تێیدا ژیاون، بارودۆخێک پڕ بووە لە بەرەنگاربوونەوەو بە نەیارو دوژمن دەورە درابوون)[٨].

ئەوەی جێگای سەرنجە لە بەرانبەر هەر ئایەتێک لەم ئایەتانەی خوارەوە کە وەک نموونەی ئایەتی نەرمو نیانو دوور لە ناوەڕۆکو ئاراستەی توندوتیژی هەڵمانبژاردوون، ئایەتگەلێکی توندوتیژو پێچەوانەی مەبەست هەن!. با چەند نموونەیەک لەو ئایەتانە بهێنینەوە :

- (أدع الى سبيل ربك بالحكمة و الموعظة الحسنة و جادلهم بالتي هي أحسن) النحل/١٢٥.

واتا (بە کارزانیو ئامۆژگاری پەسەند، مەردم بەرەو ڕێگەی پەروەردەت گازی بکەو بە چاکترین شێوە لە گەڵیاندا بدوێ).

ئەم ئایەتەی سەرەوە داوای شێوازی نەرمو نیانی گفتوگۆ وزمانی

قایلکردن دەکاتو بە چاکترین شێوەی دوان ولە یەکتر تێگەیشتنی نێوان مرۆڤەکانی دەزانێت. دەکرێ لەم ڕۆژگارەدا ناوەرۆکی ئەو ئایەتەی سەرەوە بکرێتە بنەمای پەیوەندیەکی تەندروست دوور لە توندوتیژی لە نێوان موسوڵمانانو ناموسوڵماناندا.

لە ئایەتێکی دیکەدا سەبارەت بە پەیوەندیو مامەڵەکردنی ئەهلی کتێب (جوولەکەو مەسیحیان) دەڵێت:

- (و لا تجادلوا أهل الكتاب الا بالتي هي أحسن) العنكبوت/٤٦.

واتا (ئەگەر دەگەڵ ئەهلی کتێب دەکەونە وتوویژەوە، بەوپەڕی نەرمو نیانی قسەیان لە تەکا بکەن).

ئەم ئایەتەی سەرەوە مەکییە، واتا بەرهەمی ئەو قۆناغەیە کە بزوتنەوەی ئیسلام هێشتا خاوەنی هێزو دەسەڵاتی سیاسی نەبوو، بۆیە زۆر بە ڕوونو ڕاشکاوی داوای شێوەی وتوویژی ئارام لە گەڵ جوولەکەو مەسیحیەکان دەکات. لەم ئایەتەدا ڕێزی ئاینەکانی بەرانبەرو گیانی لێبوردەیی دەخوێنینەوە. دەکرێ موسوڵمانان لەم سەردەمەدا ناوەرۆکی ئەم ئایەتە بکەنە بنەمای داڕشتنی پەیوەندی خۆیان لەگەڵ جوولەکەو مەسیحیانو سەرجەم ناموسوڵمانانو هەر بیروباوەڕێکی دیکەی جیاواز لە دنیادا.

لە ئایەتێکی دیکەدا دەڵێت:

- (و ما على الرسول الا البلاغ المبين) النور/٥٤.

واتا (پێغەمبەر لە ڕاگەیاندن بەولاوە هیچی تری لە سەر نیە).

ئەم ئایەتەی سەریشەوە لە ئایەتەکانی قۆناغی مەککەیە، دەبینین ئەرکی خۆی تەنیا بە ڕاگەیاندنی ئاینەکە دەستنیشان کردووە. واتا خەڵک سەرپشک دەکات لەوەی باوەڕ بە ئاینەکەی بهێنن، یاخود باوەڕی پێ نەهێنن. دەکرێ لە ڕاڤەکردنی ئەم ئایەتەدا ئازادی بیروباوەڕی جیاواز بخوێنرێتەوەو بە شێوەیەک واتا بکرێت دان بە ئازادی مرۆڤ لە هەڵبژاردنی ئاینو بیروباوەڕی خۆیدا بنێت. محەمەد خۆی لە قۆناغی خەباتی مەککەدا ماوەی سیانزە ساڵ ئەو ئایەتەی بە کردەوە پەیڕەو



کردووەو جگە لە بانگەوازی ڕاگەیاندنی ئاینەکەی، توندوتیژیو سزای بۆ ژیانی ئەم دنیا داوا نەکردووە.

لە ئایەتێکی دیکەی مەککیدا دەڵێت :

- (فأن أعرضوا فما أرسلناك عليهم حفيظا ان عليك الا البلاغ) الشورى/٤٨.

واتا (سا ئەگەر هەر خۆیان بوارد، ئێمە تۆمان بۆیە نەنارد لە سەر ئەوانە پاسدار بی، تەنیا ئەوەندەت لە سەرە مەبەستەکە ڕابگەیەنی).

کەواتە بە گوێرەی ناوەرۆکی ئەو ئایەتەی سەرەوە جگە لە ڕاگەیاندنی هێمنانەی ئاینەکە ڕێگا بە سەپاندنی ئاینەکە بەزۆر نادات.

لە ئایەتێکی دیکەشدا دەڵێت :

- (لا اكراه في الدين) البقرة/٢٥٦.

واتا (لەم دینەدا بە زۆر داسەپاندن نیە).

بە گوێرەی ئەم ئایەتە نابێ هیچ کەسێک بە زەبری هێزو توندوتیژی ناچار بکرێن باوەڕ بە ئاینی ئیسلام بهێنن. ناوەرۆکی ئەم ئایەتە دیسان بۆ مامەڵەکردنی موسوڵمانان لە ناوخۆشیاندا دەخوێنرێتەوە. هیچ کەسو هێزو دەسەڵاتێک ئەو مافەی نیە کەسێکی دیکە ناچار بکات بۆ پەیڕەوکردنو جێبەجێکردنی ئەرکو فەرزو نەریتە ئاینیەکان.

لە کتێبی «ئەسباب ئەلنزول»دا هۆی دابەزینی ئەم ئایەتە ئاوا باسدەکات:

[ئیبن عەباس دەگێڕێتەوە: پیاوێک لە ئەنسارەکانی بەنی سالم ئیبن عەوف، لە کاتێکدا کە خۆی موسوڵمان بوو، دوو کوڕی هەبوو مەسیحی بوون. بە پێغەمبەری وت-دخ: ئەوان واز لە مەسیحیەت ناهێنن، بە زۆر بیانکەم بە موسوڵمان؟ ئەوەبوو ئەم ئایەتە دابەزی: لا اكراه في الدين)][٩].

با سەرنجی ئەم دوو ئایەتەی خوارەوە بدەین :

- (لكم دينكم و لي دين) الكافرون / ٦.

واتا ( دینی خۆتان بۆ خۆتانو منیش دینی خۆم بۆ خۆمە ).

- (لنا أعمالنا و لكم أعمالكم) الشورى/ ١٥.

واتا (کردەوەی خۆمان بۆ خۆمان، کردەوەی خۆتان بۆ خۆتان).

ئەو دوو ئایەتەی سەرەوە دەکرێ بەو شێوەیە لێک بدرێنەوە کە ئاینی ئیسلامیش ئاینێکە وەک ئاینەکانی دیکەی کۆمەڵگا جیاوازەکانی مرۆڤایەتی، موسوڵمانان دەبێ ڕێز لە هەر ئاینو بیروباوەڕێکی دیکەی جیاواز بگرن. هەرکەس ئازادە لە پەیڕەوکردنی ڕێوڕەسمو نەریتە ئاینیەکانی خۆیدا، هیچ ئاینو مەزهەبێک نابێت ببێتە هەڕەشە بۆ سەر ئاینو مەزهەبێکی دیکەی جیاواز.. هەر کەس بە ئاینی خۆیو بە کردەوەی خۆی، بە بێ ئەوەی زیانی بۆ کەسێکی دیکەی هەڵگری بیروباوەڕێکی جیاواز هەبێت.

ئەو ئایەتانەی سەرەوە دەکرێ بەو شێوەیە ڕاڤە بکرێن کە بکرێنە بنەمای ئازادی بیروباوەڕو هەڵسوڕانی سیاسیو پێکەوەژیانی ئاشتیانەی نێوان کۆمەڵانی موسوڵمان خۆیانو پەیوەندی تەندروستو ئاشتەوایی لە گەڵ خەڵکانی دیکەی ناموسوڵمان بە گشتی.

لە ئایەتێکدا سەبارەت بە تۆڵەسەندن دەڵێت :

- (فمن تصدق به فهو كفارة له) المائدة/٤٥.

واتا (کێ لە تۆڵە- بە خێری خۆی- وازبهێنێ، گوناهی پێ هەڵدەوەرێ).

لەم برگەیەی ئایەتەکەدا، بە پێچەوانەی ئایەتەکانی هاندان بۆ تۆڵەسەندن کە پێشتر باسمانکردووە، داوا دەکات ئەگەر کەسێک هەڵە یان تاوانێکی بەرانبەر دەکرێت، واز لە تۆڵەسەندنەوە بهێنێو ئەو کەسە ببەخشن.

با سەرنج لەم دوو ئایەتەی دیکەش بدەین :

- (و لا تسبوا الذين يدعون من دون الله فيسبوا الله عدوا بغير علم) الانعام / ١٠٨.

واتا (قسەی خراپ دەربارەی ئەوانە مەکەن کە داوای یارمەتی لە غەیرەز خودا دەکەن، چونکە ئەوانەی نەزانن، لەوانەیە لە بەر دژایەتی خۆیان، خراپ لەمەڕ خودا بدوێن).



ئەم ئایەتە لە تەفسیری گوڵشەندا ئاوا لێکدراوەتەوە:

(ئەی موسوڵمانینە! ئێوە جنێو مەدەن بەو بتانەی کە بتپەرستەکان بە خودایان دەزانن و دەیانپەرستن، نەبادا بەوە ئەوانیش زیاتر لە سنووری خۆیان دەربچنو بە ناتێگەیشتوویی خۆیان، جنێو بە خودا بدەن).

- (و اصبر على ما يقولون و أهجرهم هجرا جميلا) المزمل /١٠.

واتا (بۆ ئەو قسانەش کە ئەیکەن خۆڕاگر بە، لێشیان لادە بە لادانێکی پەسەند).

تەفسیری گوڵشەن ئەم ئایەتەی بەم شێوەیە لێکداوەتەوە:

(ئەی پێغەمبەر! بەرانبەر عینادو یاخی بوونی قەومەکەت خۆت ڕابگرەو هەراسان مەبە، بە جوانی کەنار بگرە لێیانو پشتیان تێ بکە، بەرانبەر بە خراپەکانیان تۆ خراپی مەنوێنە)[١٠].

لە مانای ئەو دوو ئایەتەی سەرەوەدا ئامۆژگاری بە موسوڵمانان دەدات کە زمانی زبر بەرانبەر بە خەڵکانێک کە پەرستیاری دیکەیان هەیە بە کارنەهێنن. چونکە ئەوانیش ئەو کاتە زمانی زبر بەرانبەر خودای موسوڵمانان بە کار دەهێننو ئەم دۆخەش ڕەنگە شەڕو توندوتیژیو ئاژاوەی لێ بکەوێتەوە.. بۆیە داوای خۆڕاگریو دان بەخۆداگرتن دەکات، واتا دەکرێت بە جۆرێک ڕاڤە بکرێن کە داوای لێبوردەیی دەکات بۆ ئەوەی کێشەو توندوتیژی لێ نەکەوێتەوە.

بە گشتی ئەو نموونە ئایەتانەی سەرەوە دەتوانرێت بکرێنە بنەمایەکی ئاینی لای کەسو هێزی کۆمەڵایەتی ئیسلامی میانڕەو کە یارمەتیدەری چاکسازیکردنو پێکەوەژیانی ئاشتیانە بن لە ناو کۆمەڵگای ئیسلام لەم سەردەمەدا.

لە دنیای ئەمڕۆدا، بە تایبەت لە کۆمەڵگا موسوڵمانەکاندا، باسکردنو پراکتیزەکردنی لێبوردەییو ناتوندوتیژی لە گرەوی ئەنجامدانی چاکسازیەکی هەمەلایەنەدان. بۆیە بە پێویستو گرنگی دەزانم لە درێژەی باسەکەدا هەندێک ڕوونکردنەوە لەسەر چەمکی چاکسازیو چاکسازی

ئاینیو هەروەها چاکسازی لە ئاینی ئیسلامدا بدەین.

## چاکسازی ئایینی

وشەی چاکسازی، واتا لابردنی لایەنە خراپەکانو چاککردنی لایەنە لاوازەکان لە هەر دیاردەو بابەتێکدا. بێگومان هەر دیاردەیەک لە سروشتدا، بە کۆمەڵگاشەوە، لایەنی باشو لاوازی هەیە. سروشتو کۆمەڵگاو هوشیاری کۆمەڵایەتیش بە گوێرەی یاساکانی گەشەسەندن لە گۆڕانی بەردەوامدان. لایەنە باشو لاوازەکانی هەر دیاردەیەک بە وەستاوی نامێننەوە، ئەوەی لە بارودۆخو سەردەمێکدا وەک لایەنی باشی دیاردەیەک هاتۆتە ئەژمار مەرج نیە لە کاتو شوێنێکی دیکەدا وەک لایەنی باشەی ئەو دیاردەیە پەسەند بکرێت. هەر لە پەیوەند بەم یاسایەدا مرۆڤ بۆ بەرژەوەندی خۆیو کۆمەڵ بە گوێرەی هوشیاری خۆی لە کۆمەڵگادا گۆڕانکاریو چاکسازی لە هەموو بوارەکانی ژیانو دەوروبەری خۆیدا کردووەو هەوڵی باشترکردنی داوە. بۆ نموونە لە بوارەکانی ئابوری، سیاسی، کۆمەڵایەتیو خزمەتگوزاری، ڕۆشنبیریو کولتورو ئاین و...هتد. کە هەر بوارێک لەوانەش چەندین لقی دیکەیان لێ دەبێتەوە، بۆ نموونە، چاکسازی ئابوری بوارەکانی کشتوکاڵ، پیشەسازی، بازرگانی، بانکی، گەشتو گوزارو ئاوەدانی، بازاڕ و...هتد دەگرێتەوە.

چاکسازی کۆمەڵایەتی بریتیە لە ئەنجامدانی گۆڕانی لەسەرخۆ لە ئاستێک یا لە چەند ئاستێکی ژیانی کۆمەڵگادا بە شێوەی ناتوندوتیژ. لەم ڕووەوە جیاوازە لە شۆڕش کە خوازیاری گۆڕانی ڕیشەییو دەسبەجێیە بە هۆی وەرگرتنی دەسەڵاتی سیاسیەوە بە شێوەی توندوتیژ.

ئاینەکان لە مێژووی خۆیاندا هەیانە خوازیاری گۆڕانی لەسەرخۆ بوون لە کۆمەڵگادا، بە بێ ئەنجامدانی شۆڕشو توندوتیژی، وەک ئاینی مەسیحی، ئاینیش هەیە خوازیاری گۆڕانی شۆڕشگێڕانەو دەسبەجێ بووە لە کۆمەڵگاداو بۆ ئەو مەبەستەش سوودی لە ئامرازی توندوتیژی



وەرگرتووە، وەک ئاینی ئیسلام. ئاینەکان بە گشتی بەشێکن لە هوشیاری مرۆڤ، هەر ئاینێکیش بە گوێرەی مێژووی سەردەمەکەی خۆی لە پرۆسەی ڕێکخستنی کۆمەڵگاو ئەنجامدانی چاکسازیو ژیانی باشتردا بەشداری گرنگیان هەبووە. ئاین وەک بەشێک لە هوشیاری کۆمەڵایەتی ئەگەر بە گوێرەی گۆڕانەکانی ژیانی کۆمەڵگا چاکسازی تێدا نەکرێتو لە گەڵ بەرەوپێشەوەچوونی کۆمەڵدا خۆی نەگونجێنێت، تووشی ناکۆکیو نەگونجان دەبێتەوەو لە کۆمەڵگا بەجێ دەمێنێت، سەرەنجامیش دووچاری لاوازبوونو پەراوێزکەوتن تا ڕادەی لەناوچوون دەبنەوە. دەیان ئاین لە مێژووی مرۆڤایەتیدا هەبوونو لە ناوچوون.

ئەوەی لەم باسەدا زیاتر جێگای مەبەستو ڕوونکردنەوەی ئێمەیە، چاکسازی ئاینیە، بە تایبەتیش پرسی چاکسازی لە ئاینی ئیسلامدا لە پەیوەند بە دەقەکانی قورئانەوە.

لە خوێندنەوەی قورئاندا ئەو ڕاستیەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کە محەمەد لە ماوەی بیستو سێ ساڵی پێغەمبەرێتیەکەیدا گرنگی بۆ ئاڵوگۆڕی ڕووداوەکان هەبووە. لە گەڵ گۆڕانی هەلومەرجدا لە ئاستەکانی ژیاندا، بۆ گونجاندنی ئاینەکەی گۆڕانو دەستکاری لە دەقی هەندێک لە ئایەتەکاندا کردووە. ئەو گۆڕانو دەستکاریکردنەی دەق، لە قورئاندا بە نەسخکردن ناو براوە. بیرمەندانی ئیسلام بە (ناسخو مەنسوخ) ناویان بردووەو بە زانستێک لە زانستەکانی قورئان ناسیویانە.

نەسخکردن لە زمانی عەرەبیدا بە واتای لابردن یان سڕینەوە دێت، هەروەها بە واتای کۆپیکردنیش دێت. کەواتە ناسخو مەنسوخ واتا لابەرو لابراو. مەبەست لە ناسخو مەنسوخ ئەوەیە کە دەقی ئایەتێکی قورئان گۆڕانی تێدا کراوە یان حوکمەکەی لابراوەو ئایەتێکی دیکە دەربارەی هەمان بابەت لە جێگای دانراوە. بە واتایەکی دیکە بڕیارو حوکمێکی قورئان کە لە هەلومەرجێکدا کاری پێ کراوە، بە هۆی گۆڕانی هەلومەرجەوە گۆڕانی تێدا کراوە یان بە یەکجاری لابراوەو لە جێگایدا

ئایەتێکی نوێ هاتووە. لێرەدا پێویستە ئاماژە بەوەش بکەم کە مەبەست لە چاکسازی لە دەقی هەندێک ئایەتدا مەرج نیە چاکسازی بێت لە بابەتو ناوەرۆکی ئایەتەکەدا یان چاکسازی بووبێت لە واقیعی کۆمەڵگای عەرەبستاندا، چونکە دەستکاریکردنی هەندێک ئایەت لە ئەنجامی گۆڕانی بارودۆخ لە ئارامیەوە بۆ نائارامی ڕوویانداوە. بەڵکو تەنها مەبەست لە گۆڕینو دەستکاریکردنی دەقە لە سەردەمی ژیانی محەمەد خۆیدا. بە واتایەکی دیکە چاکسازیکردنە لە داڕشتنەوەی دەقی ئایەتدا.

- (ما ننسخ من آية أو ننسها نأت بخير منها أو مثلها ألم تعلم ان الله على كل شيء قدير) البقرة/**١٠٦**.

واتا (هەر ئایەتێک لە کاربخەین یان لەبیری ببەینەوە، ئایەتێکی لەو باشتر یان هەر وەک ئەوی ئەخەینە جێ. مەگەر نەتزانیوە خودا هەموو کارێکی پێ دەکرێ؟).

- (و اذا بدلنا آية مكان آية و الله أعلم بما ينزل قالوا انما انت مفتر بل أكثرهم لا يعلمون) النحل/**١٠١**.

واتا (هەرگا ئێمە بەڵگەیەکمان بە بەڵگەیە تر گۆڕی خوداش خۆی چاکتر دەزانێ چی دەنێرێ ئێژن: خۆت هەڵت بەستووە. نا وانیە! ئەوان زۆربەیان نازانن).

ناوەرۆکی ئەو دوو ئایەتەی سەرەوە بەڵگەی چاکسازیکردنە لە دەقی ئایەتدا لە سەردەمی محەمەد خۆیدا، ئەوەش واتای مامەڵەکردنی هەلومەرجە جیاوازەکانە بە بڕیارو حوکمی جیاواز.

بەگشتی لە قورئاندا کۆمەڵێک ئایەتو بڕیارو حوکم لابراون، یا دەستکاری کراونو چاکسازیان تێدا کراوە.

(السیوطي لە کتێبی «الأتقان»دا ئاماژەی بە بیستو یەک ئایەت کردووە کە لابراونو ئایەتگەلێکی دیکە لە جێگایان دانراون )[11]. بۆ نموونە:

- (و اللاتي يأتين الفاحشة من نسائكم فاستشهدوا عليهن أربعة منكم فان شهدوا فامسكوهن في البيوت حتى يتوفاهن الموت أو يجعل الله لهن



سبيلا) النساء/**١٥**.

واتا (هەر ژنێکتان کە هەستو کرد نامۆیان بە خۆ فێردەکەن، چوار کەسی خاوەن باوەڕیان بەرنە سەرێ لەو عانەدا کە لێک جووت بوون وەختێ ئەوان هاتن شایەتیان لەسەر دان، هەر لە ماڵدا قەتیسیان کەن تا بە مردن لە ناو دەچن یان تا خودا دەرەتانیان نیشان دەدا).

ئەم ئایەتەی سەرەوە لە ئایەتەکانی ئەو قۆناغەی مەدینەیە کە ئیسلام هێشتا دەسەڵاتێکی ئەوتۆی نەبوو، بۆیە سزادانی ژنی زیناکەر بە کەسوکاری ژنەکە دەسپێرێو جۆری سزادانەکە بە زیندانیکردنیان لە ماڵەوە تا مردن دیاری دەکات!. بەڵام لە هەلومەرجێکی دیکەدا کە ئیسلام بووە بە دەسەڵاتێکی ناوەندی، گۆڕانکاریەک لەو ئایەتەدا دەکات، حوکمی ئایەتەکەی سەرەوە لادەباتو بەم شێوەیە لەم ئایەتەی خوارەوەدا حوکمێکی دیکە دادەڕێژێو جێبەجێکردنی سزاکەش بە هۆی دەسەڵاتی ئیسلامەوە بەڕێوەدەچێت:

- (الزانية و الزاني فاجلدوا كل واحد منهما مائة جلدة و لا تأخذكم بهما رأفة في دين الله ان كنتم تؤمنون بالله و باليوم الآخر و ليشهد عذابهما طائفة من المؤمنين) النور/**٢**.

واتا (ئەگەر ئێوە باوەڕیتان بە خواو ڕۆژی سەڵا هەیە، داوێن پیسانی مێرو ژن هەر یەکەیان بە لێدانی سەد تازیانە تەمێ بکەن. لە ئاینی سەر بە خودا، بەزەیی هاتن بێ جێیە. با چەند کەسیش لەوانەی خاوەن باوەڕن، لەو لێدانە ئاگادار بن).

(یانی دیاردەی «نەسخ» لابردنو گۆڕینی حوکمی هەندێک ئایەت بە حوکمو ئایەتی نوێ، بەرئەنجامی گۆڕانی هەلومەرجە واقیعیەکان بوون لە سەردەمی ژیانی محەمەد خۆیدا، بە تایبەت بوونی ئیسلام بە دەسەڵات کاریگەری گەورەو سەرەکی هەبووە لە سەر گۆڕانی ناوەرۆکو شێوەی داڕشتنی ئایەتەکان )[12].

لە ساڵەکانی کۆتایی تەمەنی محەمەد دا، ئیسلام سەرکەوتنی گەورەی

لە سەر ئاستی نیمچەدوورگەی عەرەبستان بە دەستهێنابوو، لە سایەی دەسەڵاتێکی ناوەندی بەهێزدا گەیشتبوو بە ئامانجی سەرەکی بزوتنەوەکە، کە لە یەکێتی خێڵە عەرەبەکانو بوژاندنەوەیەکی هەمەلایەن لە سایەی دەسەڵاتی ئیسلامدا خۆی دەنواند. محەمەد وەک ئەقڵی هەڵسووڕێنەرو دارێژەری بەرنامەو ڕابەری ئەو سەرکەوتنە شانازی گەورەی لە مێژووی نەتەوەی عەرەبو ئیسلامدا بۆ خۆی تۆمارکردووە.

دوای گەیشتن بە ئامانج، هەر لە ساڵەکانی کۆتایی تەمەنیدا ئاماژەی بە تەواوبوونی ڕۆڵی خۆی لە سەرخستنی ئاینی ئیسلامو تەواوبوونی ئایەتەکانی قورئانیش داوە. ئەوەبوو لە حەجی ماڵئاواییدا کە ساڵێک بەر لە کۆچی دوایی محەمەد بووە ئەم ئایەتەی خوارەوەی وەک دواین ئایەتی قورئان بۆ موسوڵمانان خوێندەوە:

- (اليوم أكملت لكم دينكم و أتممت عليكم نعمتي و رضيت لكم الأسلام دينا) المائدة/**٣**.

واتا (وا لەمڕۆوە دینەکەتانم تەواوکردو بە بێ کورتیو کەمایەسی چاکەم دەربارەی ئێوە کرد، ئیسلامیشم بۆ دینی ئێوە هەڵبژارد).

سورەتو ئایەتەکانی قورئان بە گشتی ڕەنگدانەوەی کارو بەرهەمی خەباتی ئەو ڕابەرە بوون.. لە ئایەتێکیشدا ئاماژەی بەوە داوە کە ئیدی قورئان هیچ دەستکاریکردنێک هەڵناگرێتو کەس بۆی نیە گۆڕانکاری تێدا بکات:

- (لا مبدل لكلماته و لن تجد من دونه ملتحدا) الكهف/**٢٧**.

واتا (ناشێ هیچ کەس وتاری خودا بگۆڕێو لە غەیرەز ئەو هیچ کەسێ دەهانات نایە).

ئەمە بڕیارو حوکمی قورئانە. بێگومان ناوەرۆکی ئەو ئایەتەی سەرەوە لە ڕوانگەی ئاینیەوەیە، بەو واتایە کە دەقی ئایەتەکانی قورئان قسەی خودانو لە ڕێگای محەمەدەوە ئاراستەی هەموو مرۆڤایەتی کراوە، بەو هۆیەوە کە قسەی خودان هەمیشەییو نەگۆڕن لە سەروو کاتو



شوێنەوەن، بڕیارو حوکمو یاساکانی بۆ هەموو مرۆڤایەتین لە سەر ئەم گۆی زەوییەو بۆ هەموو سەردەمە جیاوازەکانیش دروستو گونجاون! . هەر لەو ڕوانگەیەشەوەیە کە قورئان لای موسوڵمانان پیرۆز کراوە. بەڵام لە ڕوانگەی دنیابینی واقیعیو زانستیەوە هیچ دیاردەو ڕووداوێک لە دەرەوەی مێژوودا نیە. قورئانیش دەقێکە لە مێژوودا، زانیاریو بیروبۆچوونو شێوەی داڕشتنو ناوەرۆکی حوکمو یاساکانی ڕەنگدانەوەی مێژوویەکی دیاریکراوی کۆمەڵگای نیمچەدوورگەی عەرەبستانن کە بریتیە لە سەردەمی ژیانی محەمەدی ڕابەری ئیسلام. واتا بڕیارو حوکمو یاساکانی قورئان بە هۆی گۆڕانو پێشکەوتنی کۆمەڵگاو هەلومەرجی جیاوازەوە لە سەردەمەکانی دواتردا تووشی ناکۆکیو نەگونجان هاتووە.

ئاشکرایە قورئان لە سەردەمی محەمەد خۆیدا لە بەرگێکدا کۆ نەکرابووەوەو نەنووسرابووەوە. ئەو قورئانەی ئێستا لە بەردەستدایە لە سەردەمی عوسمانی کوڕی عەفان خەلیفەی سێهەمدا کۆکرایەوەو نووسرایەوەو بڕیاری لە سەر درا.

جگە لە قورئان ئەو دەقانەی کە بە وتەو ڕەفتارەکانی محەمەد ناسراون، ئەو خۆی مەبەستی نەبووە بنووسرێنەوە، داوای لە هیچ کەسیش نەکردووە قسەی ئاساییو هەڵسوکەوتی ڕۆژانەی بنووسنەوە، یان بیکەن بە شەریعەتو لە کۆمەڵدا حوکمی پێ بکەن.

[موسلم لە ئەبی سەعد ئەلخدری دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەر«دخ» فەرموویەتی: (لا تكتبوا عني،و من كتب عني غير القرآن فليمحه)][١٣].

واتا (دەربارەی من هیچ مەنووسنەوە، وە هەر کەس لە بارەی منەوە، جگە لە قورئان، شتێکی نووسیوە با لەناوی بەرێ).

محەمەد ڕۆڵی گرنگو مێژوویی خۆی سەرکەوتووانە لە کۆمەڵگاکەی خۆیدا نەخشاندو کۆچی دوایی کرد. لە دوای خۆیشی پەیامو بەرنامەی ئاینەکەی هەتا ئەمڕۆش هەر درێژەی هەیە!.

لێرەدا ئەم پرسیارە دێتە پێشەوە: ئایا بیریارانو باوەڕدارانی ئیسلام لە

مێژووی دوای محەمەدەوە تاکو ئەمڕۆ چۆن مامەڵەیان لە گەڵ قورئاندا کردووە؟ چ چاکسازیەکیان تێدا کردووە؟.

وەڵامی ئەو پرسیارە ئەوەیە، ئەوان بۆ لێکدانەوەی قورئانو گونجاندنی حوکمو یاساکانی لە کۆمەڵگا موسوڵمانەکاندا، چەمکی «شەریعەت» یان داهێنا.

## شەریعەتو چاکسازی ئاینی

ئاشکرایە لە سەردەمی ژیانو دەسەڵاتی محەمەد خۆیدا، بۆ بەڕێوەبردنی کۆمەڵگا تەنها کار بە بڕیارەکانی محەمەد لە چوارچێوەی حوکمو یاساکانی قورئاندا دەکران. حوکمو یاساکانی قورئانیش بە گوێرەی گۆڕانی تەرازووی هێزو بارودۆخ گۆڕانیان بە سەردا دەهات. بۆیە سەبارەت بە پرسێکی دیاریکراو چەند حوکمێکی جیاواز لە قورئاندا هاتووە، بۆ نموونە : سەبارەت بە مەی خواردنەوە سێ حوکمی جیاواز لە سێ ئایەتدا هەیە.

لە دوای کۆچی دوایی محەمەد، هەر چوار جێنشینەکەش، ئەبوبەکر، عومەر، عوسمانو عەلی لەبەر ڕۆشنایی ئەو وتەیەی محەمەد خۆیدا کە جگە لە ئایەتەکانی قورئان هیچی دیکە لە سەر وتەو ڕەفتاری ئەو نەنووسنەوە، ڕێگایان بە نووسینەوەی وتەو ڕەفتارەکانی ڕۆژانەی محەمەد نەداوە.. بەڵام دواتر لە سەرەتای سەدەی یەکەمی کۆچیدا لە سەر دەستی خەلیفە عومەر کوڕی عەبدولعەزیز دا دەستکرا بە کۆکردنەوەو نووسینەوەی وتەو ڕەفتارو هەڵسوکەوتی ڕۆژانەی محەمەد. لە گێڕانەوەی دەماودەمەوە هەزاران باسو بابەت لە وتەو ڕەفتاری ڕۆژانەی محەمەد کۆکرانەوەو نووسرانەوەو ناوی سوننەتەکانی پێغەمبەری خودایان لێ نا. ئیدی لەو دەمەوە بە (قورئانو سوننەتەکانی محەمەد) پێکەوە دەوترێت (شەریعەتی ئیسلام)و لای موسوڵمانان پیرۆز کراون.

ئاشکرایە هۆیەکی کۆکردنەوەی وتەکانی محەمەد بە هۆی ئەوە بووە کە لە هەلومەرجی سەد ساڵ لە دوای کۆچی دوایی ئەو، دەقی ئایەتەکانی



قورئان بە تەنها وەڵامیان بە هەموو کێشەو پرسەکانی ژیانی کۆمەڵگا نەداوەتەوە، بۆیە ناچار پەنایان بردۆتە بەر وتەو ڕەفتارەکانی محەمەدو وەک هەنگاوێک بۆ گونجاندنو چاکسازی لە ئاینەکەدا سوودیان لێ وەرگرتووە.

لە دوای سەدەی یەکەمی کۆچی یەوە بە مەبەستی گونجاندنو چاکسازی، بیریارانی ئیسلام هەندێک زاراوەو چەمکی ئاینییان داهێناوە کە لە سەردەمی محەمەد خۆیدا نەبوون، لەوانە : شەریعەت، سوننەت، ئیجتیهاد، تەقلید، فەتوا و...هتد. لێرەدا با بە کورتی هەندێک ڕوونکردنەوە لەسەر هەر یەکە لەو چەمکە ئاینیانە بدەین:

**ئیجتیهاد:**

بیریارانی ئیسلامو حاکمانی موسوڵمان لە سەدەکانی دواتردا بە هۆی گۆڕانی هەلومەرجی ژیانی کۆمەڵگاوە، هەروەها بە هۆی بڵاوبوونەوەی فراوانی ئاینی ئیسلامو تێکەڵ بوونی بە ڕۆشنبیری گەلانی دیکە، ڕووبەڕووی پرسی جۆراوجۆر دەبوونەوە. بە هۆی ئەوەی ئەو پرسانە لە سەردەمی ژیانی محەمەد دا نەبوونو نوێ بوون، بۆیە نە لە دەقەکانی قورئانو نە لە سوننەتەکانی محەمەد دا باسیان نەبووە. بیریارانی ئیسلامو حاکمانیان لە کۆمەڵدا بە ناچاری دەبوایە وەڵامیان بۆ ئەو جۆرە پرسانە هەبێت، لەم ڕاستایەدا هاتوون بۆ چارەسەری ئەو جۆرە کێشەو باسە نوێیانە، لە سەر بنەمای لێکدانەوەی دەقی ئایەتو سوننەت، بیروبۆچوونی خۆیان هەڵهێنجاوەو وەک هەڵوێستی ئیسلام لە بەرانبەر ئەو پرسانەدا ڕاپانگەیاندووەو کاریان پێکردووە. بیریارانی ئیسلام ئەم جۆرە هەوڵانەیان بە ئیجتیهاد ناو ناوە. ئەمە وەک ڕێگایەک بۆ گونجاندنی ئاینی ئیسلام لە گەڵ هەلومەرجی نوێدا کەڵکی لێ وەرگیراوە.

( اجتهاد ) وشەیەکی عەرەبیە بە مانای ڕەنجدانو کۆشان، واتا ڕەنجدانو کۆشانی بیرمەندانی ئاینی لە دەرهێنانی هەر حوکمێکدا کە لە قورئانو

سوننەتدا باسی نەکراوە. سەبارەت بە ئیجتیهاد جیاوازیەک لە نێوان ئاینزای سوننەو شیعەدا هەیە، لای سوننەکان لە دوای ئیجتیهادەکانی (مالکی، حەنەفی، شافعیو حەنبەلی)یەوە ئیدی دەرگای ئیجتیهاد داخراوەو ڕێبازی دیکە پەسەند ناکرێت. بەڵام شیعەکان پێیان وایە دەرگای ئیجتیهاد دەبێ کراوە بێت.

لە مێژووی ئاینی ئیسلامدا هەتا ئێستا ئیجتیهاد دوو ڕەهەندی هەبووە، ڕەهەندێکیان لە سەر بنەمای خوێندنەوەی تەقلیدیانەی دەقی ئایەتەکانی قورئان بووە، کە ئەمەیان ڕەهەندی زاڵ بووە لە مێژووی ئیسلامدا. ڕەهەندی دووەمیان لە سەر بنەمای خوێندنەوەی نوێ بووە بۆ قورئانو ئاینی ئیسلام، کە لە مێژووی ئیسلامدا یەکجار لاواز بووە.

**تەقلید:**

وشەیەکی عەرەبیە بە مانای چاولێکردنو لاسایی کردنەوەی ڕێبازێک لە ڕێبازە ناودارەکانی ئیسلام. بە مانایەکی دیکە ئەو موسوڵمانانەی شوێن ڕێبازێک لە ڕێبازە ئیسلامیەکان دەکەونو بۆچوونو نەریتەکانی ڕابەری ئەو ڕێبازە پیادە دەکەن، وەک، شوێنکەوتووانی ڕێبازی مالکی یان حەنەفیو ...هتد. بێگومان تەقلید ( لاساییکردنەوە) ی دەقاودەق، پێچەوانەی گۆڕانکاریو چاکسازیکردنو داهێنانە لە هەر بوارێکدا.

**فەتوا:**

فەتوا وشەیەکی عەرەبیە، واتا دەرخستنو ڕاگەیاندنی حوکمێکی شەرعی دەربارەی پرسێکی دیاریکراو لە کۆمەڵگادا، لە سەر بنەمای هێنانەوەی بەڵگە لە دەقی ئایەتەکانی قورئانو سوننەت، یان بەڵگەیەکی ئیجتیهادی. فەتوادان لە ئیسلامدا لەو پێویستیە ئاینیەوە سەرچاوەی گرتووە کە ڕەنگە زۆرێک لە موسوڵمانان لە بڕیارو حوکمەکانی قورئان شارەزاو ئاگادار نین.. دیارە فەتوا لە سەر هەمان خوێندنەوەی تەقلیدیانەی



قورئانو سوننەت هەتا ئێستا نەیتوانیوە گۆڕانکاریو چاکسازی لە ئاینی ئیسلامدا بە گوێرەی هەلومەرجە نوێکان بە ئەنجام بهێنێت.

## گەڕانەوەیەکی کورت بە مێژووی ئیسلامدا لە پەیوەند بە چاکسازی ئاینیدا:

ئەگەر بە شێوەیەکی گشتی ئاوڕێک لە مێژووی ئیسلام لە دوای کۆچی دوایی محەمەدەوە تا ئەمڕۆ بدەینەوە، دوو ڕەهەند بە دوو بیروبۆچوونو خوێندنەوەی جیاوازەوە دەخوێنینەوە. ڕەهەندی یەکەمیان پێیان وابووە حوکمو یاساکانی قورئان هەمیشەیینو بۆ هەموو سەردەمەکانو بۆ هەموو کۆمەڵگاکان گونجاونو بە هیچ شێوەیەک خوێندنەوەی نوێ هەڵناگرن. لە مێژووی ئیسلامدا ئەو بیرمەندو هێزە کۆمەڵایەتیو ئیسلامیانەی بەم جۆرە بیریان کردۆتەوە، هەمیشە لە هەوڵی ئەوەدا بوون بە زۆر ژیانو کۆمەڵگاو تەنانەت سروشتیش لە گەڵ حوکمو یاساکانی قورئانو شەریعەتی ئیسلامدا بگونجێنن. ئەم ڕەهەندە لە مێژووی ئیسلامدا تا ئەمڕۆ بە شێوەیەکی گشتی باڵادەستو بیرکردنەوەی زال بووە لە کۆمەڵگا موسوڵمانەکاندا. ئەم ڕەوتەی ئیسلام هەمیشە بۆ پارێزگاری لەو شێوە بیرکردنەوەو ڕاڤەکردنە تەقلیدیەی ئاینی ئیسلام، ئاینو دەسەڵاتی سیاسیان پێکەوە گرێداوەو ڕێگریان لە هەوڵەکانی ڕەوتی چاکسازیو کرانەوەو خوێندنەوەی نوێ بۆ ئیسلام کردووە. ئەم ڕەهەندە لە کۆمەڵگا موسوڵمانەکاندا هەمیشە پارێزگارو سەرچاوەی تاریکیو داخرانو سەرکوت بووە.

ڕەهەندی دووەم لە ئیسلامدا خوازیاری ئەوە بووە حوکمو یاساکانی قورئان بە گوێرەی هەلومەرجو سەردەمە جیاوازەکان ڕاڤە بکرێنو لە گەڵ کۆمەڵگادا بگونجێنرێن. ئەم ڕەهەندە لە مێژووی ئیسلامدا بە شێوەیەکی گشتی لە چاو ڕەهەندی یەکەمدا ئەوەندە لاواز بووە نەیتوانیوە ببێتە خاوەنی بڕیارو چاکسازیەکی ئەوتۆ لە ئاینی ئیسلامدا بکات کە ببێتە

دەنگو هێزی زاڵ بۆ تێپەڕاندنی ئەو قۆناغە چەقبەستووەی کە تێیکەوتووە.

لە دوای کۆچی دوایی محەمەد، لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا کە ئایا ئەبوبەکری سدیق یان عەلی کوڕی ئەبوتالیب کامیان شایستەی ئەوە بوو ببێت بە یەکەم جێنشینی محەمەد؟ موسوڵمانان بوون بە دوو بەشەوە، ئەم دابەشبوونە لە سەر ڕابەریو دەسەڵات بوو بە هەوێنی پەیدابوونی ئاینزای سوننەو شیعە لە ئیسلامداو کەوتنەوەی ناکۆکی سیاسی. بوون بە دوو گروپی ئایدۆلۆژی دژ بە یەکو سەدان ساڵە لە ململانێو ناکۆکیدان، ناکۆکیەکان هەتا هاتووە قووڵتر بۆتەوەو جگە لە ناکۆکی مەزهەبی، سیاسەتو شەڕی دەسەڵاتو خوێنڕشتنو بوارەکانی هزرو فەلسەفەو هەندێک فیقهی گرتۆتەوە. جۆرێک لە دەمارگیری ئاینی لە نێوانیاندا پەیدا بووە کە سوننە هەر خۆی بە ئیسلامی ڕاستەقینەو شیعە بە لادەر لە ئیسلام دەزانێت، هەروەها شیعەش بە هەمان شێوەی دەمارگیری هەر خۆی بە ئیسلامی ڕاستەقینەو سوننە بە لادەر دەزانێت!. لە واقیعدا ئەم دوو ئاینزایە هیچیان ئاینی ئیسلامیان بە ئاراستەی چاکسازیکردن نەبردۆتە پێشەوە.

لە مێژووی خەلیفەکانی ڕاشدینەوە بگرە تا خەلافەتی ئەمەویەکان (٦٦٢-٧٥٠) ز، خەلافەتی عەباسیەکان (٧٥٠-١٥١٩) زو دوای ئەوەش لە سەردەمی دەسەڵاتی عوسمانیدا تا شکستهێنانیان لە ساڵی (١٩٢٣) ز دا، مێژوویەکی ئەوەندە گەش نیە. لە سەر تەوزیفکردنی ئاینی ئیسلام بۆ بەرژەوەندی دەسەڵاتدارانو مەرامی سیاسیو تایەفەگەری، ململانێو ناکۆکیو شەڕی دەسەڵاتیان هەر بەردەوام بووەو لە جیاتی چاکسازی ئاینیو ڕیشەیی لە کۆمەڵگای ئیسلامدا سەرقاڵی لە یەکتر کوشتنو دابەشبوونی بەردەوام بوون بە سەر ڕەوتو گروپی جیاجیادا. بۆ نموونە، ئاینزای سوننە لە مێژووی خۆیدا ئەم ڕەوتانەی لێ بۆتەوە : ئەشعەری، موعتەزیلە، زاهیری، ڕەوتی سۆفیگەری، وەهابی و...هتد.



هەر لە ئاینزای سوننەدا ڕەوتی ئەشعەری دابەش بووە بە سەر چەند ڕێبازێکی جیاوازدا، لەوانە:

١- ڕێبازی حەنەفی، ڕابەرو بیریاری ئەم ڕێبازە ئەبو حەنیفەیە (٨٠-١٥٠) ک. ٢- ڕێبازی مالکی، بیریاری ئەم ڕەوتە مالیک کوڕی ئەنس (٩٥-١٧٩) ک. ٣- ڕێبازی شافعی، بیریاری ئەم ڕەوتە ئەبو عەبدوڵلای شافعی (١٥٠-٢٠٤) ک. ٤- ڕێبازی حەنبەلی، بیریاری ئەم ڕەوتە ئەحمەد کوڕی حەنبەل (١٦٤-٢٤١) ک.

ئاینزای شیعەش لە مێژووی خۆیدا چەند ڕەوتو لقێکی دیکەی لێ بۆتەوە، لەوانە: ١- ڕەوتی شیعەی دوانزە ئیمام ( اهل البیت )، ئەم ڕێبازە لە هەموو ڕێبازەکانی دیکەی شیعە پەیڕەوانی زیاترە. ٢- ڕەوتی شیعەی ئیسماعیلی ٣- زەیدی ٤- عەلەوی ٥- فاتمی ٦- کیسانی ٧- نزاری ٨- ئاغاجانی ٩- ئەبازی و...هتد.

شایانی باسە لە ناو هەموو ئەو ئاینزاو ڕێبازو ڕەوتە جیاوازانەی مێژووی سوننەو شیعەدا، ڕەوتی موعتەزیلە لە هەموویان ئەقڵانیترو هەوڵی خۆیان بۆ خوێندنەوەی نوێ بۆ بەشێک لە ئایەتەکانی قورئانو چاکسازیکردن لە ئاینی ئیسلامدا داوە. بۆیە بە پێویستی دەزانم لێرەدا هەندێک ڕوونکردنەوە لە سەر ئەو ڕەوتە بدەم.

**ڕەوتی موعتەزیلە:**

ڕەوتی موعتەزیلە لە ساڵەکانی کۆتایی چەرخی ئەمەویەکاندا سەریهەڵداو لە سەرەتای چەرخی عەباسیەکاندا گەشەی بەرچاویان کردووە. وشەی موعتەزیلە لە وشەکرداری (اعتزل)ی عەرەبیەوە وەرگیراوە، بە واتای دابڕا. کەواتە موعتەزیل واتا دابڕاو.. سەرەتای دامەزرانی موعتەزیلە دەگەڕێتەوە بۆ جیاوازی بۆچوونێک لە نێوان بیرمەندی ئیسلامی (حەسەن بەسری) (٢١- ١١٠) کو یەکێک لە قوتابیەکانی بە ناوی (واسڵ کوڕی عەتاء) (٨٠-١٣١) ک لە سەر پرسی گوناهکاری گەورە (مرتکب الکبیرة)، لە

ژووری وانە وتنەوەی مزگەوتەکەی حەسەن بەسریدا. بەو هۆیەوە حەسەن بەسری بڕیاری دابڕینی واسڵ لە قوتابیەکانی دیکە دەدات.. واسڵ دەچێتە ژوورێکی دیکە لە مزگەوتەکەدا، دواتر (عەمرو کوڕی عەبید)یش ئەچێتە لای واسڵو گرووپێک بۆ خۆیان پێکەوە دەنێن. حەسەن بەسری ناوی (معتزل) بە سەر واسڵ دا دادەبڕێ. بەم شێوەیە ئەو ڕەوتە لە لایەن ئەهلی سوننەوە بە موعتەزیلە ناو دەبرێن. بەڵام ڕەوتەکە خۆیان بە ڕەوتی (دادپەروەریو یەکتاپەرستی) واتا (العدل و التوحید) ناو دەبرد. لە بارەی ڕەوتی موعتەزیلەوە بیرمەندی عەرەب (محەمەد ئارگۆن) دەڵێت:

(مانای وشەی موعتەزیلە واتە: ئەو کەسانەی خۆیان جیاکردەوەو بە تەواوی ئیرادەی خۆیانەوە خۆیان بۆ ڕامانو لێوردبوونەوەو بیرکردنەوە تەرخانکرد. بەڵام ئەرتۆدۆکسی ئیسلام ناوەکەیان شێواندو مانایەکی وایان کردە بەر کە ئەمانە خۆیان لە ئوممەی ئیسلامی جیاکردۆتەوە یان گوایە ئەمانە لە ئوممەتی ئیسلام نین، بۆ ئەوەی سووکیان بکەنو وەک کەسانی بێ ئەقڵ نیشانیان بدەن. لە ڕاستیدا ئەو ڕوناکبیرانە «واتە موعتەزیلە» مەسەلەگەلێکی بنچینەییان لە گۆڕەپانی فیکریدا وروژاندووە کە جێی بایەخی ئێمەیە، ئەمەش بە هۆی مەرجەعیەتی دوولایەنی ڕۆشنبیرییان کە خۆی لە دیاردەی سرووشو بیری گریکی دا دەنواند)[١٤].

ئەم گروپە لە سەرەتاوە لە دوو خاڵدا خۆیان لە ئەهلی سوننە جیاکردەوە: ١- پێیان وابوو گوناهکاری گەورە نە کافرەو نە باوەڕدار، بەڵکو خراپەکارەو جێگای ئەو لە نێوان دوو جێگادایە، واتا کافرو باوەڕدار!. ئەم خاڵە خاڵی ناکۆکیو هۆی جیابوونەوەی واسڵ بوو لە حەسەن بەسری. ئەم بۆچوونە خوێندنەوەیەکی جیا بوو لە خوێندنەوەی تەقلیدی قورئان کە پێی وایە مرۆڤ یان موسوڵمانە یان کافرا!.

٢- پێیان وابوو مرۆڤ بە شێوەیەکی ڕەها سەرپشکە لە ئەنجامدانی هەموو کردەوەکانی خۆیدا، هەر خۆیشی بەرپرسیارە لە کردەوەی چاکو



خراپی خۆی، نەک خودا.

ڕەوتی موعتەزیلە بۆ تێگەیشتن لە بیروباوەڕەکانی ئیسلامو شەریعەتەکەی (قورئانو سوننەت) پەنایان دەبردە بەر ئاوەزو ڕاڤەکردنی خۆیان، نەک وەرگرتنی لاساییکردنەوە. ڕەخنەیان لەو ئایەتو وتانەی محەمەد دەگرت کە پێچەوانەی ئاوەزی مرۆڤ دەهاتنەوە، وەک باوەڕ بە جنۆکەو فریشتەو پەرجوو ...هتد. ئایەتەکانی قورئانیان لە ڕوانگەی ئەقڵانیەتەوە لێکدەدایەوە، بۆ نموونە:

- (ختم الله علی قلوبهم و علی سمعهم....

ئەم ئایەتە بەم جۆرە لێکدەدەنەوە: خودا بۆچی مۆری لە سەر دڵی ئەوانە داناوەو لە سەر دڵی خەڵکانی دیکەی دانەناوە؟ ئایا لە بەر ئەوە نیە کە ئەوانە بە ئارەزووی خۆیان بێباوەڕیان هەڵبژاردووە، لە جیاتی باوەڕ بە خودا؟ کەواتە ئەوانە خۆیان سەرپشک بوون لە بڕیاردانو هەڵبژاردندا، واتا خودا پێی نەکردوون بەڵکو خودا مرۆڤی سەربەست ئافراندووە. ئەمە بەڵگەی ئەوەیە مرۆڤ لە ژیاندا خۆی سەرپشکە نەک ناچار کرابێت. واتا مرۆڤ موخەییەرە نەک موسەییەر.

- (کتب ربکم علی نفسه الرحمة) الانعام/٥٤.

واتا (پەروەرێنتان هەر خۆی لە سەر خۆی نووسیوە بەر بەزەیی خۆیتان بخا).

لە سەر بنەمای ڕاڤەکردنی ئەم ئایەتەی سەرەوە موعتەزیلە دەڵێن: ئەگەر لە ژیانو دنیادا باشو باشترین هەیە، کەواتە پێویستە لە سەر خودا هەمیشە بڕیار لە سەر باشترین بۆ مرۆڤ بدات، چونکە خودا خۆی ئەوەی لە سەر خۆی بە ئەرک نووسیوە.

- (کل نفس ذائقة الموت و انما توفون أجورکم یوم القیامة) آلعمران/١٨٥.

واتا (هەموو کەسێک تامی مردنێ دەچێژێ، ڕۆژی سەلاش هەقی خۆتان دەنێنە مشت).

موعتەزیلە لە سەر بنەمای ئەم ئایەتە باوەڕیان بە ئازارو ئەشکەنجەی

ناو گۆڕ(عەزابی قەبر) نیە، لە بەر ئەوەی لەو ئایەتەدا دەڵێت: بەرهەمی کارتان لە ڕۆژی قیامەتدا وەردەگرنەوە.

خەڵکانی سەر بە ڕەوتی موعتەزیلە لەو سەردەمەدا بە هۆی فراوانبوونەوەی ئیسلام بە ناو گەلانی دیکەدا سوودیان لە هزرو فەلسەفەی ئەو گەلانە وەردەگرتو بیروبۆچوونەکانی ئیسلامیان پێ پاراو دەکرد، بە تایبەت فەیلەسوفانی یۆنان. لەم سوود وەرگرتنە لە بواری فکرو فەلسەفەدا، خەلیفە مەئموون (٧٨٦-٨٣٣) ز ، خەلیفە موعتەسەم (٧٩٤-٨٤٢) ز ، خەلیفە واسیق (٧٩٤-٨٤٧) ز پشتگیری باشیان دەکردن. لە وەرگێڕانی گەلێک کتێبو بەرهەمی فەیلەسوفەکانی یۆنان، هەروەها هانیان دەدان بۆ بڵاوکردنەوەی بیروباوەڕەکانیان. لە سەردەمی ئەو سێ خەلیفەیەدا گەشەی باشیان کردو بیروبۆچوونەکانیان لە ناو گەلێک لە بیرمەندانی ئیسلامدا بڵاوبوونەوە. خەلیفە مەئموون خۆی بڕوای وابوو کە قورئان ئافرێنراوە ( خولقاوە) وەک هەر ئافەریدە ( مخلوق ) یێکی دیکە.

ڕەوتی موعتەزیلە بنەمایەکیان بۆ بیروباوەڕەکانی خۆیان لە پێنج خاڵدا دارِشتبوو کە بریتی بوون لە:

١- یەکتاپەرستی ٢- دادپەروەری ٣- شوێنێک لە نێوان دوو شوێندا ٤- بەڵێنو بەڵێنکاری ٥- فەرمان بە چاکەو نەهی لە خراپە.

موعتەزیلە لە مێژووی خۆیدا تا سەدەی نۆیەمی کۆچی بە هۆی ئەقڵانی بوونیانەوە گەلێک بیریارو لقی جیاوازو بیروڕای جیاوازیان هەبووە، لەوانە: واسڵیەکان، عەمریەکان، هوزەیلیەکان، نەزامیەکان، ئەسواریەکان، مەعەممەریەکان، جەعفەریەکان، ئەسکافیەکان، بیشریەکان، مەزداریەکان، هشامیەکان، حابتیەکان، سەمامیەکان، خەیاتیەکان، جاحزیەکانو جبائیەکانو ...هتد.

ئەم ڕەوتە ئەقلانیەی ئیسلام لە سەدەی نۆیەمدا لە لایەن دەسەڵاتی ئەشعەریە سوننەکانەوە تووشی تێکشکانێکی گەورە هاتن. خەلیفە متەوەکیل لە دوای خەلیفە واسیق مەزهەبی ڕەسمی لە موعتەزیلەوە بۆ



سوننەی شافعی گۆڕی، ئارامگەی حسەینو عەلی ئەبوتالیب ی لە کەربەلاو نەجەف تێکدا، هەروەها فەرمانی دا بە ڕوخاندنی هەموو کەنیسەکانو پەرستگاکانی جوولەکە لە سنووری دەسەڵاتەکەیدا. ئیدی ڕەوتی ئەقڵانی کۆتایی پێ هێنراو ئاینی ئیسلام چووە بارودۆخی داخرانو دژایەتیکردنی هەر هەوڵێکی کرانەوەو خوێندنەوەی جیاواز بۆ ئایەتەکانی قورئان . تا سەدەی هەژدەهەم هیچ هەوڵێکی ئەوتۆ بۆ گۆڕانکاریو چاکسازیکردن لە ئاینی ئیسلامدا نەهاتە ئارا.

(لێکدانەوەی موعتەزیلەکان بۆ ئاینی ئیسلام لە یەک کاتدا لێکدانەوەیەکی ئەقڵانیو ئیماندارانەش بووە، گەر ئەو لێکدانەوەیەی ئەوان سەرکەوتایە، ئەوا چارەنووسی ئیسلام دەگۆڕاو نەدەگەیشتینە ئەو چەقبەستنە عەقائیدیو تاریکبینیە لاهوتیەو نەدەگەیشتینە ئەو توندڕەویە کوێرانەیەی ئەمڕۆ پێیگەیشتووین)[١٥].

لە سەدەی یانزەوە کە حوکمڕانی وڵاتانی ئیسلام کەوتە دەستی عوسمانیەکان، ئیدی هەموو کرانەوەیەک بە رووی ڕۆشنبیری یۆنانیەکانو فارسو هند و...هتد داخرا. جگە لە ئیسلام ئیدی هەموو بیروبۆچوونێکی جیاواز بە گومڕاو لادەر لە قەڵەم دەدرا.

سەدەی هەژدەی زاینی دەوڵەتی عوسمانی دووچاری قەیرانی سیاسی، ئابوری، کۆمەڵایەتی، ئاینیو ڕۆشنبیری هاتبوو، شیرازەی فەرمانڕەواییەکەی ڕوو لە لاوازی بوو. کۆمەڵگای ئیسلامی تووشی دواکەوتوویيو هەژاری هێنابوو. لە رووی ئاینیەوە چەندین نەریتی نەخوازراو لە گەڵ بیروباوەڕەکانی ئیسلامدا تێکەلاو بووبوون، بەرتیل خۆریو گەندەڵی هەموو دامودەزگاکانی فەرمانڕەواییەکەی گرتبۆوە.

لەم هەلومەرجەدا بیرمەندی ئیسلامی محەمەد عەبدولوەهاب (١٧٠٣-١٧٩٢) ز لە هەوڵی چارەسەری بارودۆخەکەدا بانگەوازی چاکسازی ئاینی بە پاککردنەوەی ئاینی ئیسلام لە خەرافیاتو گەڕانەوە بۆ پەیڕەوکردنی دەقاودەقی ئایەتەکانی قورئانو پیادەکردنی ڕێبازی پێشینە

چاکەکان (سلف الصالحين) ڕاگەیاند. بزوتنەوەکەی محەمەد عەبدولوەهاب ڕەواجی پەیداکردو لە سعودیەی ئێستادا دەسەڵاتی سیاسی بە دەستهێنا، بەڵام لەو سۆنگەیەوە کە خوێندنەوەی نوێ نەبوو بۆ ئاینی ئیسلام، بەڵکو گەڕانەوە بوو بۆ پێشینە «سەلەفیەت»، لە گەشەی خۆیدا ڕەوتی پارێزگارو دەسەڵاتی توندڕەوی وەهابی لێ هاتە ئەنجامو نەیتوانی هیچ چاکسازیەک ئەنجام بدات. هەتا ئەمڕۆش ئەو ڕەوتە توندڕەوە لە سەر هەمان ڕێباز هەر لە دەسەڵاتی سیاسیدایەو کاریگەری توندڕەوانەی لە سەر وڵاتانی دیکەی ئیسلام هەبووەو هەیە.

لەو هەلومەرجەدا ژمارەیەک لە بیرمەندانی ئیسلام لە سەدەی نۆزدەدا لە ژێر کاریگەری چاکسازی ئاینیو ڕاپەڕینی گەلانی ئەوروپادا، بە سوود وەرگرتن لە فەلسەفەو شارستانیەتی ئەوان لە هەوڵی ئەوەدا بوون بزوتنەوەیەکی چاکسازی بۆ سەرلەنوێ خوێندنەوەی ئیسلامو ڕزگارکردنی لەو چەقبەستنە بهێننە مەیدانو بیکەن بە کلیلی گۆڕانکاری لە کۆمەڵگای ئیسلامدا. بە تایبەت لە دوای داگیرکردنی میسر لە لایەن بریتانیاوە لە ساڵی (١٨٨٢) دا، لە سەردەمی خدیوی ئیسماعیل حاکمی دەسەڵاتی عوسمانی لە میسردا. جەمالەدینی ئەفغانی (١٨٣٨-١٨٩٧)و محەمەد عەبدە (١٨٤٨- ١٩٠٥) لەو بیرمەندانەی ئیسلام بوون لە میسر، کە لە هەوڵی سەرلەنوێ خوێندنەوەی ئاینی ئیسلامدا بوون بە گوێرەی سەردەمی نوێ، خوازیاری ئەوە بوون ئاینی ئیسلام بکەنە ئامرازی شۆڕشگێڕانەی ڕزگارکردنی میسر لە ژێر دەستی داگیرکەری بریتانی.
هەروەها عەبدولرەحمان کەواکبی (١٨٤٩-١٩٠٢) لە سوریا و...هتد.

لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا هەندێک لە وڵاتانی ئەوروپای پێشکەوتوو، بە تایبەت فەرەنساو بریتانیا چاویان بڕیبووە داگیرکردنی وڵاتانی دواکەوتووی ژێر فەرمانڕەوایی دەوڵەتی عوسمانی پەککەوتوو. ئەوە بوو لە ئەنجامی شەڕی جیهانی یەکەمدا دەوڵەتی عوسمانی شکستی خواردو بۆ یەکجاری ئیمپراتۆریەتو خەلافەتی ئیسلامی کۆتایی پێهێنرا. وڵاتانی



ئەوروپا بە گوێرەی پەیماننامەی سایکسپیکۆ ژمارەیەکی دیکە لە وڵاتانی فەرمانڕەوایی عوسمانیان لە نێوان خۆیاندا داگیرو دابەشکرد. لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستدا ژمارەیەکی دیکە لە بیرمەندانی ئیسلامی لە هەوڵی چاکسازی ئاینی ئیسلامدا بوونو بە کلیلی گۆڕانکاریو چاکسازی هەمەلایەنیان دەزانی لە کۆمەڵگا موسوڵمانەکاندا. لەوانە : مالیک کوڕی نەبی (١٩٠٥- ١٩٧٣) لە جەزائیر، محەمەد غەزالی (١٩١٧-١٩٩٦) لە میسر، جەمال بەنا (١٩٢٠) لە میسر.

لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەوە تا ئەمڕۆ پۆلێکی دیکە لە بیرمەندانی ئیسلام، لە هەلومەرجی سەربەخۆبوونی وڵاتانی کۆمەڵگا موسوڵمانەکاندا، لە سەر ئەو باوەڕەن کە چاکسازی ئاینیو سەرلەنوێ خوێندنەوەی قورئانو سوننەتو ڕاڤەکردنیان بە گوێرەی هەلومەرجی ئەم سەردەمە فاکتەری گرنگی ئەنجامدانی گۆڕانی ڕیشەیین لە کۆمەڵگادا. لەوانە : جەودەت سەعید (١٩٣١) لە سوریا لە دایک بووە، د. حەسەن تورابی (١٩٣٢) لە سودان، محەمەد ئەلتالیبی (١٩٢١) لە تونس، حەسەن حەنەفی (١٩٣٥) لە میسر، محەمەد عابید ئەلجابری (١٩٣٦-٢٠١١) لە مەراکش، د.عەلی شەریعەتی (١٩٣٣-١٩٧٥) لە ئێران، عەبدولکەریم سروش (١٩٤٥) لە ئێران، عەباس ئەرحیلە (١٩٤٩) لە مەراکش، د. مستەفا ملکیان (١٩٥٥) لە ئێران، ئەحمەد قەبانچی (١٩٥٨) لە عیراق و...گەلێکی دیکە.

هەموو ئەو بیرمەندو چاکسازیخوازە ئیسلامیانەی ئاماژەمان پێکردوون، هەر یەکەو بە گوێرەی بۆچوونو لێکدانەوەی خۆیان بۆ ئاینی ئیسلام ئیجتیهادی خۆیان کردووەو لە نووسینو کتێبەکانیاندا هەوڵی ئەنجامدانی چاکسازییان لە ئاینی ئیسلامدا داوە.. بەڵام ئەوەی ئاشکرایەو جێگای سەرنجە ئەوەیە لە گەڵ هەوڵی هەموو ئەو چاکسازیخوازانەشدا، بە تایبەت بە درێژایی دوو سەدەی پێشوو هەتا ئێستا، هێشتا پرۆسەی چاکسازی لە ئاینی ئیسلامدا بە ناکامی ماوەتەوەو بە سەرکەوتن نەگەیشتووە!.

# گرفتەکانی چاکسازی لە ئاینی ئیسلامدا

بۆ خوێندنەوەو تێگەیشتنێکی ڕوونتر لە زەمینەی چاکسازی لە ئاینی ئیسلامداو باشتر ناسینی گیروگرفتەکانی بەردەم ئەنجامدانی ئەم پرۆسەیە، جێگای خۆیەتی سەرەتا ڕوونکردنەوەیەکی کورت دەربارەی هەلومەرجو تایبەتمەندیەکانی پرۆسەی چاکسازی لە ئاینی مەسیحیدا لە ئەوروپاو چۆنێتی سەرکەوتنی ئەم پرۆسەیە بە بیر خوێنەران بهێنینەوە. ئاینی مەسیحی لە ئەوروپا لە سێ سەدەی سەرەتایدا ئاینێکی ڕۆحیی دوور لە سیاسەتو دەسەڵات بوو، لە لایەک خۆی لە پیادەکردنی نەریتەکانی پەیوەندی نێوان مرۆڤو خودا دا دەبینیەوە، لە لایەکی دیکەش گرنگی بە بڵاوکردنەوەی گیانی خۆشەویستیو لێبوردەیی لە نێوان مرۆڤەکاندا دەدا. لەم بارەیەوە لە سفری بیست لە ئینجیلی لۆقادا دەڵێت: (ئەوەی هی قەیسەرە بیدەنەوە بە قەیسەر، ئەوەش هی خودایە بیدەنەوە بە خودا)[16].

مەبەستی ئەم دەقەی ئینجیل ئەوەیە کە کاروباری دنیاییو بەڕێوەبردن بگەڕێننەوە بۆ فەرمانڕەوایان. مەسیح خۆی بە لێپرسراوی فەرمانڕەوایی ئەژمار نەکردووە، بەڵکو خۆی بە لێپرسراوی پرسی ئاینو خودایی زانیوە. بۆیە ئامۆژگاری کردوون کارەکان تێکەڵ نەکەن، کە لێرەدا مەبەست تێکەڵنەکردنی ئاینو سیاسەتە. بەڵام دوای ئەوەی (قوستەنتین) ی ئیمپراتۆری ڕۆم (٢٧٢- ٣٣٧)ز بوو بە مەسیحی، ئیدی ئاینی مەسیحی کرد بە ئاینی فەرمی لە فەرمانڕەواییەکەیدا، تا ئەو ڕادەیەی کەنیسە وردە وردەو هەنگاو بە هەنگاو ئاراستەی سیاسەتی بە تەواوی گرتە دەست. لە سەدەکانی ناوەڕاستدا ئاینی مەسیحی دەسەڵاتی ڕەهای سیاسیو ئاینی لە شێوەی هەرەمیدا بە دەستەوە بوو. پاپای فاتیکان لە لووتکەی ئەو هەرەمەدا بوو، هەموو ناوچە جیاجیاکانی کۆمەڵگای ئەوروپا لە لایەن کەنیسە ناوچەییەکانو پیاوانی ئاینەوە لە ژێر ڕابەرایەتیو دەسەڵاتی ناوەندی پاپادا لە فاتیکان بەڕێوە دەبران. زوڵمو ستەمی هەمەلایەنی کەنیسە هەموو ئاستەکانی ژیانی گرتبۆوە. بەرژەوەندی



چینی دەوڵەمەندانو پیاوانی ئاین تەواو ئاوێزانی یەکتر بووبوون. ئەمە لە کاتێکدا کە دەقەکانی ئینجیل دژی زوڵموزۆرو ستەمنو داوای ئەوە دەکات ئاینو سیاسەت تێکەڵ نەکرێن!. لەم بارەیەوە هاشم ساڵح دەڵێت:

(گەرچی لە ئینجیلدا بە پێچەوانەی تەوراتو قورئانەوە ئایەتی توندوتیژی زۆر کەمە، بەڵام ئەمە ڕێگر نەبووە لەوەی بەشێ لە مەسیحیەکان بە درێژایی مێژووی کۆن، بە ناوی ئاینەکەیانەوە چەندین قەسابخانەو کوشتو کوشتاریان ئەنجام نەدابێت)[17]. هەروەها لە برگەیەکی دیکەدا هەمان نووسەر دەڵێت:

(ڕاستە ئینجیل دەڵێ: «ئەوەی هی قەیسەرە بۆ قەیسەرو ئەوەی هی خودایە بۆ خودا»، بەڵام ئەمە ڕێگر نەبووە لەوەی مەسیحیەت هەر کە دەرفەتی بۆ ڕەخساو ساڵی ٣٣٠ز کاتێ ئیمپراتۆری ڕۆمانی «قوستەنتینی گەورە» ئاینی مەسیحی وەرگرت، دەستبگرێ بەسەر دەسەڵاتی سیاسیدا، پاشان لە سەردەمی هەموو ئیمپراتۆرو پاشاکانی دواتردا بووە ئاینی دەوڵەت، دروست وەک ئیسلام هەتاکو ئێستاش. ئاینی مەسیحی هەروا بە ئاسانی ڕازی نەبوو دەسەڵاتی سیاسی لێ وەربگیرێتەوە، بەڵکو لە ڕێگەی هێزو دوای شۆڕشی فەرەنسی کە پیاوانی ئاینی لەسەر تەختی دەسەڵات هێنایە خوارەوە. مەسیحیەت تەنها ئەو کاتە بە تەواوی تەسلیمی ئەمری واقیع بوو کە هەستی کرد ئیدی دژایەتیو بەرگریکردن هیچ سوودێکی نیە )[18].

لێرەدا دەگەینە ئەو ئەنجامە کە لە هەلومەرجی ئاینی مەسیحیدا گرفتەکان لە دەقەکانی ئینجیلدا نەبوون، کە خەڵک بۆ توندوتیژی هان بدەن، بەڵکولە چۆنێتی پیادەکردنو بەڕێوەبردنی پیاوانی دەسەڵاتداری ئاینی مەسیحیدا بوو کە شێوەی فەرمانڕەواییان سەرچاوەی قەیرانێکی قووڵی ئابوری، سیاسی، ئاینی، کۆمەڵایەتیو فەرهەنگی و...هتد بوو لە کۆمەڵگادا. ئەم شێوە فەرمانڕەواییەی کەنیسە ببووە ڕێگر لە بەردەم گۆڕانو پێشکەوتنی کۆمەڵگادا.

لە ژێر کاریگەری ئەو فاکتەرانەدا بزوتنەوەیەکی ڕەخنەگرتنو چاکسازیخواز لە سەدەی شانزەهەمدا بە ڕابەری قەشە (مارتن لۆسەر) ی ئاڵمانی لە بەرانبەر دەسەڵاتی ڕەهای ئاینیو سیاسی گەندەڵی کەنیسەو کەسایەتی پاپا سەریهەڵدا. ئەم بزوتنەوەیە لە گەشەو فراوانبوونەوەیدا بە ناوچەی جیاجیای ئەوروپادا، کۆمەڵانی خەڵکی چەوساوەی بۆ ئەنجامدانی چاکسازی بە ئاگا هێنایەوە، لە ئەنجامدا بووە هۆی جیابوونەوەو دابەشبوونی ئاینی مەسیحی بۆ دوو ئاینزای کاسۆلیکو پرۆتستانت. بزوتنەوەی چاکسازی لە ئاینی مەسیحیدا، بە ڕابەری مارتن لۆسەر، خوێندنەوەی نوێو ڕەخنەگری نەبوو لە دەقەکانی ئینجیل، بەڵکو لە شێوەی فەرمانڕەوایی کەنیسە، ئەوەش بەهۆی ئەوەی دەقەکانی ئینجیل لە شێوەی حوکمو یاسادا دانەڕێژراون.

ئەوەی کە ڕوویدا بریتی بوو لە ناچارکردنو هێنانەخوارەوەی کەنیسە لەو دەسەڵاتو فەرمانڕەواییەی کە ماوەی پێنج سەدە دەستی بە سەردا گرتبوو. لە ئەنجامی بزوتنەوەی چاکسازی ئاینیو ڕاپەڕینی ئەوروپادا وڵاتانی فرەییو دیموکراسی دامەزرانو پاپاو کەنیسەی هەردوو ئاینزاکەش (کاسۆلیکو پرۆتستانت) تەنها کاروباری ئاینیان لە دەستدا مایەوە. سەرکەوتنی ئەم پرۆسەیە بووە هۆی ئەوەی کۆمەڵگاو ئاینیش ئازاد کرانو ئاین لە دەسەڵاتی سیاسی جیا کردەوە.

بەڵام لە هەلومەرجی ئاینو کۆمەڵگای ئیسلامدا گرفتەکان ئاڵۆزترو دژوارترن، لە بەر ئەم تایبەتمەندیو هۆیانەی لە خوارەوە باسیان دەکەین. ١- ئاینی ئیسلام هەر لە سەردەمی محەمەد خۆیەوە، جگە لە سیانزە ساڵی یەکەم لە مەککە، لە ئایەتەکانی قورئاندا بە قووڵی ئاینو سیاسەتی ئاوێزانی یەکتر کردووە. بە جۆرێک ئەم تێکەڵکردنە بۆتە مێژووی ئیسلام کە ڕەگوڕیشەی لە کۆمەڵگای ئیسلامیدا بە گشتی داکوتاوە. لە ئایەتەکانی قورئاندا سیاسەت بە شێوەیەک باڵادەستە کە بە سەر لایەنی ڕۆحانیبوونی ئاینەکەدا زاڵ بووە. لەم بارەیەوە نووسەرێکی



عەرەب دەڵێت:

(لە ئیسلامدا جیاکردنەوەی ئاین لە دەوڵەت مەحاڵە، بە هۆی ئەوەی قورئانی پیرۆز کە سەرچاوەی یەکەمی شەریعەتە، پرسەکانی دینو دنیا پێکەوە ڕێکدەخات)[19].

لێرەدا ئەوە ڕوون دەبێتەوە کە دەقەکانی قورئان وە بە تایبەت ئایەتەکانی ئەحکامو جێبەجێکردنیان ناڕاستەوخۆ گرفتن لە ڕێگای چاکسازیو کرانەوەی ئیسلامدا. ٢- هۆیەکی دیکە کە لە ڕێگای ئەنجامدانی چاکسازی لە ئاینی ئیسلامدا بۆتە گرفت ئەوەیە ژمارەیەکی بەرچاو لە ئایەتەکانی قورئان لە شێوەی یاساو ئەحکامدا داڕێژراون. کۆمەڵگای عەرەبستان لە پێش ئیسلامدا کۆمەڵگایەکی نەریتی بوو، واتا بە یاسا بەڕێوە نەدەبرا، بۆیە بۆ ڕێکخستنەوەی باڵاتری کۆمەڵگا لە لایەن ئیسلامەوە هەندێک لە ئایەتەکان لە شێوەی حوکمو یاسادا داڕێژراون. پراکتیزەکردنی ئەو یاسایانەی قورئان وەک خۆیان لە کۆمەڵگا موسوڵمانەکاندا وایان کردووە کە مەودای ڕاڤەکردنو خوێندنەوەی جیاو نوێ یەکجار بەرتەسک بن. چونکە هەر خوێندنەوەیەکی نوێ بۆ ئەو دەقە سنووردارانە بە لادان دێتە ژمار! . ئەمەش بۆتە هۆی سنووردار کردنی لێکدانەوەی جیاو دەنگی چاکسازیخوازانەو لە ئەنجامیشدا سەرهەڵنەدانی ڕەخنەی ئاینیو لە درێژماوەدا ونبوونی گیانی بوێری. بەڵام لە ئاینی مەسیحیدا دەقەکانی ئینجیل زیاتر ئامۆژگارین، ئەوەش بە هۆی ئەوەی لە سەردەمێکدا کە ئینجیلەکانیان تیا نووسرانەوە، لە کۆمەڵگای ئەوروپادا کەمو زۆر یاسا لە کۆمەڵگاکانی ئەوروپادا هەبوون. ئەم شێوە داڕشتنەی ئینجیل دەقەکانی ئەوەندە سنووردار نەکردووە کە چاکسازی گرانو ئەستەم بکات. هەرچەندە شێوە داڕشتنی ئامۆژگاریانەی ئینجیل دەسەڵاتی کەنیسەی لە پیادەکردنی توندوتیژیو ستەم ڕانەگرتووە! کەنیسەش کەمتر لە ئیسلام لەو سەردەمەدا سەرکوتو خوێنڕێژی نەکردووە. ٣- کۆمەڵگای ئیسلام لە دوای کۆچی دوایی محەمەدەوە، وەک پێشتریش ئاماژەمان پێکردووە،

دابەش بووە بە سەر دوو ئاینزای سوننەو شیعەدا. سیستەمی حوکمڕانی لای سوننەکان، کە زۆرینەی کۆمەڵگای موسوڵمان پێکدەهێنن، بە شێوەی خەلافەت «جێنشین» بووە. ئەم شێوە فەرمانڕەوایی کردنە هەتا کۆتایی دەوڵەتی عوسمانیی خایاند. لە دوای ڕووخانی دەوڵەتی عوسمانیی، ئیدی کۆمەڵگای سوننە دابەش بوو بە سەر وڵاتانی پەرشو بڵاوو جیاجیادا. مەرجەعێکی لە نموونەی «فاتیکان» وڵاتانی سوننەی کۆنەکردۆتەوە، بەڵکو لە هەر یەکێک لەو وڵاتانەدا دەسەڵاتی سیاسی موفتی تایبەت بە خۆیان بۆ کاروباری ئاینی داناوە. ئەوانە نەک هەر دەنگیان لە سنووری وڵاتەکانی خۆیان ناچێتە دەرەوە، بەڵکو لە ناوخۆی وڵاتەکانی خۆشیاندا بە هۆی ئەوەی لە لایەن دەسەڵاتی سیاسیەوە ئاراستە دەکرێن، خەڵکی موسوڵمان متمانەیان پێ ناکەنو فەتواکانیان هێندە بڕ ناکەن.

لە ئاینزای شیعەدا، کە کەمینەی کۆمەڵگای موسوڵمان پێکدەهێنن، سیستەمی حوکمڕانی بە شێوەی ئیمامەت بەڕێوەدەبرێت. لە مێژووی ئیسلامدا فەرمانڕەواییان کەم بە دەستەوە بووە، بەڵام ملیان بە حوکمی سوننەش نەداوە. بەڵکو بە درێژایی مێژووی ئەم دوو ئاینزایە لە مەرجەعیەتێکدا پێکەوە نەبوون ولە بڕیارو حوکمە ئاینیەکاندا هیچ گوێیان لە یەکتر نەگرتووە. بۆیە ئەستەم بووە هیچ چاکسازیخوازێکی سوننە یان شیعە کاریگەری بۆ سەر هەردوو ئاینزاکە هەبێت یان ببێتە ڕابەرێکی چاکسازی لە سەر ئاستی کۆمەڵگاو ئاینی ئیسلام بە گشتی.

٤- لە زۆربەی ئەو وڵاتانەی کە ئەمڕۆ کۆمەڵگای ئیسلامیان پێکهێناوە، بە جیاوازی سیستەمی فەرمانڕەواییشەوە، جگە لە تورکیاو تا ڕادەیەک تونس، لە دەستووری خۆیاندا بۆ دژایەتیو ڕێگریکردن لە هەر هەوڵێکی چاکسازی ئاینیو کرانەوەی ئیسلام، ئاینی ئیسلامیان وەک سەرچاوەی یەکەمی یاسادانان ڕاگەیاندووەو کاری پێ دەکەن. ئەمەش وای کردووە لە ئەنجومەنی یاسادانانی ئەو وڵاتانەدا نەتوانرێت هیچ یاسایەکی نوێ کە



لە گەڵ هەلومەرجی سەردەمدا بێتەوە دابڕێژن. ٥- بیرمەندانی تەقلیدیو پیاوانی ئاینی ئیسلام بەردەوام ڕێگرییان لە هەوڵەکانی چاکسازی ئاینیو هەنگاونانی کۆمەڵ بەرەو تازەگەری کردووە. ئەوان بە بیروبۆچوونو لێکدانەوە کۆنەکانیانەوە لە ژێر پەردەی پاراستنی پیرۆزیەکانی ئیسلامدا خۆیان بە هەڵگری هەموو ڕاستیەکان لە قەڵەم داوە. وا تێدەگەن ئەو یاساو حوکمانەی کە بۆ (١٤٠٠) ساڵ زیاتر بەر لە ئێستا شیاو بوون، بۆ هەموو سەردەمە جیاوازەکانو هەموو کۆمەڵگاکانی مرۆڤایەتی هەر گونجاون! ئەوان ڕەهەندی مێژوویی لە بڕیارو حوکمەکانی قورئاندا ناخوێننەوە!. بە درێژایی مێژووی ئیسلام سەدان بیرمەندی تەقلیدیو هەزاران لە پیاوانی ئاینی ئیسلام بە چەندین شێوەی جیاواز دەقەکانی قورئانیان لێکداوەتەوە، بەڵام بە بێ ئەوەی سەرنجی ئەقڵانیو ڕەخنەییان لە سەر ئایەتەکان دەربڕیبێت!. هەموو ئەو بیروبۆچوونە تەقلیدیانەی خۆشیان بە تەواوکەری شەریعەت دادەنێنو تێکڕا بە پیرۆزیەکانی ئاینی ئیسلام ناویان دەبەن!. ئەوانەش کە دەنگی ڕەخنەییو لێکدانەوەی جیاواز بوون، لە لایەن پیاوانی ئاینو دەسەڵاتدارانیانەوە بە لادەرو کافر دراونەتە قەڵەمو بە سزادانو ئەشکەنجەو تا لەناوبردن مامەڵەیان لە گەڵدا کراوە.

لە باسکردنی ئەو خاڵانەی سەرەوەدا ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کە گرفتی ئیسلام لە ئەنجام نەدانی چاکسازیدا، بەشی گەورەو گرنگی لە چۆنێتی لێکدانەوەی دەقەکاندایە لە لایەن بیرمەندانو پیاوانی ئاینەوە، هەروەها پیادەکردنی تەقلیدی لە لایەن موسوڵمانان خۆیانەوە، کە نەیانتوانیوە ئەو هەلومەرجە چەقبەستووە تێپەڕێنن. ئەوەتا لەم سەردەمەدا هەزاران کەسو سەدان گروپی ئیسلامی توندڕەو دەقەکانی قورئانیان کردۆتە ئایدۆلۆژیاو لە پێناوی جێبەجێکردنی بە زۆرو دەقاودەقدا لە کۆمەڵگا موسوڵمانەکاندا کوشتاری بە کۆمەڵ لە خەڵکانی موسوڵمانی سادە دەکەنو ئامادەن زۆر بە خۆشحاڵیەوە ژیانی خۆشیان لەو پێناوەدا بکەنە قوربانی!

(بەڵێ ڕەگی دەمارگیری لەمرۆداو لە سەرتاپای جیهانی ئیسلامیدا کە دەیبینین، دەگەڕێتەوە بۆ حەوتسەدو هەشتسەد ساڵ لەمەوبەر، هۆکاری ئەو دەمارگیریە هۆکارێکی فیکری تیۆلۆژی عەقائیدیە، پێش ئەوەی هۆکاری ئابوری یاخود سیاسی و...هتد بێت) [٢٠].

بەشێکی کەمی گرفتەکەش لە حوکمو یاساکانی دەقەکاندایە کە بە شێوەیەک داڕێژراون، ڕێگای چاکسازیو لێکدانەوەی نوێیان بەرتەسکتر کردۆتەوەو گەلێکیان پاڵپشتن بۆ هێزە کۆنەپارێزەکان. ئەو خاڵانەی سەرەوە بە گشتی ڕۆڵیان لە چەقبەستنو پێ نەنانە ناو تازەگەری تا ئێستای ئاینی ئیسلامدا هەبووە. بەڵام بە هۆی تێپەڕینی کاتو گۆڕانو پێشکەوتنەکانی ژیانی مادیو ڕەنگدانەوەکانی لە ئاستی هوشیاری کۆمەڵایەتیدا، تا ڕادەیەک کۆمەڵگاکانی موسوڵمان بیروبۆچوونو حوکمو یاساکانی قورئانیان لە هەندێک لایەنەوە بەجێهێشتووە. بە تایبەت بەشێک لە حوکمو یاسا توندەکان لە زۆربەی کۆمەڵگا موسوڵمانەکاندا کاریان پێناکرێتو جێبەجێ ناکرێن.

## ئاسۆی ئێستاو ئایندەی ئیسلام

ئاینی ئیسلام هەتا ئەم سەردەمە «سەردەمی جیهانگیری» یەکێکە لە ئاینە ناودارو بەرفراوانەکان لە سەر ئاستی جیهان، کە ملیۆنان پەیڕەوانو شوێنکەوتووانی هەیە. لە گەڵ ئەو بەرفراوانیەشدا کە ئەم ئاینە هەیەتی، هێشتا نەهاتۆتە ناو دنیای سەردەمو تازەگەریەوە. کۆمەڵگای ئیسلام بە هۆی ئەنجام نەدانی چاکسازی ئاینیو چاکسازی هەمەلایەن، بە شێوەیەکی گشتی لە کۆمەڵگا دواکەوتووەکانی جیهانی ئەمڕۆیە. پەرشو بڵاوو پڕ لە ناکۆکی جۆراوجۆرە، ناکۆکی نێوان سوننەو شیعە هەر لە قووڵبوونەوەدایە، هەروەها ناکۆکی نێوان باڵەکانی پارێزگارانو ڕەوتی چاکسازیخوازانو میانڕەوان، ناکۆکی نێوان ئیسلامو ئاینەکانی دیکەی ناو جیهانی ئیسلام، ناکۆکی نێوان نەتەوەکانو کەمەنەتەوایتیەکانی جیهانی



ئیسلام، ناکۆکی نێوان ئیسلامو زانستو داهێنانو پێشکەوتنە خێراکانی تەکنۆلۆژیای سەردەم، ناکۆکی نێوان ئیسلامو مۆدێرنەو پۆست مۆدێرنە و...هتد، جگە لەوانەش زۆربەی کۆمەڵگاکانی ئیسلام لەم سەردەمەدا دووچاری هەلومەرجی نەبوونی دیموکراسیو ئازادیو مافەکانی مرۆڤن. دیاردەی هەژاریو برسێتیو نەبوونی خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتیو سیستەمی پەروەردەی هاوچەرخ لە ئاستی بەرزدان. بێگومان ئەو هەموو دواکەوتوویيو هەژاریو کێشەو گیروگرفتانە ناکرێت هەمووی بخرێتە پاڵ ئاینی ئیسلام، بەڵام لەم هەلومەرجەدا ئیسلام بەشێکە لە کێشەکان. دەبوو بە ئەنجامدانی چاکسازی لە خۆیدا ڕێگا بۆ چارەسەی گرفتەکان خۆشو ئاسان بکات، هەروەک لە ئەوروپا لە ئاینی مەسیحیدا ڕوویدا.

لەم سەردەمی جیهانگیریەدا کە سەردەمی کرانەوەو بەرفراوانبوونەوەی ئازادیەکانی مرۆڤە، ئاینی ئیسلام چیدی ناتوانێت وەک سەدەکانی پێشووتر لە بازنەی داخراوی خۆیدا بمێنێتەوەو هەڵوێستی گونجاوی خۆی لە بەرانبەر کێشەو پرسە جۆراوجۆرەکانی ئەم سەردەمەی کۆمەڵگاکانی موسوڵمانو جیهان دیاری نەکات.

(بوونی ئازادی بیرکردنەوەو ئازادی ویژدان، وەک دوو دەسکەوتی گرنگی دونیای هاوچەرخ، بە بەردەوامی لە دەرەوەڕا بەسەر تێگەیشتنە باڵادەستەکانی دیندا سەپێنراوە. دەزگاو کەسایەتیو هێزە دینیەکان بە ئاسانی ئەم دیدانەیان وێنا نەکردووە. لە دونیای هاوچەرخدا ئەم ئازادیانە تا ڕادەیەکی زۆر بەسەر پیاوانو دەزگاو گروپە دینیەکاندا سەپێنراوە. بەڵام ئەم ئازادیانە دروستبوونو بوون بە واقیعێکی زیندوو، ئیدی ژمارەیەکی گەورەتر لە دینداری کراوەو ئینساندۆست، سەرلەنوێو لە ژێر کاریگەری هاتنەکایەی ئەو ئازادیانەدا، بە شێوەیەکی تازە دینیان لێکداوەتەوەو هەوڵیانداوە لە مێژووی دیندا چەندان دیدو بۆچوونو تێکست بدۆزنەوە کە دین وەک هاوڕاو سەلمێنەری ئەو تێگەیشتنە تازەیە بۆ ئازادی نیشانبدات. واتە لەپاڵ هاتنەکایەی ئەم شێوازە تازانە لە

ئازادی‌و مافدا، شێوازێکی نوێی لێکدانەوەی دینی دروستبووە کە گونجاوە لەگەڵ ئەو ماف‌و ئازادیانەدا، بەمەش دین هەم خۆی تازەکردۆتەوەو هەم لەگەڵ ئەو دونیا نوێیەدا تەبا بووە کە گۆڕانە مێژووییەکان هێناونیەتە پێشەوە)[21]. لە وەڵام بەم بارودۆخەدا ژمارەیەک لە بیرمەندانی ئیسلام‌و پیاوانی ئاینی میانڕەو بە خوێندنەوەی نوێوە بۆ قورئان، ڕەخنە لە حاڵەتی چەقبەستوویی‌و داخران‌و شێوەکاری توندوتیژ دەگرن . لەم ڕووەوە هاشم ساڵح دەڵێت:

(تاقە شتێک پێمان بکرێت ئەوەیە تێگەیشتنێکی دیکە بۆ ئیسلام گەڵاڵە بکەین جیاواز لەم تێگەیشتنە باوەی ئەمڕۆ، مەبەستم تێگەیشتنێکی کراوە، لێکبوردەیی‌و عەقڵانیە)[22]. ئێستا لە زۆرێک لە کۆمەڵگا موسوڵمانەکاندا بەشێک لە ئیسلام لەناوخۆیدا لە هەوڵی شکڵگرتن‌و کۆکردنەوەی هێزی کۆمەڵایەتی‌و بەرێخستنی ڕەوتی ئیسلامی میانڕەوانەن بۆ هاتنە مەیدان‌و بەشداریکردن لە پرۆسەی چاکسازی ئاینی‌و هەمەلایەن‌و گۆڕانی کۆمەڵایەتیدا. میانڕەوانێکی ئیسلامی ئێستا لە سەر ئەو باوەڕەن کە قۆناغی ئێستای ئیسلام قۆناغی دەسبەرداربوونی توندوتیژی‌و قبوڵکردنی پارت‌و ڕێکخراوە عەلمانیەکان‌و هاتنە ناو گەمەی دیموکراسی‌و فرەیی‌و پێکەوەژیانی ئاشتیە.

**هەندێک لە ڕۆشنبیران ئەم قۆناغەی گۆڕانی ئیسلام بە پۆست ئیسلامیزم ناو دەبەن:**

(پۆست ئیسلامیزم ئەو قۆناغەیە کە تیایدا ئیسلام لە باتی ئەوەی لە شەڕدا بێت لە گەڵ عەلمانیەت‌و مۆدێرنەو دیموکراسیەت‌و لێبوردن‌و قبوڵکردنی ئەویدی جیاوازدا، بەرەو ئەوە دەڕوات ببێتە هاوڕێگاو هاوماڵ‌و گونجاو لە گەڵ ئەو پێدراوە گرنگانەی دنیای هەوچەرخدا. پۆست ئیسلامیزم قۆناغی گۆڕانی ئیسلامە لە ئایدۆلۆژیایەکی میلیتاری داخراوەوە بۆ ئیسلامێکی وەرگرو قبوڵکەری دنیای دەوروبەری. بوونی ئیسلامە بە بەشێک، تاقە بەشێک، لە دنیایەکی فرەڕەنگو فرەدەنگو



پلورال، بە بێ ئەوەی تەماحی ئەوەی هەبێت یاساکانی ئەم دنیایە دیاری بکات‌و هەموو جیاوازیەکان لە ناو لۆژیکێکی دینی کۆگیرو یەکگرتوودا کۆ بکاتەوە.. پۆست ئیسلامیەکان کەسانێکی عەلمانی نین، بەڵکو هەم خۆیان کەسانێکی باوەڕدارن‌و هەم باوەڕپێشیان بەوە هەیە دین ڕۆڵی هەبێت لە ژیانی گشتیدا، لە هەمان کاتیشدا ئەوەیان قبوڵە کەسان‌و لایەنی دیکە هەبن تێگەیشتنەکانی ئەوانیان بە دڵ نەبێت‌و بە شێوەی جیاواز لەوان بژین‌و بیر بکەنەوە)[23].

گۆڕینی وتاری ئیسلام لە توندوتیژی‌و تەکفیرکردنەوە بۆ لێبوردەیی‌و ململانێیەکی ئاشتیانە، دەکرێ بە هەنگاوی یەکەم‌و سەرەتای چاکسازی لە ئیسلامدا دیاری بکرێت. بۆ بەردەوام بوون‌و سەرخستنی ئەم هەنگاوە، پێویستە ئەو دەقانەی قورئان کە هاندەری توندوتیژی‌و دەمارگیرین، تێپەڕێنن. ئەو ئیسلامەی توندوتیژی تێدەپەڕێنێ‌و ڕێز بۆ بیروڕای جیاواز دادەنێت، ئیسلامێکی ئەقڵانی‌و ڕۆشنگەرە، دژی خۆپەرستی‌و توندڕەویە، ڕێز لە ئەقڵ دەگرێ‌و مرۆڤی لا پیرۆزە. ئیسلامێکی لەم جۆرە دەتوانن بێنە ناو سەردەمەوەو لە گەڵ عەلمانیەت‌و مۆدێرنەدا ئاشت ببنەوە، لە حاڵەتی ئوسوڵیەت‌و دواکەوتوویی بێنە دەرەوەو بێنە ناو سەردەمی دیموکراتی‌و هەڵبژاردنی ئازادەوە.

بێگومان هەموو بیرمەندانی ئیسلام‌و هەموو ڕەوتە ئیسلامیەکان بەشداری پرۆسەی چاکسازی نابن، ئەوە حاڵەتی ئاساییە، تێگەیشتنی جیاوازو ململانێی ناوخۆیان هەیەو سەنگو هێزی کۆمەڵایەتی لایەنە ناکۆکەکان چارەنووس‌و داهاتووی پرۆسەی چاکسازی لە ئاینی ئیسلامدا دیاری دەکات.

دیارە لەم هەلومەرجەدا هێزە عەلمانیەکانیش دەبێ ئەو ڕاستیە تێبگەن‌و قبوڵ بکەن کە هەوڵی کردنەدەرەوەی هێزە ئیسلامیەکان بە زەبری هێزو توندوتیژی، وایان لێدەکات پەنا بەرنە بەر جۆرێکی دیکە لە خوێندنەوەی قورئان‌و گەڕانەوەو ئیلهام وەرگرتن لە دەقە توندوتیژەکانی قورئان. لە

بارودۆخێکی وەهادا ئیسلام دەکەنە ئایدۆلۆژیاو وەک پەرچەکردار بە توندوتیژی لە بەرانبەر توندوتیژیدا هەڵوێست وەردەگرن. بۆ نموونە، مامەڵەی ناتەندروستی ڕژێمە دیکتاتۆریە عەلمانیەکانی وەک میسری سەردەمی حوسنی موبارەکو ڕژێمی سوریاو هەروەها ڕژێمە دیکتاتۆریە ئیسلامیەکانی سعودیەو ئێران لە بەرانبەر هێزە میانڕەوە ئیسلامیەکاندا.

لەم سەردەمەدا ئامرازی توندوتیژی نە کێشەکان چارەسەر دەکاتو نە کۆمەڵگا بەرەو ئارامیو پێشکەوتن دەبات، بەڵکو جگە لە زیانی گەورەی گیانیو مادیو لەدەستدانی بەهاکان هیچ ئەنجامێکی باش ناهێنێتە بەرهەم. لەم بارەیەوە بەختیار عەلی لە وتارێکدا بە ناوی «سووتاندنی لۆڤەر» دەڵێت:

(دوای مێژووی سەدەی بیست، دەبێت بگەینە ئەو بڕوایەی کە ئایدیای سووتان ناتوانێت جیهان بگۆڕێت. دونیا بە توندوتیژی ناگۆڕێت. لە شۆڕشی فەرەنسیەوە مرۆڤ جار دوای جار بەر ئەو ڕاستیە دەکەوێت کە سووتاندنو وێرانکردن جگە لە جەلادو سووتێنەرو توندکار ناتوانێت گۆڕانکارو مۆدێرن بێت. لەو ساتەدا کە تەور بەرز دەکرێتەوە، فیکرو ئازادی دەمرن)[٢٤].

پێویستە کێشەو ململانێکان بە ڕەخنەگرتن چارەسەر بکرێن، بە ئازادی ڕەخنە بگیرێو هیچ شتێک لە سەروو ڕەخنەوە نەبێت، تەنانەت ئاینو پیرۆزیەکانیشی. کاتی ئەوە هاتووە لە کۆمەڵگا موسوڵمانەکانیشدا ململانێ سیاسیەکان لە هەلومەرجێکی دیموکراتیو هەڵبژاردنی پاکو ئازادانەدا، بە هۆی سندوقەکانی دەنگدانەوە یەکلایی بکرێنەوە. ژمارەی دەنگەکانی هەر لایەنێک چ عەلمانیو چ ئیسلامی لە هەڵبژاردنی پاکو ئازادانەدا گوزارش لە واقیعی ئەو کۆمەڵگایە دەکاتو دەبێ ڕێزی لێ بگیرێت. لە هەلومەرجێکی ئاوادا هەموو لایەنەکان هەلی ئەوەیان لە بەردەمدا دەبێت بە بەرنامەو پرۆژەی خزمەتکردنی کۆمەڵگا، بۆ ژیانی ئەم دنیا نەک ئەو دنیا، ژمارەی دەنگدەران بۆ خۆیان ڕابکێشن.



لەم سەردەمەدا گۆڕانەکان بە ڕادەیەک خێران، ئەو شێنەییو چەقبەستنەی ئاینی ئیسلام چیدی وەڵامی قایلکەر بە پێداویستیو کێشەکانی مرۆڤی ئەم سەردەمە نادەنەوە. سەردەمەکە لێیان داوا دەکات لە بازنەی داخراو بێنە دەرەوەو ڕێگری لە گۆڕانو بەرەوپێشەوەچوونی کۆمەڵگادا نەکەن ، بە خوێندنەوەی نوێوە بێنە ناو سەردەمی نوێ بۆ بەشداریکردنیان لە خزمەت بە ئێستاو داهاتووی کۆمەڵدا. لە وەگرتنی هەڵوێستێکی پێچەوانەشدا، دەبنە سەرچاوەو هۆی چارەنووسی تاریکیو دواکەوتووییو هەژاریو نەهامەتی لە ئێستا زیاتر بۆ کۆمەڵگاکانی خۆیان.

لەم بارەیەوە بیرمەندی عەرەب «عفیف الأخضر» دەڵێت:

(ئەمڕۆ ئیسلام- مەبەستم لە بڕیار بەدەستانی ئیسلامە- لە بەردەم دووڕیانێکدایە : چەقبەستن لە جێگای خۆدا یان چاکسازی.. چەقبەستن بە درێژایی مێژووی ئیسلام جەنگێکی هەمیشەیی لە گەڵ خودو جەنگێک لە گەڵ جیهانو جەنگێک لە گەڵ زانستو جەنگێک لە گەڵ تازەگەری داوە بە دەستەوە. بەڵام چاکسازی لە ئیسلامدا خوازیاری ئاشتەواییە لە ناو خۆیداو لە گەڵ ئەو جیهانەی تیایدا دەژیو لە گەڵ زانستدا، کە هەموو خولەکێک داهێنانێکی گرنگ بەدەستدەهێنێتو هەندێکیان پرسیارگەلێکی تەنگهەڵچن ئاراستەی ئیسلامی تەقلیدی دەکەن. — ئاشتەوایی ئیسلام لە گەڵ خۆیدا، سنوورێک بۆ بە کافردانانی ڕۆشنبیرانو گروپە ئیسلامیەکانی دیکە دادەنێت.

— ئاشتەوایی ئیسلام لە گەڵ جیهان، ئەوە لە ئیسلام دەخوازێ کە سەرلەنوێ پێناسەی قووڵ بۆ پەیوەندی خۆی بە جیهانەوە بکاتەوە.

— ئاشتەوایی ئیسلام لە گەڵ زانست، پێویست بە لەبیرخۆبردنەوەی ئیعجازی زانستی لە قورئاندا دەکات.

— ئاشتەوایی ئیسلام لە گەڵ تازەگەری، یانی لە گەڵ دامودەزگاکانی تازەگەری سیاسی : پەرلەمان، کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان، زانستی ئاییناسی، جاڕی گەردوونی مافی مرۆڤو پاشکۆکانی، وەک:

ڕێکەوتننامە نێودەوڵەتیەکان بۆ پارێزگاری کەمایەتیەکان، ڕێکەوتننامەی پارێزگاری لە مافەکانی منداڵان، ڕێکەوتننامەی قەدەغەی ڕەگەزپەرستی دژی ژنان.

بە کورتی چاکسازی لە ئیسلامدا بە واتای کردنی ئیسلام بە ئاینێکی نوێ کە لە فیقهی خۆیدا توندوتیژی بسڕێتەوە)[٢٥].

## دەسپێکی چاکسازی

ئاشکرایە کێشەی زۆربەی کۆمەڵگاکانی موسوڵمان تەنها کێشەی چەقبەستنی ئاینیو تێکەڵکردنی ئاینو سیاسەتو ڕەنگدانەوەکانی نیە، بەڵکو سەرباری ئەوە شێوەی فەرمانڕەوایی دکتاتۆریانە (چ عەلمانیو چ ئیسلامی) بۆتە سەرچاوەی قەیرانی قووڵ لە ئاستەکانی ئابوری، کۆمەڵایەتیو فەرهەنگیو سەرجەم ژیانی کۆمەڵگادا. دەسەڵاتداران لەو وڵاتانەدا بۆ درێژکردنەوەی ماوەی تەمەنی حوکمڕانی خۆیان هەمیشە کاریگەریو دەرئەنجامی خراپی قەیرانەکانی سیستەمەکانیان بە سەر خەڵکی ئەو وڵاتانەدا شکاندۆتەوە.

ئەم سەردەمە ئیدی سەردەمی بە ئاگاهاتنەوەی خەڵکی زوڵملێکراوی ئەو کۆمەڵگایانەیە بۆ ڕزگاریو چاکسازی ڕیشەیی، لە پێناوی بەدەستهێنانی ژیانێکی شایستە بە مرۆڤ لە ئێستاو داهاتووی کۆمەڵدا. ئێستا ئەنجامدانی چاکسازی هەمەلایەن خواستی زۆرینەی خەڵکی ئەو کۆمەڵگایانەو ڕۆشنبیرانو نووسەرانو چالاکوانی سیاسیو مەدەنی و... هتد. لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا: ئایا چاکسازی ڕیشەیی لە کوێوە دەست پێبکرێت؟؟ بیروبۆچوونەکان جیاوازن، هەندێک پێیان وایە سەرەتا پێویستە چاکسازی سیاسی ئەنجام بدرێت. هەڵگرانی ئەم بیروبۆچوونە پێیان وایە تا ئەو کاتەی سیستەمە دکتاتۆریەکانی ئەم وڵاتانە لەناو نەچن، هەلومەرجو زەمینەیەکی دیموکراسی فەراهەم نابێو فرەیی سیاسیو فرەیی ئاینیو پێکەوەژیانی ئاشتیو ئازادی دەستەبەر نابێت.



تا سیستەمی دکتاتۆری فەرمانڕەوا بێت، چاکسازی ڕیشەییو هەمەلایەن ئەنجام نادرێت. بۆچوونیکی دیکە پێیان وایە سەرەتا پێویستە چاکسازی ئاینی ئەنجام بدرێت، هەروەک ئەوەی لە ئاینی مەسیحی لە ئەوروپادا ڕوویدا. واتا سەرەتا ئاین لە دەسەڵاتی سیاسی جیابکرێتەوە، دوای ئەوە چاکسازی لە بوارەکانی دیکەدا ئەنجام بدرێت. هەندێکی دیکە پێیان وایە سەرەتا پێویستە چاکسازی ئابوری ئەنجام بدرێت، چونکە هاووڵاتیان تا گرفتەکانی هەژاریو برسێتیو نەبوونی بەرۆکیان بەر نەدات، توانای هوشیاربوونەوەو ئامادەیی بۆ چاکسازی لە بوارەکانی سیاسیو ئاینیدا پەیدا ناکەن. ڕایەکی دیکەش پێیان وایە پێش دەستپێکردنی چاکسازی سیاسیو ئاینی پێویستە شۆڕشێکی ڕۆشنبیریو هوشیارکردنەوە ئەنجام بدرێت، واتا تاکەکانی کۆمەڵگا دەبێ سەرەتا چاکسازی لە خۆیاندا بکەن، بە ئەرکو مافەکانی خۆیان ئاشنا بن، دوای ئەوە بە شێوەی ئەقڵانی بەرنامەی چاکسازی هەمەلایەن دابڕێژنو هەنگاو بە هەنگاو لە هەوڵی پیادەکردنیدا بن. هەندێکی دیکەش پێیان وایە پێویستە هاوئاهەنگو پێکەوە لە هەموو ئاستەکاندا هەنگاو بۆ چاکسازی هەمەلایەن هەڵبگیرێت.

لە گەڵ هەموو ئەو بیروبۆچوونە تیوریە جیاوازانەدا دەربارەی چاکسازی، هەموویان ئەنجامدانی چاکسازی ڕیشەیی بە پێویستیەکی گرنگو مێژوویی ئەم قۆناغە دەزانن.. لە ئێستادا دەبینین خاڵە هاوبەشەکانی کۆمەڵگا موسوڵمانەکان لە قەیرانی قووڵی هەمەلایەنو سیستەمی فەرمانڕەوایی دکتاتۆریو نارەزایی بەرفراونی هاووڵاتیان لەو وڵاتانەدا، هێزە کۆمەڵایەتیەکان (بە عەلمانیو ئیسلامیەوە) لە ڕاپەڕینەکانی بەهاری عەرەبیدا بۆ ڕزگاربوون لە سیستەمە دکتاتۆریو تاک حیزبیو بنەماڵەییو قەیراناویەکان، هاتوونەتە مەیدان.

ئەوەی تایبەتە بە باسەکەی ئێمەوە سەبارەت بە چاکسازی ئاینی، ئەوەیە ئاخۆ لەم وەرچەرخانە مێژووییەی لە کۆمەڵگا موسوڵمانەکاندا دەستپێکردووە، هێزە ئیسلامیەکان تا چەند ئامادەن چاکسازی لە

خۆیاندا ئەنجام بدەنو لە گەڵ هێزە عەلمانیەکان بێنە ناو گەمەی دیموکراسیو هەڵبژاردنی ئازادەوە؟ ئەگەر ئیسلامیەکان لە هەر وڵاتێک لەو وڵاتانە لە هەڵبژاردنی ئازادانەدا دەسەڵاتی سیاسیان وەرگرت، ئاخۆ دەبنە ئیسلامێکی مەدەنیو گریمان لە هەڵبژاردنێکی دیکەدا دەنگی کەمیان هێنا، لە دەسەڵات دێنە خوارەوە؟ یان دەبنەوە بە ئیسلامێکی تەقلیدی سەرکوتکەرو دیسانەوە ئەزموونی دکتاتۆری ئیسلامی لە نموونەی کۆماری ئیسلامی ئێران دەسەپێنن؟.

دیارە وەڵامی ئەو پرسیارانە دەبێ لە تاقیکردنەوەی پراتیکیو ئەزموون لە گەڵ هێزە ئیسلامیەکاندا وەربگیرێتەوە. چونکە هەردوو ئەگەرەکە ئیمکانی بوون بە واقیعیان هەیە.

بێگومان هەر کۆمەڵگایەکیش جگە لە خاڵە گشتیو هاوبەشەکان، هەلومەرجو تایبەتمەندی جیاوازیشیان هەیە، کە ئەوانەش ڕۆڵی خۆیان لە بڕیاردانو دەستنیشانکردنی کلیلی چاکسازی ڕیشەییدا دەگێڕن. بۆ نموونە، بۆ کۆمەڵگای ئێمە لە کوردستان، بە هۆی تایبەتمەندی هەلومەرجی نەتەوەییەوە، باشترە هاوکات چاکسازی سیاسیو ئاینی پێکەوە بکرێنە کلیلی گۆڕانکاریو چاکسازیەکی ڕیشەیی بە بەرنامە. بۆ ئەم ئامانجە، هاوڵاتیانو هەموو ئەوهێزە کۆمەڵایەتیانەی کە قازانجیان لە گۆڕانکاریەکی وەهادا هەیە، دەبێ بە هاتنە مەیدانو خەباتی مەدەنیانەی خۆیان دەسەڵات ناچار بە چاکسازیەکی ڕاستەقینەو شێلگیرانە بکەن. لە داڕشتنی بەرنامەیەکی چاکسازی ئاوهادا دەکرێ هێزە عەلمانیەکانو هێزە ئیسلامیە میانڕەوەکان پێکەوە بەشداری بکەن. بۆ هەڵگرتنی ئەم هەنگاوە پێویستە ئیسلامیەکان وەک دەستپێکردنی هەنگاوی یەکەمو گرنگی چاکسازی لە ئایندا، تیوری (تەنها حوکمی قورئان ڕەوایە) تێپەڕێننو وەک نموونەی پارتی دادو گەشەپێدان لە تورکیا بچنە سەر ئەو باوەڕە کە شەرعیەتی بەشداریکردنی دەسەڵات بە گەڕانەوە بۆ خەڵکو لە ململانێی ناو سندوقەکانی دەنگدانەوە وەرگرن نەک لە دەقەکانی ئاینی



ئیسلامەوە، هەروەها بە کردەوەش جێبەجێی بکەن.

لە هاوئاهەنگ کردنی چاکسازی سیاسیو ئاینیدا، لە هەلومەرجێکی دیموکراتیدا دەکرێ دەستوورێکی مەدەنی سەردەمیانە دابڕێژرێ کە فرەیی سیاسیو ئاینی بسەلمێنێو ئاین لە سیاسەت جیا بکاتەوە. هەروەها دەسەڵاتەکانی یاسادانانو جێبەجێکردنو دادگا لە یەکتر جیا بکاتەوەو بە یاسا سەربەخۆیی هەر یەکەیان بپارێزێت. لە سایەی دەستوورو هەلومەرجێکی دیموکراسی وەهادا زەمینەی چاکسازی ئابوریو کۆمەڵایەتیو ڕۆشنبیریو پەروەردەیی بە باشترین شێوە دەڕەخسێتو یاساکان بە کردەوە لە خزمەتی هاووڵاتیانو بە پیرۆز ڕاگرتنی مرۆڤدا دەبن.. ئەگەر مرۆڤ لە هەلومەرجی ژیانێکی سەردەمیانەدا لە بەها مرۆڤایەتیەکانی خۆی بەهرەمەند بێت ئەو کاتە خۆی پیرۆزترینە، نەک حوکمو یاساکان.

(زیادەڕەوی ناکەین ئەگەر بڵێین بە هیچ شێوەیەک یاسای پیرۆز بوونی نیە. بەڵام دەکرێ هەندێک یاسا ڕێزو بەهایەک وەرگرن کاتێک بە کردەوە لە خزمەتی مرۆڤـو پیرۆزی مرۆڤدا دەبن.. بەڵێ تەنها مرۆڤ پیرۆزەو هەموو پیرۆزیەکانی دیکە دەبێت لە ئاستی مرۆڤدا کڕنووش ببەن. نە پیرۆزیە ئاینیەکانو نە پیرۆزیە دنیاییەکان شایانی ئەوە نین دڵۆپێک خوێنی مرۆڤیان لە پێناودا بڕژێت.. ئەوەی بە باشترین شێوە بگونجێت ئەوەیە کە هەموو پیرۆزیەکان لە هەنبەر پیرۆزی مرۆڤدا کاڵو بچووک بنەوە)[٣٦].

## کۆتایی

# پەراوێزی بەشی سێیەم

١ — ڕاگەیەندراوی کۆنگرەی گشتی یۆنسکۆ ١٩٩٥، خاڵی یەکەم، بڕگەی یەکەم.

٢ — هاشم ساڵح، ئاین فاشیزم مەرگ، ل٤٢.

٣ — چەند تێکستێکی وەرگێڕدراو، وەرگێڕانی : ڕێبین هەردی، ل١٠.

٤ — هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل١٢.

٥ — هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٢١.

٦ — هاشم ساڵح، ئاین فاشیزم مەرگ، ل٥١.

٧ — چەند تێکستێکی وەرگێڕدراو، وەرگێڕانی : ڕێبین هەردی، ل١٤.

٨ — الدینو احتکار الحقیقة، ص٥٤.

٩ — السیوطي، اسباب النزول، ص٤٩.

١٠ — نظام الدین عبدالحمید، تەفسیری گوڵشەن، ب٣، ل١٥٣٩.

١١ — مناع القطان، مباحث في علوم القرآن، ص.

١٢ — تەها وەهاب، ئایا قورئان ڕەنگدانەوەی سەردەمی خۆیەتی، ل١٩٢.

١٣ — مناع القطان، مباحث في علوم القرآن، ص١٠.

١٤ — محەمەد ئارگۆن، عەلمانیەتو ئاین، ل٧٨.

١٥ — هاشم ساڵح، (ئیسلامو ئەقڵ، سعودیەو تیرۆر)، ل١٩.

١٦ — الکتاب المقدس، انجیل لۆقا، سفر ٢٠، ص١٢٩.

١٧ — هاشم ساڵح، ئاین فاشیزم مەرگ، ل١٨.

١٨ — هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل١١.

١٩ — د. محمد عبدالجواد، أصول القانون مقارنة بأصول الفقة، ص٣٤.

٢٠ — هاشم ساڵح، ئاین فاشیزم مەرگ، ل١٤٨.

٢١ — مەریوان وریا قانع، دینو دنیا، ل٢٩.

٢٢ — هاشم ساڵح، ئاین فاشیزم مەرگ، ل١٥٤.



٢٣ — مەریوان وریا قانع، گۆڤاری ئاوێنە، ژ ١٥٤، گۆشەی ئەودیوی شتەکان، پۆست ئیسلامیزم.

٢٤ — بەختیار عەلی، گۆڤاری ئاوێنە، ژ ٢٥١، گۆشەی ژوورێک لە ئاوێنە، سووتاندنی لۆڤەر.

٢٥ — عفیف الأخضر، اصلاح الاسلام لماذا؟ ، لە ماڵپەڕی:
www.almuslih.org

٢٦ — واثق غازي، الدین و احتکار الحقیقة، ص٣٨.

# سەرچاوەکان

## سەرچاوە عەرەبییەکان


١ – القرآن الكريم

٢ – الكتاب المقدس( العهد القديم، العهد الجديد) دار الكتب المقدس في الشرق الأوسط، ١٩٩٦.

٣ – اسباب النزول، جلال الدين السيوطي، عالم الكتب، بيروت، ١٤٢٢ الهجري.

٤ – اسباب النزول، أبو الحسن النيسابورى، دار الكتب العلمية، بيروت، الطبعة الثانية، ١٩٩١.

٥ – تأريخ الرسل و الملوك، طبري، دار الكتب العلمية، بيروت، الطبعة الأولى، ١٤٠٧ الهجري.

٦ – مختصر تفسير الطبري، محمد بن صمادح التجيبي، دار ابن كثير، دمشق، الطبعة الأولى، ٢٠٠٤.

٧ – أصل الأنواع، تشارلز داروين، دار التنوير، بيروت، ٢٠٠٧.

٨ – بيان الحزب الشيوعي، كارل ماركس- فريدريك انجلز،

٩ – الشخصية المحمدية، معروف الرصافي، منشورات دار الجمل، المانيا، الطبعة الأولى، ٢٠٠٢.

١٠– حروب دولة الرسول، سيد محمود القمني، مكتبة مدبولي الصغير، القاهرة، الطبعة الثانية، ١٩٩٦.

١١ – جزيرة العرب قبل الأسلام، برهان الدين دلو، دار الفارابي، بيروت، الطبعة الثالثة، ٢٠٠٧.

١٢– العرب قبل الأسلام، سيد محمود القمني، .......

١٣ – قصة الديانات، سليمان مظهر، مكتبة مدبولي، القاهرة، الطبعة الثانية، ١٩٩٨.

١٤– أطلس التأريخ العربي الأسلامي، د. شوقي أبو خليل.





١٥– النزعات المادية في الفلسفة العربية الأسلامية، د. حسين مروة، دار الفارابي، بيروت.

١٦– مباحث في علوم القرآن، مناع القطان، مؤسسة الرسالة، الطبعة ٣٤، بيروت، ١٩٩٨.

١٧ – الدين و احتكار الحقيقة، واثق غازي، مؤسسة الأنتشار العربي، بيروت، الطبعة الأولى، ٢٠٠٩.

١٨ – من أجل نظرية اسلامية معاصرة، سالم القمودي، مؤسسة الأنتشار العربي، بيروت، الطبعة ١، ٢٠٠٩.

١٩ – العنف ضد المرأة، دراسة قانونية، د. شهبال دزەیی، دار آراس للطباعةو النشر، أربيل، الطبعة ١، ٢٠٠٧.

٢٠ – اصول القانون، مقارنة بأصول الفقه، د. محمد عبدالجواد، منشأة المعارف، أسكندرية، ١٩٩١.

٢١ – صفحة المصلح الألكترونية : www.almuslih.org


## سەرچاوەکان بە کوردی


١ – قورئانی پیرۆز، وەرگێڕاوی مامۆستا هەژار موکریانی، چاپخانەی بزرگ قرآن کریم.

٢ – تەفسیری گوڵشەن، ذ×ام الدين عبدالحميد، نەشری ئیحسان، چاپی دووەم، ٢٠٠٧.

٣ – ئیسلام ناسی، عەلی میرفیتروسی، وەگێڕانی سیامەکی بابەکی، ١٩٩٩.

٤ – واعیزەکانی سوڵتان، عەلی وەردی، وەرگێڕانی عەبدوڵا جەبار، چاپی دووەم، چاپخانەی گەنج، ٢٠٠٦.

٥ – ئاین فاشیزم مەرگ، هاشمساڵح، وەرگێڕانی هەورامان وریا قانع، مەکتەبی بیرو هوشیاری ( ی. ن. ک )، ٢٠٠٦.

٦ – ئیسلامو ئەقڵ سعودیەو تیرۆر، هاشم ساڵح، وەرگێڕانی هەورامان

وریا قانع، دەزگای چاپو پەخشی حەمدی، ٢٠٠٩.
٧ – عەلمانیەتو ئاین، محەمەد ئارگۆن، وەرگێڕانی نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد، چاپی دووەم، دەزگای چاپو پەخشی حەمدی، ٢٠٠٥.
٨ – شەپۆلی چوارەم، ڕامین جیهانبەگلوو، وەرگێڕانی مەهدی خوون دڵ، چاپخانەی موکریانی، هەولێر، ٢٠٠٩.
٩ – چەند تێکستێکی ورگێڕدراو، چەند نووسەرێک، وەگێڕانی ڕێبین هەردی، چاپی یەکەم، چاپخانەی کاردۆ، ٢٠٠٨.
١٠ – ڕاگەیەندراوی کۆنگرەی یۆنسکۆ، ١٩٩٥.
١١ – ڕیشەو بنچینەکانی توندوتیژی ئاینی، سەروەر عەبدولڕەحمان پێنجوێنی، چاپی دووەم، سلێمانی، ٢٠٠٧.
١٢ – ئایا قورئان ڕەنگدانەوەی سەردەمی خۆیەتی، تەها وەهاب، چاپی دووەم، سلێمانی، ٢٠٠٦.
١٣ – گۆڤاری ئاوێنە، ژمارەکانی : ١٥٤، ٢٢٦، ٢٥١.

لە کۆمەڵگای ئێمە لە کوردستان بە هۆی پابەندبوونی بێ چەندوچوون بە ئاینی ئیسلامەو بە تایبەت بە دەقەکانی بەرنامەی ئاینی ئیسلام (قورئان)ەوە نەتوانراوە هەنگاوی شێلگیرانە لە بواری چاکسازی ئاینیدا بنرێت، ئەوەش بۆتە هۆیەکی بەداخراوی مانەوەی کۆمەڵگاکەمان.

حوکمەو یاساکانی قورئان وەك حوکمەو یاسای ئەزەلیو هەمیشەیی سەیر دەکرێن و کراونەتە سەرچاوەی دەستورو یاساکانی بەڕێوەبردنی کۆمەڵگا، بە جۆرێك کە ڕەخنەلێگرتنیان وەك لادانو گوناهو تاوان دێتە ئەژمار!.

مەبەست لە نووسینی ئەم کتێبە ئەوەیە ئەو ڕاستیە بە خوێنەر بگەیەنم کە حوکمەو یاسا توندەکانی قورئان لە نموونەی: شەڕو ئەنفال، دەستی دز بڕین، تۆڵەسەندنەوە، بەردبارانکردن، فرەژنی، دوو ژن بە شایەتێكو نیو بەشە میرات بۆ ژن و... هتد، بڕیارگەلێکن لە مێژوودا، بە وردو درشتیانەوە پەیوەستن بە واقیعو مێژووی دیاریکراوی کۆمەڵگای نەریتیو خێڵەکی نیمچە دوورگەی عەرەبستانەوە لە سەردەمی ژیانو خەباتی محەمەدی ڕابەری ئیسلامدا. ئەو حوکمەو یاسا توندانە ئەگەرچی بۆ ئەو سەردەمە کە قورئانیان تێدا نووسراوە گونجاوو کاریگەر بوون، بەڵام لەگەڵ ژیانی مرۆڤی ئێستاو شارستانیەتو پێشکەوتنەکانی ئەم سەردەمە نایەنەوە، نەك هەر نایەنەوە بەڵکو دژی یاساکانی مافی مرۆڤو کرانەوەو لێبوردەییو پێکەوە ژیانن.

